MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

PDF4Kurd

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# گەڕانەوە بەرەو بەختەوەری

رۆمان

# گەڕانەوە بەرەو بەختەوەری

## فەهیمە رەحیمی

وەرگێڕانی

پەریناز محەمەد کەریم



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

**گەڕانەوە بەرەو بەختەوەری** «رۆمان»

- نووسینی: فەهیمە رەحیمی
- وەرگێڕانی: پەریناز محەمەد کەریم
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ١٨٢٩
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٣٤)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

گەڕانەوە بۆ بەختەوەری، چارەنووسێکە لەوانەیە لەم شێوەیە، لای کەسانێك رووی دابێت، ئەم حەکایەتە چارەنووسی کچێکی گەنجە، لە دەرەوەی ئێران بەدوای ئاواتەکانی خۆیدا دەگەڕێت، ئەم کچە لە رێکردنێکی بەردەوامدایە بە شێوەیەك کە سەرەڕای بوونی خێزانێکی باش و خۆشەویستی بێ مەرامی لاوێکی خوێندکار کە دڵی پێ بەستووە، ناتوانێت ئەو بۆشاییەی کە لەژیانیدا هەستی پێ دەکات، پڕکاتەوە، تا ئەو جێگەی کەدەست بۆ شووکردنێکی چاوەڕوان نەکراو لەگەڵ لاوێك کە لە دەرەوەی ئێران دەژی دەبات، پا لەسەر پیلەکانی کۆشکی ئاواتی دادەنێت و بەڵام...



## بەشی یەك

پاکەتە سپێردرێوەکەی براکەم لەسەر مێزەکە هەڵگرت، لە حاڵێکدا کە دەستەکانم بە هۆی قورسییەوە بەرە و خوار شۆڕەوە بوون، رووم کردە دایکم و وتم: ((زۆر قورسە)) پێکەنینێکی بێ رەنگ لەسەر لێوی نیشت و وتی: ((ئەگەر هەست دەکەیت کە ناتوانیت هەڵیگریت، وازی لێ بێنە تاخۆی بیبات)) پەستییەك کە لەسینگم رام گرتبوو، بە هەناسە دانەوەیەکی گەورە دەرم کردو وتم: ((ئێستا کە زەحمەتەکەیم گرتۆتە ئەستۆ، دەیبەم و دەیگەیەنم))

تا نزیکی دەرگاکە بۆ یارمەتیم هات و دەرگاکەی بۆ چوونەدەرەوەم کردەوە، بەدڵسۆزی دایکانەوە وتی: ((ئاگادار بە نەکەویت، چاکتر وایە بە تەکسی بچیت)).

پەسەندم کرد، چونکە بەڕاستی پاکەتەکە قورس بوو، قورسییەکەی بۆ من دوور لە توانا، بۆ ساتێك لە خەیاڵی سەعیدی برام و ئەوەی کە داوای لە من کردبوو پاکەتی کتێبە ئەمانەتییەکەی هاوڕێکەی بگەڕێنمەوە، توڕەبووم، لەسەر شەقامەکە ماوەیەك چاوەڕێی تەکسیم کرد، بەڵام بەگەیشتنی پاس بڕیارەکەم گۆڕی، سوار بووم، ناو پاسەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، بەڵام پیاوێکی گەنج کورسییەکەی خۆی بەمندا، منیش بە وتنی ((سوپاس)) لە جێگەی ئەو دانیشتم، دیسان هەناسەم تازەکردەوە، نیگام بڕییە بەرامبەرم، قەرەباڵغی خەڵکەکە فرسەتی بینینی شەقامی لەمن گرتبوو، پاشان هەوڵمدا لە شووشەکەی پاڵ دەستم سەیری شەقامەکە بکەم، لە کاتێکدا چاوم بڕیبوە دەرەوە بیرم لە خۆم دەکردەوە، لەو هەژدە بەهارەی کە تێپەڕم کردبوو، ئەمەی

که ئێستا بەناوی شێوازنامەیەکی بێ ئیش، چیم دەوێت و بەدوای کام هیوادا دەگەڕێم، بۆ داهاتووم بڕیارێکم نەبوو، دوازدە ساڵی خوێندن نە بەمەبەستی بوونە ساحێبێ ئیشێك بەڵکو بەخاتر ئەوەی کە دەبێت بخوێنیت و شەهادەیەك بگری، تێپەڕم کردبوو، ئاخرین منالّی ماڵەوەم، دوو خوشکە گەورەکەم شوویان کردووە و ڕۆیشتوون تا هەرکامیان باوەشی خێزانێك گەرم بکەنەوە، من لەگەڵ دوو برا مابوومەوە، یەکێکیان خوێندکارە و پزیشکی دەخوێنێت، ئەوی دیکە لە کۆمپانیایەکی بازرگانی شەریکە، هەردووکیان بێ ژن، یەکێ بە بیانوی درێژە پێدانی خوێندن، ئەوی دیکە، بەقسەی خۆی، لەدوای بەخت، نازانم لەبەرچی کاتێ بیر لە باوکم دەکەمەوە، یەکسەر مووی ڕەش و سپی دێتە بەرچاوم، باڵا بەرزەو هەمیشە نیعمەتانەی کە پێی داوە سوپاسگوزارە، باوکم بۆ گەرم هێشتنەوەی ماڵەوە درێغی لە هیچ هەوڵێك نەکردووە، تا ئەو جێگایەی کە لە توانایا بووە بۆ ئاسایشی ئێمە زەحمەتی کێشاوە، ئەو وەك ژنێکی تەواو و بێ عەیب ناوی دایکم دەهێنێ، داوا لە ئێمە دەکات ئەو بکەینە منوونەیەك بۆ خۆمان لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بێت کە دایکم مامۆستایەکی خانەنشینە و هەموو مووچەکەی دەخاتە بەردەستی و باوکیشم تاریفی دەکات، بەڵام دەبێت ئیعتراف بکەم، کە باشترین دایکی دنیایە، بە شێوەیەك ڕووخۆش و نزیکە لێمانەوە، نەتەنیا باوکم، بەڵکو ئەوانی تریش خۆشیان دەوێت، هەست دەکەم هەردوو پام تەزیوە، پەنجەکانی پام دەجووڵێنم، لەو تەزینەی کە لەپەنجەکانی پام پەیدا دەبێت، دڵنیا دەبم کە تووشی تەزیینی پابووم، هەندێ خۆم دەجووڵێنم، پاکەتەکەم لەسەر ئەژنۆم گیر دەکەم، تا مەقسەد ڕێگەیەکی زۆر نەماوە، خوابکات لەم ماوەیەدا تەزینی پام چاك بێتەوە، ئێستە زۆربەی ڕێبوارەکان دابەزیون، هەتاو بەگەرمی لەناو پاسەکە دەدات، سایەقە کە جارنەجارێك ئارەقی ناوچاوی دەسڕێت، کاتێ گەیشتمە گەڕاج ئیتر تەزینی پام نەمابوو، دابەزیم، خەڵك وەها بەتوندی لەلای یەکدا تێپەڕدەبوون، دەتوت لەشتێك ڕادەکەن، لەسەر کۆڵانەکە هەندێ وەستام، سەیری ناو کۆڵانەکەم کرد، بۆ دڵنیایی زۆرتر ئەو ناونیشانەی کە سەعید دابووی دووبارە



خوێندمەوە، کۆڵانەکە ڕاست بوو، چوومەناو دەرگای سێیەم، دەستم بردە پێشەوە و زەنگم لێدا، چاوەڕوانیم زۆری نەخایاند، ئافرەتێکی گەنج لە چوارچێوەی دەرگاکە دەرکەوت. ئەدەب و شێوازی هەڵسوکەوتم لەبیر چوو، سەلامێکی ساردم کردو پاشان بێ ئەوەی خۆم بناسێنم، پاکەتەکەم خستە بەردەمی وتم ((ئەم پاکەتە هی بەهرامە تکایە پێی بڵێن سەعید زۆر سوپاسی کرد))، ئەو ئافرەتە پاکەتەکەی لێ وەرگرتم لە حاڵەتێکدا کە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێز لەسەر لێوی بوو، وتی ((تۆ کاك سەعیدی)) سەرم شۆڕ کردو لە حاڵێکدا کە هەوڵم دەدا خۆم ڕاگرم وتم، ((نەخێر، سەعید برای منە و منیش هەڵگری پەیامی ئەوم))، بەداخەوە نەمتوانیبوو لەرزینی دەنگم بشارمەوە و لە کاتێ وتنی ئەم وشانەدا دەنگم بە ئاشکرا دەلەرزی، ئەو ئافرەتە عەباکەی ڕێك کردو وتی ((مەبەستێکی خراپم نەبوو، هیوادارم لەگاڵتەکەی من دڵگیر نەبوو بێتی، تکا دەکەم بێرە ژوورەوە)) دەنگی گەرم و ئارام بوو، بەزاراوەکانیدا، هەستم کرد کورد بێت، وتم ((نا سوپاس، زەحمەتت نادەم)) خواحافیزیم لێ کردوو بە پەلە لەوێ دوورکەوتمەوە، تووڕە بوو بووم، نازانم زۆرتر لە خۆم ناڕەحەت بووم یان لەو ئافرەتەی کە ویستبووی ڕێو ڕەسمی قسەکردنم فێر بکات، چۆن ڕێگەم دابوو ژنێکی شارستانی بێ ڕێزیم پێ بکات، لەگەڕانەوەدا، کاتێ سواری پاس بووم، ئافرەتێك کە کچێکی (٤-٥) ساڵەی لەباوەشدا بوو، لەتەنیشتم دانیشتوو، کچەکە بەڕادەیەك هارو هاج بوو کە تەواوی وردە پسکیتەکەی ڕشتە باوەشم، بەتوڕەیی سەیرم کرد، کە ترساو سەری کردە باوەشی دایکی، پێکەنینیی ئەو ئافرەتەی جانتای لێ وەرگرتم بۆ ساتێکیش لەبەرچاوم ون نەدەبوو، چەن باش دەبوو ئەگەر بە شێوەیەکی تر ئەوم بناسیایە، یەکەم جار خۆمم بناساندایە، پاشان بەڕستەیەکی جوان دەستخۆشی سەعیدم پێ بوتایە، ئەسڵەن چەند باش دەبوو ئەگەر بەهرام خۆی دەرگاکەی بکردایەوە، من مەجبوور نەدەبووم لەگەڵ ئەو ژنەدا قسە بکەم، ئەوەندە لەو بیرانەدا نوقوم بوو بووم، کەکات و ڕێگام لەبیر چووبوو، تەنیا کاتێك زانیم گەیشتومەتە شوێنی خۆم، کە لەبەرامبەری خۆم چەند دیمەنێکی ئاشنام بینی، لەماڵەوە بەڕادەیەك

خراپەی ئەو ژنەم وت کە دەتوت لەگەڵ دێوێکدا روو بەڕووبومەتەوە، بەڵام قسەکانی دایکم جارێکی تر منی تێگەیاند کە هەڵە لەخۆمەوە بووە، کاتێ سەعید هاتەوە، بەتوڕەییەوە داوام لێ کرد کە ئیتر ئیشی خۆی نەخاتە ئەستۆی من، لەبەرامبەری چاوە ماتەکانی ئەودا ژوورەکەم جێ هێشت، ئەو ماڵەی کە ئێمەی تێدا دەژین لە هەردوو لای حەوشەکە خانووی تێدایە، تاماوەیەك لەمەوپێش ئێمە لەگەڵ مامەم و خێزانەکەی لەم ماڵەدا ئەژیاین، خانووی لایەکی حەوشەکە ماڵی ئێمە بوو، خانووەکەی دیکە ماڵی ئەوان، بەڵام ئێستا ئەوان بۆ ماڵێکی گەورەتر باریان کردوە، خانووی ئەوبەری حەوشەکە چۆڵ و بێ مەسرەف مابوو، باوکم دەیەوێت بیداتە کرێ، بەڵام پێویستییەکی باشی بەڕەنگ کردنە، کاتێ لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە خۆم گەیاندە ژوورێکی چۆڵی ئەو خانووە لە لێواری پەنجەرەکەدا دانیشتم، بیرم دەکردەوە چ رۆژانێکی جوان و خۆشم لەگەڵ کچی مام و خوشکەکانم لەم خانووەدا تێپەڕکردووە، بەڵام ئێستا ئەوان شوویان کردووە و رۆیشتون، من ماوم و دووبرا، چەند هەنگاوێ بەدرێژایی ژوورەکە رۆیشتم، دایکم خەریکی پاك کردنەوەی پەنجەرەبوو لە ئیشەکانی ماڵەوە کە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی روو دەدات بێزارم، کەمترین شت لێرە گۆرانکاری دروست دەکات، دایکم بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لەبەیانی تا ئێوارە خەریکی ئیشی ماڵ بێت، ئەو چاکە دەکات و لەبەرامبەردا هیچی ناوێت، تەنانەت رۆژێ ئیسراحەت بەخۆی نادات، بۆچی دەبێت وابێ کاتێ گەڕامەوە بۆلای دایکم ئیشی پاك کردنەوە تەواو بوو بوو، خەریك بوو دەستی دەشت، منیش لەنێوان کتێبێ رۆمانەکان کتێبێکم هەڵگرت و خۆم خستە بان قەنەفەکە، بەبێ مەیلی دەستم بە خوێندنەوە کرد، دەبێت پاش خوێندنەوەی، پوختەیەکی کورت کراوەی لێ بنووسم، مەسعودی برام رەخنەم لێ دەگرێ و دەڵێت، ئەگەر لەبڕی خوێندنەوەی ئەم کتێبانە وانەکانم بخوێندایە بەئاسانی بەکالۆریم تێپەڕ دەکرد، باشە لەوانەیە حەق لای ئەو بێت، بەڵام من ئیتر نامەوێت خۆم ئاوێتەی یاسای فیساگۆرس بکەم، کتێبەکەم نایە ئەو لاوە، دەستم خستە ژێر چەناگەم، چاوم بڕیە خاڵێك، دایکم بێ دەنگی ژوورەکەی شکاندو پرسی ((عەسر



لەگەڵ ئێمەدا دێیت؟)) وتم ((بۆ کوێ؟)): ((ماڵی مامەت))، ((نا نایەم))، بۆچی؟ ((دەمەوێت کتێبەکەم بخوێنمەوە)) پرسی (پاشان چی؟ تاکەی دەتەوێت تەنیا دانیشی و کتێب بخوێنیتەوە؟ تۆ خۆت لە هەمووان دوور دەگریت، کچم تۆ لە تەمەنێکدای کە دەبێت زۆرتر لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوتت هەبێت، تا لەگەڵ خەڵکیدا نەبێت نازانیت کێشەی ئەوان چییە)) دامە ناو قسەکەیاو وتم ((کێشەی خەڵکی چ پێوەندیەکی بەمنەوە هەیە؟ مەگەر من دکتۆرم، هەرکەسێ بەرپرسیاری چارەنووسی خۆیەتی، تۆبە شێوەیەك قسە دەکەیت کە دەڵێی کۆمەڵ لەیەك نەفەردا کورت کراوەتەوە و ئەو یەك نەفەرە بەڕادەیەك نەخۆشە کە هەرکاتێك بۆی هەیە بمرێت، تازە لەو کاتەشدا هیچ پێوەندیەکی بەمنەوە نییە، هیوادارم کۆمەڵێکی نوێ بە باوەڕی تەواو و نوێ پەیدابێت، کە پێویست نەکات تۆ خەفەتی بۆ بخۆیت، تۆ دایم قسە لە زنجیرەی خۆشەویستی نێوان خەڵکی کۆمەڵ دەکەیت، چەند جارە بیستوومە کە وتووتە شتێك ئەم خەڵکەی تا ئێستا لەسەر پێ وەستاندوە، هەستی خۆشەویستی و نیشتمان پەروەریە، وتوتە زنجیرێك لە یاسای کۆمەڵایەتی ئەم خەڵکە بەیەك دەگەیەنێت، ئایا لە راستیدا وایە، یان تەنیا ویستوتە رستەکانت جوان بکەیت؟ باشە ئەگەر هەیە، بڵێ چییە؟ لەکام زنجیرە قسە دەکەیت؟)) دایکم بەنووکی پەنجەی تۆزی سەر دەسکی قەنەفەکەی سڕیەوە))، پڕ بەدڵ نیگای بڕییە چاوم، ویستی دەست بکاتە قسەکردن، بۆنی سووتاوی هات، دایکم بەپەلە چوو بۆ چێشتخانەکە، پاش سەعاتێك شیو خورا، خەریکی ئیشێك بووین، سەعید لە باوکمی پرسی، ((باوکە حازری یەکێ لە ژوورەکان بدەیت بەکرێ بۆ هاوڕێکەم؟)) باوکم نیگای لەسەر جەریدەکە لابرد و وتی ((ئەی دوو ژوورەکەی تر چی بەسەر دێت؟ هاوڕێکەت ئامادەیە کرێی هەموو ژوورەکان بدات؟)).

سەعید بزە هاتە سەرلێوی و وتی ((بەدڵنیاییەوە ناتوانێت، ئەویش وەك من قوتابییە، ئەگەر من بتوانم، ئەویش دەتوانێت)) دایکم چنینەکەی دەستی داناو وتی ((ئێمە ناتوانین هەرکام لە ژوورەکان بەنەفەرێك بدەین بەکرێ، ئێرە بەکەڵکی خێزانێك دێت بە پێچەوانەی ئەمەوە نەدرێتە کرێ باشترە)) پاشان وەکو کەسێك کە هەموو

وتەکانی وتبێت، دووبارە چنینەکەی گرتەوە دەست و دەستی بە چنین کردەوە لەو هەوا گەرمەدا بینینی شلیلە بەدەستی دایکمەوە، گەرمای لەشمی زۆر دەکرد. بەڵام ئەو زۆر ئاسان دانەکانی لە شیشێکەوە بۆ شیشێکی تر دەگواستەوە, دواتر دایکم سەرقاڵ بوو بۆ ئامادەکردنی جێگەی نووستن بۆ منداڵەکەی سارا، مەسعود پرسی ((من ئەم هاوڕێیەت دەناسم؟)) سەعید سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی هاوردە خوارەوە و وتی ((بەڵێ ژوورەکەم بۆ بەهرام دەوێت، خۆتان دەزانن ئێستا ئەو لەگەڵ خوشکەکەی دەژی، بەڵام مێردی خوشکەکەی بۆ شیراز گواسترایەوە، ئەو مەجبوورە بۆ خۆی ژوورێك بەکرێ بگرێت)) پرسیم ((بۆچی لەو ماڵە نامێنێتەوە)) سەعید کە لە جێی خۆی هەڵئەسایەوە وتی ((چۆن مانگێك (٤٠٠٠) تمەن بدات بەکرێ؟)) پاش وتنی ئەم رستەیە ژوورەکەی بەجێ هێشت، پرسیم ((مەسعود، بەهرام ئەوەیە کە خوشکەکەی بێ ئەدەبە؟)) مەسعود چاوی تێ بڕیم و وتی ((ئێستەش لەبیرت نەچووە؟ بەڵێ بەهرام ئەوە)) پاشان ڕووی کردە باوکم وتی ((ئەو کوڕێکی باشە، خەڵکی کوردستانە، خێزانەکەی لەوێ دەژین، تەنیا خوشکەکەی و مێردی خوشکەکەی لێرەن، کە ئەوانیش نەقڵ کراون، بەهرام لە سەعید گەورەترە، بەهەوڵێکی زۆر دەرسی خوێندووە، دەزانی بابە هەوڵی زۆری دەوێت کە کەسێك خۆی لەدێ وە بۆشار و پاشان بە زانکۆ بگەیەنێت، ئەویش بەبێ یارمەتییەك لەلایەن خێزان، یان ئەوانی دیکە. ئەوەندە زیرەکی لەخۆی نیشان بدات بەناوی خوێندکاری یەکەمی زانکۆ خەریکی خوێندن بێت، ئەگەر من لەجێی تۆ بوومایە قەبوڵم دەکرد، چونکە هاتنی یارمەتییەکی گەورەیە بۆ سەعید، سەعید دەتوانێت لە بوونی ئەو کەڵك وەربگرێت، ئیتر خۆت ئەزانیت)) ئەویش بە وتنی ئەم رستەیە ژوورەکەی بەجێ هێشت، لە نێوان دایکم و باوکمدا پرس و ڕاکراو گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە بەهرام بەناوی کرێچی قەبووڵ بکەن، بەقسەی باوکم بە تیرێك دوو نیشان ئەپێکرا، هەم سەعیدیان خۆشحاڵ دەکرد و لە هەمان کاتێشدا بەهرامیان بەناوی مامۆستای تایبەت دائەمەزراند، بەیانی ئەو ڕۆژە سەعید بە خۆشحاڵیەوە لەدەرگا چووەدەر، من لە دڵمدا بەرامبەر بەهرام، کە هەرگیز



نەم دیبوون هەستم بە بێزاری دەکرد، لەوانەیە تەنیا کەسێك بوو‌بێتم کە بەهاتنی رازی نەبووم، بەهەر شێوەیەك بڕیاردرابوو، ژوورێکیان بەتایبەتی بۆ بەهرام دانا، سەعیدیش کە دەیویست لە هاوڕێکەی نزیك بێت، گواستییەوە بۆ خانووی بەرامبەر و یەکێ لە ژوورەکانی هەڵبژارد، بەمەیان رازی بووم، چونکە ژوورەکەی سەعید بۆمن دەمایەوە، ئێستا ئەمتوانی بەخەیاڵی ڕەحەت دەرگای ژوورەکەم داخەم و بێ ئەوەی کەسێك بۆژۆم بکات، هەرچەندە دڵم دەیویست کتێب بخوێنمەوە، ئەو ڕۆژەی کە بەهرام هات بۆ ماڵمان، ڕۆژێك بوو وەکو ڕۆژەکانی تر، هەتاوی بە تینی هاوین هەروا بێزارکەر بوو، من لە ژوورەکەمدا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێب بووم، کە دایکم سەری هێنایە ژوورەوە و وتی:((ئەمڕۆش یارمەتیم نادەیت؟)) سەرم بەرزکردەوە و وتم ((مەگەر ئەمڕۆ لەگەڵ ڕۆژانی تردا چ فەرقێکی هەیە؟)) لە حاڵێکدا کە هەوڵی دەدا توڕەیی خۆی بشارێتەوە وتی ((ئیمڕۆ کرێچییەکەمان دێت، زۆر چاکە کە تۆش یارمەتیم بدەیت)).

((دایە شێوەی چۆنە؟)): ((باش وەکو هەموو گەنجەکانی دیکە، بەڵام وابزانم لە سەعید زۆر گەورەترە، سەعید دەڵێ تەمەنی تەنیا **٢٥** ساڵە)): ((هۆیەك بۆ درۆکردن نییە بۆچی دەبێت تەمەنی بەکەمتر بڵێین؟ بزانم ئەوجلی کوردی لەبەردایە؟))

((نا، وەك براکەت قەمیس و پانتۆڵ دەکاتە بەری)) عەسرکاتێ لەگەڵ سەعید لەماڵەوە چوونە دەرەوە، لەپشتەوە بینیم، پیاوێکی چوارشانە بە قژێکی پڕ و ڕەش، چەند ڕۆژێك لە نیشتەجێبوونی ئەو لە ماڵی ئێمە تێپەڕ بوو بوو کە سەعید کلیلێکی پێ دابوو، تا هاتو چۆی بێ کێشە بێت، کاتێکە دەهاتەوە زەنگێکی لێ دەدا، پاش کەمێ وەستان دەرگاکەی دەکردەوە، پێکەنینم بەو ئیشەی دەهات، ئایا خۆی بە چاکتر لە ئێمە دەزانی و ئەویست بە زەنگ لێدان ئێمە بە پێوە بوەستێنێت، ڕۆژێك باوکم بۆ خواردنی شیو دەعوەتی کرد تابێت بۆ لای ئێمە، تا ئەو کاتە خۆمم لە بەهرام شاردبویەوە، بەڵام ئەو شەوە بەناچاری بۆ حازرکردنی مێزی نان خواردن چوومە ژووری میوان، لەوێ بە هۆی سەعید یەکمان ناسی، چەنێ لێی ترسام چاوەگەورە و سەرنج ڕاکێشەکەی بەتوندی منی ڕاچڵەکاند، برۆ و سمێڵی پڕی لەگەڵ دەموو چاوە

گەورەکەیدا ئەگونجا، منیش باوەڕم کرد تەمەنی لە ٢٥ ساڵ زیاترە، کاتێ پێدەکەنی ریزێك دانی سپی لە ژێر لێوی ئەدرەوشایەوە، هیچ لە گەنجانی ئەمڕۆی نەدەکرد، نە بە ملێوە ملوانکەیەك نە ئەنگۆستیلەیەك لە پەنجەکانیدا، تەنیا سەعاتێکی دەسك چەرمی رەش لەدەستیا بوو، بۆچی وابوو؟ مەگەر نە زۆربەی لاوەکان قۆپچەی قەمیسەکەیان دەکەنەوە بۆ لاساییکردنەوە، لەلاوە ئەوروپییەکان، بۆچی پانتۆڵەکەی ئەوەندە سادەبوو، رێك وەك باوکم... کاتێك قاپەکانم لەسەر مێزەکە دادەنا بەهرام رووی کردە من و وتی: «بەڕای خوشکەکەم تۆ کچێکی خوێنگەرم و میهرەبانی» دەمویست زەردەخەنەیەك بکەم لەبەرانبەر تاریف کردنەی سوپاسگوزاری بم، بەڵام لەجیاتی ئەوە بە شێوەیەکی سارد وتم «بەڕاستە»، پاشان بەردەوام بووم لە رێکخستنی مێزەکە، ئەگەر بەخاتری ماڵەوە نەبوایە، داخی دڵم لە جیاتی خوشکەکەی بەسەر ئەودا خاڵی دەکرد، بەڵام چارەیەکم نەبوو دەبوایە بێ دەنگ بومایە، لەسەر مێزی نان خواردن زۆر ئارام دەهاتە بەرچاو، تەنیا دەنگی کەوچك و چەتاڵ بێ دەنگیان دەشکاند، لەو کەشەی کە دروست بوو بوو بێزار بووم، بەسەعیدم وت «نازانم بۆچی تەسجیلەکە باش ئیش ناکات، هەموو شریتەکان دەخواتەوە» سەعید وتی: «بەیانی دەیبەم بۆلای وەستا، لەوانەیە خەتای هیرەکەی بێت» بە پێکەنینەوە وتم «لەوانەیە شکابێت»، بەسەر سوڕماویەوە سەیری کردم و پرسی «مەگەر کەوتۆتە عەرز؟»: «خۆی نا، بەڵام من توڕەبووم و دام بەعەرزا»، مەسعود وتی «کەواتە دەبێت فاتیحەکەی بخوێنیت» بەهرام سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی منی کرد لەوانەیە لەدڵی خۆیدا دەیوت ئەم کچە شێتە. پاش خواردنی شیو، دوو برا ئەویان لە نێوان خۆیان داناوو کەوتنە قسەکردن سەبارەت بەو بابەتانەی کە حەزیان لێ بوو، کاتێ خواحافیزی کرد، داوای لە دایکم کرد کە هەرگیز بە خاتری ئەو خۆی نەخاتە زەحمەتەوە و پێوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ سەعید لە بیر بباتەوە و لەگەڵ ئەودا تەنیا وەك کرێچییەك هەڵسوکەوت بکات، دەیویست سەربەخۆ بێت، لەوانەیە هەستی بکردایە کە ئازادیمان لێ سەندووە، مانگێك لە هاتنی تێپەڕ دەبوو، لەسەر ئەو



بەڵێنەی کە دایکم پێی دابوو، سەربەخۆیی خۆی هەبوو، بەتەنیا خواردنی بۆ خۆی دروست دەکرد، جلەکانیشی دەبرد بۆ وشك شۆری یان لەماڵەوە ئەیشۆردن، ئەگەر من ئەوم لە کاتێ شتنی جل یان دروست کردنی خواردن ببینایە، شەرمی نەدەکرد، یان کاتێ بۆ پاککردنی پیاز فرمێسك لە چاوی دەهاتە خوارەوە، دەبێت ئیعتراف کەم کە هەندێ جار بەدزییەوە سەیری ئیشەکانم دەکرد، بەڵام هەر لێی بێزار بووم، کرێچیان نە دەهێنا ئێستاش کە هاوردوومانە خوێنکارێکی هەژارە کە دەبێت جگە لە دەرس خوێندن وەك مامۆستای تایبەت وانە بڵێتەوە و ئەوەندە پارەی نەبێت کە بۆ خواردن بچێتە ریستۆرانتێك، ئەو لەدڵی یەك بەیەکی ئەندامانی خێزانەکەدا جگە لەمن جێیەکی بۆ خۆی کردبوویەوە، سیماو سارا بە رێزو شکۆوە ناویان دەهێنا، مێردەکانیشیان کاتێ لەبەردەم قسەکانی ئەو هەڵدەسانەوە، رازی و خۆشحاڵ بوون، ئەویان بە پیاوێکی هۆشمەند و سیاسەتمەدار دەزانی، بەڵام هیچ کام لەو تاریف دانەوەی ئەوان کاری تێ نەدەکردم، بە پێچەوانەوە رۆژ بەرۆژ منیش زۆرتر رقم لێ دەبوو، رۆژانی هەینی بۆ ئێمە رۆژی کۆبوونەوە بوو، ئەمەش سونەتی خێزانی بوو کە پشتگوێ خستنی بە گوناه دەژمێردرا، ئەویش لەم رۆژانەدا ئیشەکانی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئەنجام دەدا و پاشان جانتا رەشەکەی حەمامی دەگرتە دەست و لەماڵ دەچووە دەرەوە، لە ماڵەوە حەمام هەبوو، بەڵام ئەو وای بەباش دەزانی حەمامی دەرەوە بەکاربێنێت، دووەم مانگی پاییز بوو، بەپێچەوانەی هەواو هەوری رۆژی پێشوو، ئەو رۆژە ئاسمان ساف بوو، هەتاوێکی بێ رەنگ و خۆش ناو حەوشی داپۆشیبوو، باوکم ماوەیەك لەپشتی پەنجەرەکە وەستاو سەیری ئەو دارە بچووکەی دەکرد، کە لە نێو باخچە بچووکەکەماندا رواندبووی، پاشان رووی کردە ئەوانی دیکەو وتی «چاکتر وایە ئەمڕۆ لەحەوشە دا نان بخۆین» ئەو داوا منالآنەی کە باوکم دەیکرد بە تەواوی لەگەڵ تەمەنیدا دەگونجا، هیچ کاتێ کە دایکم لەگەڵ ئەم جۆرە داوایانەی ئەودا نارەزایەتی دەرنە دەبڕی، من بە توڕەییەوە وتم «دیسان هەوەسی باوکم گوڵی کرد» بەڵام سارا بەدەنگی بەرز رازی بوونی خۆی راگەیاند ناچار منیش تەسلیم بووم،

حەسیرێکم هەڵگرت و لەحەوشدا رام خست، کاتێ بەهرام هاتەژوورەوە، بە بینینی ئێمە کە هەموومان لەسەر حەسیر دانیشتبووین و پیاڵەی چایی لەبەردەستمان دابوو، زەردەخەنەیەکی کرد و پاشان لەگەڵ هەمووان ئەحواڵپرسی کرد، قژی تەڕبوو، دەموو چاوی جوان بوو بوو، باوکم پیاڵەی چای نایە بەردەستی و لەگەڵیدا کەوتە قسە، من لەکۆمەڵی ئەوان جیابوومەوە، حەزم نەدەکرد لە جێگەیەك بم کەئەوی لێیە، چونکە ئەوەندە لە خۆبایی بوو کە سەیری منیشی نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ سارا و سیما دادەنیشت و قسەی دەکرد، بابەك بە مامە بانگی دەکرد، کە دەیبینی خۆی فڕێ دەدایە باوەشی، پاش خواردنی چای هەڵساو چوو بۆ ژوورەکەی، کاتێ شیو لەسەر داوای باوکم لەسەر سفرە حازر بوو، من لەو کارە منالآنەی زۆر توڕەبووم، بۆ ئەوەی قسەیەك بەبێ مەیلی ئەوانی دیکە نەیەنمە سەرزمان، بۆخۆم خواردنم تێ کردو چووم بۆ ژوورەکەم، ئەم ئیشە لە چاوە تیژەکانی براکەم دوورنەما، عەسر کاتێ دووبارە هەمووان لە ژوورەکەدا بەدەوری یەکدا دانیشتن مەسعود هاتە لام و وتی ((بۆچی ئەو ئیشەت کرد))، شانم بەرزکردەوەو وتم ((کاك بەهرام بەڕای ئێوە کوڕێکی باشە، بەڵام من بڕوایەکی دیکەم هەیە)) قسەکەمی بڕی و وتی ((کەس داوای لە تۆنەکردووە تا ئەوت خۆش بوێت، ئەو بەناوی میوان لەسەر سفرە دانیشتبوو ئەمە دوور لە ئیحترام بوو کە تۆ..)) قسەکەیم بڕی و وتم ((من هەر وام و نا گۆڕێم)) سەعید بە توڕەییەوە وتی ((خانم خۆی بە کەسێکی کۆمەڵایەتی دەدات لە قەڵەم، بەڵام ئەگەر رازی منت بوێت تۆ نەتەنیا کۆمەڵایەتی نیت، بەڵکو نزمترین شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیت هەڵبژاردووە، هەڵسوکەوت نازانی، من..)) لێرەدا دایکم خۆی خستە ناو گوڵمەزەکە و وتی ((منالەکان، تەواوی کەن، ئەوکارەی سەعید هەڵەبوو، ئێستا بێن و ئەم رۆژە خۆشە خراپ مەکەن)). ئەو رقەی لە بەهرامم هەڵگرتبوو دوو بەرابەر بوو، لەبەرئەوەی ئەو بووبوە هۆی ئەوەی کە دووبراکەم لە بەرچاوی دوو زاواکەمان، ئیهانەتیان پێ کردم و غوروریان شکاند، شەو کاتێ ماڵمان لە میوان چۆڵ بوو، باوکم لەلامان دانیشت و وتی ((سەعیدە، تۆ خۆت چاکتر دەزانی کە من کەسی نەسیحەت کردن نیم، بەڵام



دەبینم کە ماوەیەکە رەوشتت بە تەواوی گۆڕیوە، ئێمە پێشنیاری تەواوکردنی خوێندنمان بە تۆدا، رەتت کردەوە، وتمان خۆت بەشتێکەوە خەریك کە بەویش رازی نەبووی، من هەست دەکەم کە ئەم هەڵسوکەوتەی تۆ بەهۆی بێکارییەوە بێت، هەوڵ بدە بۆ خۆت ئیشێ پەیدا بکەیت، بڕۆ خەیاتی فێربە، یان هەرشتێك کە کچە هاوتەمەنەکانی خۆت دەیکەن، بەڵام مەیەڵە گەنجیت پوچ و بێ ئاوات بێت، تێبینییەکی گرنگتر ئەمەیە کە من بە هیچ شێوەیەك تاقەتی بێ ئەدەبی تۆم نییە)) پاشان هەڵساو هاوێنەی عەینەکەکەی پاك کردەوە و دیسان خستییەوە بەرچاوی، نەسیحەت کۆتایی پێ هاتبوو، ئەوشەوە بەبیری جۆراو جۆرەوە چوومە ناوجێگە، زۆر هەستم بەتەنیای دەکرد، هەستم دەکرد هیچ کەس لە من تێ ناگات، من لەگەڵ ئەم سونەتە غەڵەتانە، ئەم هەڵوێستە بەناو باشانە، بەم رێورەسمە میواندارییە رازی نەبووم، بۆچی ئەبێ بوونی کەسێك کە خۆشم ناوێت بەناوی میوان تەحەموول بکەم؟ بۆچی وایان لە من دەکرد کە بۆ خۆشی خۆیان رێز لە ئەو بگرم؟ دەبوایە من لەئەوانی دیکە جیابوومایەتەوە، دەبوایە بۆ جێیەك بچوومایە کە ئازاد بوومایە و لەگەڵ کەسانێك هەڵسوکەوتم کردایە کە خۆشم ئەویستن، نەقەیدو مەرجێك، نەڕەزا و تەسلیمێك، باوکم داوای لێ کردبووم کە داوای لێبووردن لە براکانم بکەم بۆ رازی بوونی ئەو ئەم کارەم کرد، نابێت تەسلیمی بیر و باوەڕی ئەوان بم، بەخۆمم وت لە یەکەم دەرفەتتدا کە بەدەستی بێنم ئەوان جێ دێلم، سبەینێ بەهرام بەتەنیا هاتەوە بۆ ماڵ چوومە حەوشە و لەگۆشەیەکدا دانیشتم، هێشتا هەتاو کەمێکی لەسەر دیوارەکە مابوو، پاڵم دا بە دیوارەکەوە، دەمویست پاشماوەی هەتاوەکە لەشم گەرم بکاتەوە، دەستم بردە ژێر باڵم، دەموو چاوم بەرەو لای هەتاوەکە گرت. بایەك دەهات و قژمی لەسەر ناوچاوم پەرش و بڵاو دەکرد، کاتێ هیلاك لەو رۆحەی کە لەجەستەمدا قورسی دەکرد، چاوم کردەوە، نیگام تێکەڵی نیگای بوو. لەپشتی شووشەکە سەیری منی دەکرد، سەرم شۆڕکرد و هێواش رێگەی ژوورەکەمم گرتەبەر، لە قووڵاوی چاوی ئەم پیاوە شتێك هەبوو کەمنی دەترساند، بۆچی نیگای گیانم دەلەرزێنێ؟ ئایا بەڕاستی لەو بێزار بووم؟ عەسر،

سەعید لە حاڵەتێکدا کە فیکەی لێدەدا هاتە ژوورەوە، ئەو هەمیشە پاش هاتنە ژوورەوەی، ئامێزی بۆ دایکم دەگرتەوە، وابیر دەکەمەوە بەم ئیشەی، هیلاکی ڕۆژانە لە لەشی دەردەچوو، چونکە برسیکەیەك، لە چاوەکانی دەدرەوشایەوە، ئەیوت ((ئازارم مەدە)) سەعید بەساردی وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، کاتێ دەستم نایە سەرشانی، سەیری کردم، بەڵام کاتێ داوای لێبوردن کردنی منی بیست، منی کردە باوەشی و وتی ((گرنگ نییە بچکۆل، عاقڵ ئەبیت)) بەزەردەخەنەکەی سەرلێوی زانیم کە بەڕاستی منی بەخشیوە دەمویست گوێ لە ئامۆژگاری ئەوان بگرم، ڕۆیشتم و لە فێرگەی ((ماشێن نووسی)) ناوم نووسی، ئەم ئیشەم بووە هۆی خۆشحاڵی ماڵەوە، سەعید لەلای یەکێ لە هاوڕێکانی دەزگایەکی تایپی بەئەمانەت بۆ هێنام، من لە ماڵەوەش سەرقاڵی مەشق دەبووم، شەوێك سەعید چەند مەلزەمەیەکی خستە بەردەستم، تا تایپی کەم، باوەڕی وابوو، ئەم ئیشە بۆ هەرسێکمان قازانجی هەیە، دەیوت ((تۆ دەستت رادێت، من و بەهرامیش کاتمان بۆ ئەگەڕێتەوە بەزیرەکییەك کە لەخۆمدا بەدیم نەدەکرد، بڕوانامەکەم گرت و بەداویدا چووم بۆ خولی زمان، بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات دەبوایە زمانم بزانیایە، کاتێ مەسعود لە ناونووسی من لە خولی زمان ئاگاداربووەوە، بە پێکەنینەوە وتی ((میس سەعیدە، پێویستی بە خولی زمان نییە، بەم بڕوانامەی کە هەتە داتدەمەزرێنم)) وتم ((ئێستا کە ناچم بۆ زانکۆ، حەزدەکەم ژوورەکەم بە بڕوانامەی فێرگە پڕکەمەوە)). لە کۆتاییدا رازی بوون، من لە سەرەتای مانگی دووەمی زستان، لە کۆمپانیا بووم، بینایەکی گەورە و جوان بوو، بیناکە لەناوچەیەکی گەورەدابوو، کە بەدار دەورەدرابوو، بوونی بەفر لەسەر چڵی دارەکان دیمەنێکی جوانی دروست کردبوو، مەسعود دەستیکرد بە قۆڵمدا و هەردووکمان بە مەصعەدەکە چووین بۆ قاتی چوارەم، منی برد بۆ ژوورەکەی خۆی و وتی ((لێرە دانیشە تا دەگەڕێمەوە)) ژوورێکی گەورەبوو، بەسێ مێزی دارگوێز کە دوور لە یەکتر دانرابوون، لەسەر یەکێ لە مێزەکان تەلەفۆن و لەسەر دوو مێزەکەی تر دەزگای تایپ هەبوو، هەڵسام و لە ژوورەکەدا ڕێم کردو چووم بۆلای پەنجەرە



داخراوەکە، لەوێدا دەمتوانی دەوروبەری بینای کۆمپانیاکە و هەروەها شەقامەکە ببینم، هاتو چۆی سەیارەکان بە هۆی بارینی بەفر بەهێواشی رووی دەدا، بەدەنگی دەرگاکە لام کردەوە، مەسعود لەگەڵ پیاوێك هاتە ژوورەوە ئێمەی بەیەکتر ناساند، بەخێرهاتنی کردم و پاشان رووی کردە مەسعود و وتی ((تۆ چاکتر لەهەرکەسێك ئەزانی لەبەر ئەوەی کۆتایی ساڵە دامەزراندن نییە، بەڵام ئەو دەتوانێت لە ئەمڕۆوە ئیشەکەی دەست پێ بکات و دامەزراندنیشی بە شێوەی فەرمی ئەکەوێتە ساڵی تازەوە)) سوپاسم کرد، ئەو پاش خواحافیزی کردن لە دەرگاکە چووە دەرەوە، تا نزیکی نیوەڕۆ لای مەسعود بووم و دوو هاوکارەکەیم ناسی، خانمی موحسنی، ژنێکی **٣٥** ساڵە، کە ئیشی تایپی لاتینی دەکرد، ئاقای وەکیلی سەرۆکی کارگوزاری کۆمپانیا بوو، بۆ خواردنی نیوەڕوانە چووین بۆ هۆڵی نان خوادن، بینینی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بیانی لە هۆڵەکەدا سەری سوڕماندم، مەسعود کە سەرسوڕماوی منی بینی، وتی ((بەڵێ، زۆرن، چەن پارەی زۆریش دەچێتە گیرفانی ئەمانە)) وتم: ((باشە، ئەگەر وابیر دەکەیتەوە کە بوونیان زیادەیە بۆچی دەریان ناکەیت))، زەردەخەنەیەکی گاڵتە ئامێزی کردوو وتی ((بۆ پاراستنی ناوبانگی کۆمپانیا و ئەوەش کە بتوانین لەسەر پێ بوەستین دەبێت ئێمە لە بوونی ئەم کەسانە کەڵك وەربگرین، چونکە دەوڵەت پشتیان دەگرێت، تۆ هێشتا گەنجی و لەم مەسەلانە تێ ناگەیت. بەڵام ئەمە بزانە گەنجانێکی زۆر هەن کە زیاتر لەمانەی لەم بینایە دان موستەحەقی دامەزراندنن)) پاشان لێوی خوارەوەی بەددان گەستو دەستی بە خواردن کرد، من بە پێچەوانەی مەسعود بیرم دەکردەوە، چونکە لە هۆش دا ئەوانم بە چاکتر لە خۆمان دەبینی، سبەی ئەو ڕۆژە لەپشت مێزی ئیش دانیشتم، هەستم بە سەربەخۆیی دەکرد، وامدەزانی بۆ خۆم بوومە بە کەسێك، براکەم لە بەرامبەرم سەرقاڵی ئیش بوو، بەزەردەخەنەیەك کە جار بەجارێك دەیکرد، دڵگەرمی دەکردم یەکەم مووچەم هەرچەندە زۆر نەبوو، زۆر خۆشحاڵی کردم بە شێوەیەك کە چەند جار پارەکانم ژمارد، مەسعود دەستێکیدا لە شانم و بە پێکەنینەوە وتی ((پارەکان عەسڵە، دڵنیابە)) وتم ((دەزانم، بەڵام پەشۆکاوم))

کاتێ گەڕانەوە کراسێك و چاکەتێکم بۆ دایکم و هەندێ شیرینیم کڕی، بەخۆشحاڵییەوە چوومەوە ماڵ، هەموویان لەماڵەوە بوون، بەهرامیش لەوێ بوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە کەپێ دەکەنین و پیرۆزباییان لێ دەکردم، ئەو زۆر وشك و کلێشەیی هەڵسوکەوتی دەکرد قاپی شیرینییەکەم لەبەردەمیدا راگرت، ئەو قورگ ئێشەی کردە بیانوو نەیخوارد، ئایا بەڕاستی نەخۆش بوو؟ ئەی بۆچی کۆکەی نەدەکرد؟ لەگەڵ ئەوەدا کە هەوای ژوورەکە گەرم نەبوو، عارەق لەسەر نێو چاوانی نیشتبوو، لەسەر مێزی نان خواردن دووبارە نیگامان یەکی گرتەوە، لە قووڵایی چاوەکانیدا خەفەتێکی نادیار خۆی مەڵاس دابوو، یاری بەخواردنەکە دەکرد، هەناسەی قوولی هەڵدەکێشا، زۆر زووتر لەوانی دیکە لەسەر مێزەکە هەڵسایەوە، لە وەڵامی باوکمدا کە پرسی: «بۆچی خواردنەکەت تەواو ناکەی؟» تەنیا وتی «برسیم نییە»، پاشان داوای لێبوردنی لە هەموان کرد و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، سەعید بەسەرسوڕماوی وتی «لە زانکۆ باش بوو، بۆچی یەکسەر وای لێ هات» دایکم کە مێزەکەی کۆ دەکردەوە وتی «هەڵامەت خەبەر ناداتن سبەینی خواردنێکی سووکی بۆ دروست دەکەم» چوومە ژوورەکەم نەدەویست ئەو رۆژ و شەوە خۆشەی کەبووم، بە هۆی نەخۆشی بەهرام خراپ بکەم لە شوێنی کارەکەم بەردەوام هەوڵم دەدا لەگەڵ خەڵکیدا بە نەرمی هەڵسوکەوت بکەم، نەم ئەویست کارێك بکەم کە بێتە هۆی سەرشۆڕی مەسعود، لەگەڵ خانمی محسنی زۆربەینمان خۆش بوو لەزۆربەی کات بۆ یارمەتیم دەهات و لە ئیشەکاندا یارمەتی دەدام، هەردووکمان راستەوخۆ لەژێر چاودێری مەسعود ئیشمان دەکرد، بەڵام لە بەشەکانی تریشەوە ئیشمان پێ دەسپێردرا، بەهاتنی وەرزی بەهار یەکەم کۆڕسی خولی زمانم تەواو کرد، شەوانە کاتێ بەشەکەتی لەخول دەگەڕامەوە، زوو دەچوومە ناو جێگە و لەگەڵ داهاتوودا هاوڕێ لەخۆشیدا ئەخنکام، بەڵام هەمیشە هەر نیگای پەشێوی بەهرام ئەهاتەوە یادم، دنیای خەیاڵم دادەڕما، بۆچی دەبێت وا بێت؟ بۆچی دەبێت ئەو بۆ من مەسەلەیەك بێت؟ مەگەر ئەو بیر لەمن دەکاتەوە، ئەسڵەن مەگەر من بۆ ئەو هەم؟



تەنانەت کاتێ        کە وەڵامی سەلامەکەم دەداتەوە سەری بەرز ناکاتەوە، بێگومان بەوشێوەیەی کەمن لەو بێزارم، ئەویش لەمن بێزارە لە پشتی پەنجەرەکە وەستابووم، سەیری ژوورەکەیم دەکرد، ئایا ئەو سەرقاڵی سەعی و خوێندن بوو؟ کەوتمە بیری تەسجیلەکە و وتم «دایە چیت بەتەسجیلەکە کرد؟» باوکم قەڵەمەکەی لەسەر جەریدەکە داناو لە جێی دایکم وەڵامی دایەوە «لەبەر ئەوەی کە چاك نەدەکرایەوە، فرۆشتم بەوەستاکە خۆی، ئێستا بیر لە کڕینی تەسجیلێکی نوێ دەکەمەوە»، بەنزیك بوونەوەی تاقیکردنەوەی کۆڕسی کۆتایی زۆربەی هەوڵم تەرخانکرد بۆ زمان، ئەو رۆژەی کەتاقیکردنەوەم بوو زوتر لە کۆمپانیا هاتمە دەرەوە، تاقیکردنەوەکە سەعاتی ٦ دەستی پێ دەکرد و من دەمویست پێش تاقیکردنەوەکە سەیرێکی مەلزەمەکان بکەم، کاتێ هاتمەوە بۆ ماڵ دایکم لەحەمامم بوو، بەپەلە مەلزەمەکەم هەڵگرت و چوومە حەوش بەو عادەتەی کە هەمبوو دەبوایە بەڕۆیشتنەوە شتم دەرخ بکردایە هێشتا چەند لاپەڕەیەك زۆرترم نەخوێندبوویەوە کە دەنگی جەڕەسێك هات، بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێت دەرگاکەم کردەوە بەهرام بوو تەریق بوومەوە، بەپەلە سەلامم کرد.

چاوەڕای کردنەوەی دەرگاکەی نەکردبوو، بۆ چەند ساتێك کلیلەکە لە نێوان پەنجەکانی مایەوە، پاشان هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست، کە گەیشتە نزیك ژوورەکەی، کەمێ وەستا، پاشان رووی کردە من و پرسی «تاقیکردنەوەت هەیە» — «بەڵێ» — «یارمەتیت ناوێ؟» — «موزاحیم نیم؟» دەرگای ژوورەکەی کردەوە و وتی «موزاحیم نیت» بە ئاماژەی دەست فەرمووی لێ کردم، پام خستە ژوورەکەی، ئەو لەدوای من هاتە ژوورەوە، جانتاکەی لەسەر مێزە بچووکەکەی دانا، چاکەتەکەی داکەند و هەڵیواست، پاشان داوای لێبووردنی کرد و چووە دەرەوە یەکەم جاربوو کە پام ئەخستە ناو ژوورەکە، کتێبخانە بچووکەکەی پڕبوو لە کتێب ئەم ژوورە چەنێ لەگەڵ ئەوکاتەی کە ماڵی مامم تێیدا دەژیان، گۆڕابوو شێوەیەکی تری بوو، ژیانێکی ئاسایی و تەنیایی، کە من شەیدای بووم، کاتێ گەڕایەوە، دەست و دەموو چاوی وشك کردەوە و پرسی «کۆڕسی کۆتایی؟» _ «بەڵێ»

((سەعاتی چەند تاقیکردنەوەت هەیە؟)): ((شەش))

((چەند سەعاتێ کاتمان هەیە)) پاشان کورسییەکەی کێشاوە دواوەو و دانیشت، بێ ئەوەی چاوەڕێی قسەیەك لەلای منەوە بێت وتی ((بنووسە)) هەستم کرد لەبەرامبەر مامۆستای زمان دانیشتووم و ئەو خەریکە من تاقی دەکاتەوە، کاتێ پاش هەر نووسینێك سەرم بەرز دەکردەوە، چاوەکانی کە تاساتێك لەمەوپێش بڕیبووە من، دەیخستە سەر کتێبەکە، چ دەنگێکی گڕی هەیە، دەبوایە لەجیاتی دکتۆر، ببوایە مامۆستا، چونکە بەباشی دەیتوانی کاربکاتە سەر قوتابییەکانی هەڵەکانمی بەتاقەت پێ ئەوتمەوە، داوای لەمن دەکرد وشەکە بەو شێوەی کە ئەو دەیوت، دووبارە بکەمەوە، جارێك بەگاڵتە وتم ((تۆلەهجەت هەیە، من ناتوانم وشەکان وەك تۆ بڵێمەوە)) بێ ئەوەی پێ بکەنێت داوای لێبووردنی کرد و بێ دەنگ بوو، نازانم چەنێك لەژوورەکەی دابووم ئەو گرامەری زمانی ئینگلیزی بەمن ئەوتەوە، بەڵام کاتێ سەیری کاتژمێری دەستیکرد، وتی ((چاکتر وایە خۆت حازر بکەیت)) کتێبەکەی داخست و دایە دەستم، هەڵسام و سوپاسم کرد. لە جیاتی وەڵام دەرگاکەی کردەوە و وتی ((سەرکەوتووبیت)) کاتێ لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ئاگاداربووم، دەمویست بچمە ژوورەکەی و بڵێم دەرچووم، بەڵام ترسام کە لەگەڵمدا بەساردی هەڵسوکەوت کات، تەنیا بە سەعیدم وت دەرچووم، هەڵبەت دەمزانی سەعید پێی دەڵێت، لەگەڵ تەواوبوونی خولی زمان بڕیارمدا ئیشێکی تازە پەیدابکەم، تائەو بۆشاییەی بە هۆی بێ کاری هەمبوو پڕبکاتەوە، دەمزانی خانمی محسنی هەمیشە بۆ یارمەتی دانم ئامادەیە، بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵیدا کەوتمە قسەو داوام لێی کرد تا ئیشێکی نیوەکاتم بۆ بدۆزێتەوە، یەکێ لە شەوەکانی هەینی هەمووومان لە ماڵی سیما دەعوەت بووین، بەهرام و سەعید دەرەنگتر لەوانی دیکە هاتن، بەهرام گوڵدانێکی جوانی هاوردبوو کە بەلای هەمووانەوە جوان بوو، کاتێ چایم دەگەڕاند، هەڵیگرت و وتی ((پیرۆزبایت لێ دەکەم))، پرسیم ((بۆچی)) دوو کلۆی هەڵگرت و وتی ((بە بۆنەی دەرچوون))، حەزم لە خۆم کرد، دەرچوونم بووە هۆی ئەوەی کە بزانم بۆ ئەو گرنگم،



هەمووان سەرقاڵی قسەکردن بوون لەبارەی هەموو بابەتێکەوە قسەیان دەکرد، تا ئەو جێگەی کەماندووبووم، بۆ یارمەتیدانی سیما چووم بۆ چێشتخانە، سیما پرسی ((ئێستاش لە بەهرام بێزاری)) نا رام گۆڕیوە، خۆشحاڵ بوو وتی ((ئێستا بوویتە ئەو سەعیدەی کە ئێمە خۆشمان دەوێت)) کاتێ لەگەڵ سیما چووینە ناو کۆمەڵەکە، قسە لەژن هێنانی مەسعود بوو، ماوەیەکی زۆربوو دایکم داوای لەمەسعود دەکرد کە بۆ خۆی هاوسەرێك هەڵبژێریت، سیما و سارا یەك لە دوای یەك کچیان بۆ دەدۆزیەوە، بەڵام ئەو سەلیقەیەکی تایبەتی هەبوو، هیچ کامیانی بەدڵ نەبوو، دایکم رووی کردە بەهرام و پرسی، ((تۆ خوشکێکی ترت نییە)) بەهرام سەری جووڵاند و وتی ((بەداخەوە نا، بەڵام کچی باش زۆرە، بەکەمێك پرس و راکردن دەیدۆزنەوە))، لە کاتی وتنی ئەم رستەیە نیگای بڕیە من، بەڵام زوو رووی گەڕاندەوە، ئایا بەڕای ئەو من کچێکی باش بووم؟ ئەمە دووەمین جار بوو کە بەدرێژایی ئەو شەوە دەبووە هۆی خۆشحاڵیم، خانمی موحسنی، بەڵێنی خۆی بردەسەر، ئیشێکی لە موختەبەردا بۆ پەیداکردم، لە سەعات (٣) تا (٨) ی شەو لەوێ سەرقاڵی ئیش بووم کاتی دەوام چ لە کۆمپانیا و چ لە موختەبەردا فرسەتی بیرکردنەوەم نەبوو، بەڵام شەوانە هەرکە دەچوومە ناو جێگا ئاواتەکانم دەهاتە پێش چاو، ئاواتی ئازادیبوون و بەئازادی ژیان بەسەربردن، چەندێ بەو ژنانەی کە لەبەڕێوەیەتییەکاندا ئیشیان دەکرد ئێرەییم دەبرد ئەگەر تا دوو ساڵی تر لەسەر ئیشەکەم بەم شێوەیە بەردەوام بوومایە ئەمتوانی ئەوەندە پارە کۆبکەمەوە کە بەئاسانی لە ئێران دەرچم و تا ماوەیەك لەلایەنی داڕندەییەوە بێ خەم بم، پاشانیش ئەمتوانی ئیشێکی باش بۆ خۆم بدۆزمەوە، کاتێ چاوەکانم دەنوقاند، بیرم لەبەهرام دەکردەوە، چ ئەبوو ئەگەر ئەو زەنگین بووایە، چ ئەبوو ئەگەر لە جیاتی ئەم هەموو وشك و برنگییەی کەمێ قۆشمەچی بوایە؟ ئەو کاتە ئەگەر داوای منی بکردایە، پەسەندم دەکرد، یەکەم مەرجیشم بۆ شووکردن، مانگی هەنگوینی دووساڵە لە دەرەوەی ئێران بوو، پاشان بە خۆمم دەوت: ((هەی کچێ، دوای دوو ساڵ چی؟ ئایا دەتەوێت وەك دایکت بچیتە ناو چێشتخانە و قژت بۆنی پیاز و چێشت بدات؟ نا، ئەو

کاته ئیتر هەواڵی ئازادی نییە، دەبێت ماڵداری و مناڵداری بکەیت، ئەوکاتە بیری
بەهرام لە مێشکم دەردەکرد و دەخەوتم، رۆژەگەرمەکانی هاوین دەهاتنە پێش، من
بەردەوام بە گوڕوتینەوە ئیشم دەکرد، لە تاقیگەدا چەند کچێکی لاوم ناسی بوو، پاش
ئەوەی کە ئیشەکەمان کۆتایی پێ دەهات، لە دەوری یەکدا کۆئەبووینەوە و لەهەر
دەرگایەك قسەمان دەکرد، چەند جار بە کۆمەڵ بۆ خواردنی شیو چووبووین بۆ
ریستۆرانێکی گەورە، لە نێوان ئەم هاوڕێیانە کچێ هەبوو کە باش زمانی ئینگلیزی
دەزانی، باوکی ئەوروپایی بوو دایکی ئێرانی، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی فێربووبوم لە یادم
نەچێت، لەگەڵیدا بە ئینگلیزی قسەم دەکرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی
خۆشەویستیەکی زۆر لە نێوانماندا، ئەو کچێك بوو کە جوانی و لەسەر خۆیی تەبعی
بوو، سەبارەت بە هاوڕێیەتی لەوانی دیکە دڵسۆز تر بوو، زۆر جلوبەرگی سادەو
ئاسایی بوون، هەرچەندە هەوڵی دەدا بە مۆدێل بڕوات، بەڵام ئەوەندە لە قەید و بەندا
نەبوو، لە قووڵایی چاوەشینەکەیدا جۆرێ لە خۆڕازی بوون و متمانە بەخۆبوون،
شەپۆلی دەدا، رۆژێ لێم پرسی: ((باوکت لە ئێرانە؟)) زەردەخەنەیەکی قەشەنگی کرد و
وتی: ((نا، لە ئەڵمان ئەژی، من و دایکم تەنیاین)) پرسیم: ((حەز ناکەیت لەوێ بژیت،
دەڵێن ژیان لە ئەوروپا پڕی لە ئەندێشەیە)) دەستمی لە نێو دەستی کردو وتی: ((ماڵی
من ئێرەیە، من لێرە لە دایك بووم و ئێرانیم)) دەنگی بەرادەیەك جدی بوو کە منی لە
پرسیارەکەم شەرمەزارکرد، پاش چەند ساتێك، زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە دوا:
((ئەوروپا جێی ئەوروپاییەکانە، ئێمە رێورەسمی تایبەت بەخۆمانمان هەیە، ئەوانیش
رێورەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە، تا ئێستا بیستوتە کەسێ لەوان بەناوی میواندار
یاد بکات؟ بێگومان نا، چونکە ئەوان رەوشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەو
کتێبانەی کە ئەوروپییەکان سەبارەت بە ئێران نووسیانە، قسە لە میوانداری ئێمە
دەکەن، لەوانەیە یەکتر نەناسین، بەڵام لەدەرد و خەمی هاونیشمانەکانمان تێ دەگەین،
ئەوان میهر و خۆشەویستی ئێمەیان نییە، لەوێ ئەگەر بە هۆی نەخۆشییەوە نەتوانی
لە جێگەت هەڵسی، کەسێ بۆلات نایەت و دەحواڵت ناپرسێ، چونکە هەموو کەسێ



بیر لە خۆی دەکاتەوە تەنیا تا ئەو جێگە هاوڕێی تۆن و لەگەڵ تۆدان کەڵکت بگاتە
ئەوان، من دووساڵ لەگەڵ باوکم لەوێ ژیاوم رۆژی کە گەڕامەوە بڕیارمدا کە چیتر پام
لەم ئاو و خاکە نەخەمە دەرەوە)) باوەڕکردن بە قسەکانی بۆمن قورس بوو، بەڵام کە
بیرم دەکردەوە، دڵنیا ئەبووم کە بۆ گەواهیدانی قسەکانی بەڵگەی هەیە، سەبارەت بە
ریتا و شێوەی بیروبڕوای لەگەڵ ماڵەوەدا قسەم کردبوو، حەزم دەکرد ماڵەوە، لە
نزیکەوە بیبینن، دایکم بۆ ئەم یەکتر ناسینە خۆشحاڵی خۆی نیشان دا، شەوێك پاش
دەوام، بەڕیتام وت: ((پێم خۆشە ماڵەوەمان بناسی)) ریتاش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی،
پاشان بۆ شەوی پێنج شەممە بانگهێشتم کرد، ئەویش بەڵێنیدا بێت، پێنج شەممە
هات، پاش دەوام پێکەوە بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتین، لەرێ بێ دەنگ بوو، منیش بێ
دەنگ مامەوە، نەدەویست بەقسەی پوچ ئاسایشی تێك بدەم، تەنیا بۆ دانی کرێی
تەکسی دامە پێشەوە: ((بۆچی نەتهێشت حسێبێ بکەم؟)) بە پێکەنینەوە وتم: ((تۆ
میوانیت و منیش میواندار)) زەنگم لێدا دایکم دەرگاکەی کردەوە، ریتام پێ ناساند و
پاش رۆیشتنە ژوورەوە بابەك یەکسەر خۆی فڕێ دایە باوەشی، ریتا ئەندامەکانی
خێزانەکەی ناسی و کەوتە قسە، تا نیوەی شەو لەگەڵ ئێمەدا بوو، کاتێ گەڕاندنەوە
من و مەسعود گەیاندمان، حەزم دەکرد ماڵیان فێربم، بەڵام ئەو چەند کۆڵان مابوو بۆ
ماڵیان دابەزی و خواحافیزی کرد، لە مەسعودم پرسی: ((ڕات سەبارەت بەو چییە؟))
وتی: ((ڕایەکی تایبەتیم نییە، بەڵام بۆی هەیە کچێکی باش بێت)) بە شێوەیەکی
گشتی رای ماڵەوەمان سەبارەت بەڕیتا باش بوو، مانگی دووەمی هاوین مەسعودیش
چووە ناو کۆمەڵی ژن دارەکانەوە، شاییەکی زۆر سادەیان سازکرد، ریتا تەنیا چەن
نەفەر لە هاوڕێ و ناسراوەکانی خۆی بانگهێشت کردبوو، ژمارەی میوانەکان زۆر کەم
بوو، ریتا لەجلی سپی بووکێنیدا وەکوو فریشتەیەکی جوان و پاك دەهاتە بەرچاو،
بەرۆیشتنی مەسعود ماڵەوە چۆڵ دەهاتە بەرچاو، سارد و سڕبوو، هێشتا بەرۆیشتنی
مەسعود رانەهاتبووین کە سەعید و بەهرام رەوانەی کوردستان کران، شەوێك کە
ماندوو لە ئیشی رۆژانە گەڕامەوە ماڵ، بینیم مامەم لەماڵی ئێمە میوانە، تامنی

بینی لەباوەشی گرتم و وتی: ((سەعیدە، تۆ ناتتەوێت ئیسراحەت بکەیت؟)) وتم: ((بۆچی، زۆر ماندووم؟)) دەستی هێنا بەسەرمدا و وتی: ((لەگەڵ سەفەرێکی دە رۆژیدا چۆنی؟)) پرسیم: ((بۆ کوێ؟)) وتی: ((دیارە مەشهەد)) وتم: ((ئێستا بۆچی مەشهەد؟)) مامەم وتی: ((بەختێکی باشی دەوێت کە ئینسان بۆ زیارەتی ئیمامی هەشتەم بچێت)) ئەوان هەموو ساڵێك ئەچوون بۆ مەشهەد، دەتوانم بڵێم کە مەشهەدماڵی دوومی ئەوانە، بەمامەم وت: ((بەڵام من ئیجازەم وەرنەگرتووە)) دایکم کە لە سەرەتاوە لە ژێرەوە سەیری ئێمەی دەکرد وتی: ((ئەمە زۆر ئاسانە، ئیجازەی کۆمپانیا لە ئەستۆی مەسعود و تاقیگەش لە ئەستۆی ریتا)) کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆی رۆژی دوایی، بەشەمەندەفەر بۆ مەشهەد بەڕێکەوتین، لە درێژی رێگەدا مامەم هەوڵی دەدا من سەرقاڵ بکات، ئەوەندە خەریکی موتاڵای کتێب و کتێب خوێندنەوە بوو بوو، کە بتوانێت لە هەر بابەتێك قسە بکات، ئامۆژنم ژنێکی بە بڕواو دیندار بوو، لە سەرەتای رێگەوە خەریکی دوعا خوێندنەوە بوو، کاتێ گەیشتینە مەشهەد لە یەکێ لە هوتێلە گەورەکان ژوورێکمان گرت، من بە هۆی ماندووبوونەوە، زۆر زوو خەوتم، کاتێ هەڵسام، مامەم لەبەردەم ئاوێنەکەدا سەری شانە دەکرد، وتم: ((وابزانم زۆر خەوتووم ئامۆژنم لە کوێیە؟)) لە وەڵامدا وتی: ((ئەو غوسلی زیارەتی کردوو چوو بۆ مەرقەد، ئێستەش لەبەردەمی پەنجەرەی فولاد چاوەڕێی منە ئەگەر حەز دەکەی، تۆیش وەرە)) مەرقەدەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، کە ئێمە لە تەنیشتێکەوە وەستاین و مامەم بەدەنگی بەرز زیارەتنامەی دەخوێندەوە، پاشان دەورمان دایەوە و لە دەرگاکەی تر هاتینە دەرەوە، ئامۆژنمان لە پشتی پەنجەرەی فولادەوە بینی، پێکەوە بەرەو شەقامەکانی شار کەوتینە رێ، ئێمە زۆربەی کاتژمێرەکانی رۆژمان لەمەرقەد دا دەبردە سەر کاتێ پشوو دەگەڕاینەوە بۆ هوتێل، کات زۆر زوو تێپەڕ بوو، کاتێ گەڕانەوە دڵم تەنگ بوو بوو، چەنێ شەیدای ئەو سرووتە پاکەی مەرقەد و دەنگی ئەو بانگدەرە کە لە رۆژدا چەند جار خەڵکی بۆلای خوا بانگ دەکرد بووم، سەعید و بەهرام ، رۆژێ پێش ئێمە گەڕابوونەوە، سەعید لە سەفەرەکەی بۆ کوردستان رازی



بوو، یەکسەر سەبارەت بە ماڵی بەهرام قسەی دەکرد، من شەوقی رازی بوونم لە دەموو چاوی بەهرام دەخوێندەوە. کاتێ کە پاکەتی دیاری نایە بەردەست دایکم بە دەموو چاوێك کە لەشەرمدا سوور هەڵگەڕابوو وتی: ((لەلایەن دایکمەوە بۆ ئێوەیە)) بەگاڵتەوە وتم: ((تۆ بەدایکتت نە وتوەو کە سەعید خوشکێکی هەیە؟ ئەی دیاری من کوا)) زۆرتر سوور بووە وە و وتی: ((هەدیەکەی تۆ، خۆم ئامادەم کردووە، لەبەرئەوەی کە دایکم نەیدەزانی بۆ کچێ لە تەمەنی تۆدا چ شتێك باشە)) پاشان هەڵسایەوە و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، کاتێ گەڕایەوە پاکەتێکی دایە دەستم، سەعید بە سەرسوڕماوی وتی: ((بەهرام تۆ چی دەکەی؟ تۆ بۆخۆتت کڕی)) لێوی گەست و وتی: ((نا، ئەمە تایبەتە بە سەعیدە خان)) پاشان رووی کردە من و وتی: ((هیوادارم بەدڵت بێت)) پاکەتەکەم کردەوە، تەسجیلێکی تا رادەیەك بچووك بوو، پرسیم: ((تۆ دڵنیایت ئەمە تایبەتە بە من؟)): ((دڵنیابە تایبەتە بەتۆ)) سەعید وتی: ((بەڵام بەهرام، مەگەر تۆ ئەم تەسجیلەت بۆ زانکۆ نەکڕیبوو؟)) ئەم جارەیان نیگای تووڕەی بڕیە سەعید و وتی: ((نا)) دامەناو قسەکەیدا و وتم: ((من تەنیا دەمویست گاڵتەیەکم کردبێ تۆ زۆرتر پێویستت پێیەتی)) بێ هیچ وەڵامێك ژوورەکەی بەجێ هێشت، لەگاڵتە نابەجێکەی خۆم شەرمەزار بووم و داوام لە سەعید کرد بیگەڕێنێتەوە، بەڵام سەعید وتی بێ کەڵکە، ئەو قەبوڵی ناکاتن لەناو تەسجیلەکەدا شریتێك بوو. دام گێرساند گۆرانی کوردی بوو، هیچی لێ تێ نەگەیشتم، دەنگی تەسجیلەکەم زۆرکرد ئێستا کە تەسجیلەکەی بەمن داوە، بیەڵە بەلای کەمەوە سوود لە دەنگەکەی وەربگرێت، شەوی جومعە هات، هەموو بە بینینی تەسجیلەکە دڵنیابوون کە ئیتر لە نێوان من و بەهرامدا هیچ کێشەیەك نییە، من رابردووم لە بیر بردۆتەوە، شەو لەحەوشەدا جێمان راخست و دانیشتین، لە نێوان قسەکانماندا تەزووی کارەبا پچڕا، دایکم بۆ هێنانی لالە چووە ژوورەوە، بەهرام شقارتەیەکی داگیرساند و بە ئارامی وتی: ((مەترسە، زۆر ناخایەنێ)) کاتێ دایکم بە چرایەکەوە هاتەوە، بەهرام چراکەی لەدەستی سەند و لە بەردەمی من داینا، لەوانەیە ئەو بێ هیچ مەبەستێك ئەم ئیشەی کردبێت، بەڵام من

هەستم دەکرد شێوە نیگای جیاوازە، لەکۆتایی وەرزی هاویندا، ژیان رووی دزێوی خۆی بە ئێمە نیشاندا، مێردەکەی سارا بە هۆی تامپۆن لەگەڵ گەلابەیەکدا گیانی خۆی لەدەست دابوو، ئاسایش و بەختەوەری ماڵەوە لەناو چوو جێگەی خۆی بەخەم و موسیبەت گرتەوە، ساڵانی بەختەوەری ئەو دووانە چەندە زوو تەواو بوو، تەنیا چوار ساڵ پێکەوە ژیابوون و سارا چاوەڕێی مناڵێك بوو کە دەبوایە بێ سۆز و خۆشەویستی باوك گەورەبوایە، ئەو رووداوە پشتی باوکمی شکاند چ گریانێکمان کە نەکرد چ حەسرەتێکمان کە نەکێشا، خوشکەزاکەم کاتێ لەدایك بوو کە تازە حەوتەی باوکیان دەستی پێ کردبوو، لە نەخۆشخانە هەمووان دڵنەوایی سارایان دەدایەوە، حەمید زۆرتر لەوانی دیکە لە خەفەتی لەدەس دانی براکەی دەسوتا، بۆ سارا چاکترین ژووریان تەرخانکرد، تا ئاخرین سات هەموو لەلای بوون، کاتێ دکتۆر پای خستە هۆڵەکەوە، حەمید رای کردە پێشەوە و پرسی: ((دکتۆر ..؟)) دکتۆر دەستی خستە سەر شانی حەمید و وتی: ((کوڕێکی سالم! تەندروستی دایکیشی زۆر باشە)) بەو وەزعە خراپەی کە سارا تێی کەوتبوو، چاوەڕێمان نەدەکرد کە مناڵبوونەکەی سروشتی بێت، کاتێ ك بەویستی خوا هەموو شتێك بەباشی دەچووە پێش، دایکی مەجید لە نەخۆشخانە مایەوە دەیوست خۆی چاودێری بووکەکەی بگرێتە ئەستۆ، لەحاڵێکدا کە خۆی زۆرتر پێویستی بە چاودێری بوو، هەرچەندە داوام لێی کرد کە بگەڕێتەوە ماڵ قەبوڵی نەکرد، سوپاسی کرد و وتی: ((ئیزنم بدەن خۆم یادگاری کوڕەکەم ببەمەوە بۆ ماڵ)) سارا ناوی کوڕەکەی نا پەیمان، دەیوت لەگەڵ مەجید دا لەسەر ئەم ناوە رێك کەوتووین ئەوانی دیکەش رێزیان لە هەڵبژاردنەکەیان گرت و قەبووڵیان کرد، سارایان لە نەخۆشخانەوە بردەوە ماڵی خۆیان و پەیمانیان خستە ژێر چاودێری خۆیان، رۆژەکان زۆر زوو تێپەڕ دەبوون، منیش بۆ ماوەیەك بیرم لە ئازادی ژیان لە دەرەوەی وڵات نە دەکردەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەموو شتێك گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، دیسان هەمووان شەوانی هەینی لەدەوری یەك کۆدەبوونەوە، بەم جیاوازیەی کە لە جیاتی مەجید، حەمیدی برای سارای دەهێنا بۆ ماڵی ئێمەو نیوەی شەو بۆ بردنەوەی



ئەگەڕایەوە، من ئیتر زۆر کەم بەهرامم دەبینی، سەعیدیش، سەعی دەکرد، وەرزەکانی پاییز و زستانیش تێپەڕبوون، بەهاتنی وەرزی بەهار دێوی خەوتووی گیانم لەخەو هەڵسا، هەستم دەکرد بەڕادەی پێویست پارەم کۆکردۆتەوە، بەیانی سبەینێ، خانمی محسنی لامان دانیشت و وتی: ((دەڵێی چی ئەم نیوە رۆیە شیو بخۆین؟))، قەبوڵم کرد لە هۆڵی نان خواردن هەردووکمان سینییەکانمان بردە سوچی هۆڵەکە و لە جێگەیەکی تاڕادەیەك چۆڵ دانیشتین، پاش ئەوەی کە دەستمان لە خواردن هەڵگرت، پرسی: ((تا ئێستا بیرت لە شووکردن کردۆتەوە؟)) بەیەکجار لەشم ساردبوو، پاش مردنی مەجید، لە ماڵەوە هەرگیز باسی شووکردن و ژن هێنان نەکرابوو وتم: ((نا)) پرسی: ((بۆچی؟)) — ((لەبەر ئەوەی بە تەمای شوونیم و بە پێویستی نازانم کە بیری لێ بکەمەوە)) سەری جوولاندو وتی: ((ئەوە چی دەڵێیت، هەر کچێك دەبێت رۆژێك شووبکات)) قسەکەیم بڕی و وتم: ((زۆر کەسیش بووە کە تا کۆتایی تەمەنی بە تەنیا ژیاوە)) نیگایەکی پڕ لە پرسیاری کردم و وتی: ((ئایا گرفتێ لەژیانتا هەیە کە لە شووکردن رادەکەی؟)) وتم: ((نا، من نە عاشقم و نەکەسێ خۆشمی دەوێت، تەنیا نامەوێت شووبکەم، ژیانی بێ هاوسەریم زۆرتر بەدڵە، نامەوێت ئەرك بگەرمە ئەستۆ، هەرئەمە)): ((تەنیا تۆ نیت کە لەشووکردن دەترسی، زۆر کەس هەیە وەکو تۆن، بەڵام کاتێ شوو دەکەن بە ترسی لە رادەبەدەری پێشووی خۆیان پێ دەکەنن، هیچ شتێك چاکتر لەباوەشی گەرمی خێزان نییە، ئەویش خێزانێك کە خۆت دروستی بکەیت)) هەڵسام و وتم: ((من ئەو باوەشە گەرمەم هەیە، دروست کردنی دووبارەی بەهیچ نازانم)) دستمی گرت و وتی: ((زۆرتر بیرکەرەوە، من لەگەڵ مەسعودیش قسەم کردەوە)) وتم: ((نە دەبوایە وات بکردایە، چونکە لەماڵی ئێمەدا شووکردن بە زۆرنیە، حەزم نەدەکرد مەسعود بیزانیایە)) پاش نیوەڕۆ بە چوونە ژوورەوە بۆ تاقیگە ریتا هات بۆلام و پرسی: ((ئەمڕۆ خانمی محسنت بینی؟)) وتم: ((تۆش ئەزانی؟)): ((مەگەر عەیبە؟)) دوێنی شەو بەمنی وت و داوای لێکردم قسەت لەگەڵ بکەم)): ((پێویستی بە قسەنیە، من وەڵامی خۆمم داوەتەوە بە خانمی محسنی)) بریسکەیەك لە چاوەکانیدا

درەوشایەوە و وتی: ((دەتوانم بپرسم چیت وت؟)): ((بەڵێ، پێم وت کە بەتەمای شوونیم)) ریتا خۆی خستە سەر کورسییەکە و وتی: ((بۆچی وتت نا؟ بەتەمای تا چەن ساڵی تر بەتەنیا بمێنیتەوە؟ سەر ئەنجام رۆژێ ماندوو دەبیت و دەبینیت کە ژیانت بە فیڕۆ چووە لەوانەیە ئەو رۆژە دووربێت سەیری دەوروبەرت کە و هەمووان ببینە)) وتم: ((ڕیتا من ئاواتی زۆرم هەیە)) بە پەنجە دام لە سینگم و وتم: ((نامەوێت بەشووکردن ئاواتەکانم ببەم بۆ گۆڕ، حەز دەکەم بە تەنیا بژیم و لە ئێران دەرچم، حەز دەکەم بچم و بڕوانامەم وەربگرم)): ((چ بڕوانامەیەك؟)): ((نازانم، هەر شتێ کە بتوانرێ ناوی بڕوانامەی لێبنرێت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبووم ئەگەڕێمەوە شوو دەکەم)) سەری جوڵاندو وتی: ((... تۆ زۆر جێی ڕێزی بۆمن و منیش خۆشم ئەوێیت)) وتم: ((منیش هەروەها)) وتی: ((درۆدەکەی، ئەگەر منت خۆش بویستایە، بەلای کەمەوە ئەوت ئەبینی)): (( کاتێ نامەوێت شووبکەم، بۆچی دەبێت ببینم؟)) پێکەنی و وتی: ((لەوانەیە رات بگۆڕی)): ((ڕیتا! ئەگەر بۆ ئیسباتی هاوڕێیەتیمان بەڵێن بدەم کە بەس ببینم، رازی دەبیت؟ بەڵێن دەدەیت، زۆرتر لەمە نەچیتە پێش؟)) دەسمی گرت و وتی: ((دڵنیابە، ئیزن بدە بێت و ببینی، ئەگەر بە دڵت نەبوو بەهەر شێوەیەك حەزت کرد، هەڵسوکەوت بکە)) ئەو شەوە مەسعود و ریتا هاتن بۆ ماڵمان، مەسعود مەسەلەکەی بەدایکم راگەیاند و بەسارایشی وت رۆژی دوو شەممەی حەوتەی داهاتوویان بۆ رۆژی خوازبێنی هەڵبژارد، ئەو رۆژە نەچوومەوە بۆ کۆمپانیا، بەڵام وەکو هەموو کچە گەنجەکان چاوەڕێی داواکار بووم، کەمترین ترس و دڵەڕاوکێم نەبوو، دەمزانی کە قەبوڵی ناکەم ئەندامانی خێزان یەك لە دوای یەك گەیشتن، بەهرام و سەعیدیش بە پێچەوانەی رۆژانی پێشوو، لەماڵەوە مانەوە، خوشکەکەم بە وەسواسییەکی تایبەتییەوە، لەنێوان جلەکانمدا یەکێکی هەڵبژاردو وتی: ((ئەمە چاکترە، بەڵام نا، لاواز نیشانت ئەدەدا، چاکتر وایە ئەم جلەیان لەبەرکەیت، رەنگی شین لەدەموو چاوت دێت)) پێکەنینم بەو ئیشانە دەهات کە دەیانکرد، قژم کۆکردبۆیەوە، سارا قژمی بەردایەوەو وتی: ((ملت بەرزە، دەبێت قژەکەت بخەیتە سەر شانت)) چیان بەسەر من



کە نەهێنا، ریتا پرسی: ((دەترسی؟)): ((نا، چونکە دەزانم شوکردن لە ئارادانییە)) کاتێ چرکە ژمێرەکە شەش جار لێیدا، نیگەرانیم لە سیمایاندا دەخوێندەوە، لەوەی کە گرنگیم پێ نەدەدا رازی بووم، زەنگی یەکەم، مەسعود، وەکو کەسێك کە چاوەڕێی میوانێکی گرنگە یەکسەر دەرگاکەی کردەوە و بە دەنگی بەرز، بە شێوەیەك کە هەمووان دەیانبیست بە خێرهاتنی دەکردن، دایکم بەرە و پیریان چوو، بردنی بۆ ژووری میوان، رێوڕەسمی ناساندن تەواو بوو، ساراو سیما بە پەلە هاتنە ژوورەکەی من، دەم و چاویان لە خۆشیدا سوور هەڵگەڕابوو، سارا وتی: ((سەعیدە، نازانی چەندە جوان و رێك و پێکە)) خانمی محسنی هاتە ژوورەوە، ماچی کردم و وتی: ((هیوادارم پەرویزت بەدڵ بێت)) وتم: ((زۆر هیوادار مەبە)) دەستمی گرت و بردمی بەرەوژووری میوان، من لەگەڵ سێ نەفەردا چوومە ژوورەوە، خانمی محسنی رێوڕەسمی یەکتر ناسینی گرتە ئەستۆ، من کەوتمە بەرامبەری نیگای کڕیاری ئەوان، براکەی پەرویز سەیری سەرتاپای منی کرد و وتی: ((خانمی محسنی زۆر تاریفی تۆی دەکرد، ئێستا دەبینم ، بەڕاستی شایەنی ئەم هەموو تاریف دانەوەیت)) زەردەخەنەیەکم کردو سوپاسم کرد، پەرویز زۆر زوو دەستیکرد بەقسەکردن، ئەو گەنجێکی جوان و رووخۆش بوو وە زۆرتر هەوڵی دەدا وشەی بیانی بەکاربێنێت وەها بەدڵنیاییەکی زۆرە وە قسەی دەکرد کە ئینسان هەستی دەکرد، ئەوەی کە دەیڵێت راستە، قسە لە دەزگیران دار هاتەکایەوە، ئەمەی کە ماوەی دەزگیرانداری پێویستە بۆ ئەوەی کچ و کوڕ یەکتر بناسن، دایکی پەرویز ژنێکی تێگەیشتوو خوێنگەرم بوو، زۆر زوو چووە دڵمەوە، کەوتە قسەو وتی: ((ئەگەر ئیجازە بدەن ئاهەنگی بچووك ساز دەکەین، پاشان بڕیاری مارەبڕین و ئاهەنگەکانی دیکە دەدەین)) تاهاتم بگەمە خۆم بوو بوومە کچێکی دەزگیراندار و حەڵقەیەکی زۆر گران بەها لە پەنجەمدا، شەوانە پاش کۆتایی دەوام لە تاقیگە پەرویز دەهات بەشوێنما و پێکەوە بۆ نان خواردن دەچووین بۆ یەکێ لە رستۆڕانە گەورەکان، ئەوەندە دیاری بۆ کڕیبووم کە هەموو شتوو هەموو کەسێکم لە بیر چوو بۆیەوە، ئەگەر بیبینایە لەبەردەم فرۆشگایەکدا راوەستاوم، بەزۆر دەیویست

بزانێت چ شتێك سەرنجی راکێشاوم، تا بۆمی بکڕێت، کەم کەم هەستم کرد تەنیا کەسێك کە دەتوانم لەگەڵیدا بژیم، ئەوە، ئیتر شەوانە کاتی خەو، چاوەکانی بەهرام نەدەهات بۆلام، ئێمە لەگەڵ یەکدا قسەمان دەکرد، بەڵام هەندێ کات لەقسەکانی تێ نەدەگەیشتم، گاڵتەی بەمارەبڕین دەهات و دەیوت بەڵێنی ئەخلاقی بەسە، دەیوت: ((ئەم ڕێوڕەسمە بۆ وەچەی ئەمڕۆ ئیشێکی پوچ و بێهودەیە، بەڵام کاتێ من هەستی خۆمم بەرامبەر بەڕێوڕەسمی مارەبڕین وت، وتی: ((من بەخاتری تۆ لەسەر سفرەی مارەبڕین دائەنیشم وەکوو باپیرانمان وەڵامی بەڵێ بەمەلاکە دەدەم و پاشان بەگاڵتەیەك بابەتەکەی دەگۆڕی)) ڕۆژێك لەگەڵ ریتا کەوتمە قسە و وتم: ((پەرویز باوەڕی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو بەهەموو باوەڕەکانی ئێمە پێ دەکەنێ)) ریتا پرسی: ((باشە رای خۆت چییە؟)): ((نازانم، لەوانەیە من باوەڕو ئیمانێکی بەهێزم نەبێ، بەڵام ئەو بەهیچ عەسڵێك باوەڕی نییە))، پاش ئەوە چەند جاری تریش لەگەڵ یەکدا سەبارەت بە ڕێوڕەسم و باوەڕی میلّی و ئایینی قسەمان کرد، هەمیشە قسەکانی پەرویز منی دەترساند، جارێك کە زۆر لەدەستی دڵگیر بوو بووم، بەناوی لێبووردن ملوانکەیەکی لە بێرێلیان بۆ کڕیم، کەم کەم هەستم کرد هەرچەندە زۆرتر ئەو ئەبینم و هەر چەندە زۆرتر قسەی لەگەڵ دەکەم، دوورتر دەبمەوە لێی، هەوڵم دەدا کەمتر قسە بکەم و قسەکانی دەویش بە نەبیستراو بزانم، بە شێوەیەك کە شەوێك وتی: ((بالەم وڵاتە بچین، ئەو کاتە ئەبینی کەقسەکانی من هەمووی راستە)) لەماڵەوە دایم کچێکی بێ دەنگ و هێمن بووم، بەم هۆیەوە کەس نەیئەتوانی لەڕازم تێ بگات، هەمووان وا بیریان دەکردەوە کە من رازی و بەختەوەرم، بەڵام شتێك وەك خۆرە گیانمی ئەخوارد، دەمزانی کەباوەڕی پەرویز لەگەڵ باوەڕی مندا یەکێك نییە، ئەمزانی کە ئەو هیچ قەید و بەندێك قەبوڵ ناکات و پابەندی هیچ عەسڵێك نییە، دوو دڵ بووم، ئەگەر لەگەڵ ئەودا بچوومایە، ئاواتم دەهاتە دی؟ بەڵام ئەگەر نەچوومایە دەبوایە دەزگیرانداریم تێك بدایە، نەمدەزانی چ چارەنووسێك چاوەڕێم دەکات، شەریکی یەکانگیری قورس بوو، نەمدەتوانی ئاواتی ژیان لەدەرەوەی وڵات لە بیربەرم، پاشان بڕیاری خۆمدا، بەخۆمم



وت، بەسەبر و تاقەت دەیهێنمە سەر رێ، هەرچی بێت، ئەو موسڵمانەو موسڵمان زادەیە))، پاش دوو مانگ لەسەر سفرەی مارەبڕین دانیشتم و شووکردنم بوو بەڕەسمی، عاشقی نەبووم، نیگای ڕۆحمی گەرم نەدەکرد، داهاتووم تاریك و لێڵ دەبینی، لە فڕۆکەخانە بەهرام پاکەتێکی دایە دەستم و لەحاڵێکدا کە دەنگی بە ئاشکرا دەلەرزی، ئارەزووی بەختەوەری بۆ کردم، پاشان فرمێسکەکەی کە لە گۆشەی چاوی دەهاتە خوارەوە سڕییەوە، وتم: ((سوپاس، دیارییەکەت لەگەڵ خۆم دەبەم))، ئاماژەی کرد بە پاکەتەکەو وتی: ((شایانی تۆی نییە، تەنیا بەناوی یادگاری و بۆ ئەوەی کە ئێمە لەیاد نەکەیت)) وتم: ((هیوادارم کاتی گەڕانەوەم هەردووکتان لەجلی پیرۆزی نوژداریدا ببینم)) بەدرێژایی ماوەی دەزگیران داری ئێمە، بەهرام دایم پێکەنینێکی گاڵتەپێکەری لەسەر لێو بوو، بەڵام کاتێ خواحافیزی، بۆ ساتێك لە نیگایدا خەمێکی گەورەم خوێندەوە، نیگاکەی ئاگری بەردا لە گیانم و من بە تەواوی بوونم قەبوڵم کرد، کاتێ فڕۆکەکە بەرز بوویەوە هەستم کرد دڵم بۆ ئەو نیگایە تەنگ بووە و بەدەنگێکی نزم وتم: ((ئێمە دەگەڕێینەوە؟)) پەرویز سەری لێ نزیك کردمەوە و وتی: ((لەمەو بەداو هەست بەژیان دەکەیت)) من تەنیا زەردەخەنەیەکم کرد، ئەڵمان لەبەر چاوم وڵاتێکی سارد و تووڕە بوو، بەخۆمم دەوت کە ئەم هەستە بە هۆی ئەو رقەیە کە لە هیتلەر لەدڵمدایە، بە پەرویزم وت: ((بۆچی ئەڵمان، بەلامەوە خۆش نییە؟)) بەدەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین و وتی: ((ئارامت هەبێت تازە هاتووی))، بەڵام راستی ئەوەبوو کە ئەو هەموو بەرفراوانییە کاری تێ کردبووم، بە شێوەیەك کە تاماوەیەك لەبیرم کردبوو کە ئێرانیم و ساحێبێ باوەڕی تایبەت بەخۆمم، ژیانمان لەماڵە جوانەکەی ئەو دەستی پێ کرد، کەم کەم هاوڕێ رەنگاو رەنگاکانیم ناسی و لەو میوانداریانەی کە لەدوای یەك بۆ ئێمەیان ساز دەکرد، حازر دەبووم، پاشماوەی کاتمان لە کلۆپ بەسەر دەبرد، یان بۆ بینینی شارە جیاوازەکان دەچووین. پەرویز، بەقسەی خۆی دەیویست من لە تەنیایی دەربێنێت و بمبات بۆ دنیای نوێ و پێشکەوتوو، ئەوەندە سەرقاڵ بووین کە فرسەتمان نەدەکرد لەسەر باوەڕی یەکتر قسە بکەین، بەڵام هەستم دەکرد هاوسەرەکەم

سەبارەت بە پیشەکەی خۆی درۆی کردوە، زۆرتر هاتو چۆی ئەو کلۆپ ((یانەی سینەما)) بوو، شەوێك کەبە پێچەوانەی شەوانی تر هەمیشە تەنیا بووین پرسیم: ((پەرویز، ئەی بازرگانێتی و ئیشی بازرگانی تۆ لە کوێیە؟ بەمنت وتبوو کە بازرگانی مافوور دەکەیت، بەڵام لەم ماوەیەدا تەنیا شتێك کە نەمبینی مافوور بوو)) کەوتە پێکەنین و لەحالێکدا کە بۆلای پەنجەرەکە دەچوو، وتی: ((ئەگەر بەتۆم بوتایە کە ساحێبێ سێ کلۆپم، شوت پێ دەکردم؟)) دالْغەم لێدا، هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، پرسی: ((بۆچی بێ دەنگی؟)) وتم: ((نا، رازی نەدەبووم، ئێستاش لەکردەی خۆم پەشیمانم، مەگەر دەس لەم ئیشە هەڵگری و ئیشێکی بەئابڕوو هەڵبژێری)) بەدەنگی بەرز پێکەنی بە شێوەیەك کە لەشمی لەرزاند، پرسیم: ((مەگەر قسەکەی من نوکتەبوو))، پێدەکەنم چونکە تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە ئێرە ئێرانە کە ئەگەر ئیشیکت بەدڵ نەبوو، یەکسەر بیگۆڕی، خانم ئێرە ئەوروپایە و هەر ئیشێك دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە، ئێستا وەرە و لە جیاتی قسەی بێ سوود، سەرێ لە کلۆپ بدەین، سکرتێرەکەم سەماکەرێکی تازەی دامەزراندوە، دەبێت بیبینم)) خۆم گۆڕی و هەردووکمان کەوتینە رێ، کاتێ گەیشتینە ئەوێ، سەماکەرەکە هاتبوو، پەرویز و سکرتێرەکەی چەن رستەیەکیان بە ئەڵمانی وت، پاشان پەرویز کورسییەکی بۆ دانام و وتی زۆر زوو دەگەڕێمەوە، خزمەتکارەکە ساردییەکی بۆ دانام و جگەرەیەکی بۆ داگیرساندم پەرویز درەنگ هاتەوە و کاتێ هات داوای لێبووردنی کرد و لە تەنیشتمەوە دانیشت، دەستم کرد بەقسە، بەڵام بیری ئەو لەجێیەکی تر بوو، چەند جار بانگم کرد وەکو کەسێك کە لەخەو هەڵیسێنی بەپەلە داوای لێبووردنی کرد. زانیم نیگەرانە، بۆیە بێ دەنگ بووم و سەرقاڵی سەیرکردن بووین، رۆژان و شەوانم بەبێ ئاگائی تێپەڕ دەکرد، دڵم بەو دیارییانەی کە بۆی ئەکڕیم خۆش کردبوو، ئاواتی بینینی ئێرانم هەبوو، کەم کەم لە خواردنەوە و شەو دانیشتنەکان و هەروەها لە ژنان و پیاوان کە هەموو شەوێك لە ماڵمان خەریکی قومار و خواردنەوە بوون ماندووبووم، پەرویز لەبەرامبەری نارەزایەتییەکانم، تەنیا پێدەکەنی و دەیوت تۆ هێشتا رانەهاتووی



خەریك بوو باوەڕم دەکرد کە ژیان هەر ئەوەیە کە پەرویز دەیوت، رۆژێ کە تەنیاو ماندوو لەو هەموو پوچییەوە، چوو بووم بۆ پارك، خوێندکارێکی گەنجم بینی کە هاووڵاتی نیشتمانم بوو، ناوی تورەج بوو، ناسینی ئەو دنیایەکی تری بەڕووم کردەوە، دنیایەك لە بەرامبەری دنیای تاریکی من، دنیایەك کەنوور بوو و پڕ لە رۆناکی)) لەیەکتر بینینمان دووبارە بوویەوە، لەم یەکتر بینانەدا تورەج تێیگەیاندم کە ژیانی ئێمە زۆر بێ شەرمانەترە لەژیانی ئەڵمانییەکان، ئەومنی تێ گەیاند کە تاچ رادەیەك بێ ئاگام، دەرگاکانی راستی بەڕووما کردەوە، لە قسەکانیدا قووڵاییەك هەبوو. کەزۆر کاری تێ دەکردم لە یەکێ لە رۆژەکاندا پاش قسەکردنێکی زۆر کە تووڕەی کردبووم، لەحاڵەتێکدا کەپێکەنینێکی گاڵتە پێکەر لەسەر لێوی بوو وتی: ((دەزانی ئاگات لەخۆت نییە کە لەچ چڵکاوێکدا دەست و پا ئەکوتی ..))

پاشان کە هەوڵی دەدا ئارام قسەبکات، ڕاستی زۆرتری بۆ روون کردمەوە، بە هۆی پێوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەودا تێگەیشتم ئەمە ئەنجامە کە دەبێت ژیانم لە پیسی پاك بکەمەوە، بۆ خێزامەکەمم نەنووسیبوو کە زاوا تاجیرەکەی ئەوان لە ئەڵمان خەریکی چ ئیشیکی گلاوە، نەم ئەویست ئاواتە جوانەکانی ئەوان کە بۆ ژیانی من لە خەیاڵی خۆیاندا دروستیان کردبوو لە بەین بەرم، پەرویز کە هەستی بە گۆرینی من کردبوو، ئەیویست هۆکەی بزانێت، هاتووچۆی منی لەگەڵ تورەج بە تەواوی قەدەغەکرد، تورەج تەنیا خوێندکاریك بوو کە بۆ وەرگرتنی شەهادە هاتبوو بۆ دەرەوەی وڵات، لە ژیان هیچی نەئەزانی، بەڕای ئەو هەرکەسێك لەدەرەوەی بیرو باوەڕی ئێمەدابوو، فاسید دەژمێردرا من لە بارودۆخێکی خراپ دابووم، دەبوایە لەدوو لاوە شەرم بکردایە، چونکە بەتەواوی باوەڕی تورەجم قەبوڵ نەکردبوو، هێشتا نیوەی بوونم خوازیاری ئەو ژیانە بوو کە پەرویز بۆی دابین کردبووم، بەڵام لەوێوە کە هەر رەوشتێکی پاك دواجار بەرەو حەق و راستی دەڕوات، سەرئەنجام تەسلیمی قسەکانی تورەج بووم، بەیارمەتی ئەو، هاتووچۆی هاوڕێکانی پەرویزم نەهێشت، بەم ئیشە پەرویزیشم لە دەسدا، لە ماوەی دوو ساڵ ژیان لە ئەڵمان تاڕادەیەك زمانی ئەڵمانی

فێربووبوم، دەمتوانی وەڵامی ئەو جنێوانەی کە پەرویز لەبەردەم هاوڕێکانی بەمنی دەدا بدەمەوە، شەوێك پاش دەمقڕەیەکی زۆر شەبازللەیەکی لێ دام و وتی: ((ژیانی من ئەمەیە، ئەگەر پێت خۆش نییە، بگەڕاوە))، کاتێ تورەجم بینی لە خۆمەوە دەسم کرد بەگریان، کلێنسێکی پێ دام و وتی: ((ئارام بە، هیچ کێشەیەك بەگریان چارەناکرێت)) وتم: ((کێشەی ئێمە گەورەیە، ئەوەی من ئازار دەدات بێ باوەڕی پەرویزە، ناتوانم باوەڕبکەم چەن ساڵ لەگەڵ پیاوێکدا ژیاوم کە باوەڕی بەهیچ نییە، نامەوێت باوەڕبکەم کە ئەنجامی ژیانی من لەگەڵ ئەودا جگە لە گوناه چ شتێ نییە)) خەیاڵی ناخۆش بۆ ساتێك وازیان لێ دەهێنام، ژیانم لەگەڵ پەرویز کورت بوو بۆیەوە لەدەمقڕەی درێژ، رۆژێك پاش دەمقرەیەکی زۆر، لەحاڵەتێکدا کە ئاگر لە چاوانی دەباری وتی: ((ئەم قسانە، ئەو خوێندکارە کۆنەپەرستە، خستویەتە مێشکتەوە، هەرچەندە بۆم گرنگ نییە خەڵکی لە بارەی منەوە چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام پێم خۆش نییە ئەو خوێندکارە گەمژەیە، سەبارەت بەمن بڕیار بدات، باوەڕی من تەنیاو تەنیا پێوەندی بەخۆمەوە هەیە)) وتم: ((ئەگەر ژیانی تۆو باوەڕی تۆ تەنیا پێوەندی بە خۆتەوە هەیە، بۆچی لەگەڵ مندا لەسەر سفرەی مارە بڕین دانیشتی؟)) بەدرێژایی ژوورەکە دەسی کرد بەڕۆیشتن، لەناکاو لەسەر پاشنەی پێ خولایەوە و سەیری کردم و بەتووڕەییەوە وتی: ((ئێستا پەشیمانم سەیر کە بەچ ئازایەتییەکەوە دان بەهەڵەی خۆمدا دەنێم، وابیرم دەکردەوە بە هێنانی تۆ بۆ ئێرە، دەتوانم بیرو باوەڕی پووچ و بێ مانا لە مێشکدا دەرکەم بەڵام بەداخەوە ئەم باوەڕانە بەشێوەیە تێکەڵی خوێنت بووە، کە هەوڵی دوو ساڵەی من بێ کەڵك بوو)) پاش ئەو رووداوە بڕیارم دا هەموو راستییەکان بۆ خێزانەکەم بنووسم، بەڵام کاتێ دەسم کرد بە نووسین رووم لەخانمی محسنی بوو، داوام لێ کرد، رێگە چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە، کاتێ کە نامەکەم پۆست کرد، هەناسەیەکم هەڵکێشا، لە چاوەڕێی وەڵامی نامە رۆژەکانم دەژمارد، لە جیاتی نامە کەسێکم پێ گەیشت، خانمی محسنی داوای کردبوو سەبرکەم تا براکەی پەرویز، بۆ روونکردنەوەی مەسەلەکە بێت بۆ ئەڵمان، خۆشحاڵ بووم چونکە پێدرام پیاوێکی



تێ گەیشتوو بوو و دەیتوانی بۆ حەل کردنی کێشەکانی ژیانم رێنماییم بکات پێدرام زۆر زووتر لەوەی کە چاوەڕێم دەکرد گەیشت، کاتێ لە فڕۆکەخانە لە بەرامبەرم راوەستا، وەکو کەسێك کەلە نغرۆبووندا بێت و گەیشتبێتە کەنار، هەستم بە هێمنی دەکرد، هەستم دەکرد بۆن و بەڕامی وەتەن دەدا، کاتێ ئارام بوو، پێدرام وتی: ((من بۆ یارمەتی دانی تۆ هاتووم، خۆراگربە بهێڵە بە خەیاڵی ڕەحەت کێشەکەت بۆ چارە کەم)) راستە و خۆ نەمبردەوە بۆ ماڵەوە، بەڵکو پێکەوە چووین بۆ ریستۆرانتێك جێگەیەکی ئارام و بێ دەنگ بوو، ئەمانتوانی بە ئاسانی پێکەوە قسە بکەین، سەرەتا ئەو داوای قاوەیەکی کرد و چاوەڕوان بوو تا من قسەبکەم، نەمئەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، سەرئەنجام دەسم پێکرد و وتم، کاتێ کە بێ دەنگ بووم ئیتر قسەیەکم بۆ وتن نەبوو، پێدرام داوای قاوەیەکی تری کردو وتی: ((بەداخەوە ئێمە ئاگامان لێی نەبوو، سەرسوڕماوی من لەوەدایە کە بۆچی تا ئێستا سەبرت کردوە و مەسەلەکەت بە ئێمە رانەگەیاندووە؟)) لەوەڵامدا بێ دەنگ بووم، لەبەرئەوەی تاڕادەیەك وەڵامی خۆی وەرگرتبوو، بەو قسانەی کەوتبوم، رۆیشتینەوە بۆ ماڵ و چاوەڕێی گەڕانەوەی پەرویز بووین، لەبەرئەوەی لەنیوەی شەو تێپەڕی کردو پەرویز نەهاتەوە، لەگەڵ پێدرام چووین بۆ کلۆپ، خزمەتکارەکە ئێمەی بردە ژوورەکەی پەرویز، کاتێ کە چووینە ژوورەوە، پەرویز بە بینینی ئێمە سەری سوڕما، دەستی بڕامی گرت و لای خۆی داینیشان،پێدرام لێی پرسی: ((ئەزانی سەعاتی چەندە))پەرویز سەیری سەعاتەکەی کرد و وتی: ((هێشتا زۆری ماوە بۆ بەیانی)) پێدرام پرسی: ((لەبەرامبەر ژنەکەتدا هەست بەئەرك و بەرپرسیارێتی ناکەیت؟)) ئەمە راستە کە ژنێکی گەنج تا بەیانی چاوەڕێی مێردەکەی بکات؟)) پەرویز چاوی تێبڕیم و وتی: ((ناچار نییە، بەخەبەر بێت، ئەتوانێت بخەوێت، من خۆم کلیلم هەیە)) دوورکەوتنەوەی ئەو لە وەڵام، بڕامی تووڕە کرد، بەتووڕەییەوە وتی: ((بۆچی بە ئێمەت نەوتبوو لەئەڵمان کلۆپت کردۆتەوە؟)) پەرویز بە دەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان بازرگانی مافوور و بەرپرسی کلۆپی شەوانە)) پڕڕام بە توندی مشتێکی

دا لەمێزەکەو وتی: ((جیاوازی زۆرە)) پەرویز قسەکەی بڕی و وتی: ((من لێرە ژیانم خۆشە، ئێوەش موحتاجی پارەی منن، لەبیرت چووە کاتێ لە ئێران بووم، چەنێ پارەت لێ قەرز کردم))، پێدرام بە تووڕەیەوە هاواری کرد: ((ئەگەر ئەمزانی لەم ڕێگەوە پارە بەدەست ئەهێنی هەرگیز قەرزم لە تۆ نەدەکرد، من هاتووم کێشەی سەعیدە چارە بکەم، ئەگەر هاوسەرەکەت خۆش دەوێتن ئەبێ هەرچی زووە بگەڕێیتەوە ئێران، بە پێچەوانەی ئەمەوە من لەگەڵ خۆمدا ئەیبەم))

پەرویز پەرداخێ عارەقی بۆخۆی تێکرد و زۆر بە خوێنساردیەوە وتی: ((بەڕاستە، ئەم چاکەیە لەحەقی من ئەکەیت))پێدرام ملیوانەکەی گرت و وتی: ((تۆ کە ئەوەندە مەعشوقەت هەبوو بۆچی هاتیتەوە بۆ ئێران و داوات لە ئێمە کرد کچێکی باشت بۆ هەڵبژێرین؟)) دەستی پێدرامی لە ملیوانەکەی کردەوەو وتی: ((دەمویست ئێرانییەك لە خۆشیەکانم دا بکەم بە هاوبەش ئێستاش کە شایانی نییە چاکتر وایە بگەرندرێتەوە)) قسەکردن لەگەڵ ئەودا بێ سوود بوو، هەردووکمان گەڕاینەوە بۆ ماڵ، مانگێکی خایاند تاوەکو هەموو پێداویستییەکان، بەتایبەتی وەکالەت نامەی تەڵاق ئامادە بوو، لەم ماوەیەدا، تورەج و پێدرام، چەند جار هەوڵیان دەدا پەرویز رازی کەن کە بگەڕێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ئاخری رۆژی گەڕانەوە گەیشت، پێدرام لە دوای یەك جگەرەی دا دەگیرساند و لە ژێرەوە لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد و هەندێ جار ئاخی لە سینگەوە هەڵدەکێشا، جانتای جلەکانم هەڵگرت و بۆ ئاخرین جار سەیری ماڵەکەم کرد، ئایا بەڕاستی هەموو شتێ کۆتایی پێ هاتبوو؟ گریام، پێدرام دەستمی گرت و یەکسەر بەری داو وتی: ((سەعیدە تۆ نەخۆشی ؟ خەریکی لە تادا ئەسوتێی)) وتم: ((گرینگ نییە. حەبێکم خواردووە، هەرچی زووترە من لەم جەهەنەمە رزگار کە!)) چاوم نوقاند دوو ساڵ ژیان لەگەڵ پەرویز وەکو فیلمێك هاتە بەرچاوم، بە هۆی کاریگەری حەبەکانەوە، خەوم لێ کەوت کاتێ چاوم کردەوە پرسیم: ((کەی دەگەینە تاران)): ((کەمێ تەحەمولت هەبێ، ئەوەندەی نەماوە، خەوتبوی)) کاتێ گەیشتینە خاکی ئێران، دیسان گریام، بەڵام ئەمجارەیان فرمێسکی خۆشی بوو کە لە چاوەکانم



دەهاتە خوارەوە، لە فڕۆکەخانەکە هەمووان بەرەو پیریم هاتبوون، پاش گومرگ کردن چووینە هۆڵی فڕۆکەخانەکەوە، یەکەم کەس کە بینیم باوکم بوو چەندێ خۆشحاڵ بووم سەرم خستە سەر سینگی، فرمێسکێك کەوتە سەر روومەتی و وتی: ((خوا شوکر)) دایکم لەو عەبا رەشە وەکو فریشتەیەکی پاك و بێ گوناە ئەهاتە بەرچاو، باوەشم کرد بە سەعید و مەسعوداو وتم: ((تەنیا دوو ساڵ لێتان دووربووم، بۆ من وەك سەدەیەك بوو)) مەسعود دەستی پێدرامی بەگەرمی گوشی و سوپاسی کرد، پێدرام لە فڕۆکەخانە لە ئێمە جیابوویەوە، بەڵام بەڵێنی دا بۆ بینینم بێتەوە، لە ماڵەوە بە بۆنەی هاتنەوەم میوانداریيان سازکردبوو، هەموو خزمان کۆبوو بوونەوە و منیان کردە ژێر پرسیاری جۆرا و جۆرەوە، لەگەڵ مامەم قسەم دەکرد کە پەردەیەکی رەش بەرچاوی گرت و ئیتر هیچم نەزانی، کاتێ هاتمەوە هۆش خۆم، لەسەر قەرەوێلەی نەخۆشخانە بووم، دایکم خاولییەکی تەڕی خستبۆیە سەر ناوچاوم، بەهرام بە نیگەرانییەوە سەیری دەکردم، بە وردی سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، کاتێ دڵنیا بووم لەکوێم دووبارە خەوتمەوە، حەوتەیەکی رێك نەخۆش بووم، دەوروبەرەکانم بە دڵسۆزییەوە ئاگایان لێم بوو، کاتێ سەلامەتی خۆمم دەست هێنایەوە باوکم بە میهرەبانییەوە داوای لێکردم کە رابردووم لەیادبکەم بیر لە داهاتوو بکەمەوە، وتم: ((منیش حەز دەکەم، لەیادی بکەم، بەڵام دڵنیا نیم کە بتوانم)) دەستمی گرتە نێو دەستە پیاوانەکەی و وتی: ((ئەگەر بتەوێت دەتوانی، تەنیا بتەوێت)) ئیشی دادگا بەباشی دەچووە پێش، رۆژی کە تەڵاق نامەکەیان داوە دەستم، پێدرام وتی: ((من لە جیاتی پەرویز دەڵێم بەداخەوە، تۆ کچێکی باشو پاکی، بەڵام ئەو شایستەی تۆ نەبوو، هیوادارم بەختەوەری راستەقینە لەژیانتدا بدۆزیتەوە)) لە نێو ئەندامانی خێزان، بەهرام تەنیا کەسێك بوو کە هێشتا بۆ بینینم نەهاتبوو، کاتێ لە پشتی پەنجەرەکەوە سەیری ژوورە بچۆلەکەیم کرد، قوڕگم پڕ دەبوو لەگریان، بیرەوەرییەکانم دەهاتەوە یاد، لە پشتی پەردەی ئەو ژوورە بوو کە بەدزییەوە سەیریم دەکرد، زۆر بەدڵ ژوورەکەی کۆ دەکردەوە، پاشان خەریکی چێشت لێنان ئەبوو، چ داهاتوویەکم لەبەردەمدایە؟ بۆچی

ئەوەندە هەست بە پووچی دەکەم، دیسان لەبەردەمی پەنجەرەکەدام و سەیری ژوورەکەی دەکەم، دەمووچاوی ماتن لەو رۆژەدا کە رۆن و پیازەکەی لەسەر ئاگرەکە هەڵقرچا دێنمەوە یاد پێکەنینم دێ، دایکم دێتە لام و ئەپرسێ: ((بیر لە چی دەکەیتەوە؟)): ((هیچ دڵم بۆ هەموو سووچ و پەنایەکی ئەم ماڵە تەنگ بوو بوو، هیچ شتێك نەگۆڕاوە، تەنیا منم لە کچێکەوە گۆڕاوم بۆ بێوەژنێك)): ((بیبڕەوە، دیسان خەریکی خۆت ئازار دەدەی، مەگەر بەڵێنت نەدا..)) قسەکەیم لەدەم وەرگرتەوە و وتم: ((بۆچی نا، بەڵام بەدەستی خۆم نییە)) لافاوی فرمێسك ئەمانی نەدا، پەنام بردە ژوورەکەم، خۆم فڕێ دایە سەر قەرەوێڵەکەم، هاتەوە یادم کە چۆن بۆ تاقیکردنەوەی ئینگلیزی یارمەتی دام، بەڵام ئێستا تەلەفۆنێکیش ناکات، ئایا داوای زۆرم لێی هەیە، ئایا بەناوی خوشکی سەعید نابێ داوام لێ هەبێ؟ دڵسۆزی و خۆشەویستی لە رادەبەدەری ماڵەوە، نەتەنیا خەمەکانمی کەم نەدەکردەوە، زۆریشی دەکرد، ئێسا تێدەگەم کە تاچ رادەیەك نەزان بووم، هاوڕێیەتی و خۆشەویستی دەوروبەرم نەدەبینی، بەدوای ئاواتە ژەهراوییەکانی خۆم، ژیان و داهاتووم لەناوبرد، ئایا من خیانەتم لە لاوێتیم نەکردبوو؟ دیداری بەهرام کەم کەم تاوناتاوێ چاوەڕوان بووم هەرکاتێ کە قسەیەك سەبارەت بەو دێتە کایەوە، سەرتاپا دەبمە گوێ، دەزانم کە ژنی نەهێناوە و لەو بەیانییەدا کە سەعید عەیادەی هەیە، عیادەیەکی کردۆتەوە، ئیجازە نادەم بەخۆم کە لەبارەی ئەو پرسیار لە سەعید بکەم، زۆر کات لەگەڵ پەرویز بەراوردی دەکەم، پیاوێك کە دوو ساڵ لە چاکترین ساڵەکانی تەمەنم لە پێناویدا فەوتاند بوو، ئێستاش بیری لێ دەکەمەوە،، ژیان و داهاتووی بۆم گرنگە، ئایا لەو کاتەوەی کە من گەڕاومەتەوە، بەختەوەرە؟ ئایا لە ژیانیدا هەست بە جێی چۆڵی من دەکات؟ بەهەر جەڕەسێکی تەلەفۆنا دەچڵەکم، هیوای ئەوەم بەخۆم کە ئەو دەیەوێت پەشیمانی خۆی، دەربڕێت، بەڵام وانەبوو و من هەرجارەو بێ هیواتر لەجاری پێشوو دەگەڕامە بۆجێی خۆم، تەنیا سەرگەرمیم سەحەری کچە بچووکەکەی مەسعود و ریتا بوو کە بە قسە خۆشەکانی بێ تاقەتیمی دەردەکرد، شەوانەش سەعید باسی ئیشی رۆژانەی خۆی بۆم دەکرد،



بەڵام جارێك باسی بەهرامم نەدەکرد دەبێ بە شێوەیەك کە ئەوانی دیکە تێ نەگەن هەوالی بەهرام بپرسم، سەرئەنجام ئەو شەوە گەیشت، سەعید ماندوو لەئیشی رۆژانە گەڕابوویەوە، چایم بۆ داناو بۆ ئەوەی سەری قسە بکەمەوە، وتم: ((ماندوو دێیتە بەرچاو)): ((ماندووی لەش گرنگ نییە، مێشکم ماندووە)): ((خۆی دەزانێ)): ((نا، بەڵام خێزانەکەی دەزانن ، هەر کاتێ سەیری ناو چاوی دەکەم، لەبەرئەوەی ناتوانم یارمەتی بدەم ، زۆر رقم لە خۆم هەڵدەسێ، هەرچەندە باوك و دایکیشی ئەزانن چەن رۆژێك زیاتر لە تەمەنی منالەکەیان نەماوە، نایانەوێت هەموو هیوایان لەدەست بدەن، بەردەوام داوام لێ دەکەن هەرکارێ کە دەتوانم بۆ رزگارکردنی منالەکەیان ئەنجامی بدەم)): ((دەبێ خوا خۆی رەحم بکات)) ئاهێکی کردوو وتی: ((بەڵێ تەنیا ئەو دەتوانێت)) قسەکەم گۆڕی و وتم: ((چ شەوێکی گەرمە، بەڕاست ئەو کەرەسە پزیشکیانەی کە ناردبووم بۆتان، بەکارتان هێنا؟)) هەڵسا هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشاو وتی: ((من بەکارم هێنا، بەڵام بەهرام نا)): ((بۆچی؟ مەگەر بە دەردی ئیشەکەی ئەو نەدەهات؟)): ((بەدەردی دەخوارد، بەڵام دەڵێ دیارییە و دەبێت بمێنێت)) دڵم دا لە دەریا و وتم بۆچی نایەت بۆ ماڵمان؟ رقی هەڵساوە؟)): ((نا)) پاشان نیگای بڕیە چاومو مەسعود وتی: ((تۆ هیچ ئەتزانی بەهرام تۆی خۆش دەوێت؟ چونکە پاش رۆیشتنی تۆ ئەویش زۆر لێرە نەمایەوە و رۆیشت)) بەنا باوەڕی سەرم جووڵاندو وتم: ((نا، نەمدەزانی، لەکوێوە دەبوایە بمزانیایە، ئەو هیچ کاتێ ئیشێکی نەکرد کە من هەستی پێ بکەم)): ((نەیدەویست خۆێ بخوات و خوێدان بشکێنێت ، پاش رۆیشتن بەم مەسەلەیەم زانی، ئەو شەوەی کە رۆیشتی تا بەیانی گریا، کاتێ چوومە ژوورەکەی، ماوەیەك سەیری کردم، پاشان وتی، سەعید ئەبێ بمبەخشی هاوڕێیەکی باش نیم ((بۆچی وا وادەڵێی)) وتی: ((چونکە بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەی کە هەمووتان بە منتان کردبوو، حەزم لە خوشەکەت کرد، بەخوا قەسەم هەرگیز بە چاوی خراپ نیگام نەکردوە، پرسیم بۆ زووتر نەتوت، زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ((نەدەویست سەعیدە بەدبەخت کەم، من خوێندکاریکی فەقیرم چۆن ئەمتوانی ئاواتەکانی بێنمە دی؟ ئەو

لەگەڵ مندا بەختەوەر نەدەبوو)) چەند سەعات لەگەڵ یەکدا قسەمان کرد، کاتێ ویستم لە ژووەکەی بچمە دەرەوە وتی: ((من لەیادەیدەکەم، تۆش بەڵێن بدە لەیادی بکەیت)) قەبوولم کرد و ئیتر هەرگیز قسەیەك لە تۆ نەهاتە کایەوە پرسیم: ((بۆچی نەگەڕایەوە بۆسنە)) پێکەنی و وتی: ((هەستی دەکرد لەم شارەدا شتێکی گرانبەهای بزر کردبێ دەیەوێت بیدۆزیتەوە. وتم چۆن ون بوویەك! خۆزگا لەوێ دەمردم))دەستی خستە سەرشانم و وتی: ((هەموو شتێك گۆڕاوە ئەو تۆی لەیاد کردووە، هەڵبەت هیوادارم وابێت، بەڵام دڵنیانیم، پێم باشە بیبڕینەوە و باسی مەسەلەیەکی تر بکەین، هەست ناکەی باشتر وایە بگەڕێیتەوە سەر ئیشەکەت؟: ((دەتوانی))ا دەتوانم بۆنا تاقیکردنەوە زیانی نییە من لەگەڵ مەسعودا قسە دەکەم و داوا لەڕیتاش دەکەم کەلەگەڵ سەرۆکی موختەبەرەکەدا قسە بکات، سەبارەت بەتۆ، دەبێت هەموو رابردووت لە یاد بکەیت دەبێ وابیرکەیتەوە کە هەر ئەو سەعیدەیت کە بەر لەڕۆیشتن بۆ ئەڵمانیا بویت، هەڵبەت جگەلە ... قسەکەیم پێ بڕی و وتم: ((دەزانم ئەتەوێت چی بڵێیت لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنم لە هەمووتان کەمترە، بەڕادەی پێویست تەجروبەم کۆکردۆتەوە، دەزانم بەدوای هەوەس رۆیشتندا ئەنجامێك جگە لەبەخت رەشی نییە سەعید وتی: ((حەزدەکەم ئەوانەی کە وەك ئەو رۆژانەی تۆ بیردەکەنەوە ، لە زمانی خۆتەوە بەسەرهاتت ببیستن، بە گاڵتەوە وتم: ((چۆنە کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دروست بکەین)) باشە پاشان لە حاڵێکدا کە گۆرانییەکی غەمگینی بە دەنگی نزم دەوتەوە چووە دەر. بەهەوڵی مەسعود و ریتا گەڕامەوە سەر ئیشەکەم، بەڵێنمدا رابردوم لە یادکەم، بەڵام نەدەبوو، چەن رۆژێك لەدەست پێکردنی ئیشەکەم تێپەڕنەبوو بوو، کە تەلەفۆنم بۆ پڕام کرد، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، بەبۆنەی بیستنی دەنگمەوە و ئەحواڵی هەمووانی ئەپرسی، حەزم کرد شتێ لەبارەی پەرویزەوە بڵێیت، بەڵام نەیووت، بەناچاری پرسیم، ((لەئەڵمانیا چ خەبەرە)) لەمەبەستم تێ گەیشت و وتی: ((حاشامان لە پەرویز کردووە، بەڵام یەکێ لە هاوڕێکانی بە ئێمەی وت کە یەکێك لەهاوشێوەکانی خۆی خواستووە)) تەلەفۆنەکە لەدەستما ئەلەرزی، بەهەر شێوەیەك



بوو پیرۆزباییم لێی کردو هیوای بەختەوەریم بۆ خواست، پاش تەواو بوونی پێوەندییەکە، لەخۆمەوە دەستم کرد بەگریان لەو کاتەدا ژوور کە کەسی لێ نەبوو، کاتێ مەسعود بە کۆمەڵێك فایلەوە هاتەژوور، بەبینینی چاوە فرمێسکاوییەکەم، ترساو وتی: ((بۆچی دەگریای)) ناچار وتم قسەم لەگەڵ پێدرام کرد، وتی پەرویز ژنی هێناوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: ((پەرویز شایستەی تۆ نەبوو، حەز دەکەی ئێستاش لەگەڵ ئەو بژیت)) من دڵنایام ئەم ماوەیەشم هەروا بە فیڕۆ داوە، بەڵام ناتوانم بڵێم بۆ فەرق ناکات. دوو ساڵ لەتەمەنم لەگەڵ ئەودا بەسەر بردووە فایلەکانی سەر مێزەکەی کۆکردەوە و وتی تۆ ناوی ئەوە دەنێی ژیان؟ بە باوەڕی من ژیان نەبوو، کارەساتێکی ناخۆش بوو، وەك نوقۆم بوویەکیت کە لەمەرگی حەتمی رزگاری بووبێت. بەڵێ قسەکەت حەقە، ئایا بەڕاستی رزگارم بوو؟ زۆر خواردنی حەبێ سەر ئیشە و ئارام بەخش بوو بووە هۆی نیگەرانی دایکم، لە رۆژی گەڕانەوەوە هەمیشە تام هەبوو، هەڵبەت کەس نەیدەزانی، بەڵام خواردنی دەواو دەرمان دایکمی دوو دڵ کردبوو، بەڵێنم پێدا کە بچم بۆ عەیادەکەی سەعید، بیری ئەوەی کە لەوانەیە بەهرام ببینم وازی لێ نەدەهێنام کاتێ لە موختەبەر هاتمە دەرەوە تەکسیم گرت و نزیك بینای پزیشکان دابەزیم، لەچوونە پێش ئەترسام نازانم چەن سەعات لەو دەوروبەرە: ((پیاسەم کرد، ئەوەندەم زانی سەعید و بەهرام پێکەوە هاتنە دەرەوە، من لەلایەکی تری شەقامەکەدا لە ژێر پەنجەرەی تاریکی دوکانێك وەستا بووم، بە شێوەیەك کە ئەوان منیان نەدەبینی کاتێ بڕیارم دا نزیك ببمەوە درەنگ بوو، لەبەرئەوەی ئەوان خواحافیزیان لەیەك کردبوو و هەرکام بەرەو لایەك رۆیشتبون پێکەنینم دەهات بەو ئیشەی کە کردبووم کاتێ گەڕامەوە ماڵ سەعید سەرقاڵی رۆژنامە خوێندنەوە بوو، دایکم وتی مەگەر بەڵێنت نەدابوو بچیت بۆ عەیادە؟ وتم رۆیشتم، بەڵام شەرمم دەکرد بچمە ژوورەوە سەعید سەری بەرزکردەوەو و وتی بڵێ بزانم شەرمت لە چی دەکرد نازانم ئەگەر دەکرێ لەماڵەوە پشکنینم بۆبکە، بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی نا دەزانم دەردت چییە ناتوانم پشکنینت بۆ بکەم، ئێستا بڵێ کوێت ئێش دەکات، وتم

ماوەیەکە تا دەکەم، پرسی لەکەیەوە؟ وتم لەو کاتەوە کە گەڕامەتەوە، بەبێ باوەڕی پرسی تۆ لەوکاتەوە تا دەگرێت، قسەکەیم بڕی وتم تاکەم زۆر نییە، تەنیا تۆزیکە، سەعید تین پێوەکەی هێناو دایە دەستم و بەتووڕەییەوە وتی بیخە ژێر زمانت ، پاش چەند چرکە وەری گرتەوە و سەیریکی کردو بەگاڵتە پێ کردنەوە وتی بەئەمە دەڵێی تۆزیك؟ پاشان دەستیکرد بە پشکنین، ئازارم نەبوو، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی، پاش پشکنین وتی دەبێت چەند ئازمایش بکرێیت و زیادی کرد کە بەیانی دێتە دواما، ئەنجامی ئازمایشەکان دڵخۆشکەر بوون، بەڵام من هەر تام دەکرد، لەسەر پێشنیاری سەعید دەبوایە بچوومایە بۆلای پزیشکی دەروونناسی کاتێ کەویستم بڕۆم، وتم لەو بڕوایەدای من شێت بوومە. پێکەنی و وتی دوورنییە، دکتۆر پرسیاری زۆری لێکردم پاشان تاقیکردنەوەیەکی تری ئەنجام دا، دەبوایە چاوەکانم ببەستایە و دەستەکانم لەبەرامبەر دەمووچاوم راگرتایە و ڕێم کردایە، هێشتا دوو هەنگاو زۆرترم نەنابوو کە نەمتوانی نزیك بوو بکەوم کە سەعید گرتمی، پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، دکتۆر وتی کە وەتەری مێشکم لەڕادەبەدەر جووڵاوە، نوسخەیەکی نووسی و هاتینە دەرەوە، لەماشێنەکەدا هێشتا گێژبووم چاوم نوقاندتا بگەڕێمەوە حاڵەتی ئاسایی سەعید وتی دەمەوێت ئەمشەو لەگەڵ خۆما بتبەم بۆ جێگەیەك کە تائێستا نەتبینیوە پرسیم کوێ؟ وتی جێی پزیشکان جێگەیەکی زۆر ئارام و بێ دەنگە، لەوێ نان دەخۆین، پاشان ئەو گۆرانییە غەمگینەی دووبارەکردەوە وتم سوتێنەرە، بەسەر سوڕماویەوە سەیری کردم و پرسی چی؟ وتم ئەم گۆرانیە سەرێکی جووڵاندو وتی بەهرام زۆر حەزی لەم گۆرانییەیە، من لەوەوە فێربوومە، حەز دەکەی بیبینی، نا لەو ڕۆژەی کە گەڕاومەتەوە نەهاتووە بۆ لام، مەگەر نەتوت منی لەبیرچۆتەوە کەواتە یەکتر بینینمان بۆ ئەو بەس ئازارە، منیش لە ئازاردانی خەڵکی بێزارم، ئەمزانی کە درۆ لەگەڵ خۆم و سەعید دەکەم پاش چەند ساڵی دووری، بۆ دووبارە بینینی دەسوتام، سەعید لە نزیك رستۆرانێك ماشێنەکەی وەستاندو دەستی خستە ژێر باڵم و وتی ئەمشەو لەگەڵ خانمێکی زۆر جوان دەچمە ژوورەوە کە دەبێتە



هۆی بەخیلی هەمووان وتم تۆ هەرگیز دەست لە گاڵتە هەڵناگری، بەڵام خۆشحاڵم کە دەبینم وەکوو رابردوو لەگەڵ مندا ڕەحەت قسە دەکەی ریستۆران، بەڕاستی شوێنێکی بێ دەنگ و ئارام بوو بینای ریستۆرانەکە لەدیوی دەرەوە لە قەسر ئەچوو کە بەچوار پەلەکان لە شەقامەکە جیا بووبویەوە، لە جیاتی مێزو کورسی قەنەفەی چەرمیان بەکارهێنابوو، مۆسیقایەکی هێمنم دەبیست، پێکەوە چووین بۆسوچی هۆڵەکە، پیاوێ کە پشتی لە ئێمە بوو لەسەر یەکێ لەقەنەفەکان دانیشتبوو سەعید راستەو خۆ چوو بۆلای ئەو، کاتێ کە نزیك بووینەوە، مات بووم، کەسێ کە دەمبینی بەهرام بوو، هەستم دەکرد چاوەڕێمان بووە، لەبەر ئەوەی هیچ بەلایەوە سەیر نەبوو کەمنی بینی لەبەردەمماندا وەستا، دەستی هێنایە پێش وتی ئەم کاتەت باش خۆشحاڵم بە بینینت، گێژبوو بووم، زمانم بەسترابوو، هێشتا سەیرم دەکرد فەرمووی کردو پرسی دانانیشت؟ سەیرێکی سەعیدم کرد ، دەمویست لێی بپرسم ئەمە چ فێڵێکە بەکارت هێناوە، بەڵام نەمئەتوانی قسەبکەم هەوڵم دا بێمەوە سەرخۆم، دانیشتم و بەزۆر زەردەخەنەیەکم کرد، سەعید پرسی داوای خواردنت کردووە؟ بەهرام وتی نا، نەمدەزانی سەعیدە خانم حەزی لەخواردنی ئێرانییە یان بیانی، یەکەمین تانەی بوو کەپاش گەڕانەوە لێیدام، ویستم وەڵامی زمان درێژیەکەی بدەمەوە کە دەستی خۆی خستە پێش و درێژەی داو وتی هەمیشە لەمێشکمدا وێنەیەکم لێدروست کردبوویت، کە ئەو وێنەیە بەتەواوی لە ناو چوو، پرسیم چ وێنەیەکت لە من دروست کردبوو، هەندێ ئاوی خواردەوەو وتی بیرم نەدەکردەوە تا ئەم رادەیە گۆڕابیت، وتم چەند ساڵ تێپەڕبووە، ئینسان دەگۆڕێت، پێکەنینێکی بێ رەنگ لەسەر لێوی نیشت، زۆر نەگۆڕابوو تەنیا کەمێ لاواز بوو بوو، بەڵام هەروا چوار شانەبوو، چاوەکانی خۆشەویستییەکەی زووی تێدا نەدەبینرا. وەکو ئەو ڕۆژانەی کە یەکەم جار هات بۆ ماڵمان ساردو سڕبوو، سەعید وتی لە هەموو قسەیەك بەتامتر قسەی خواردنەکەیە، من سەبارەت بە هەڵبژاردنی خواردنەکە هیچم نەوت، بە بیانووی دەست شتن چووم بۆ (W.C)، لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆمم کرد، ناشیرین بووم یا جوان؟ زۆر گۆڕابووم

شیومان لەبیٚ دەنگیدا خوارد، پاشان سەعید بەبیانووی تەلەفۆن کردن ئێمەی بەجێهێشت، بەهرام پرسی بیستم نەخۆشی، بەڵام نیشانەی نەخۆشیت تێدا نابینم، وتم بەتەمای لەبەرچاوت ببورێمەوە؟ پێکەنی و وتی بۆچی بوورانەوە، مەگەر تووشی پەرکەم بوویتە؟ وتم لەوانەیە، جدی بووەوە و پرسی رای دکتۆر سەبارەت بە نەخۆشییەکەت چی بوو؟ وەڵامم داوە شتێکی گرنگ نییە، هەندیٚ دەرمانی نووسی وتی منیش هیوادارم شتێکی گرنگ نەبێت، کاتیٚ سەعید هات جانتاکەمم هەڵگرت و هەڵسام ئەوانیش چاویان لە من کرد، هەرسێکمان چووینە دەرەوە بەهرام خواحافیزی لیٚ کردین و وتی سەرکەوتووبن لەناو سەیارەکەدا سەعید بیٚ دەنگ بوو، پرسیم بۆچی وات کرد؟ مەبەستت لە هێنانی من بۆ ئێرە چی بوو؟ خێراییەکەی کەم کردەوە و وتی بەهرام دەیزانی کە من دەتبەم بۆلای دکتۆر حەزی کرد لە دەرەوەی ماڵ بتبینێت، منیش وتم دەتوانم تۆ بێنم بۆ ئێرە، تەنیا ئەوەندە، ئیتر لە هاتن بۆ عەیادە ناترسی مەگەر نەتدەوت لەو دەترسی؟ نەموت دەترسم، وتم شەرم دەکەم، بەهەر شێوەیەك چ تر چ شەرمنی ئیتر تەواوبوو، ئەو هیچ نەگۆڕیوە، تەنیا کەمی زەعیف بووە، لەوانەیە بە زاهیر نەگۆڕابیت، بەڵام رۆحی زۆر گۆڕیووە هیچ کەسێك جگە لەمن بڕی ئەم گۆرانە نازانێت، من قسەکەی تۆم بەدڵ نییە، دەتەویٚ بڵێی تووڕە بووە، کەبوو، خوینسارد بووە، کەبوو، ئیتر چ شتێك لەوانە لەوداگۆڕاوە، من نازانم تۆ لەمەبەستی من تیٚ ناگەیت، بهێڵە روونتر بۆت بڵێم تۆ بەتەواوی پێنج مانگە گەڕاویتەوە، راست وتم بەڵیٚ، باشە تا پێش هاتنەوەت دکتۆر هەموو شەوێکی جومعە لەگەڵ ئێمەدا بوو، لەگەڵ ئەو دا کە هاوسێشمان نەبوو، بەڵام سوونەتی نەشکاندبوو، هەروەك پێشوو لەسەر هاتوو چۆی خۆی بەردەوام بوو، بەهاتنەوەی تۆ، هاتوو چۆی بڕی، ئەو گۆرانەی کە من باسی دەکەم ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت هەم لە تۆ رابکات، ئەمشەو ئەو رۆڵی دەبینی تۆ هەست دەکەی کە ئەو سارد و تووڕە بوو، بەڵام من لەپشتی ئەوماسکە بەزاهیر سارد و شڕە شۆڕشێکم دەبینی، ئەو ئەمشەو لەگەڵ خۆییدا شەڕ دەکات چ شەوێکی ناخۆش دەباتە سەر، بەخۆی دەڵێت کەئایا ئێستاش



تۆی خۆش دەوێت لەگەڵ ئەوەدا کە گرنگیت پیٚ نەداوە تۆچی سەعیدە، گریمان رۆژێك داواتی کرد، ئایا رازی دەبیٚ شووی پیٚ بکەی، وتم ئەگەر بمتوانیایە بچوومایەتەوە رابوودوو لەوانەیە رازی بوومایە، بەڵام ئێستا نا، ئێستا پاش چەند ساڵ ژیان لەگەڵ پیاوێکی ترداو تامکردنی هەموو خۆشییەکان و ماندووبوون لەبیٚ قەیدو باری، بەکۆڵێك خەم و حەسرەت گەڕاومەتەوە حەقم نییە بیری لیٚ بکەمەوە، ئەو پیاوێکی باشە و ئێستا لە کۆمەڵدا ساحێبیٚ پلەیەکی بەرزە مافی ئەوە لە نێو تەواوی کچەکاندا چاکترینیان هەڵبژێرێت، من لەبەرامبەر ئەودا هیچ ئیمتیازێکم نییە تۆ من دەناسی، ناتوانم درۆ بڵێم ناتوانم بڵێم لەمەوپێشە ئەوم بەناوی هاوسەر هەڵدەبژارد، چونکە تۆ دەزانی من لەو تەمەندا و بەومەرجانە ئەوم نەدەویست ئیتر بۆچی خۆم بخەڵەتێنم، ئەگەر راستیت بوێت، ئێستاش نازانم بەدوای چیدا دەگەڕێم، هەست دەکەم لەم دنیادا بزر بوومە، رێگەی خۆم ناناسم بەدوای کەسێك دەگەڕێم کە دەستم بگرێت و لەم بیابانە ترسناکە دەرمهێنیٚ، ناتوانم بەخۆم درۆ بڵێم هەست دەکەم ئەوم خۆش دەوێت، نیگای ساردی لە جیاتی ئەوەی گڕی خۆشەویستی لە مندا بکوژێنێتەوە زیادی دەکات، لەوانەیە باوەڕ نەکەیت، لە ئەڵمانیا هەرکات بیری ئێوەم دەکرد، دەمووچاوی بەهرام دەهاتە پێش دیدەنیم ئەو نیگایەی کە پێش بەجێهێشتنی ئێران بڕیە چاوانم هەرگیز لەیادی ناکەم پاش رۆیشتن گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە دەمتوانی لێرە بەختەوەری بەدەست بێنم، بەڵام بەدەستی خۆم لەناوم برد، بەهەر شێوەیەك ئێستا عەقڵ و ویژدانم پێم دەڵێن، کە حەقم نییە ژیان و داهاتووی خراپ بکەم هەو کاتیٚ ئەوم لەگەڵ پەرویزدا بەراورد دەکرد ئینسانەکان چەندە فەرقیان هەیە؟ یەکیٚ ئەسیرت دەکات و ئەوی دیکە رزگارت دەکات، یەکیٚ تووشی بەڵات دەکات و ئەوی دیکە لەبەڵا رزگارت دەکات. شەرمەزاربووم لەوەی کە ئەو دووانەم لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکرد، جیاوازیان وەك رۆژ و شەوبوو.

## بەشی دووەم

هاوین دەستیپێکردو منیش وەك هەمیشە دڵ تەنگتر، لەسەر کارەکەم بەردەوام بووم، هەموو پارەکەم لەبانك هێنابووە دەرەوە و بۆ منداڵەکان خەرجم دەکرد، گرنگیم بە پارە نەدەدا، هەر ئەم پارەیە بوو بە هۆی سەرگەردانیم، دکتۆر حەب و دەرزی بۆ دەنووسیم، تووڕە و بێ عەمەل بوو بووم، بە بچووکترین قسە دەسم دەکرد بە گریان ، بۆ ئەوەی لە کەسانی دەوروبەرم رابکەم، خۆم لە ژوورەکەمدا دیل دەکرد، لەوانەیە دەست پێکردنی گەرما کاری کردبێتە ئەعسابم، دڵم حەزی لە باران دەکرد، هەموو رۆژێ لە وشەی پەنجەرەکەوە سەیری ژوورە بچکۆلەکەی بەهرامم دەکرد، چاوەڕێی پەرجوویەکم دەکرد، هەر شەو پاش هاتنەوەم بۆ ماڵەوە، راستەوخۆ ئەچووم بۆلای پەنجەرەکە، ئەم ئیشە بوو بووە عادەت بۆم، ئەو شەوە زیاتر لەشەوانی دیکە مات و خەفەتبار بووم، کەس لەلام نەبوو، باوك و دایکم چووبوون بۆ ماڵی سارا، چوومە حەوش و لەخۆمەوە دەرگای ژوورەکەیم کردەوە لەسەر پیلەکانەکان دانیشتم، چاوم بڕییە تاریکی ناو ژوورەکەی تاریك بوو، تاریکییەك وەك رۆژگارم، بێ دەنگ بوو، بێ دەنگی کوشندە، دارەکان لە حەسرەتی تۆزیك باران دەسووتان، ئاه خوایە یارمەتیم دە، بارانی رەحمەتت ببارێنە سەرما، من گەنج بووم و غافڵ، ئایا لێم تووڕە بوویتە؟ ئەو کاتەوە هاتەوە یادم تەزوی کارەبا نەما و ئەو شقارتەیەکی داگیرساند و ئارام وتی: ((نەترسە، زۆر ناخایەنێت)) لەیادمە ئەو کاتانەی کە لەگەڵ دایکم لێك زیز دەبووین، خۆی دەخستە ناو دەمەقڕەکەمان و هەوڵی دەدا من دووركاتەوە، بۆچی نەمزانی منی خۆش دەوێت؟ بۆچی نەمزانی؟ چی ئەبوو ئەگەر ئەو رۆژانە دووبارە بوونایەتەوە؟ بەدەنگی جەڕەسی



دەرگاکە داچڵەکام، دەرگاکەم کردەوە لەتاریکی شەودا ئەوم نەناسییەوە، بەڵام کاتێ سەلامی کرد، لەرزێك گیانمی گرت، وەڵامی سەلامەکەیم دایەوە و خۆم لادا تا بێتە ژووروەو پرسی: ((کارەبا بڕایەوە؟)) نا: ((بۆچی لەتاریکیدا دانیشتووی)): ((چاوەڕێ بووم دەستێ شقارتەم بۆ داگیرسێنێ)) پێکەنی و گڵۆپەکەی داگیرساند و وتی: ((ئەمە رۆشنایی زۆرترە))، پاشان ئاهێکی هەڵکێشا و بەردەوام بوو: ((ئەو رۆژانە رۆناکی شقارتەیەك مانای زۆری هەبوو، بەڵام ئێستا رۆناکی ئەم گڵۆپەش ئەو مانایەی نییە)) جانتا رەشەکەی لەسەر قادرمەکە داناو پرسی: ((دایەو بابە لەماڵەوە نین؟)): ((نا، رۆیشتون بۆ ماڵی سارا)): ((بۆچی تۆ نەچوویت؟)): ((تاقەتی میوانیم نەبوو)): ((دەکرێ پەرداخێ ئاوم بدەیتێ)) فەرمووم لێ کرد بێتە ژوورەوە، قەبووڵی نەکرد و لەسەر قادرمەکە دانیشت و وتی: ((تۆخۆت وتت ئیتر تاریکی و رۆناکی بۆت بێ مانایە)) بێ دەنگ بوو و هیچی نەوت، شەربەتێکی ساردم بۆ هێنا، لە دەستمی گرت و وتی: ((ئەمە سەیر نییە کەسێك حەسوودی بەتاریکی ببات؟)): ((مەگەر تۆ حەسوودی بەتاریکی دەبەیت)) پەرداخەکەی دامەوە وتی: ((دەتەوێت قسەکەم شیبکەیتەوە؟ کاتێ دەڵێم تاریکی، مەبەستم ئەو تارییکیە نییە ئینسانەکان بەدەستی خۆیان بۆ خۆیان دروست دەکەن بەڵکو..)) قسەکەیم بڕی وتم: ((تۆ خۆت خەریکی قسەکەت شی دەکەیتەوە)) دووبارە بێ دەنگ بوو و هیچی نەوت، سویچی سەیارەکەی لەدەستیاو خووڵاندەوە و پرسی: ((لەوێ بیرت لە منیش دەکردەوە؟ یان کاتت بۆ بیرکردنەوە نەبوو؟)) لە تەنیشتییەوە دانیشتم، ئیستا هەردووکمان دەمانتوانی سەیری ژوورە چۆڵ و تاریکەکە بکەین، کەبێ دەنگی منی بینی، وتی: ((زانیت چیم وت)) بەڵێ دەبێت بڵێم کە بیرم لە هەمووتان دەکردەوە، هەر کاتێ هەستم لە دڵتەنگی بکردایە گوێم لە شریتە کوردییەکەی تۆ دەگرت،: ((لەماناکەی تێدەگەیشتی)): ((نا هەرئەوەندە کە ئەمزانی ئێرانییەك ئەو گۆرانیەی و تووە، بۆمن بەس بوو )): ((بەڵێ، حەق بە تۆیە، پێم خۆشە کە شریتیك بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لەیاد نەکەیت حەز دەکەی شریتیکی ترت بۆ بینم)): ((ئەگەر کوردی نەبێت بەڵێ)) بەشێوەیەکی گاڵتە پێکەر وتی: ((نەمدەزانی کە

سەنفۆنی باخت پێ خۆشە یا ئەوەی کە حەز لە گۆرانییەکانی هتوون و واشترێویس و ..)) دامەناو قسەکەیدا و وتم: ((مەبەستم سەمفۆنی نەبوو، ئەمە دووەم جارە، تانەم لێ دەدەیت)) هەڵسا و بە دەورما خولایەوە و بە تووڕەییەکی ئاشکرا وتی: ((بۆتە تانە ..؟ سەیرکە چ کەسێك باسی تانە دەکات، من دەبێ لە تۆ دڵگیر بم، نەتۆ لە من، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لە ماڵی ئێوە دەژیام چەند جار گاڵتەت پێ کردوم، لە بیرت چووە کە چەند جار، لەبەر ئەوەی کە کوردم گاڵتەت پێ کردوم؟ هاهاها، پێ کەنینی، لەناکاو بێ دەنگ بوو وەکوو ئەوەی شتێك بێنێتەوە یاد و پرسی: ((ڕۆژی تاقیکردنەوەت لەیادە؟ کاتێ کە مەشقی ڕێزمانمان دەکرد، بە منت وت لەهجەت هەیەو من تێ ناگەم و ناتوانم وەك تۆ وشەکان بڵێمەوە)) باوەڕبکە کە من نەمویستووە گاڵتەت پێ بکەم، هیچ کاتێك نەموویستووە، کەسێك بەبچووك دابێنم و هەرگیز وایشم نەکردووە ئەگەر تۆ وا تێ گەیشتووی خەتای من نییە)) زەردەخەنەیەکی کرد و جارێکی تر لەسەر قادرمەکە دانیشت و پرسی: ((بۆچی گەڕایتەوە؟)): ((سەعید بەتۆی نەوتووە؟)): ((نا، لەبەرئەوەی لێم نەپرسیوە، ئەویش هیچی نەوت)) تەنیا وتی سەعیدە دەگەڕێتەوە ، ئەویش تەنیا بەس ئەوەندە لەوێ تێر بووبوویت؟ ئێستا گەرەکتە بۆ کوێ سەفەر بکەیت؟ بەدڵنیایەوە ئەفریقیا؟ لە خانمی محسنی بپرسە لەوانەیە داواکارێکی دەوڵەمەند ترت بۆ پەیدابکات کە تۆبەرێت بۆ ئەفریقا ئەی سەفەر بۆ ئاسیا کەی دەست پێ دەکەیت؟ بەدڵنیایی کاتێ گەڕایتەوە ..)) کاتێ بێ دەنگیمی بینی وتی: ((کەم قسە بوویتە یان وەڵامێکت نییە)) بەبێ دەنگی سەیرم کرد، دەستی بردە ناو قژی و وتی: (( کاتێ بیستم دەگەڕێیتەوە بڕیارم دا بێم بۆ پێشوازیت، تەنانەت ڕۆژی هاتنەوەت گوڵێشم کڕی بەڵام، کاتێ کەوتەوە یادم کە چەندی بەخۆشحاڵییەوە لە ئێمە دوور بوویتەوە، بڕیارەکەم گۆڕی و بە لێنمدا هەرگیز نەتبینم لەسەر قسەی خۆم مامەوە تا ئەو کاتەی کە بیستم نەخۆشی، ئەو کاتەبوو کە بەڵێنەکەم شکاند)): ((لەوەی کەلەسەر قسەی خۆت نەماوی، پەشیمانی)): ((نازانم بەڕاستی نازانم، زۆر هەوڵم دا کە لێت تێ بگەم، ئەو ڕۆژانە کە لەپاڵ دیوارەکەدا دەوەستایت و بەروناکی هەتاو خۆت گەرم دەکردەوە ، بەخۆمم ئەوت



چ کچێکی قانعی، بەروناکی کەم ڕەنگی هەتاو گەرم ئەبیەوە، لەپشتی شووشەی ئەو ژوورە دەمبینی کە شنەی بەهارت بەچ خۆشیەکەوە هەڵدەمژی دیسان بەخۆمم ئەوت، ئێستا کە ئەم هەوا پیسە ئاوا هەڵدەمژێتن ئەی بۆ ئەو هەوا پاکەی سنە چی دەکات؟ بەڵام تۆ بە چوونت بۆ ئەو کۆمپانیا لە عنەتیە، هەموو ئاواتە جوانەکانی منت لەناو برد، تۆ چیت لەژیان دەوێت؟ چ شتێکت کەم بوو کە ڕازی بووی لە هەموو چاکەکان چاو پۆشی کەیت و بڕۆی؟ تەنیا پێم بڵێ چیت کەم بوو؟ ئاخ ... من لەگەڵ تۆدا دەژیام، بەڵام هەرگیز تۆم نەناسی، ئێستا گەڕاویتەوە و لە تاریکیدا بەدوای رابردووی خۆتدا دەگەڕێیی؟ ئەگەر ئەو ڕۆژانە بۆ تۆ گرنگ بوایە بەجێت نەدەهێشتین؟ من سادە بووم و خۆش باوەڕ، ئەو ڕۆژەی کەسەرت خستە سەرم و داوای دیاریت لێ کردم، جوان لەیادمە دەمویست هاواربکەم و بڵێم گیانم بە ناوی دیاری قەبووڵ دەکەیت؟ نازانیت چیت بەمن کرد، لە تەواوی ئەو ساتانەی کە تەنیا بووم، تەنیا لەگەڵ ئەو بیرەوەریانەی کە لە تۆ بۆم مابوونەوە دەژیام، وتم: ((نەمدەزانی کە منت خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی کە هیچ کات دەرت نەبڕیبوو)): ((بەڵێ، دەرم نەبڕیبوو، لەبەرئەوەی وەکو ئینسانە عاشق پیشەکان نەبووم کە نامەی عاشقانە بنووسم و فڕێی دەمە ژوورەکەت، خیانەت بکەم لە باوەڕی خێزانەکەت و لە کاتێ گونجاو دا قسەی عاشقانە بچێنم بە گوێتدا، بۆچی، دەمەت لە بیرچووە کە من کوردێکم؟ بەڵام باشە، لەوانەیە بەڕاستی لە خۆشەویستی من بەرامبەر بەخۆت بێ ئاگابوویت، بڵێ بزانم بۆچی ڕۆیشتی؟)) بێ دەنگ بوو و چاوەڕێی کرد، وتم: ((بۆ بینینی ڕۆناکی و فڕین لەو بەرزاییەی کە تائەو کاتە نەم دیبوو، دامە شەقەی باڵ بەرەو ئاسمانی ئازاد، بێ هیچ بەرگرییەك، پەرویز، ئەو هەواو باڵ و پەڕی خستە بەردەستم، بەڵام نە ڕۆناکییەکم دی و نە لەفڕین تێگەیشتم جگە لەباڵێکی شکاو کە بوو بە نسیبم، کاتێ زانیم کە نە ئاوێك بۆ خواردن هەیە و نە هەوایەك بۆ هەناسەدان، بەدنیایەك پەشیمانی گەڕامەوە)) بەدووودڵییەوە سەیری کردم، هەڵسایەوە و دەرگای ژوورەکەی کردەوە و دەستی خستە چوار چێوەکەی، سەیری ناو ژوورەکەی کرد، جگە لە ڕەشی و تاریکی هیچی نەدی هەر بەو شێوەیەش کە پشتی لەمن بوو وتی:

((شەوی بووکێنیت تەنیا خوا دەزانێت چ حاڵێکم بوو، کاتێ لەجلی سپی بووکێنیدا، لە باوەشی ئەو پیاوەدا دەڕەقسیت، مردنم بەچاوی خۆم بینی، حەزم دەکرد دەستتم بگرتیتایە و لە نیوا کۆمەڵەکەدا بمدزیتایە و بمبردیتایە بۆ نیو شاخەکانی شارەکەم و هەر لەوێ بمشاردیتایە ئەوسا مەجبورم دەکردی منت خۆش بوێت، بەڵام ئەمزانی کە بەزۆر ناتوانم جێیەك لەدڵتا بکەمەوە سەبرم کرد و چاوەڕێم کرد، دەنگێکی شاراوە پیی ئەوتم سەبرکە، ئەو ئەگەڕێتەوە و گەڕایتەوە، کاتێ ناوی تۆیان دەهێنا، سەرتاپا دەبوومە گوێ، دەمویست بزانم لەوێ چی ئەکەیت ئایا بەختەوەری؟ ئەو پۆست کارتە جوانانەی کە دەتناردەوە و ئەو دیارییە رەنگا و رەنگانەت هەموویان عەزابیان دەدام، چەند ناوی تۆم نووسی وەکو قوتابێ سەرەتایی)) پاشان رووی کردە من و وتی: ((بەڵام جارێکی تر عاشق بووم، ئەتزانی؟ نا ، تۆ لەکوێ ئاگات لێ بوو؟ لە ئاخرین قۆناغی زانکۆ بووم، کەسێك کە تازە هاتبوو، کاتێ لە دەرگای زانکۆ هاتە ژوورەوە ئەوەندە لە تۆی دەکرد کەبێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ چووم بۆلای، لەگەڵ ئەودا وەك تۆ رەفتارم دەکرد، بەڵام کاتێ زانیم منی خۆش دەوێت، لە بەرانبەری ئەوەندە راستگۆ بووم کە راستیەکەم بۆ بەیان کرد، ئەو بەباشی تێگەیشت کە خۆشویستنم تەنیا بەهۆی ئەوەوەیە کە لە تۆی دەکرد، خۆشم ئەویست چونکە لەتۆی دەکرد، بەڵام لەکۆتاییدا لەتۆ بوون هیلاك بوو و بەشێت بانگی کردم، دەستی لەمن هەڵگرت و رۆیشت، راستی دەوت، چونکە بەڕاستی تا سنوری شێتی رۆیشتبومە پێش، خوا ئەزانیت، کە چۆن دواقۆناغم تێپەڕکرد، ئەگەر سەعید و هەوڵەکانی ئەو نەبوایە نەمدەتوانی دکتۆراکەم بگرم)) پاشان هەندێ مەلزەمەی چاپکراوی لە جانتاکەیدا دەرهێناو و دایە دەستم و وتی: ((من تەواوی ئەو مەلزەمانەی کە بۆت تایپ کردبووم، بەناوی یادگاری هەڵم گرتبوو، ئیستا دەتوانی فرێی دەیت، وتم خۆزیا شەوی بۆکێنیم منت بدزیایە)) پێکەنینێکی تاڵی کردوو وتی: ((چ سوود، پێوەندی خۆشەویستی من بۆ تۆ یەك لایەنەبوو، هەر بەوشێوەی ئەوت جێهێشت و لە ئەڵمانیا راتکرد، رۆژێکیش منت جێ دەهێشت)) جگەرەیەکی داگیرساندوو وتم: ((چەندە باش ئەبوو ئەگەر ئەگەڕاینەوە بۆ رابردوو)) سەری جوولاندو



وتی: ((هیچ شتێك ناگۆڕێت، رۆژەکان وەك یەکن)) پرسیم: ((لەمن بیزاری؟)) سەیری سەعاتەکەی کرد و وتی: ((هەر جۆرە هەستێکم بەرامبەر تۆ بووبێت لەناو چووە، ناتوانم بڵێم ئێستا چ هەستێکم بەرامبەر تۆ هەیە، بەڵام ئەو شتەی کەلێی دڵنیام ئەوەیە، ئەگەر وەکو رابردوو خۆشم بویستیتایە، نەمدەتوانی و نە ئیجازەشم بەخۆم دەدا کە لە رازی دەروونم بە ئاگات کەمەوە ئێستاش پەشیمانم، قسەکانم وەك وڕێنەیەك قەبووڵ کەو لە بیری بەرەوە)) هەڵساو ویستی بڕوات پرسیم: ((چاوەڕێ نابیت تا سەعید بێتەوە؟)): ((نا، سوپاس، دەبوایە زوو بڕۆشتمایەتەوە، داوای لێبووردن دەکەم، لەکاتتم گرت)): ((دووبارە سەر دەدەیتەوە)) نیگای بڕییە چاوم و وتی: (( هەرگیز زنجیرەی هاتو چۆم لەگەڵ ماڵەوەتان نەپچڕیوە)) بە وتنی سەلام بگەیەنە، چووە دەرەوە پاش رۆیشتنی بیرم دەکردەوە، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە نابێ بچمە ژیانیەوە بۆ هەردووکمان هەموو شتێك تەواو بوو بوو، لە تاو سەر ئێشە پەنام بردە ناو جێگە کاتێ تین پێوم خستە ژیر زمانم زانیم کە لەتادا دەسوتێم دەرمانەکانم خواردوو هەوڵم دا بخەوم، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە دیسان دۆڕاوم ئازاری دەدام، من بۆ ئەو مردبووم و ئەو دەیویست من بەدۆڕاوی ببینیت، کە بینی تەواوی ئەمساڵانە چاوەریی گەڕانەوەی من بوو، کاتێك گرێی دڵی کردەوە کە من گەیشتبوومە کۆتایی، چ باشیش سەرکەوت، ئایا ئەو ئێش و ئازارەی کە ئەو لەم ساڵانەدا کێشاویەتی لەو ئیش و ئازارەی کە من کێشام و ئێستاش ئەیکێشم، زۆرتر بوو؟ حەز دەکرد بچم بۆ مەشهەد، پاش رێککەوتن لەگەڵ مەسعود بۆ گۆڕینی جەو لەگەڵ دایك و باوکم بەرەو مەشهەد بەڕێ کەوتین، چۆن بهێڵم کە کاتێ خۆمم لەمەرقەد دا بینی چۆن دەگریام بە شێوەیەك کە دەوروبەرم کەوتبوونە گریان، دوعام کرد تا رۆحی پەرێشان و دڵەڕاوکێی دەروونم ئارام بێت، نازانم چۆنە کە لەلای مەرقەدی ئەم ئیمامە گەورەدا بەو رادەیە رۆح پاك دەبێت و جەستە ئارام ئەگرێت، منیش تا ئەوکاتەی لە مەشهەد بووم رۆح و جەستەم ئارام بوو، بەڵام لەوێوە کە هەموو سەرەتایەك، کۆتاییەکی هەیە، مانەوەی ئێمەش کۆتایی پێ هات و گەڕاینەوە هەستم بە ڕەحەتی و سوکی دەکرد، هیوایەك دڵمی روناك کردبوویەوە هەستم دەکرد دەبێ

سەبرکەم، هەرچەندە قورسیش بێت ، کاتێ گەڕاینەوە زانیم بەهرام و سەعید چوونە بۆ کوردستان، رابردوو دووبارە دەبوەوەو، لاپەڕەکانی ژیان ئەگەڕانەوە دواوە، هەرکە گەیشتینە جێ هەمووان دەوریان داین مەسعود دەیوت: ((سەعیدە، سەفەرت پێ کەوتووە، ئیتربێ رەنگ نیت)) بەگاڵتەوە وتم کەواتە گەورەم بۆ باش بوونەوەی حاڵی مووەزەفەکە شێت بووە))، زۆرتر بینێرە بۆ سەفەر، هەڵبەت مۆڵەتێ بەموچەی تەواوەوە))، مەسعود وتی: ((ئەگەر بزانم موچەکەت لە مناڵەکاندا سەرف ناکەیت رازی دەبم، بەڵام بەداخەوە، ئەم شێوە خەرجکردنەی تۆ، وەڕەسم دەکات، یەکەم مانگی هاوین لە تەواو بووندابوو، لەسەفەرەکەی سەعید ١٥ رۆژ تێپەڕبوو بوو، دووبارە تووڕەو بێ تاقەت بوو بووم، لە شوێنی دەوامەکەم، ئەگەر مەسعود و ریتا ئاگایان لێم نەبوایە، دیار نەبوو چ شتی دەهاتە رێم، سەرئەنجام سەعید بەتەنیایی گەڕایەوە، هەر ئەو ئامۆژگارییانەی رابردوو، دووبارەبوویەوە، دەڵێت، دەبێت دەست لە ئازادرنی خۆم هەڵبگرم و بە هیچ شێوەیەك بیر لەڕابردوو نەکەمەوە تا بتوانم تەندروستیم وەدەست بهێنمەوە، بۆ من کە داهاتوویەك نەبوو، رابردوو، بەلای کەمەوە دەیتوانی بەبیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانم بێت هەمیشە بیرێك عەزابێ دەدام و ئەویش ئەمەکە، ئەگەر لەگەڵ ئەو چارەنووسەی کە بۆمن دانرابوو، شەڕم بکردایە ئێستا منیش بۆ خۆم ماڵ و ژیانم هەبوو، خوا ئەیزانی، لەوانەیە رۆژێك پەرویز لەکردەوەی خۆی پەشیمان ئەبووە و تۆبەی دەکرد، ئایا زوو بڕیارم نەدابوو؟ ئایا لەشەڕ ترسابووم؟ بۆچی کەسێك نایەویت لەگەڵ مندا سەبارەت بە رابردوو قسە بکات، بۆ ئەوانی دیکە دەڵێی هیچ رووی نەداوە، قسەو هەڵسوکەوتیان وەکو ئەو کاتەیە کە من لەماڵ بووم، تەنانەت شەوانەش کە لەگەڵ دایکم تەنیام سەبارەت بەڕابردوو هیچ پرسیارێکم لێ ناکات، تەنیا باسی داهاتوو دەکات، رای وایە کە ئەگەر رابردوو بۆ من تاڵ بووە، دەبێت لەیادی بکەم ژیانی سارا بۆ دایکم لە ژیانی من گرنگترە، کاتێ سارا دەبینی دەڵێ بیر لە پێشنیارەکەی حەمید بکاتەوە و وەڵامی بەڵێ بداتەوە، حەسوودی بە سارا دەبەم، لەبەر ئەوەی توانیویتی بەبوونی مناڵێك سەرنجی پیاوێکی گەنج راکێشێت کە رۆژێك شوبرای بووە خێزانەکەی



حەمید بەڕادەیەك سارای خۆش دەوێت کە ئێستاش دەیانەوێت سارا بەناوی بووك لەناویان دا بێت، ئەگەر لەدوو رۆژ زیاتر لای ئێمە بمێنێتەوە، دێنە بە دوایدا و نازانم بۆچی سارا سەبارەت بە پێشنیارەکەی حەمید، کە پیاوێکی تێگەیشتوو گەنجە و خاوەنی ئیشێکی باشە، دوودڵە، هۆی دوو دڵی چییە، من ئەوەندە لە خەیالاتی خۆمدا نوقمم، کە کەمتر سەرنج لە دەوروبەرم دەدەم، دەبێت لەگەڵ سارا قسە بکەم، ئێمە ئەو کاتانەی کە بچووکتربووین، زۆر ئاسان بۆ قسەکردن دائەنیشتین و لەگەڵ یەکدا دەردە دڵمان دەکرد، بەیانی بە پژمەی یەك لەدوای یەك لەجێ هەڵسام، نەخۆشی لەسەر نەخۆشی، شانسم بوو جومعە بوو و دەمتوانی ئیسراحەت کەم، دەنگی پێکەنینی مناڵەکان منیان کێشایە حەوش، بەچ چێژەوە خۆشییەوەکەوە بەدوای تۆپێکی باغە رادەکەن بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت چوومە ناو گەمەکان، مناڵم زۆر خۆش دەوێت دنیای پاك و بێ گوناهیان سەرنجم رائەکێشێ، بە هاتنەوە ژوورەوەی سەعید دەستم لە یاری هەڵگرتو لەبەرامبەر پرسیارەکەی کە پرسی: ((کەوتیتە بیری مناڵییەوە؟)) تەنیا پژمەیەکم کرد وتی: ((تۆ حاڵت باش نییە، بڕۆ ئیسراحەت کە، تەواوی مناڵەکانیش تووش دەکەیت، لەسەر قادرمەکە دانیشتم و سەیری مناڵەکانم کرد بابەك گەورەتر لەوانی دیکە دیاربوو، زوو یاریەکەی گرتە دەست و دووبارە یارێکە دەستی پێکرد دووبارە وتم: ((سەیرکە پەیمان شێوەی چەند لەباوکی دەکات، هەر کاتێ سەیری دەکەم مەجید ئەبینم)) سەعید وتی: ((شێوەی حەمیدیش زۆر لە براکەی دەکات)) وتم: ((مناڵەکان چەند خۆشحاڵن، ئەسڵەن نازانن خەم و خەفەت چییە)) سەیریکی کردن جەختی خستەوە سەر قسەکەم، ئەو تایبەتمەندیەی مناڵە. تا کاتێ نەچوونەتە قوتابخانە ئازادن، بەڵام بە چوونیان بۆ قوتابخانە ئیهماڵییان تەواو دەبێت هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن، ئێستا هەڵسە و بڕۆ ئیسراحەت بکە. حەزم دەکرد زۆرتر لەگەڵ سەعید قسە بکەم، ئەوە بوو کەوتم: ((کەمێکی تر دادەنیشم پاشان دەڕۆم، راستی سەعید، دەزانی بەهرام چی بەمن وت؟)) سەعید نیشانی دا کە گوێ دەگرێ. منیش تەواوی رووداوەکانم بەبێ کەم و کورتی بۆ گێرایەوە، دەستمی گرت و وتی: ((من پێم وتبووی کە خۆشی

دەوێیت ..)) نا هەڵە مەکە خۆشمی گەرەك بوو، بەڵام ئێستا ئیتر نا)) دەستمی گوشی و وتی: ((من هێشتا عاشق نەبوومە، بەڵام دەزانم مەحاڵە ئینسان ئەوەڵێن عەشقی لەیاد بکات، تۆ بەقسەی خۆت هەرگیز عاشق نەبویت، بەو حاڵەشەوە ناتوانی لەیادی بکەیت، کەواتە چۆن بەهرام دەتوانێت بەو عیلاقەیەی کە بەتۆی بوو، لەیادت بکات ، مۆڵەتی بدەریَ بهێڵە تۆ بناسیَ، ئەو لەگەڵ خۆیدا شەڕ دەکات، من دڵنیام کە تۆ سەردەکەویت)) یەکەم رۆژی حەوتەم بە هەڵامەت دەستیپێکرد، کاتێ لە تاقیگە سەرقاڵی ئیش بووم، هاوڕێکەم کارتێکی خستە سەرمێزەکەو لەحاڵەتێکدا شادی لەدەموچاویا شەپۆلی دەدا وتی: ((کارتی دەعوەتی شاییە، هیوادارم بێیت)) بەخۆشحاڵی باوەشم پیاکرد و پیرۆزباییم لێکرد، هەموو فەرمانبەرەکانی تاقیگەی بانگهێشت کردبوو، ریتا دانیشت لامەوە، وتی: ((سەعیدە تۆ دێیت)) سەیرێکی کارتی دعوەتەکەم کردوو وتم: ((نازانم شایەد)) ریتا وتی: ((خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بییت ، چونکە لەوانەیە مەسعودنەیەتن ئەگەریش هات چاکتر ئەگەر وانەبوو من لەگەڵ تۆدام)) وتم دوو رۆژ مۆڵەتم هەیە، ئەگەر حاڵم باش بوو، دێم، ئەو شەوە هەرسێکمان بۆ شاییەکە چووین، کاتێ چوینە ناو هۆڵەکە خەڵکێکی زۆر لە هۆڵەکەدا کۆبووبوونەوە، بووك و زاوا بۆ پێشوازیمان هاتن، دەنگی مۆسیقایەکی ئارام دەبیسترا، بەهاتنی هاوڕێکانی ترمان، جەماعەتمان خۆش بوو، بۆ خۆمان جەوێکی خۆشمان دروست کردبوو، غافڵ لە میوانەکانی تر، جارێك برای بووك دەعوەتی کردم کە لەگەڵیدا بڕەقسم، کاتێ قەبووڵم نەکرد، ئیتر دووبارەی نەکردووە بەڵام تا کۆتایی ئاهەنگەکە، هەر کات کە نیگام دەکەوتە ئەو، دەمبینی سەرنج دەدات، شەو کاتێ چووم بنووم، تەواوی رووداوەکانی ئەویَ وەك پەردەی سینەما لەبەر چاوم رەد بوو، من لە ناوئەو گرووپەدا جوانترین ژن بووم کە هاوسەرم نەبوو، چەن رۆژێك تێپەڕبوو، هاوڕێی تازەکەم پرسی: ((ئایا حازرم دووبارە شوو بکەمەوە وتم نا پرسی: ((بۆچی))پاشان هەوڵی دا رازیم بکات، دیسان قسەکانی خانم دووبارەبوویەوە، لە چاکەکانی شووکردن و سیفەتەکانی براکەی وت، سەرئەنجام وتم: ((خوا براکەت بۆ بیەڵێتن، بەڵام من خەیاڵی شووکردنم نییە))گوێی دایکم



بە بیستنی وشەی شووکردن تیژبوو، پاش تەواو بوونی تەلەفۆن پرسیار و وەڵام دەستیپێکرد، ئەویش وەکو و هەموو دایکێك دەستیکرد بە ئامۆژگاری کردن، دەیوست قەبوڵی بکەم ئەوەندەی وت کە ناچار وتم: ((باشە بیری لیَ دەکەمەوە و پاشان وەڵام دەدەمەوە، تەنیا دەمویست خۆم لە ژێر باری ئەو هەموو نەسیحەتە رزگار بکەم، بەڵام نەمدەزانی بەو قسەی کە کردم باشترین زەمینەم بۆ ئاخاوتن خستۆتە بەر دیسان، پاش ئەو تەلەفۆنە، هەرشەویَ بابەتێك بۆ قسەکردن هەبوو، مەسعود و سەعید ناڕازی بوون و ژنەکان رازی، لەم بەینەدا، تەنیا کەسێك کە قسەیەکی بۆ وتن نەبوو من بووم، دادەنیشتم و سەیریانم دەکرد، وابیرم دەکردەوە، وەك تەواوی رووداوە کۆن و لەیاد چووەکانە، ئەم مەسەلەش لە بیر دەچیَ، بەڵام کاتێ مامەم هاتە ناو مەسەلەکە، هەستم بەجدی بوونی کرد، کاتێ بەتەنیا لەژوورەکەمدا دانیشتبووم، هاتە لام و دەسیکرد بە نسیحەت کردن، کاتێ دڵنیام کرد کە بەتەمای شووکردن نیم، سەری جووڵاند و وتی: ((بۆچی؟ رۆڵە تۆ هێشتا زۆر گەنجی دەبێت شووبکەی، ئەگەر هەست دەکەی بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت، قەبووڵی بکە)) پاشان لەحاڵێکدا کە نیگای راستەوخۆی بڕییە چاوم وتی: ((تا ئێستا لەگەڵیدا قسەت کردووە؟ ((نا شەوی شایی خوشکەکەی؟)) بۆ ئەوەی نەیەڵم خراپ بیرکاتەوە وتم: ((مەسعود و ریتاش هاتبوون)) لەمەبەستم تیَ گەیشت و وتی: ((دەزانم تەنیا نەبوویت، بەڵام حەز دەکەم بزانم بەلاتەوە چۆن کوڕیکە)) وتم: ((کاتی خەیاڵی شووکرنم نییە، پێوست بەوە ناکات بزانم چ کەسێکە)) لەژوورەکە دەستی کرد بە رۆیشتن، کەمیَ سەیری دەوروبەری کرد و لەکۆتاییدا وتی: ((بەڵام دایکت شتێکی تر دەڵێت، دەڵیَ تۆ بەڵێنت پێداوە بیری لیَ بکەیتەوە و پاشان بڕیار بدەیت)) وتم: ((بڕیاری من ئەمەیە)) پرسی: ((شووبەم پیاوە ناکەیت یان بەهیچ کەس. ((لەحاڵی حازردا بەهیچ کەس)) کەبیَ هیوابوو بەجێی هێشتم، بەخۆمم وت: ((هەڵەکانی رابردووم دووبارە ناکەمەوە)).

## بەشی سێیەم

ماوەیەکە دەستم لە خۆم هەڵگرتووە، ئەمڕۆ پاش دووساڵ، ئەم دەفتەرەم لە عەنبارکە لە نێوان دەفتەرە کۆنەکانمدا دۆزییەوە، کاتێ ئاخرین دێڕم خوێندەوە، پێکەنینم هات، چونکە ئاگام لە تێپەڕبوونی کات نەبوو، نە ئەوەی کە خۆشییەکان منایان غافڵ کردبێت، نا تەنیا بەو هۆیە کە ڕۆژەکان بۆمن وەك یەك وابوون، لەوانەیە ئەو شتەی کە بووە هۆی ئەوەی دەست بۆ قەڵەم بەرم، سەفەری دکتۆر بۆ دەرەوەی وڵات بوو، جوان لە یادمە کاتێ لەماڵەوە مەسەلەی کردنی پسپۆری سەعیدو بەهرام هاتە کایەوە، بەناباوەڕی سەیریانم کرد، ئەسڵەن نەمدەتوانی باوەڕبکەم کە کاتێ ئەوان دەڕۆن، من بەکۆڵێ خەم و خەفەت تەنیا دەمێنمەوە دوایەمین شەو بەهرام لە ماڵی ئێمەبوو، تانیوەی شەو هەموومان بەخەبەربووین، ئەیان وت و پێدەکەنین، بەڵام من لەناخەوە دەگریام، چ شەوێك بوو ئەو شەوە، دەیویست بزانێت چ حاڵێکم هەیە، ئەو کە هەمیشە پیاوێکی هێمن و خوێنسارد بوو، لەگەڵ مەسعود گاڵتەی دەکرد و سەری ئەخستە سەر ئەوانی دیکە، بۆ گاڵتە وەرەقەیەکی دەرهێناو و ناوی ئەو دیارییانەی لەسەر نووسی کە ئەوانی دیکە دەیانویست، بە عەجوولییەکی سەیرەوە لە منی پرسی: ((تۆ چیت دەوێت؟)) یەکسەر بەگاڵتە پێکردنەوە وتی: ((داوای لێبووردن دەکەم نەمزانی کە تۆ لە ڕەگەزی بیانی عەسلی، پاشان چاوەڕێی وەڵامی منی نەکرد و لەگەڵ باوکمدا کەوتە قسە. تاقەتی بیستنی تانە و تەشەرەکانیم نەبوو، لەژوورەکە چوومە دەرەوە، پەنام بۆ حەوشە برد، نەمدەتوانی بیر لە بابەتێکی تایبەت بکەمەوە هەموو شتێك بە توندی لە مێشکم ڕای دەکرد، تەنیا دەنگێ کە لەگوێما دەنگی دەدایەوە، ئەو ئەڕوات و هەرگیز



ناگەڕێتەوە، بەیانی زوو خوا حافیزیم لە سەعید کردو وتم: ((حاڵم باش نییە و ناتوانم بۆ ماڵئاوایی کردن بێم بۆ فڕۆکەخانە لێبووردنەکەمی قەبوڵ کرد)) کاتێ هەمووان چوون، گریام، ڕۆژلە دوای ڕۆژ خۆم بێتواناتر دەهاتە پێش چاو، نازانم چۆن تا ئێستا زیندووم، سەعید نامە لە داوی نامە بۆ دایەو بابە دەنووسێت و لە کۆتایشدا دەڵێت، سەلام بگەیەنە هەمووان دەڵێی ئێستا هەموو شتێکی لەبیرچۆتەوە، ئەگەر دەیزانی من چی خەم دەکێشم ئەوەندە بێ بەزەیی نەدەبوو، ڕاستی لەیادم چوو بنووسم، جێم گۆڕیوە و ژوورەکەی بەهرامم داگیر کردووە دەبێت هۆکەی بنووسم، بەڵام پاشان.. لەبەرئەوەی کە دایکم هەندێ شتوومەکی ترشیاتی سەندوە و داوا لەمن دەکات یارمەتی بدەم، ئەمڕۆ بەدەست پێ کردنی مانگی دووەمی پاییز نامەیەکم لە سەعید پێگەیشت، بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە کردمەوەو و بەپەلە مەشغوڵی خوێندنەوەی بووم، چاوەڕێی هەواڵێ لە بەهرام بوومە کاتێ گەیشتمە ئەم ڕستە کە ئەو کچێکی خزمیانی لەوێ پەیداکردووە، دەستەکانم بەئاشکرا دەلەرزین، پاشماوەی نامەکەش تەنیا وەسف دانەوەی ئەوان بوو، بیرم کردەوە کە چ ژن و پیاوێکی گونجاو ئەبن، بەهرام دکتۆر و ژنەکەی مامان، حەسوودیم دەبرد نامەکەم لول کرد و فڕێم دایە سەر زەوی، لە کۆمپانیا تەواوی ژوورەکان شپرەزەن و بۆنی ڕەنگ ئەو ناوەی پڕکردووە، مەسعود هاتە لام و پرسی: ((سەعیدە خۆشحاڵ بە، حەوتەیەك ئیجازە بە مووچەوە، دەتەوێت چی بکەیت؟ )) هیچ تەنیا حەوانەوە، نامەکەی سەعیدیش گەیشت)): ((چی نووسیوە؟)) حاڵی باشە و لە ئیشەکانیدا بەسەرکەوتویی ئەڕواتە پێش)) بۆچی تەنیا باسی سەعید دەکەیت؟ مەگەر لەگەڵ بەهرامدا نییە.: ((بۆچی نا، لەگەڵ یەکتران، کاکی دکتۆری تۆ یەکێ لەکچە خزمەکانی لەوێ پەیداکردووە و لەگەڵ ئەودا سەرقاڵە: ((مەبەستت لە سەرقاڵیی چییە)) مەبەستێکم نییە بوونی خزمێك لەشارێکی غەریبدا نیعمەتە: ((یەکەم، شار ناو وڵات پاشانیش، بۆچی دەڵێی دکتۆری من، مەگەر شتێ ڕوویداوە؟))داوای لێبووردن دەکەم، مەبەستێکم نەبوو))پیکەنینێکی بێ ڕەنگ لەسەر لێوی نیشت بۆ ئەوەی بابەتی قسەکە بگۆڕم، پرسیم: ((تۆ چی دەکەی)) وتی: ((من

مەجبوورم کە هەر ڕۆژێ بێمەوە بۆ کۆمپانیا و چاوەڕێی ئیشەکان بکەم، ئێستا ئەگەر ئیشێکت نییە، دەتوانی بچیتەوە بۆ ماڵەوە سەلامیش بگەیەنە دایکم و لەوانەیە شەو بێم بۆ ئەوێ)) لەدەرگاکە چووە دەرەوە، لەو هەستە لەرزۆکەی کە سەبارەت بەنامەکە نیشانم دابوو، شەرمەزار بووم، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوان بەیەکەوەن و من مەجبوورم تەنیایی تەحەمول بکەم، عەزابی دەدام فێریان نەکردبووم لەسەرخۆ بم، ئەمە نیشانەی لاوازیم بوو کە هەرکەس نەیدەتوانی وەڵامی قسەکەی لە دەمووچاومدا بخوێنێتەوە،ـ نەمدەتوانی حەزەکانم لەخەڵك بشارمەوە، چۆن بوو کە بەهرام لەو کاتەدا بەسرمی نەزانیبوو، لەوانەیە بەو هۆیە بێت، کە زۆر کەم سەیری دەموو چاومی دەکرد، شێوەی ئەو کچە چۆنە کەوای لە سەعید کردبوو وەسفی بکات؟ خانمی محسنی هاتە ژوورەوەو پرسی ((هێشتا نەچوویتەوە؟))ا ئێستا دەچم)) چاوەڕێ بکە پێکەوە دەڕۆین)) پێکەوە لە کۆمپانیا هاتینە دەرەوە، خانمی محسنی وتی ئەگەر کاتم هەیە لەگەڵیدا بڕۆم تاهەندی شت بکڕێ منیش بۆ ڕاکردن لە تەنیایی قەبووڵم کرد و سواری سەیارەکە بووم، لەشەقامی بەهار، سەرمان لە چەنددوکانێدا، هەندێ شتی کڕی، پاشان پێکەوە چووین بۆ کافتریا و داوای قاوەمان کرد جگە لە ئێمە و دووانی تر کەسی لێ نەبوو، پرسیم: ((لەم حەوتە بێ ئیشییە، چی دەکەیت؟)) تەواوی حەوتەکە گرفتارم، ئەم حەوتە پشووی کۆمپانیا بەڕاستی بەجێ بوو، دەتوانم بەخەیاڵی ڕەحەت خەریکی ئیشەکانم بم، بەڕاست سەعیدە تۆ دەزانی کە خوشکەکەم شووی کردووە، بەداواکارەکەی تۆ؟)) پێم سەیر بوو، پێکەنی و وتی: ((مەبەستم برای خانمی یەحیاوییە))بە خۆشحاڵییەوە وتم: ((باشە پیرۆزە)) لەحاڵێکدا کە لەناو جانتاکەیدا ڕەسمێکی دەردەکرد وتی: ((کاتێ تۆ پێشنیاری بەهزادت لۆ شووکردن ڕەتکردەوە، خانمی یەحیوی)) داوای لێ کردم کچێکی باشی پێ نیشان بدەم، منیش خوشکەکەی خۆمم نیشاندا، هاتن و بینیان و بەدڵیان بوو، لەبەرئەوەی کە خوشکەکەم خەریکی خوێندنە، تەنیا مارەیان بڕی و بۆ بەهاری ئیمساڵ بڕیاری گواستنەوەیان داوە، وتم: ((هیوادارم بەختەوەر بێت)) پاشان بەگاڵتەوە زیادم کرد، چاکتر وایە نووسینگەیەکی



هاوسەر دۆزینەوە بکەیتەوە هەم چاکە دەکەیت و هەم ..)) دایە ناو قسەکەمان و وتی: ((ئیتر بۆ هاوڕێکان واناکەم، شووکردنەکەی تۆ بەڕادەی پێویست بۆ من پەشیمانی لەدوابوو، من هێشتا لەتۆشەرم دەکەم: ((نا تۆ بۆ شەرمەزار بیت، چارەنووسی من وابوو، من هیچ گلەییەکم لە تۆ نییە، بەقسەی پێشینان، شووکردن وەك شوتی وایە، یاسوورو شیرینە یان سپی و بێ تام خەتای تۆ نەبوو، کەشتوتیەکەی من سپی بوو، ئیتر تەواو بوو، تێگەیشت کە لەبیرم چۆتەوە، تۆش لەیادی کە))بەڵام ئەو بەونیگایەی کە بڕیە چاوم، تێگەیشت کەلەبیرم نەچووە، چاوەکانی کەمێ کردەوە و پرسی: ((بەجدی لەبیرت چوو؟))ئەگەر لەیاد دەکەم چی بکەم. ئەو ژنی هێناوە و منیش لە تەڵەکە ڕزگارم بووە بەقسەی مەسعود ژیانی هاوسەری ئێمە، تەنیا کارەساتێکی ناخۆش بوو، ئەزانی ئەگەر بەردەوام بوایە چی بەڕۆژگارم ئەهات؟ تەنانەت ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە مووچڕکە بەگیانما دێت، ئەو ژنی نەدەویست، مەعشوقەی دەویست، هەڵبەت مەعشوقەشی زۆر بوو، بەڵام بەقسەی خۆی دەیویست ئێرانییەکیش لە خۆشییەکانی بەشدار بکات، ئەویش چ خۆشییەك جگ ەلە بێ ئابڕوویی هیچی تر نەبوو، کاتێ کە جوان بیر دەکەمەوە دەگەمە ئەم ئەنجامە کە باشترین شێوەی شووکردن، شووکردن بەخزمە، یەکتری دەناسن و بە ئەخلاقی یەك ئاشنان، هەڵبەت مەبەستم ئەو شووکردنانە نییە کە بەزۆر بێت، من وابیر دەکەمەوە کە بناغەی ژیانێکی باش دەبێت لە سەر گونجاندنی دوولا دروست بێت، ناسینی دوولایەنەی ئەو دوو کەسەی کە دەیانەوێت پێکەوە ژیانێکی تازە دەست پێ بکەن زۆر گرنگە، دەبێت ڕەوشت و باوەڕیان یەك بێت، بەڕای من شێوەی کچ بە شوودان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەڵەیە، کاتێ کەسێك دێتە داوای کچەکەمان تەنیا دەپرسین شەهادەی چییە، موچەی زاوا چەندە، بەڵام هەرگیز سەبارەت بەڕەوشت و باوەڕی پرسیار ناکەین)) لەکافتریا هاتینە دەرەوە کاتی خواحافیزی وتی: ((هیوادارم رابردووت بۆ دووبارە نەبێتەوە، لەو ڕێگەی کە هەڵتبژاردووە سەرکەوتووبیت)) دەستی یەکمان گوشی و لەیەك جیابووینەوە.

# بەشی چوارەم

له کۆتایی زستاندا نامەیەکم لەلایەن سەعیدەوە بۆ هات کە نووسیبووی خولی پسپۆڕیان بەسەکەوتوویی تەواوکردووەو بۆ مانگی دووەمی بەهار دەگەڕێنەوە، نیشانەی کویٚ بەکارهێنابوو، من هیواداربووم کە بەهرامیش بگەڕێتەوە خانووەکەمان سپاردبوو بە دەستی نیگارکێش و رۆژمان ئەژمارد، خانووەکە تەواو گۆڕابوو، من کە ژوورەکەی بەهرامم داگیر کردبوو، زیاتر لەوانی دیکە بۆ گۆڕینی ماڵەکە هەوڵم دەدا، حەزم دەکرد رابردوو لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندی بەڕابردوو هەبوو، فڕێ بدەم، هەستێکی نوێ لەگیانمدا دروست بوو بوو، ئیتر تام نەدەکرد، هەرچەندە رۆژی هاتەوەیان نزیکتر ئەبوو، دوو دڵی من زۆرتر دەبوو، هەوڵم دەدا خۆم تێ بگەیێنم کە ئەویش وەك من، رابردوو یادگارە تاڵەکانی لەیاد کردووە رۆژی گەیشتنی ئەوان لە خۆشیا تام کرد و نەمدەتوانی بچم بۆ فڕۆکەخانە، لە ماڵەوە چاوەڕێم دەکرد، کات بە هێواشی تێپەڕبوو، بەدەنگی وەستانی هەر سەیارەیەك رادەچڵەکیم، کاتێك دەنگی زەنگی لێدانی دەرگا هات، نزیك بوو، لە خۆشیا دڵم بوەستێت، بە شەوقێکی زۆرەوە، دەرگاکەم کردەوە و بەبینی سەعیدم گرتە باوەش و دەم و چاویم ماچ کرد، قژمی راکیشاو وتی: ((خوشکی بچووکم هیچ ئەزانی دڵم زیاتر لە هەمووان بۆ تۆ تەنگ بوو)): ((منیش هەروەها خۆشحاڵم کە گەڕایتەوە)) ئەندامانی خێزان یەك لەدوای یەك هاتنە ژوورەوە، بەڵام بەهرام لە نێویاندا نەبوو، سەیری کۆڵانەکەم کرد، بەڵام نیشانەیەکم لەو نەبینی پرسیم ئەی دکتۆر کوا، دەستی کردە ملم و وتی ئەو چەند رۆژیٚ تر دێتەوە، ((بۆچی؟)): ((چونکە لە رێگەی زەمینەوە دێتەوە))، ((بۆچی تۆ لەرێگەی زەمینەوە نەهاتیتەوە؟)): ((چونکە دەمویست زووتر بتبینم))، پاشان بەگاڵتەوە وتی ئەگەر پێت ناخۆشە ئەگەڕێمەوە، وتم هێشتا نەگەیشتووی گاڵتە



کردنت گوڵی کرد، وتنی زۆری هەبوو هەمووان بەشەوقەوە گوێیان بۆ دەگرت، گەڕانەوەی خۆمم، لەگەڵ ئەودا قیاس دەکرد، یەکیٚ سەربەرز و یەکیٚ سەرشۆڕ، هیچیان لەمن نەدەپرسی، بەڵام داوایان لەو دەکرد، هەموو شتێك باس بکات، ئایا لەراستیدا من قسەیەکم بۆ وتن هەبوو؟ من چیم کردبوو کە بیانەوێت بیبیستن؟ ئەو لە عەمەلیات کردن و پێوەندی ئەندام ئەیوت، هەرچەندە ئەو زۆرتر باسی دەکرد، من شەرمەزار تر دەبووم، ئەوان تا نیوەی شەو دانیشتن، بەڵام من بەهۆی سەر ئێشەوە زووتر پەنام بردە ژوورەکەم، خەوم لیٚ نەدەکەوت، هەمان شەوی رابردوو هات بۆ لام خۆمم بینی کە دۆڕاو و بیٚ هیوام، حەسوودیم بە هەموویان دەبرد، هەموو جگە لە من بەختەوەرن، تەنانەت ساراش کە منالێکی هەتیوی هەیە، هەموو ئامانجێکیان هەیە، بەڵام من چیم هەیە، بەیانی کاتیٚ چاوم کردەوە، سەعید لە ژوور سەرم بوو، لە لێواری قەرەوێلەکەم دانیشت و لە حاڵێکدا دەستی خستە ناو چاوم وتی: ((بەیانیت باش، حاڵت چۆنە خوشکی بچووك؟)): ((باشم)) : ((بەڵام گەرمای گیانت شتێکی تر دەڵێت)) گرنگ نییە، من و تا بەیەکتری خۆشك بووین)): ((هێشتا نەتتوانیوە خۆت بسازێنی)) خۆم لەگەڵ چیادا بسازێنم. بەچارە رەشی. من لەگەڵ ئەودا دەمێکە سازاوم)) پەنجەی ناوە سەر لێوم و وتی مەبەستم ژیانە، نە چارە رەشی، ئینسان کە دەبێت هەلیبژێرێت، بە بەختەوەری بژی یان بە چارە رەشی، من و تۆ، بەکردەوەمان دەژین گەیشتن بە بەختەوەری بەدەس خۆمانە، زۆربەی ئەو بەختەریانەی کە ئاشکران، وەك چارە رەشین، بەپێچەوانەشەوە راستە، چارە رەشەکان وەك بەختەوەریە، ئەگەر رای منت بوێت، تۆ زۆریش بەختەوەری، چونکە خوا ئەوەندە تۆی خۆش ویستوە کە لەو گێژاوە رزگاری کردویت، تۆ بەندەیەکی ناشوکری، هەرکەسێك لەجێی تۆ بوایە، لەجیاتی ئەوەی ئەژنۆی خەم بگرێتە باوەش، سوپاسگوزار دەبوو، لە بەرانبەر ئەو چاکەی کە خوا لە حەقیا کردویەتی، دەبێت لەڕابردوو عیبرەت بگریت و بیکەیتە ئەزموون ئێستا هەڵسە و بڵیٚ بۆچی بیر دەکەیتەوە، بەخت رەشی. راستی چ ژوورێکی جوانت دروست کردووە لە جیاتی میوانداری کردن، ئایەتی بیٚ هیوایی دەخوێنی؟

لەکوێی دنیادا بەم شێوە لەگەڵ میواندا هەڵسوکەوت دەکەن؟)) وتم: ((تۆ بێ دەعوەت هاتووی و منیش حازر نیم بۆ میوانداری)) وتی: ((ئەتوانی بەوشەیەکی پڕ لە خۆشەویستی میوانداری بکەیت، بەڵام قەیناکە، ئەم جارەیان دەتبەخشم، بەڵام جارێکی تر کە هاتم بۆ ژوورەکەت دەبێت بە روویەکی خۆشەوە لەگەڵما رووبەڕوو بیتەوە، پاشان دەستمی گرت و لە ناو جێ هەڵیساندم و وتی وەرە با بڕۆین، قاوەتوون حازرە، زۆرم برسییە)) وتم سەعید زۆر خۆشم ئەوێیت و خۆشحاڵم کە لەلامایت))

منیش خۆشحاڵم کە دەتوانم لەگەڵ تۆدا ڕەحەت قسە بکەم، چونکە بەو شێوەی کە بیستومە تۆ لەگەڵ کەسدا دەردە دڵ ناکەیت خۆت لە هەمووان دوور دەگریت، ئێستا کە ئەوەتام لاتا، حەز دەکەم جگە لە برا، هاوڕێشت بم)) کاتێ خواردنی قاوەتوون وتووێژی جوان و جۆراوجۆرمان بوو و نازانم چی هاتە پێش کە وتم: ((ئەو ژوورەی کە تێیدام بە کرێ ئەدەم)) سەعید بە سەر سوڕماویەوە سەیری دایکمی کرد و پرسی: ((دایە، دایە سەعیدە چی دەڵێت،؟ واتە ..)) دایکم چووە ناو قسەکەی و وتی: ((ڕاست دەڵێت، لەبەرئەوەی سەعیدە هەرچەندە مەعاش وەردەگری بۆ منالەکان سەرفی دەکات، من ناڕازی نیم کە ئەو بۆ منالەکان شت بکڕیت، بەڵام دەبێت بیر لە ژیان و داهاتووی خۆیشی بکاتەوە، بۆ ئەوەی رێ لەدەس بڵاوی بگرم، بۆ ئەو ژوورەی کە تێیدایە کرێ وەردەگرم و بۆ خۆی لەبانکدا دەیخەوێنم)) سەعید هەناسەیەکی ڕەحەتی کێشاو وتی: ((ئەگەر وابێت قەیناکە، بەڵام بۆ ساتێك خەیاڵم کرد ..)) دایکم وتی: ((وابیرت کردەوە کە ئێمە کرێ لە کچەکەمان دەسەنین)) بەڵێ لە راستیدا وامزانی کە بووینەتە ئەوروپایی ئەوسا رووی کردە من و پرسی لەو ژوورەدا ڕەحەتی: ((بەڵێ زۆریش، بەتایبەتی شەوانی جومعە کە ماڵەکە پڕ دەبێت لە دەنگە دەنگ، کاتێ ماندوو دەبم دەچمە ژوورەکەم و دەرگاکە دەبەستم، هەرچەندە منالەکان وازم لێ نایەنن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ژوورێکی باشە)) لە کۆتایی هەفتەدا سەعید نیگەران دیاربوو، چاوەڕێی بەهرام بوو، تەنیا ئەو نیگەران نەبوو، بەڵکو ئەم نیگەرانیە لە هەمووواندا بەدی دەکرا، سەرئەنجام پاش پانزە رۆژ دواکەوتن گەیشت،



هەڵبەت بێ خەبەر و لەناکاو بەدیارکەوت من تازە لە تاقیگە گەڕابوومەوەو خەریکی خوێندنەوەی بیرنامەی دایکم بووم، کە نووسیبووی بۆ بینینی هاوڕێیەك لەگەڵ باوکما چوونە، دەمخوێندەوەو و هێشتا خۆمم نەگۆڕیبوو کە دەنگی زەنگ هات کاتێ دەرگاکەم کردەوە بەهرامم بینی، لە خۆشیدا قیژاندم، ئەو زەردەخەنەیەکی کردو هاتە ژوورەوە، هەوڵم دا خۆم کۆنترۆل کەم، پرسیم: ((کەی هاتیت. ئەی جانتاکانت کوا؟)) سەیرێکی دەوروبەری کرد و وتی: ((پێنجی پاش نیوەڕۆ گەیشتم و یەك راست چوومەوە بۆ ماڵ)): ((ئەی بۆچی تەلەفۆنت نەکرد، هەموو نیگەرانی تۆبوون، بەتایبەت سەعید کە زۆر چاوەڕێ بوو، ئەمانەویست بۆ پێشوازیت بێین)) بەتانەوە وتی: ((بێگومان تۆ ئەهاتی وەك ئەو کاتەی کە بۆ خوا حافیزی کردن هاتیت بەس بوو، ئیتر نامەوێت بۆ پێشوازی کردن بتخەمە زەحمەتەوە کەسێکی تر لەماڵ نییە)): ((نا، چوونە بۆ بینینی هاوڕێیەك، بەڵام بیرنامەیەکیان داناوە کە ئەگەر خەبەرێکم لە تۆ دەست کەوت پێیان بڵێم، ئێستا بۆ لێرە وەستاوی، فەرموو بچینە ژوورەوە، ((تاریکیت تەڵاق داوە)): ((چۆن)): ((دەبینم هەموو گڵۆپەکانت داگیرساندووە)) لە ناکاو چاوی کەوتە ژوورەکەی پێشووی و بە سەرسوڕماویەوە پرسی: ((هاوسێتان هێناوە. ویستم کەمێ ئازاری بدەم، بۆ ئەم مەبەستە نیگایەکی ژوورەکەم کرد و وتم: ((بەڵێ چەند مانگێکە)): ((پرسی تەنیایە؟)): ((بەڵێ تەنیایە)): ((قوتابییە؟)): ((نا فەرمانبەرە)): ((ئەی بۆچی تۆ دەرگاکەت کردەوە؟)) نزیك بوو پیبکەنم، بەڵام خۆمم کۆنترۆڵ کرد و وتم: ((ئەوەندە نێوانمان خۆشە کە فەرق ناکات چ کەسێك دەرگاکە بکاتەوە، هەروەها من ئیتر کیژێکی هەژدە ساڵ نیم، مەگەر دەتەوێ هەر لیرە پرسیار و وەڵامت تەواو بکەیت؟)) ماندوو دەهاتە بەرچاو، پاڵی دابویە دیوارەکە و کێشی خۆی بە پا تەحەمول دەکرد، وتی: ((ماندوو نیم، دایك و باوکت کەی دێنەوە، شتێکیان نەنووسیوە، بەڵام ئێستا تەلەفۆن دەکەم و دەڵێم کەتۆ هاتوویتەوە)): ((نا، وامەکە ناتەوێ رێ لە بینینی هاوڕێیان بگرم)): ((بەڵام ئەگەر بزانن ..)): ((من بۆیان روون دەکەمەوە تۆ نیگەران مەبە، ئەگەر من نەهاتمایە ئێوە تەنیا بوون؟)) لە

مەبستی تێ نەگەیشتم، بەڵام سەیرم کرد چاکتر وایە راستییەکەی بڵێم، وتم: ((حەز دەکەی هاوسێ تازەکەمان بناسی. و پاشان بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بم لێواری قۆڵی چاکەتەکەیم گرت و لەگەڵ خۆمدا بەرەو ژوورەکەم برد، دەرگاکەم کردەوە و وتم: ((بێ ژوورەوە، ئێستا دێت)) کەمێ سەیری دەوروبەری کرد و رەسمی منی لەسەر دیوارەکە بینی نیگای کەوتە سەر نیگام و پرسی گاڵتەم پێ دەکەی، نا من کرێچی ئێرەم، من بەتۆم نەوت کە کرێچییەکەمان ژنە یا پیاو، خۆت هەستت کرد کە پیاوێك لێرە ئەژی، لە لیواری پەنجەرەکە دانیشت و سەری شۆڕکرد، دڵیم شکاند بوو، شەرمەزار بووم، وتم داوای لێبووردن دەکەم ویستم گاڵتە بکەم، قەرەبووی قسەکانت بکەمەوە)) پێکەنینێکی تاڵی کردو وتی تەنانەت گاڵتەکانت، من ئازار دەدات،: ((من نەدەویست ئازارت بدەم، داوای لێبوردن دەکەم)) بۆ هێنانی چای لە ژوورەکە چوومە دەرەوە، کاتێ پیاڵە چایەکەم نایە بەردەستی وتم: ((بەداخەوە قاوەکە تەواو بووە)) وتی: ((تانەش ئەدەیت)) وتم: ((بۆچی خراپ وەری دەگری.. لە بیرتە کاتێ تازە هاتبوومەوە وتت نازانین من خواردنی ئێرانی ئەخۆم یان خواردنی بیانی. ئایا ئەو رۆژە بە رقەوە دەتویست تانەم لێ بدەیت، کە ئێستا هەست دەکەی منیش ..)) نەیهێشت درێژە بە قسەکەم بدەم وتی: ((من هەرگیز خۆم ون ناکەم، دەزانم کێم و خەڵکی کوێم و بۆچی هەم، ئەگەر نییەتی قەرەبوو کردنت هەیە، داینێ بۆ دوایی، چونکە من ..)) ئەم جارەیان من قسەییم پێ بڕی وتم: ((دەزانم ماندوویت، هەرچی بڵێم تۆ قەبووڵی ناکەیت، کەواتە چاکترە بێ دەنگ بم)) ماوەیەك بە بێ دەنگی تێپەڕبوو، ئەو بێ دەنگییەکەی شکاند و پرسی: ((حاڵی خوشکەکان و مناڵەکان چۆنە)): ((داتنایە سەعاتێکی تریش تێپەڕ بوایە، ئەوکاتە حاڵیانت دەپرسی)) ئەمان لەم زمانەی تۆ، یا گاڵتەم پێ ئەکەیت، یا رەخنەم لێ دەگریت، چاکتر وایە بڕۆم و کاتێ بێمەوە کە ئەوانیش لێرە بن)) لەجێ هەڵسا. وتم دەتەوێ وابیر بکەنەوە کارێکم کردووە میوانەکە رابکات، دانیشە تا تەلەفۆن بکەم، پاشان لەگەڵ ئەواندا کە پێت خۆشە قسە بکە)) هیچی نەوت و من چووم بۆلای تەلەفۆنەکە و هاتنەوەی ئەوم بەدایە راگەیاند، ئەویش



لەگەڵ دایکما قسەی کردو وتی: ((ئەگەر مۆڵەت بدەی، سەعیدە بۆ خواردنی شێو دەبەمە دەرەوە؟؟)) مکوڕبوونی خۆی نیشان داو وتی: ((وەعدەی شیوودانی دا بۆ سبەی شەو کە هەموو کۆبینەوە)) کاتێ وتوویژیان تەواو بوو، وتم: ((هاوسوحبەتێکی خراپت بۆ خۆت هەڵبژاردوە)) جانتاکەم هەڵگرتو پێکەوە لەماڵ چووینە دەر، لە ماشێنەکەدا پرسی)): ((ئەگەر بپرسم تاکەت ماوە یان نا، چ وەڵامێکم دەدەیتەوە؟ پێم پێدەکەنیت یان شتێك هاوتای قسەکانی پێشووم پێ ئەدەیت؟)) وتم: ((نا چونکە دەمەوێت هاو سوحبەتێکی باش بم)) بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((ئەگەر وایە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، حاڵت چۆنە؟ ئێستاش تا دەکەی)) : ((وەکو جاران نا، بەڵام هەندێ جار سۆراخم ئەگرێ ((بەم شێوەی کە من دەتبینم. زۆر بەدەماخی، لەچاو دووساڵ پێش ئێستا، هیچ نەگۆڕاویت ئەمەش نیشانەی ساغ و سەلامەتیتە)): ((بەزەییم بە نەخۆشەکانت دێتەوە، چوونکە وا دیارە تۆ بە دەمووچاودا نەخۆشی ئەناسیتەوە، خوا بکات هیچ کات ناچار نەبم بێم بۆلات، دیار نییە چ چارەنووسێ چاوەڕێم بکات)): ((منیش بەڵێنت پێ ئەدەم کە هەرگیز دەرمان کردنت نەگرمە ئەستۆ)) لە نزیکی رێستۆرانێك، کە بۆ یەکەم جار یەکمان بینیبوو سەیارەکەی راگرت و وتی: ((بێگومان سەعید لێرەیە)) هەندێ چاومان گێڕا، بەڵام ئەومان نەدی، هەر لەجێگەی پێشوو دانیشتین، لە ژێر چاوەوە سەیری دەکردم، هەستم بە قورسی نیگای دەکرد، کاتێ خواردن لەسەر مێزەکە ریزکرا، بەوتنی: ((فەرموو)) خۆی دەسی کرد بەخواردن بە مەیلێکی زۆرەوە دەیخوارد، بەڵام من حەزم لێی نەبوو و تەنیا یاریم بەکەل و پەلەکانی سەرمێز دەکرد، بەهرام زانی، پرسی: ((بۆچی ناخۆیت)): ((برسیم نییە)): ((بەڵام بە پێچەوانەی تۆوە، من هەم برسیمە، هەم پاش ماوەیەکی زۆر لە خواردنی چێشتی ئێرانی کەیف دەکەم، بۆ ئەوەی هاو خۆراکیکی باش بیت تکایە هاوڕێیەتی نان خواردنم بکە)) ناچار کەمیکم خوارد، بەڵام زووتر لەو دەستم هەڵگرت، ئەویش خواردنەکەی تەواو کرد و جگەرەیەکی داگیرساند و پرسی: ((دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم. بەڵێن ئەدەی راستیم پێ بڵێیت؟)) وتم: ((بپرسە و دڵنیابە کە

راست دەبیستی)): ((بۆچی ژوورەکەی منت هەڵبژارد؟)): ((لەبەر ئەوەی کە ژیانێکی سادە و سەربەخۆم هەیە، لە هەمووان جیام، کاتێ لە دەنگە دەنگی ئەوانی دیکە ماندوو دەبم، جێیەکم هەیە کە پەنای بۆ بەرم)): ((بەڵام ئەتتوانی ژوورەکەی سەعید بەکاربێنی لەوانەیە ئەم ئیشە هۆیەکی تایبەتی بووبێت؟)): ((نا، تەنیا ژوورێکم لەولای حەوشەکەوە دەویست کە هەڵمبژارد، مەگەر دەتەوێ بگەرێیتەوە؟)) زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ((ئەگەر بشمویستایە، بەبوونی تۆ پەشیمان دەبوومەوە)): ((بۆچی بیر ئەکەیتەوە کەمن ئارامیت تێك ئەدەم؟)) بیر لەخۆم ناکەمەوە، دڵم بۆ دایك و باوکت دەسووتێ کە مەجبوورن هەموو رۆژێك گوی لە دەمقڕەی ئێوە بگرن، زۆر باش بوو کە پێش ئەوەی دەمقڕەی من و تۆ دەس پێ بکات، لەوێ رۆیشتم)) بەوتنی ئەم رستە هەڵساو منیش هەڵسام، کاتێ ریستۆرانتمان جێ هێشت، وتی: ((چاکتر وایە بۆ هەزم کردنی خواردنەکە، کەمێ رێ بکەین)) هەردووکمان لەبێ دەنگیدا رێمان دەکرد، تەنیا دەنگی هەنگاوەکانمان لەسەر شەقامەکە دەبیسترا، بۆ ساتێك وەستاین و پاشان وەك کەسێك کە شتێك هاتبێتەوە یادی، رووی کردە من و وتی: ((تۆ وتت هەر کاتێ لەوانی تر ماندوو دەبیت، پەنا ئەبەیتە ژوورەکەت، وابوو)) بە ئاماژەی سەر قسەکەیم دووپات کردەوە درێژەی دا: ((کەواتە بۆی هەیە لە وتووێژکردن لەگەڵ منیش ماندوو بیت، ئایا ئەوەندە راستگوی کەبێ دوودڵی بەخۆم بڵێیت؟)): ((من لە قسەکردن لەگەڵ تۆدا ماندوو نابم)) : ((بەڕاستتە؟)) ئەم قسەیەی بەگاڵتە پێ کردنەوە، بەیان کرد و درێژەی دا: ((مەگەر جیاوازی من لەگەڵ ئەوانی تر چییە؟ ئەگەر لە خیزانەکەی خۆت، کە ئەوەندە تۆیان خۆش ئەوێ ماندوو دەبیت، چۆنە کە بەدڵنیاییەوە دەڵێیت لە من ماندوو نابیت؟ لەحاڵێکدا کە هەمیشە دەبمە هۆی دڵگرانیت)) دەیویست قسەم پێ دەرکات، دەیویست ئیعتراف کەم کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێم ببینم، بەڵام غرورم ئیجازەی پێ نەدام کە ئەمانە بێنمە سەر زمانم، چاوەڕێی وەڵام بوو، بەڵام من بێ دەنگ بووم. خۆی کەوتە قسەو وتی: ((تا ئەو رادەی کەمن تۆ بناسم بەو ئیعترافەی کە خۆت کردت من ئەم پرسیارەم کرد، هەرچەندە



گرنگ نییە، بەڵام حەز ناکەم بۆ راکردن لە قسەکردن لەگەڵ مندا، پەنابەریت بۆ ئەوانی تر، یان خۆت لە ژوورەکەدا زیندانی بکەیت)) بەچ شتێك ئاماژەی دەدا، مەبەستی لە پەنابردن بۆ ئەوانی تر چی بوو؟ وتم: ((من هەمیشە هەوڵم داوە کە هاوسوحبەت یا بەلای کەمەوە بیسەریکی باش بم، بەڵام بیرناکەیتەوە کە هەندێ جار داوای یارمەتی کردن لەئەوانی تر بۆ دوور خستنەوەی دڵپەستی پێویست بێت؟)) وتی: ((بەهەر شێوەیەك من لەو جۆرە ئینسانانەم کە حەز دەکەم هەر رەخنەیەك راستەوخۆ بەخۆم بڵێن، تۆ لەم شێوە بیرکردنەوەدا عەیبێك ئەبینی؟)): ((نا چونکە خۆشم وەك تۆ بیر دەکەمەوە)) گرێی خستە ناو چاوی، ویستی قسەیەك بکات، بەڵام پەشیمان بوەوە، رێگەکەی لار کردەوە بەرەو لای ریستۆرانتەکە گەڕایەوە، کاتێك گەیشتینە نزیکی ریستۆرانتەکە، بە وتنی تکایە ساتێك مۆڵەتم بدە، دووبارە چووە ناو ریستۆرانتەکە، پاش چەند خولەکێ گەڕایەوە و وتی: ((باوەڕناکەم سەعید ئەمشەو بێت بۆ ئێرە، چاکتر وایە بگەڕێینەوە)) دەرگای ماشێنەکەی کردەوە و من سەرکەوتمە ناوی، لە بێدەنگیدا بۆ ماڵەوە بەڕێ کەوتین، پاش بڕینی هەندێ رێگە، بۆ ئەوەی بێدەنگی بشکێنم پرسیم: ((بەڕای تۆ ئەمەریکا چۆن جێگەیەك بوو؟ کوێ چاکترە؟ ئێرە یان ئەوێ؟ ئایا خۆشت رابوارد)): ((ئێمە بۆ رابواردن نەچووبووین و وابزانم بێ قەید و بەندی لەگەڵ رۆحی من و سەعیدا سازگار نییە، مەگەر لەبیرت چووە من کوردم؟)) پرسیم: ((مەگەر ئینسان دەبێت کورد بێت تا لە بێ چەندو چوون بێزاربێت؟)): ((نا، مەبەستم ئەمەبوو کە ئێمە کوردەکان پیڕەوی دەستووری تایبەت بەخۆمانین، لە هەندێ بابەتدا لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازی سەلیقەمان هەیە، بۆ نموونە، کوردێك هەرگیز بە هاوسەرەکەی ئیجازە نادات کە رێی بۆ دانێت، ژنی کورد گوێ ڕایەڵی هاوسەری خۆیەتی و تەنانەت بەبێ ئیزنی ئەو لەماڵ ناچێتە دەر)) وتم: ((کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارن؟)): ((نە بەم شێوە، ژن خۆی حەز دەکات کە گوێ ڕایەڵی مێردەکەی بێت، پیاوانیش ئازادن بە هەر شێوەیەك کە حەز دەکەن بژین؟ بێ ئەوەی کە هاوسەرەکانیان بوێرن رەخنەیان لێ بگرن)): ((ئەگەر بەم شێوە بێت، من وا

بیردەکەمەوە کە ئەوان ژن ناهێنن، بەڵکو کۆیلە دا ئەمەزرێنن)) پێکەنی و وتی: ((وابیرمەکەوە، تا ئەوان نەناسی ناتوانی رەخنە لە شێوەی ژیانیان بگریت، من دەبێت رۆژێك دانیشم و لەگەڵ تۆدا سەبارەت بە ڕێ و رەسمی خۆمان قسە بکەم، دڵنیام ڕات دەگۆڕێت، چی بوو  قسە گەیشتە کوردستان؟)): ((من پرسیم کە ئایا لە ئەمریکا ژیانت خۆش بوو،  تۆش مەسەلەی کورد بوونت هاوردە پێش، باوەڕم نەدەکرد بگەڕێیتەوە)): ((بۆچی؟)): ((زۆربەی گەنجەکان حەزیان لە ئازادییە و تا پا لە سنوور ئەخەنە دەرەوە خۆیان لەبیر دەچێتەوە)): ((سەبارەت بە منیش وابیرت کردەوە؟)): ((نەبەم شێوە، وابیرم دەکردەوە کە بە بینینی ئامێری باش بۆ نەشتەرگەری، مانەوە لە هاتنەوە بەچاکتر دەزانی)): ((هەموو کەسێك وانیە، ئەوانەی کە هەست بە بەرپرسیاری دەکەن ئەگەڕێنەوە، من و ئەوانەی کە وەك منن بە پارەی ئەم خەڵکە دەرسمان خوێندوە، نابێت ئیجازە بدەین بە خۆمان کە رەنج و ماندووێتی ئەم خەڵکە، بێگانە بیخوات،)): ((ئەوانی تر وەکو تۆ تێ ناگەن)): ((بۆچی؟ سەرئەنجام ئەگەڕێنەوە، بە تایبەتی ئەگەر دڵیان لێرە بێت)) بە بزێوی پرسیم: ((دڵی تۆ لێرە بوو؟)): ((من قەرزاری خەڵك بووم ، تەنیا ئەوەندە)) زەردەخەنەیەکی کرد، لێم تێگەیشتبوو، پرسی: ((تۆلەم ماوەیەدا چیت کرد)): ((هیچ چاوەڕێ بووم)): ((چاوەڕێی کێ؟)): ((هیچ کەس ، چاوەڕێی داهاتوو بووم)): ((بەڵام داهاتوو چاوەڕێ بوونی ناوێت، خۆی لە خۆیەوە دێت، من وام زانی دەڵێی چاوەڕێی دیداری ئێمە بوویت، هەمیشە حسێبەکانم هەڵە دەردەچێت، بەڵام گرنگ نییە، ئەمیش لەسەر تەواوی هەڵەکانی تر)) کە گەیشتینەوە ماڵ بەهرام رووبەڕووی پێشوازی گەرمی ماڵەوە بوو،  بە شێوەیەك لە باوەشی باوکمدا جێی خۆی کردبۆوە کە دەتوت خەیاڵی جیابوونەوەی نییە، مناڵەکان لەسەرەتادا شەرمیان دەکرد، بەڵام پاشان ئەوانیش چوونە ناو ئامێزییەوە بێ ئەوەی من و ئەو بزانین، بۆ بەسەر بەرزی گەڕانەوەی کردبوویان بەجەژن، دەمووچاوی لە خۆشحاڵیدا دەدرەوشایەوە، سەعید پرسی: ((ئێوە بۆ کوێ چووبوون. ئێمە چەند سەعاتە چاوەڕێین)) بەهرام وەڵامی دایەوە: ((بەدوای تۆ دەگەڕاین پاشان نانمان خواردو



گەڕاینەوە)) سەعید پرسی: ((هەر ئەو جێگە هەمیشەییەکە؟)) بەهرام بە ئاماژەی سەر وەڵامی بەڵێی دایەوە، سەعید بەداخەوە وتی: ((چۆن هەستم نەکرد کە ئێوە بۆ ئەوێ رۆیشتون، کاتێ کە باوکم ئاگاداری کردمەوە کە هاتووی بۆ ماڵەوە، هاتمەوە و لەگەڵ مەسعود و ئەوانی دیکە چاوەڕێتان بووین، بەهرام رووی کردە دایکم و وتی: ((وەعدەی میوانی بۆ ئەمشەو نەبوو)) باوکم وتی: ((ئێمە میوانمان نەداوە، هەمووان دەیانویست بتبینن، نەیانتوانی تا سبەی شەو سەبرکەن، خۆشحاڵن کە بەساخ و سەلامەتی گەڕایتەوە، ئەم چەند رۆژە دواکەوتنەی تۆ بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، بە تایبەت، سەعید، دەتوت شتێکی بزر کردووە، بۆچی تەلەفۆنت نەکرد تا بێین بۆ پێشوازیت؟)): ((نەمدەویست سەرقاڵتان بکەم)) باوکم ناو چاوی لۆچ کرد و وتی: ((ئەمە چ قسەیەکە، مەگەر تۆ لەگەڵ سەعید و مەسعود چ جیاوازییەکت هەیە؟ هەرچەندە من باوکت نیم، بەڵام تۆم وەك مناڵەکانی خۆم خۆش دەوێت؟)) سارا وتی: ((من دەزانم بۆچی دکتۆر پێمانی نەوت کەی دێتەوە، دەیویست دیارییەکانمان بشارێتەوە بەڵام دکتۆر من بەرامبەی ئەو لیستەی کە نووسیت دیارییەکانم وەرئەگرم)) بەهرام وتی: ((شەرمەزارم مەکەن، دیاری من لەبەرامبەر ئێوە چ شتێ نییە)) سیما وتی: ((بەڵام ئێمە بەدڵمانە، کە تا بۆ وەرگرتنیان بێین؟)): ((هەر کاتێ حەزتان کرد، بڵێن لە خزمەتانا حازرم)) قسەکردن دەستی پێ کردبوو و رێك وەك شەوی خواحافیزی درێژەی کێشا، بەیانی رۆژی دوایی، سەعید و بەهرام هێشتا خەوتبوون کە من چووم بۆ دەوام، دکتۆر بۆ هەمووان دیاری هێنابوو جگە لە من، کاتێ دیارییەکانی لە نێوان خیزانەکەدا دابەش دەکرد، دانیشتبووم و سەیریم دەکرد کە سەرە گەیشتە من، بە دەنگی بەرز بە شێوەیەك کە هەموو بیبیستن وتی: ((نەمتوانی بۆ سەعیدە خان شتێك هەڵبژێرم کە نەیبێت، هەرچەندە بۆ هیچ کام لە ئێوەش نەمتوانی شتێ بێنم کە شایەنی ئێوە بێت، بەڵام سەبارەت بە سەعیدە خان، بەڕاستی شەرمەزارم)) سەعیدیش لەگەڵ مندا نەبوو تا یارمەتیم بدات، وتم: ((سوپاس بۆ چاکەی تۆ، هەروەها کە من پێویستم بە شتێك نییە، ئەگەریش بمبوایە لێتم وەر نەدەگرتی پاشان لە نێوان گێژاوی ئەوانی دیکە پەنام

بردە بەر ژوورەکەم، نازانم بۆچی دەیەوێت ئازارم بدات، ئایا بەڕاستی نەیدەزانی، یان دەیویست تۆڵەی شەوی سەفەرەکەی بسەنێتەوە؟ بەهاتنی ریتا دەستم لە بیرکردنەوە هەڵگرت، وتی: ((سەعیدە تۆ حالت باشە ؟)): ((چاکتر لە ئەمڕۆم لەیادنییە)): ((ئەی بۆچی لەگەڵ دکتۆردا وا قسەت کرد؟ ئایا دیارییەك بۆتۆ تا ئەم رادەیە گرنگ بوو کەوات کرد. ئەگەر تۆم نەناسیایە دەموت حەسوودی دەبەیت، بەڵام دەزانم بابەتی دیاری لە ئارادا نییە، دڵگرانیت هۆیەکی دیکەی هەیە، بڵێ چییە؟)): ((بەڵێ، حەق بە تۆیە، من منداڵانە هەڵسوکەوتم کرد، سەیری چاوەکانی دکتۆرت کرد؟ ئەو ئەیەوێت من بشکێنێ، ئەیەوێت تۆڵە بسەنێتەوە، بەڵام نازانم تۆڵەی چی؟ ئایا بۆ ئەوەی ئەو شەوە بۆ رەوانەکردنی نەچووم بۆ فڕۆکەخانە؟ لە ئیشی تێ ناگەم)) ریتا وتی: ((چاکتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ ژوورەکەو بەڕووی خۆتی نەهێنی)) کاتێ میوانەکان چوون، دایکم وتی: ((سەعیدە هەڵسوکەوتت وەك جاران بوو، بۆچی بوختانی بۆ دەکەی؟ وتم: ((قسەی بوختان لە ئارادا نییە)) وتی: ((خەیاڵم دەکرد کە گەورە بوویتە، بەڵام هەڵەم کرد)) وتم: ((تۆ هەمیشە لەسەر بەهرامت کردۆتەوە و من لەگەڵ تۆدا قسەیەکم نییە)) سبەیٔ ئەو رۆژە بەماندوویەکی نەناسراو چووم بۆ دەوام لەوێش دیسان مەجبووربووم گوێ لە نەسیحەتەکانی مەسعود بگرم، پاش نیوەڕۆش لە تاقیگە لە نەسیحەتەکانی ریتا سودم وەرگرت، هیچکامیان لەقسەم تێ نەدەگەیشتن، منیش بەزۆر بێدەنگیم هەڵبژارد، کاتێ لە تاقیگە هاتمە دەرەوە، دکتۆرم بینی کە چاوەڕێ بوو، خۆم لێ کەڕکرد، ئارام بەدواما هات وتی: ((لاسایی کچە خوێندکارەکان مەکەوە، چاکتر وایە سوار بیت، کاتێ لە لای دانیشتم، وتم: ((ئەمە لەو کاتانە بوو، کە دەبوایە بۆ دورخستنەوەی دڵتەنگی داوای یارمەتیم لەخەڵك بکردایە،: ((دەشتقیژاند)): ((ئەگەر جارێکی تر دووبارە بێتەوە دەشقیژێنم)): ((وەرە بێ قسەبکەین بێ ئەوەی بێتە دەمقرە)): ((بەڵام من قسەیەکم نییە کە بەتۆی بڵێم)): ((هەمیشە قسە بۆ وتن هەیە)): (( کاتێ ئێمە لەقسەی یەکتر تێ ناگەین، چاکتر وایە بچینە پێشوازی بێ دەنگییەوە)): ((بۆ لە یەکتر تێگەیشتن چاکتر وایە بێدەنگی بشکێنین)): ((ئەم ئیشە چ دەسکەوتێکی



هەیە، ئێمە هیچ کات پێکەوە ناگونجێین)): ((تۆ بێ هیوا دێیتە بەرچاو)): ((نا، بێ هیوانیم تاقەتی قسەکردنم نییە)): ((ئێستەش لەو کارەی کە کردم، دڵگیریت)): ((بەهیچ شێوەیەك، من تەنیا لە شێوەی قسەکردنت دڵگیرم، هەندێ کات بەرەسمی لەگەڵمدا قسە دەکەیت، هەندێ کات خۆمانەیی)) بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((بەڕاستی ناسینی تۆ قورسە)) وتم: ((من جارێك خۆمم بە تۆناساند، تۆ چۆن دکتۆرێکیت کە ناتوانی پارچەکانی کەسایەتییەك بخەیتە پاڵ یەك؟)): ((لەبەر ئەوەی بە تەواوی نەشکاوە، ئەندامێ کە باش بەیەکەوە نەلکابێ، دەبێت بە تەواوی بشکێت و پاشان چاك بکرێتەوە)): ((بەڵام من ریز لە پارچە پارچەی کە سایەتی دەگرم)): ((منیش نامەوێت ئەو پارچانە فڕێ بدەم)) بەڵکو ئەمەوێت بیانلکێنم بەیەکەوە، و بەمەیلی خۆم شێوەیان بدەمی)): ((من خۆم نانێمە بەردەستت کە نەشتەرگەریم لەسەرکەیت)): ((من نەشتەرگەریم دەست پێ کردوە تۆ ئاگات لێ نییە)): ((خۆشحاڵم کە زانیم چونکە لە ئێستا بەدواوە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تۆدا زیاتر خۆم دەپارێزم)) دیسان پێکەنی و وتی: ((دەبینین)) ئەمجارەش کاتێ گەیشتین کەس لەماڵ نەبوو، بۆ یەکەم جار لەوەی کە لەگەڵ ئەودا تەنیا بووم، ترسام، پرسیم، حەزت لە چای هەیە؟)): ((ئەگەر زەحمەت نەبێ، بەڵێ)) بۆ دروست کردنی چای چووم بۆ چێشتخانە، دەنگی گرتنی ژمارەی تەلەفۆن دەهات و پاشان دەنگی وتووێژم بیست، بێ ئەوەی بمەوێت سەرنج بۆ قسەکانی راکێشرا، زۆر خۆمانە قسەی دەکرد، بیستم کە ئەیوت: ((من ئەمڕۆ چووم بلیتت بۆ بکڕم، بەڵام تەواو بووبوو، بۆ بەیانی بلیتم گرت کاتژمێر نۆ ماشینەکە دەکەویتە رێ نانت خواردووە؟)) نازانم ئەو چ وەڵامێکی دایەوە کە دکتۆر وتی: ((من هێشتا نەمخواردووە، ئەمشەو زوو بنوو، تا بەیانی ماندوو نەبێت، لەوانەیە بێم بە دواتاو بچین بۆ نەقلیات)) و پاش کەمێ بێ دەنگی درێژەی پێداو وتی: ((نا، زەحمەت نییە، پێوستت بەهیچ شتێك نییە؟ ...تا بەیانی خوا حافیز)) پێوەندییەکە تەواو بوو، من بە سینی چای هاتمە ژوورەوە، لەسەر کاغەزێکی بچووك بیرەوەری دەنووسی، پرسیم،: ((رێبوارت هەیە)): ((بەڵێ)): ((بێگومان زۆر لێتەوە نزیکە کە

ئەوەندە خۆمانە قسەت دەکرد)): ((بەڵێ یەکێکە لە خزمان لەگەڵ ئەودا لە ئەمریکا گەڕاینەوە)) هاتەوە یادم کە سەعید لە یەکێ لە نامەکانیدا ناوی کچێکی بردبوو، زۆر ترسام، پرسیم: ((تۆ نەتوتبوو کە هاوسەفەرت هەبووە)) کەسێ نەیپرسی و منیش بە پێویستم نەزانی کە قسەبکەم)) لە چاوەکانیدا بزۆزییەکەی رابردوو دەبینرا، ویستم بە شێوەیەك رەفتارکەم، کە ئەو هەست بکات بۆمن گرنگ نییە، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی پیاڵە چایەکەی لەسەر مێزەکە داناو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ((ستارە لەو کچانەیەکە لە ژیانیدا بەدوای رابواردنا ناڕوات، ئەو بۆ خزمەت کردن بەخەڵك گەڕاوەتەوە و دەیەوێت لەسنە ئیش بکات، بەیانی دەکەوێتە رێ)): ((مەبەستت ئەوەیە کە منیش سەر بە ئێرە نیم و ئەبێ بگەڕێمەوە؟)): ((نا، بۆ پیاوان مەسەلەکە جیاوازە، ئافرەتەکان چاکترە بۆ جێگەی ژیانی خۆیان بگەڕێنەوە ژیان لە جێیەکی قەرەباڵغ وەك تاران، بۆ کچێکی تەنیا سەختە)): ((بەڵام لەگەڵ رای تۆدا نیم، ئەو سیانزە ساڵ لە ئەمریکا ژیاوە و کێشەیەکی تووش نەبووە کەواتە دەتوانێ لە تارانیشدا بژی، بەڵام ئامانجی ئەو شتێکی جیاواز لەمانەیە)) تێگەیشتن لەو کێشانەی کە خەڵکی هەیانە، بۆ تۆ کە تەمەنێك لەنازو نیعمەتدا بوویت، ئاسان نییە، بەڵام من و ستارە دەزانین هەژاری چییە، ئێمە دەزانین کە نەبوونی و پێداویستی سەرەکی لە دێهاتدا چ زەرەرێکی گەورە دێنێتە کایەوە، من لە هەوڵدام بۆ دروست کردنی دەرمانخانەیەکی پێش کەوتوو چونکە لە تاران بەڕادەی پێویست دکتۆر و پێداویستی پزیشکی هەیە، بەڵێ ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو جێگەی کە لێوەی هاتووم، منیش وابیر دەکەمەوە کە سەعید لەگەڵ مندا بێت، ئەو لە نزیکەوە بارودۆخی ئەویێ بینیووە)) وتم: ((جووتێکی باش دەبن، یەکێکیان مامان و ئەوی دیکە جەراح، تۆ پیاوێکی بەختەوەری))؛: ((لەکوێوە ئەزانی کە ستارە مامانە؟)): ((چونکە سەعید لەیەکێ لە نامەکانی ئیشارەتی بەم ئافرەتە کردبوو، هەڵبەت ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبێتم ئەویش کچە)) ئاماژەی رەزامەندی قسەکەمی بەسەر ڕاوەشانێ درکاند، ئەوە، بەڵام لە بارەی جووتێکی بەختەوەر، لە مەبەستت تێ نەگەیشتم، ئەگەر لەلایەنی ئیشی دەڵێیت،



بەڵێ وایە ئێمە ئەتوانین گروپێکی باش بین)) وتم: ((بەڵێ، مەبەستم ئەوە بوو)). بۆ ئەوەی نەکەومە بەرانبەری پرسیارەکانی تری سینییەکەم گەڕانەوە بۆ چێشتخانە، بە هاتنەوەی باوك و دایکم، وتووێژی ئێمە بڕا، ئەو تا هاتنەوەی سەعید لەگەڵ دایك و باوکم قسەی دەکرد، لە بارەی ئەو کێشانەی کە دەوڵەت بۆی دروست کردبوو، سەبارەت بەو ئینسانە خێرخوازانەی کە حازر بوون یارمەتی بدەن قسەی لەگەڵ سەعید سەبارەت بەو ئیشەی کە خستبویە ئەستۆی کردەوە، پرسی و وەڵامی وەرگرت، من تا ئەو شەوە نەمئەزانی بەداوی چ ئامانجێکەوەیە، تەنیا ئەمزانی لەیەکێ لە باشترین نەخۆشخانەکانی تاران نەشتەرگەری دەکات و عەسرانە ئەڕوا بۆ عەیادە، بەڵام ئەو دەیویست بگەڕێتەوە لە هەر نۆبەتێکدا کە ئەهات بۆ ماڵمان من زۆرتر ئەوم دەناسی و خۆمم زۆر لە بیر و بۆچوونەکانی دوور دەبینی، بیری ئەو بۆ نەجاتی خەڵك بوو، بەڵام من لە بیری خۆمدا بووم و ئەو ژیانەی کەتێیدا دۆڕابووم، شەوێك لە نێوان وت و وێژدا، قسە لە ئازادی هاتە کایەوە هەرکەسێك رای خۆی دەر دەبڕی، ئەو بێ دەنگ بوو و گوێی لە قسەکانی ئەوانی دیکە ئەگرت، بەڵام کاتێ کە قسەکانی من کە سەبارەت بە دیموکراسی لە کۆمەڵگەی خۆر ئاوادا بوو کۆتایی پێ هات، زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ((تۆ کام دیموکراسییە باس دەکەی؟)) وشەکان خۆیان، لە خۆیانەوە جوانن و پێویستی بە ناساندن نییە، بەڵام لە پراکتیکدا دەمووچاوێکی ناشیرین دەدەن، کام کۆمەڵە شك ئەبەیت کە تێیدا دیمکراسی بە تەواوی مانا پەیرەو ئەکرێت؟)) سارا وتی: ((من لە سیاسەت زۆر نازانم بەڵام ئێوە حاشا لەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگەی وەك ئەوروپا و ئەمریکا ئازادی بەمانای تایبەت هەیە؟)) بەهرام وتی: ((بێگومان مەبەستمان لە ئازادی پێوەندی ئازادانەی ژن و پیاوە، چونکە لەوێ جگە لەم مانایە، ئازادی مانایەکی نییە، تۆ و خوشکەکەت سەعاتێکە دەربارەی ئازادی قسە دەکەن و تەنیا شتێك کە لەوتو وێژەکەتان دەستم کەوت دەمەیە کە ئێوە حەسرەتی شتێك دەخۆن کە نەتەنها سەر بەرزی نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی نەنگی کۆمەڵگەی بەشەری جگە لە تێکڕای بیرو لە ناوبردنی نەسڵێ گەنج شتێکی

تری بەدواوە نییە، سەعیدە خان خۆی چاکتر دەزانێت ئەویّ چۆنە)) وتم: ((من حاشا لەوە ناکەم کە فەساد زیاد لەحەدە، بەڵام تەنیا لەویّ نییە، لە هەموو جێگایەك دا دەبینرێت مەبەستی من لە ئازادی، ئازادی بەیانە، زۆربەی گەنجەکانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات مانەوە چونکە لەویّ دەتوانن ئاسان رای خۆیان دەربڕن، دەتوانن قسە بکەن، رەخنە بگرن و رای خۆیان بۆچاك کردنی کۆمەڵ بەیان بکەن، لە کۆتایشدا بڕۆن بیّ ئەوەی کەسێك موزاحمیان بێت، ئایا ئەمە ئازادی نییە؟)) سەری جووڵاند و بە پێکەنینەوە وتی: ((ئایا تۆ لە ئاماری زیندانە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بەناوە پێشکەوتووانە دا، پەیرەوی ئازادی ئاگاداریت؟)) وتم: ((نا)) بەهرام درێژەی دا: ((بەداخەوە بۆ ئەوەی کە دەبینم تۆ هێشتا حەزت لە ژیانی ئەوانەیە، لە ژێرکاریگەری شوێن و فەرهەنگی ئەوانیت، بەڵام دەبێت بۆ روناك کردنەوەی بیرت بڵێم کە لە هیچ جێگەیەك مۆڵەتی ئەمەت نادەنیّ کە قسەی حەق بڵێیت، ئەگەر دەبینی گەنجە ئێرانیکان لەویّ ڕەحەت رێپێوان دەکەن، لەبەر ئەوەیە زیان لە بەرژەوەندییان نادەن و زۆریش بەسوودی خۆیانە، بەڵام ئەگەر هەر ئەم کەسانە بیانەوێت رەخنە لە ئیشی حکومەت بگرن تووشی گێچەڵی دەبنەوە، نەئازادی هەیە، نە یەکسانی، ئەگەر ببوایە رەش پێستەکان مافێکی شێوەی مافی سپی پێستەکانیان ئەبوو، ناوچەیەك بەناو هارلم نەئەبوو، تۆ هێشتا گەنجیت و لە سیاسەتی زل هێزەکان غافڵی، چەندە باش ئەبوو ئەگەر بە نیگایەکی باشتر و قووڵتر سەیری سەرچاوەی ئازادیت بکردایە، بۆ منوونە، سەیرکە چییان بەسەر وڵاتەکەمان هێناوە !)) وتم: ((ئەگەر عەیبەکانی دەبیینی بۆچی هەوڵ بۆ لە ناوبردنیان نادەیت؟)) بەهرام وتی: ((هەرگیز دەستێك دەنگی نەبوو، دەبێت چاوەڕێی رۆژێك بین کە خەڵك لە خەو هەڵسن، هەست دەکەم ئەو رۆژە زۆر دوور نییە)) بابەتەکەمان درێژەی کێشا و ئەو لە هەر دەرفەتێ سوودی وەردەگرت، وابیری دەکردەوە کە من هێشانا هەر سەعیدەکەی چەند ساڵ لە مەوپێشم بەهەمان شێوەی بیرکردنەوە و بەهەمان باوەڕ، لەوانەیە حەق بەو بووبێت و من هێشتا بە تەواوی نەگۆڕابووم))



# بەشی پێنجەم

رۆژێك لە رۆژەکانی کۆتایی وەرزی بەهار، دکتۆر بۆ دۆزینەوەی جێگەیەکی باش بۆ بینای دەرمانخانە، ئاگری حەسادەتی لە گیانمدا زۆر دەکرد، بەهرام پاش سیّ حەوتە بیّ خەبەری گەڕایەوە و تەلەفۆنی بۆ تاقیگە کرد، بە بیستنی دەنگی، گیانم تازەبووەوە، کاتیّ وتی لە ماڵەوە دێت بەدواما، قەبووڵم کرد لەسەر سەعات هات، ئەو رۆژە جلێکی جوانم لەبەردا بوو، قژی خۆمم جوان کردبوو، کاتی یەکتر بینینمان نە تەنیا وەسفی جوانیمی نەکرد، بەڵکو هەستم کرد کە نارەحەتیشە، چونکە تا چوومە ناو ماشێنەکە، وتی: ((چەندە باش ئەبوو، ناو نیشانی کچی ئێرانیان بۆی ئەگەڕاندەوە)) وتم: ((باوەڕناکەم کچی ئێرانی ناونیشانی خۆی لەدەست دابێت کە پێویستی بە گەڕاندنەوەبێت)) بە پێکەنینێکی تاڵەوە وتی: ((دیارە، سەیری خۆتت نەکردووە)) وتم: ((کەواتە هەڵە لەمنە، بۆچی بە شێوەی کۆ تانە و توونە دەدەیت؟)): ((هاوشێوەی تۆکەم نین، بەڵام ئێستا رووم لەتۆیە)): ((ئەم جارە چ هەڵەیەك بووە کە هێشتا نەگەیشتویت رەخنە دەگریت؟)): ((واتە خۆت پێت نەزانیوە؟)) کاتیّ بیّ دەنگیمی بینی بەدەنگی بەرز پێکەنیو وتی: ((وابزانم کاتی راکردن لە دەستی بەرتەنگی هاتووە، ئەگەر نارەحەتیت بڵیّ تا بێدەنگ بم)) وتم: ((ماندوو نارەحەت نیم، بەڵام پێم سەیرە بۆچی لەبڕی دکتۆری، بەشی رەوان بێژیت هەڵنەبژاردووە چونکە وتە بێژیکی باشت لێدەردەچوو)): ((سوپاس بۆ رێنماییت، بەڵام گومانم لەوەی کە ماندوویت راست دەرچوو، کەواتە بیّ دەنگ دەبم)): ((نا، تکایە بەردەوام بە تا هۆکانت بۆ نەوتووم بیّ دەنگ مەبە، ئێستا کە دەستت پیّ کردوە تەواوی کە بۆچی بیر ئەکەیتەوە کە من رەسەنایەتیم لەدەس داوە؟)): ((ئەگەر رەخنەت لیّ دەگرم، بەو هۆیە نییە کە تانەت لیّ بدەم، تەنیا بەهۆی ئەوەیە کە خۆشم دەوێیت، دەزانم خێزانەکەت

تا چەنێ تۆیان خۆش دەوێت، هەر ئەم ئەوینە بێ وێنەیە چاوی ئەوانی لە هەڵەکانی تۆ بەستووە، من وەك هاوڕێیەکی کۆن، بێ شاردنەوە، عەیبەکان دەڵێم، ئەم وتە بە نرخەت بیستووە کە دەڵێت، هاوڕێ ئەو کەسەیە کە بتگرێنێت؟» وتم: «ئەگەر چاوێك بۆ گریان هەبێت» بە هێواشی وتی: «چاوەکانت جوانە!» بیستم، بەڵام بۆ ئەوەی دووبارە بیڵێتەوە پرسیم: «چیت وت؟»: «هیچ لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد کەئایا ئەو مۆڵەتەم دەدەیتی؟ حەز دەکەم کە تۆش وابیت، هەر چەندە کە تۆ بێ مۆڵەت ڕەخنەم لێ دەگریت» وتم: «هێشتا تەواوت نەکردووە کە چ هەڵەیەکم کردووە، من ئامادەی بیستنم، بەڵام هەست دەکەم کە ئەمە ئاخرین جارە کە دەیبیستم» وتی: «کەواتە دەستی هاوڕێیەتیم ڕەت دەکەیتەوە؟»: «نادەستی هاوکاری لە تۆ ڕەت ناکەمەوە، بەڵام پێم خۆش نییە وەك منالّ لەگەڵ مندا هەڵسوکەوت بکەیت، ئەگەر بتەوێت ڕەخنە بگریت، ناچار دەبم بێ ئەوەی کە نمەوێت لە تۆ..»: «لە من ڕاکەیت؟»: «بەڵێ، بزانە کە خەتای تۆ بووە» پێکەنی و وتی: «بەداخەوە، وابیرم دەکردەوە کە لەڕەخنەی بەجێ تووڕە نابیت، ئێستا کەوایە ئیتر لەگەڵ یەکتردا قسەیەکمان نییە» وتم: «کۆتاییەکەی بڵێ و پاشان تەواوی کە» جگەرەیەکی داگیرساند و فەرمووی لێ کردم، وتم جگەرە ناکێشم، خۆشحاڵ بوو، من خۆشحاڵیم لەدەمووچاویدا بینی، وتی: «لەمحتەبەر کە هاتیتە دەرەوە، نەم ناسیتەوە، ئەم جل و ئارایشی قژە، هیچ کامیان شایستەی تۆ نین، ئەگەر ڕەخنەیەك هەیە لە جل و ئارایشەکەتە، ئایا ئەمانە نیشانەی پێشکەوتن و هاوچەرخێتیە؟» وتم: «بیرو باوەڕی تۆ کۆنە» وشەی کۆنی چەند جار بە هێواشی وتەوە، منیش ڕەخنەم لێ دەگرت،: «تۆ حەز ئەکەیت ژن دیل و خانەنشین بکەیت، نەوەك هەتاو و مانگە شەو دەمووچاوی ببینن، زەمانە پێشکەوتووە، ئێستا ژن و پیاو یەك مافی یەکسانیان هەیە، هەرکەسێك نەتناسێت هەست دەکات کە تازە لە پشتی شاخ...» قسەکەم خواردەوە، بەڵام ئەو وتی: «بۆچی ڕستەکەت تەواو ناکەیت، دەتویست بڵێیت کە لە پشتی شاخەوە هاتووم وانییە؟»: «مەبەستێکی تایبەتم نەبوو، داوای لێبووردن دەکەم»: «بۆچی داوای لێبووردن! پێم ناخۆش نییە کە



پشتی شاخیم، بەعەکسەوە، شانازی بەخۆمەوە دەکەم، کە فەرهەنگی غەڵەتی ڕۆژئاوا، نەیتوانیوە لە کەناری شاخەکانی کوردستانم تێپەڕێنێت، ئەگەر وابوایە ئەبوە هۆی سەر شۆڕیم، ئێمە و باوەڕەکانمان پاك و دەس نەخواردوو ماوینەتەووە، من خەفەت بۆ ماڵی ئێوەی شارێکان دەخۆم کە بێ ئەوەی ئاگاتان لێ بێت بوونەتە یاری دەستی خەڵکی، ئەگەر شەرم و حەیا لە کچی ئێرانی بسەنرێتەوە، چی بۆ دەمێنێتەوە؟ ئەگەر نامووس پەرەستی، کۆنەپەرستی بێت، بەڵێ من وام کۆنەپەرستم» وتم: «نامووس پەرستی لەگەڵ دیل کردنی ژن جیاوازە، پیاوێك هەم دەتوانێت مۆڵەت بە هاوسەرەکەی بدات کە لەمافەکانی ناو کۆمەڵ بەهرەمەند بێت و هەم نامووس پەرست بێت» تووڕە بوو و ماشێنەکەی لە لیواری شەقامێکدا ڕاگرت، و وتی: «دیسان لە سوودی ناو کۆمەڵ قسە ئەکەیت، کام سوودانە؟ کام مافە؟» لە دەڵەوە حەقم پێ دەدا، بەڵام نەمدەویست وابیرکاتەوە کە قسەکانی کاری تێ کردووم، دریژەی دا: «خانم، هەمەکە گوڵ، کاتێ گوڵە کە بەچڵەوە بێت، بەڵام بە لێکردنەوەی لەچڵ بەرەو سیس بوون ئەڕوات و ئیتر جوان نییە»: «کەواتە ئەم هەموو گوڵفرۆشانە، دڕکن فرۆشن، نەك گوڵ فرۆش، هەموو گوڵفرۆشەکان تابلۆکانی خۆیان بگۆڕن و بنووسن دڕك و داڵ فرۆشی» کەڵەموستی خستە پشت گوێ و پرسی: «ڕووەکێ کە ڕەگی هەیە زۆرتر دەوام دەکات یان ڕوەکێك کە بێ ڕەگە؟»: «دیارە، ئەوەی کە ڕەگی هەیە،»: «کەواتە ئیتر قسەیەك بۆ وتن نامێنێ، تۆیان لەڕەگ جیاکردۆتەوە»: «بۆچی من دەکەیتە منوونە و تەنیا باسی من ئەکەیت، ئایا شێوەی ڕواڵەت دەبێتە هۆ؟ ئەگەر ڕوالەتی من وای لە تۆکردووە کە لەسەر کورسی قەزاوەت دانیشی، دەبێت بڵێم من لەگەڵ ڕواڵەتم شوێنی دەوامەکەشم وا دەکات کە من ئەم جلانە لەبەرکەم» قانع نەبوو و وتی: «ئەسڵەن بۆچی لەسەر دەوام کردن سووری.؟ تۆ لە خۆشی تەواو دایت، پێویستت بە ئیش کردن لەدەرەوەی ماڵ نییە»: «دەمەوێت سەربەخۆیی ماڵیم هەبیت، من کەسێ نیم کە بەهیوای باوکم دانیشم، دەبێت بۆ خۆم ژیانێکی تازە دروست بکەم»: «ئەگەر ڕۆژێ، لەداهاتوودا هاوسەرەکەت بە ئیش

کردنت راز نەبوو، ئایا حازریت دەس لە ئیشکردن هەڵگریت و ببیتە ژنی ماڵەوە؟)):
((ئەگەر بزانم ژیانم بۆ دابین دەکات، دەست لە ئیش کردن هەڵدەگرم)) هەناسەیەکی ڕەحەتی کێشاو وتی: ((کەواتە ئاواتە خوازم کە هاوسەرێك بدۆزیتەوە کە بەئیش کردنت ناڕازی بێت و حەز دەکەم، باوەڕکەم هەر ئەو سەعیدەیەیت کە کاتی قسەکردن عارەقی شەرم لەسەر گۆناکانی ئەنیشت، چ ڕۆژێك بوو، باش لەیادمە ڕۆژێك کاتێ لە زانکۆ گەڕامەوە، وەك عادەت لە زەنگمدا و بەسەرسوڕماویەوە بینیم کە تۆ دەرگاکەت کردەوە، بە بینینم شەرمت کرد و زوو سەرت شۆڕکردووە دوور کەوتیتەوە، ئەو ڕۆژە سووری دەمووچاوت منی جوولاند، بەڵام ئێستا کەسێك دەبینم کە لەگەڵ سەعیدەی ئەو ڕۆژە و ئێستا، زەوی تا ئاسمان فەرق دەکات)) وتم ئەوکاتە سەعیدە کچێك بوو و ئێستا بێوەژنێك)) لێوی بەدان گەست و وتی: ((فەرق ناکات تۆ لە حاڵی حازردا هاوسەرت نییە، بەڕای من ئێستاش دەبێت سادە بیت، وەك رابردوو)): ((ئایا جلی سادە بکەمە بەرم، دەگۆڕیم؟)) بەدڵنیاییەوە خانمێکی جوان دەبیت کە ڕێزت زیاد دەکاتن هێمنی تۆ خۆی دەبێتە سەر بەرزی.)) کاتی خوا حافیزی وتی: ((تۆ کچێکی باشیت، هیوادارم من بە هاوڕێی خۆت بزانیت و کەمێ بیر لە قسەکانم بکەیتەوە هەڵبەت ئەوەندە کە بۆ خەوتن پێویستت بە حەب بێت)) ئەو شەوە لە حاڵەتێکدا کە بیرم لە قسەو باوەڕەکانی بەهرام دەکردەوە خەوتم، بیرم نەکردووە، چەندە بەختەوەر دەبووم ئەگەر بمتوانیایە خۆم بەوشێوەی کە ئەو حەزدەکات بسازێنم.



## بەشی شەشەم

هەرگیز دنیا لەگەڵ مندا سازگار نەبووە، ژیانم بەناردنی چەن چڵە گوڵێ لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە، گۆڕا، نازانم لەو ئیشەی چ مەبەستێکی هەیە، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە ڕۆژێك عەسرانێ کاتێ کە چووم بۆ تاقیگە، چەند چڵە گوڵی سوور لەسەر مێزەکەم بوو، دەوروبەرەکانم بە شێوەیەکی تایبەت سەیریان دەکردم، سەبارەت گوڵەکان لە ریتا پرسیارم کرد، بەڵام وتی: ((بێ ئاگایەو وتی هەستم کرد کە دکتۆر ئەمانەی بۆ ناردوویت)) وتم: ((ئەو پیاوێکی ڕۆمانتیك نییە و هەروەها ئەمشە و لە ماڵمان دەعوەتە، نا ئیشی ئەو نییە)): ((لەوانەیە ئیشی دکتۆر فەرزین بێت؟ چونکە چەند ڕۆژ لەوەو پێش سەبارەت بە تۆ پرسیاری کردبوو دەیویست بزانێت کە ئایا حازریت دووبارە شوو بکەیت، یان نا؟)): ((باشە تۆ چیت وت ؟)): ((چونکە دڵنیا نەبووم وتم: ((نازانمن لەوانەیە بۆ ئەوەی سەرنجت ڕاکێشێت وای کردبێت)) لە نیوان گوڵەکان کارتێکی بچووك هەبوو کە لە سەری ئەم رستەیە تایپ کرابوو،: ((پێشکەش بە سەعیدە، بەتەواوی هەست و سۆزم)) نووسینەکەم هەڵگرت و بێ ئەوەی حەز بکەم گوڵەکانم کردە ناو سەتڵی شەخەڵەکەوە هاوڕێکەم گوڵەکانی هەڵگرتەوە و وتی: ((بۆ وادەکەی، خەتای گوڵەکان چییە؟)) کارتەکەم هەڵگرت و بێ ئەوەی بدەم لە دەرگای ژوورەکەی دکتۆر، بێ ئیجازە چوومە ژوورەوە کارتەکم خستە سەر مێزەکەی، سەیری کردم و پاش خوێندنەوەی کارتەکە وتی: ((تێ ناگەم، ئەمە چییە؟)): ((منیش دەمویست ئەم پرسیارەت لێ بکەم، ئەم کارتە لە بەینی چەند چڵە گوڵێ لەسەر مێزەکەم بوو)): ((باشە ئەمە چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە. بۆچی وا هەست دەکەی کەمن ناردبێتم؟)): ((نازانم، بەڵام چ کەسێك جگە لە تۆ ئەم ئیشە بکات؟)) پێکەنی و وتی: ((دڵنیابە لەلایەن منەوە نەبووە، ئەگەر بمویستایە خۆم پێشکەشم دەکردی))

بەسەر شۆڕبییەوە هاتمە دەرەوە ، ریتا پرسی: ((دکتۆر چی وت؟)): ((هیچ ئێمە هەڵەمان کرد، ئیشی ئەو نەبووە)): ((من وتم ئارام بە، لەوانەیە ئیشی براکەی فروغ بێت)): ((نا، مەحاڵە، چونکە ئەو ژنی هێناوە)) نەماندەتوانی گومان لە کەسێکی تر بکەین، کاتێ لە تاقیگە هاتمە دەرەوە، دنیا تاریك بوو بوو، چاوەڕێی تەکسی بووم کە بە ئیستۆپی ماشێنێ لەبەرپامدا بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت خۆم فڕی داوە دواوە بەهرامم لە سەیارەکەدا بینی کە پێدەکەنی، دابەزی و سەلامی کرد، پرسی: ((ترسای؟)): ((نا، نەترسام، بەڵام چاوەڕێم نەدەکرد تۆ بیت)) کەوتینە ڕێ، پرسی: ((تووڕە دێیتە بەر چاو، شتێ روویداوە؟ نەکا وەڵامی ئازمایشی نەخۆشەکانت بەهەڵە دابێتەوە؟)): ((نا هەڵەیەك رووی نەداوە)) هەناسەیەکم هەڵکێشا کە بووە هۆی ئەوەی درێژە بە پرسیارەکانی بدات. پرسی: ((دڵنیایت حاڵت باشە؟)): ((نازانم هەستێکی تایبەتم هەیە، تووشی جۆریك مغەوەشی و دڵەڕاوکی بوومە)): ((دەنگت دەلەرزێت بڵێ چی رووی داوە؟)): ((دەکرێ باسی نەکەیت؟)): ((ئەبێ باسی چ شتێك نەکەم؟ ئەحواڵپرسی عەیبێ نییە، بەڵام ئەگەر مەسەلەیەك رووی داوە باشتر وایە بڵێیت، چونکە هەم دەبێتە هۆی ئارامی تۆ و هەم من لە نیگەرانی دەردەچم)) بەناچار وتم: ((ڕاستیەکەی، ئەمڕۆ کەسێك گوڵی بۆ ناردووم کە نازانم کێیە، لە نێوان گوڵەکان، کارتێکی بچوك کە لەسەری تایپ کرابوو، پێشکەش بە سەعیدە، بەتەواوی هەست و سۆزم)): ((خۆزگەم بەخۆت، بەلای کەمەوە کەسێك هەیە کە گوڵت بۆ بنێرێ ))، ((گاڵتە مەکە، چونکە بەهیچ شێوەیەك تاقەتیم نییە)) بەجدییەوە وتی: ((حەزت لە چ گوڵێکە.)): ((گوڵێکی تایبەتیم خۆش ناوێت هەموو گوڵەکان جوانن)) ((باشە ئەو چ گوڵێکی بۆ ناردویت؟)): ((ئۆرکیدە)): ((ئم، چەند بە سەلیقەیە، ئەی چیت لە گوڵەکان کرد؟)): ((فڕێم داوە ناو سەتڵی شەخەڵەکەوە)): ((بۆچی وات کرد؟ دەزانی گوڵی ئۆرکیدە لە چاو گوڵەکانی تر چەندە گرانبەهایە)): ((بەڵێ دەزانم بەڵام تا نەزانم کێ ناردویەتی ناتوانم قەبووڵی بکەم)): ((نیگەران مەبە سەر ئەنجام دەیناسیت)): ((لەوانەیە حەق بە تۆ بێت، ریتاش رای وایە، یەکەم جار هەستمان کرد کە ئیشی دکتۆر فەرزین



بێت، بەڵام ئەو دڵنیایی کردین کە ئەو گوڵەکانی نەناردووە)): ((بۆچی گومانت لە دکتۆر فەرزین کرد؟)): ((چونکە ئەو دەربارەی من وتبووی ئایا حازرم و دووبارە شوبکەم یان نا بۆ ئەمەش پرسیاری لەگەڵ ریتا کردبوو، هەستمان کرد بۆ سەرنج راکێشان گوڵی ناردووە)): ((باشە، ریتا چ وەڵامێکی دابوو بەدکتۆر ؟)): ((چونکە لە من دڵنیا نەبوو، وەڵامێکی تەواوی نەدابوو)) بەدوو دڵییەو پرسی: ((ئەگەر ئەم پرسیارەی لە خۆت بکردایە چیت پێ دەوت؟)): ((بەتەمای شووکردن نیم)): ((بۆچی؟ مەگەر ئەو دەوڵەمەند نییە؟)): ((نازانم دەوڵەمەنە یان نا، دەولەمەندی ئەو چ پێوەندیەکی بەمنەوە هەیە؟)) بەکەمێ تووڕەییەوە وتی: ((مگەر تۆ حەزت لە دەولەمەندی نییە)) بێ دەنگ بووم و ئەو بە هیواشی وتی: ((بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ وتم: ((ئەگەر حەزم لە سەروەت بووایە ئێستاش لەگەڵ پەرویز دەژیام)): ((ئەی لە ژیانتدا بەدوای چیدا ئەگەڕییت. چ ئامانجێکت هەیە؟)): ((نازانم، تەنیا زانیومە کە سەروەت بەختەوەری ناهینیی)) بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((چ قسەیەکی فەیلەسووفانەیە قسەکەت ئێستا کاتی دەورەی سەرەتایی دێنێتەوە یادم، زانست باشترە یا سەروەت. بێگومان تۆش دەتنووسی علم، بەڵام **لەڕاسیتدا** پێچەوانەی ئەمەت سەلماند و کەوتیتە دوای سەروەت، ئێستا ئەڵێی سەروەت بەختەوەری نایەنێتن، بەڵام بەلێنت پێ ئەدەم کە دیسان بە پێچەوانەی قسەکەت کار دەکەیت)): ((بەڵام ئەمجارەیان بڕوام بە قسەکەم هەیە)): ((کەواتە تۆ حازری کە ژیانێکی ساکارت هەبێت و لە زێروزیو چاو پۆشی بکەیت؟ من باوەڕناکەم)): ((مەگەر ئەم ئیشەم نەکرد)) بێ دەنگ بوو پاش چەند چرکە زیاتری وت: ((زەمانە راستی قسەکانت ئەسەلمێنێت، بڵێ بزانم ئەمشەو هەمووان لە ماڵی ئێوەن؟)): ((بەڵێ هەڵبەت وابزانم )) شەوی دەندامانی خێزان بەهرامیان وەك نگینیك لە نێوان خۆیان دانابوو، ئەویش خۆشحاڵ ببوو، رازی بوو لەگەڵ ئەوان بئاخڤێ، ئەو هاوڕێیانەی، لەگەڵ ئەودا هاوبیر و باوەڕ بوون، لە نێوان گروپەکەیاندا، تەنیا کەسێك لەیاد چووبوو، ئەویش من بووم، لە کۆتاییدا، کاتێ خۆمم تەنیا بین، ژوورەکەم جێ هێشت و پەنام برد بۆ جێگەکەم، لەگەڵ خۆمدا شەرم دەکرد، بەخۆمم

ئەوت کە چۆن دەتوانی بەردەوام بیت، ئەو لە تۆ تێ ناگات، ئەو هێشتا لە خەیاڵی خۆیدا هەست ئەکا تۆ کچێکی بەرزەفڕی و خوازیاری سەروەتی، چۆن دەتوانی بیسەلمێنی کە گۆڕاویت. ئاه، خوایە، یارمەتیم بدەن تاکەی دەبێت باجی رابردوو بچێژم؟ بە هاتنەژوورەوەی سارا فرمێسکەکانم سڕییەوە، لە پاڵما دانیشت و پرسی: ((چی رووی داوە سەعیدە؟ بۆچی دەگری؟ دیسان لەگەڵ دکتۆردا..)): ((ناسارا، هیچ نەبووە، تەنیا دڵم تەنگە؟)): ((لەچی و لەکێ؟)): ((بابەت چ شتێك و چ کەسێك نییە، تەنیا دڵم تەنگە و دەمەوێت تەنیا بم)) دەستمی گرت و وتی: ((سەعیدە، کاتێ دکتۆر چوو تۆ فرمێسکت ڕژاند، هەرچەندە بە نهێنی بوو، بەڵام چاوە سوورەکانت نهێنیتی ئاشکرا دەکرد، ئێستاش کە گەڕاوەتەوە دیسان ئەگری؟ هەڵسە و ئەو بیرە مناڵانە لە مێشکت دەرکە)): ((تۆ لەکوێوە دەزانی کە بیرکردنەوەی من مناڵانەیە؟ من هیچم بە تۆ نەوتووە)): ((بۆیە دەڵێم منالانەیە؟ لەبەرئەوەی تۆ دەگریت، ئەگەر بۆ رابردوو فرمێسك ئەڕێژی، تێپەڕبووە و دەبێت لە یادی بکەیت، ئەگەر بۆ ئەو داهاتووەی کە هێشتا نەهاتووە دەگری، دەبێت بزانی کە هیچ کەس ئاگای لە داهاتوو نییە، ئێستاش لەخۆت تاڵ کردووە، ژیان ئەوە نایەنێت کە خەفەتی لێ بخۆیت، سەیری من بکە ، ئەگەر ئەمزانی دەورانی خۆشی و بەختەوەریم ئەوەندە کەمە هەرگیز چرکەیەکم لەدەست نەئەدەدا، بەڵام بەداخەوە کە نەمزانی و ئێستاش دەزانم کە بەحەسرەت خواردن، بەختەوەری لە دەست چووم ناگەرێتەوە، دەژیم و بەداهاتوو هیوادارم )) وتم: ((داهاتووی تۆ ڕوونە بە لە دەستدانی مەجید، خوا پیاوێکی وەك حەمیدی هێناوە سەر ڕێت، پیاوێك کە باش و میهرەبانە، ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە ساتێك بۆ بەسەربردنی ژیان لەگەڵ ئەودا دوو دڵیم نەدەکرد، حەمید ئەتوانیت باوکێکی باش بێت بۆ پەیمان و هاوسەرێکی وەفادار بێ بۆتۆ، بۆچی بڕیار نادەیت؟)) دەستمی گوشی و وتی: ((تۆ زەمانەت دەکەی لە کۆتاییدا رەفتاری لەگەڵ پەیمان ناگۆڕێت؟)): ((بەڵێنت پێ دەدەم، چونکە ئەو زیاتر لە تۆئاگای لەیادگاری براکەیەتی، هەست دەکەم یەکێك لەو هۆیانەی کەدەوێت بتخوازێت، مەسەلەی پەیمان بێت ئەو نایەوت یەکێکی تر لە



جێگەی باوکی پەیمان دانیشێت، بیەڵە پەیمان دەست بە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بکات یا باشترە بڵێم، مۆڵەتی بدەرێ تامی باوك بچێژێت)) هەڵسا و بە درێژایی ژوورەکە دەستیکرد بە پیاسەکردن: ((دەمەوێت قەبوڵی کەم، بەڵام دەترسم شەوانە تووشی مۆتەکە دەبم، خەو ئەبینم کە حەمید، پەیمانی لەماڵ دەرکردوە، من بۆ گەڕانەوەی دەپاڕێمەوە، کاتێ بە پەشۆکاوی و بە ترسەوە هەڵئەسم، خواشوکر دەکەم، کەشووم نەکردووە)): ((تۆ خەو دەبینی، بەڵام راستی شتێکی جیاوازە، حەمید پەیمانی لەگیانی خۆی خۆشتر دەوێت، خوشکم، هەست دەکەم تۆش پێویستت بە دکتۆرێکی دەروونناسە، دەتەوێ کارتت لە دکتۆر بۆ وەربگرم؟)) هەردووکمان پێکەنین و ئەو وتی: ((نا سوپاس، سەرئەنجام بە شێوەیەك لەگەڵ مەسەلەکەدا ڕێك دەکەوین، بەڵام باشتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ ژوورکە، تۆ بڕۆ دەمو چاوت بشۆرە  زۆر ناشیرین بوویتە)) کاتێ چووینەناو کۆمەڵەکە بەهرام چاوی تێبڕیم و پاشان رووی هەڵگەڕاندەوەو کاتێ لە خواردنی شیو رووبەڕووی دانیشتم هەستێکی نادیار لەبێ کەڵك بوونی ژیانم هەبوو، تەنیا گەمەم بە خواردنەکە دەکردە کەسێ جگە لەو ئاگای لێ نەبوو پرسی: ((تۆ حاڵت باشە؟)): ((بەڵێ)): ((ئەی بۆچی هیچ ناخۆیت؟)) لە جیاتی من باوکم وەڵامی داوە: ((بێ گومان حاڵی باش نییە، سەعیدە کاتێ تای لێ دی ئیشتیهای نامێنێ)) وتم نا باوکە حاڵم باشە، تەنیا برسیم نییە)) بەهرام بەگاڵتەوە وتی: ((لەوانەیە ئێستەش لەبیری گوڵەکان دابیت؟)) قسەکەی ئەو وای کرد ریتا پێبکەنیت. مەسعود پەرداخی ئاوی بۆ خۆی تێکرد و پڕسی: ((بابەتی گوڵەکان چییە؟ بڵێ تا ئێمەش بزانین)) لە نیگای رام کردو رووم کردە ریتاو ئەویش وەك ئەوانی دیکە چاوەڕێ بوو تا مەسەلەکە بگێڕمەوە، کاتێ بۆیانم وت، سیما بە گاڵتەوە وتی: ((ناردنی چەند چڵ گوڵ خراپ نییە، خۆزگا کەسێکیش بۆ من گوڵی دەنارد)) سەعید قسەکەی بڕی و وتی: ((لەگاڵتەوە دەرچێت، دەبێت بزانین ئەو کەسەی کە گوڵی ناردووە کێیەو و چ مەبەستێکی هەیە)) ریتا وتی: ((سەر ئەنجام من و سەعید مەسەلەکە چار دەکەین)) بەیانی ئەو ڕۆژە ناردنی گوڵ دووبارەبوویەوە، ریتا خزمەتکاری تاقیگەکەی بانگ

کردو سەبارەت بەو کەسەی کەگوڵەکانی ناردبوو پرسیاری کرد ئەو وتی: ((پیاوێکی زۆر بەرێز و شکۆ گوڵەکانی بەمن دا و پێمی وت: ((لەسەر مێزەکەی سەعیدە خان دایبنێ)) پرسیم: ((شێوەی چۆن بوو؟)) (( **لەڕاستیدا** سەعیدە خان، زۆر جوان و زۆریش بە ئەدەب بوو، وابزانم زۆریش دەوڵەمەندە، چونکە بۆ دانانی سەبەتەیە گوڵ لەسەر مێزەکەت، ١٠٠ تمەنی دەست خۆشانەی دامێ)) پرسیم: ((شێوەی چۆنە. ئەسمەرە یان سپی، قژی چ رەنگە، باڵای بەرزە یا کووڵ. تکا دەکەم جوان بیر کەرەوە و پاشان وەڵام بدەرەوە)) ناوچاوی داوەیەکاو لێوەکانی کۆ کردەوە و بە شێوەیەك کە بڵێی بیر دەکاتەوە، دەستی لە گیرفانی سەدرییەکەی دەرهێناو وتی: ((زۆر دیقەتم نەدا، وابزانم سپی بوو، قژەکەیشی قاوەیی، نەرەش بوو)) پرسیم: ((خۆی ناساند)) وەڵامی دایەوە،: ((نا خانم، تەنیا ئەوەندە دەزانم پیاوێکی زۆر باش بوو)) وتم: ((رووالەت، باشی و خراپی کەسێك دەرناخات)) نەمتوانی زانیاری زۆرتر بەدەست بینم چونکە پیرێژنێك بوو کە زەینی زۆر باشی نەبوو، بەڵام بەهەر شێوەیەك، ئەو نیشانانەی کە دابووی لەگەڵ هیچ کام لەو کەسانەی کە ئەمناسین نەدەگونجا، ئەو شەوە کاتێ کە خۆمم بۆ خەو ئامادە دەکرد، دەنگی زەنگی تەلەفۆن بەرزبوویەوە، وەڵامم دایەوە، دەنگێکی پیاوانە ناوی منی هێنا پرسیم: ((جەنابت؟ ه وتی: ((من ناناسیت ؟)): ((بەداخەوە نا، بەڵام دەنگت بۆم ئاشنایە)) کەواتە بیربکەوە تا بێتەوە یادت)): ((ئەگەر پیاوەتی بکەیت و خۆت بناسینیت، من لەزەحمەتی بیرکردنەوە نەجات ئەدەیت)) ریك هەر ئەو سەعیدەت کە بووی هەمووو شتێکت ئاسان و ئامادە دەوێت تۆزێك بیربکەوە)): ((ئەگەر پرسیارێکت لێ بکەم وەڵامم دەدەیتەوە؟)): ((هەڵبەت، هەرشتێك حەز دەکەی بپرسە)): ((ئایا تۆ ئەو کەسەیت کە گوڵەکان ئەنێریت؟))(( بۆ کەسێك کە خۆی گوڵە نادرنی گوڵی بۆ چییە، بەڵام گومانەکەت راستە، من ئەو کەسم ئایا لە هەڵبژارنم، سەبارەت بە گوڵەکان رازیت. چونکە نەمدەزانی چ گوڵێکت خۆش دەوێت، بە سەلیقەی خۆم هەڵمبژارد)): ((تانەتناسم، نە تەنیا جۆری گوڵ، بەڵکو خودی گوڵەکەش گرنگ نییە، بەڵام دەبێت بڵێم بۆ سەتڵی شەخەڵەکە، گوڵێکی گرانە)) بەسەر



سوڕماویەوە وتی: ((واتە تۆ...)): ((بەڵێ من گوڵەکانی تۆ دەخەمە سەتڵی شەخەڵەکەوە، ئەگەر دووبارە بێتەوە، دیسان دەیخەمە سەتڵی شەخەڵەکەوە، مەگەر ئەوەی کە خۆتت بناسێنیت و وبڵێیت مەبەستت چییە)): ((سەبارەت بە گوڵەکان ئازادیت بە هەر شێوەیەك کە حەزدەکەی هەڵسوکەوت بکەیت، بەڵام بۆ ناسینی من، دەبێت داوای یارمەتی لەبیر و هۆشت بکەیت)): ((لە راستیدا تەلەفوون کردنی تۆ کاریگەری باش لەسەر مێشکم دانانیت، ئەگەر بەڕاستی من دەناسیت و منت خۆش دەوێت هەوڵ بدە کە ئیتر تەلەفۆن نەکەیت)): ((ئەگەر حەقیقەت وایە کە دەیڵێیت، بەڵێن ئەدەم ئیتر تەلەفۆن نەکەم، بەڵام بزانە لەهەر کوێ بیت، لە ژێر سەرنجی مندایت رۆژێك کە رۆز بەدەستەوە ببینم، دڵنیا دەبم کە حەز دەکەیت تەلەفۆنت بۆ بکەم، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بزانم منت هاتۆتەوە یاد و منت ناسیوەتەوە کەواتە تا ئەو رۆژە خوات لەگەڵ)) سێ رۆژی تریش تێپەڕیبوو، هەموو رۆژێك گوڵەکان بەشی تاقیگەی ئەڕازاندەوە، بەڵام خۆی هەروا نەناسراو بوو، سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە، کاتێ چووم بۆ کۆمپانیا، کە دەرگای ژوورەکەم کردەوە، گوڵی رۆزی زۆر جوانم لەسەر مێزی ئیشەکەم بینی، لە مەسعودم پرسی: ((لێرەش هەرگوڵ ؟)) پێکەنی و وتی: ((بەڵام ئەو کەسەی کە ئەم گوڵانەی ناردووە ناسراوە، ئەم بەیانییە دکتۆر، پێش رۆیشتنی بۆ نەخۆشخانە، ئەم گوڵانەی هاورد))(( نەمئەزانی دکتۆر لەم ئیشانە ئەزانیت)) تووڕەییەکەی شاردەوە و وتی: ((تۆ بەشێوەیەك قسە دەکەی کە ئەگەر کەسێك بەهرام نەناسێت، هەست دەکات کە پیاوێکی رەزیلە، تەسجیلەکەت لەبیرچووە؟ سەعیدە تۆ زوو سۆزی ئەوانی تر لەیاد دەکەی زۆر بەپەلەش قەزاوەت دەکەیت، سۆز و خۆشەویستی دەبێت لەدڵەوە بێت چ بە گوڵەوە، چ بێ گوڵ، ئەو لە تەواوی ئەو کەسانەی کە ئێمە دەیناسین، ئینسانتر و بە سۆزترە)) هەستم کرد بە ئەنقەست لە پلەی ئەو بەرزدەکاتەوە، لەم ئیشە مەبەستێکی تایبەتی هەیە، ئەوەندەی وت کە دەستم کرد بە پێکەنین، وتم: ((نەمدەویست تانە لە دکتۆر بدەم)) ئارام بوو و پرسی: ((ئێستاش بیرت لای ئەو کەسەیە کە گوڵت بۆ دەنێرێ؟)): ((لەڕاستیدا ناتوانم بیری لێ

نەکەمەوە، تا نەزانم کێیە و چ مەبەستێکی هەیە، خەیاڵم ڕەحەت نابێت)): ((باشە، دوای ئەوە چی؟ کاتێ ئەوت ناسی، ئەتهەوی چی بکەیت؟)): (( کاتێ ئەو بناسم، داوای لێ دەکەم کە ئیتر ئەم ئیشە دووبارە نەکاتەوە)): ((ئایا دوای ئەوە، کۆتایی پێ دیت؟)): ((بەڵێ، هەڵبەت هیوادارم)) هەناسەیەکی ڕەحەتی کێشا و وتی: ((ئەگەر رای منت بوێت ئەمە دەردەسەرییەکی تازەیە، ئاگات لە خۆت بێت تاوەکو تووشی هەڵەی تر نەبێت)) ئەو رۆژە کاتێ بەجێ هێشتنی کۆمپانیا، گوڵەکانی بەهرامم هەڵگرت و چەسپێکم بە دەوریدا پێچاند، لە تاقیگە خستمە ناو گوڵدانێك و لەسەر مێزەکەم دام نا، هێشتا دەستم بە ئیش نەکردبوو کە خزمەتکارەکە بە چەپکەیەك گوڵی رۆز هاتە ژوورەوە و دایە دەستم ، بەپەلە رام کردە دەرەوە، بەڵام کەسم نەبینی، کچەکان دەسیان کردە پێکەنین و وتیان: ((بەه بەه! ئێستا بوونەتە دوو نەفەر، خواشانس بدات ئاوها دەیدات)) نەمدەتوانی ئیش بکەم، هەردوو چەپکە گوڵەکە لەبەرامبەرم بوون، هەر کامیان بە شێوەیەك سەرەنجمیان رادەکیشا، یەکێکیان لەلایەن کەسێکەوە بوو کەبەقەد خۆم خۆشم ئەویست، ئەوی دیکە لەلایەن کەسێکەوە بوو کە نەمدەناسی و دەوڵەمند بوو و دەست بڵاو، لەمەی کە ئەو دووانەم لەگەڵ یەکدا قیاس دەکرد، شەرمەزار بووم، نابێ ئەوە ئەو بۆ من گرنگ بێت، چ دەوڵەمەند چ هەژار، هەر کەسێك و هەر شتێك بێت، نابێ بیری لێ بکەمەوە، کاتی جێ هێشتنی تاقیگە، بەهرامم بینی کە چاوەڕێمە، تەواوی گوڵەکانم بەدەستتەوە بوو، کاتێ سوار بووم پرسی: ((تۆش گوڵت سەندووە؟)) بێ دەنگ بووم هۆی بێ دەنگیمی پرسی، باسم کرد و وتم کە ئەو کارتێکی بچووکی لە نێو گوڵەکاندا داناوە کە لەسەری نووسیوە،: ((خۆشحاڵم لەوەی کە من دەناسیت، داوای لێبووردن دەکەم کە درەنگ زانیم حەزت لە گوڵی رۆزە)): ((مەگەر دەوت ناسیوە؟)): ((نا، بەڵام وابیر دەکاتەوە کە ئەوم ناسیوە، چونکە وتوویەتی هەر کاتێ کە ئەوم ناسی، گوڵی رۆز بگرمە دەستمەوە، گوڵەکانی تۆ بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو وابزانێت کەمن ئەوم ناسیوە)) بەهرام بە پێکەنینەوە وتی: ((کەواتە من مەسرەفی ئەوم کەم کردۆتەوە، دەبێت لەم بابەتەوە مەمنونم بێت،



چونکە ئیتر مەجبوور نییە گوڵی ئۆرکیدە بکڕێت)): ((بۆچی تۆ چاوت لەو نەکرد؟: ((دەمووچاوی سوور بۆیەوە و وتی: ((گوڵی ئۆرکیدەت پێ باشترە؟)) وەك ئەوە بوو کەتانەم لێ دابێ، چونکە چاوەریی وەڵامی منی نەکرد و یەکسەرە پرسی: ((گوڵەکانی من کامەیە؟)) ناسینی گوڵەکانی ئەو لە نێوان هەموو گوڵەکاندا، قورس بوو، بەڵام بەو چەسپەی کە بە دەوری گوڵەکاندا پێچابووم ئیشارەتم کرد و وتم ((ئەمانەیە)) لە دەسمی سەند و فڕێی دایە دەرەوە، ئیشێکی منالانەبوو، پرسیم: ((بۆچی وات کرد)): ((ئەم گوڵانە بۆ تۆ نرخی زۆرترە )) منی تا نزیك ماڵمان گەیاند و بێ خوا حافیزی رۆیشت، لەماڵەوە هەموو چاوەڕێ بوون، کاتێ وتم ئەو نایەت، چاوەکانیان بڕییە دەموو چاوم، هۆیان پڕسی و وتم: ((لەگەڵ یەکدا بووە دەمقڕەمان ، دایکم قسەی لەدەم وەرگرتمەوە و وتی: ((تۆ ناتەوێ عاقڵ بیت؟ تاکەی وەك منالێ هەڵسوکەوت دەکەیت؟)) مەسعودیش لە دوای قسەکەی دایکم وتی: ((دەردەسەر دەستیپێکرد، من دەزانم تەواوی بیر و هۆشی سەعیدە لای ئەو پیاوە نەناسرێوە یەو نە سیحەتەکانی من کاری تێ ناکات)) پاشان رووی کردە من و وتی: ((دەبێت بڕیار بدەیت و هەموومان لەسەر گەردانی رزگار بکەی، تۆ خوشکی منیت، بەڵام ئیبجازەت پێ نادەم یاری بە چارەنووسی بەهرام بکەیت، ئەو لە هەستی ژنەکان و فیلەکانیان بێ ئاگایە، یاری بە دڵی پاکی ئەو مەکە)) وتم: ((من مەبەستی فریودانی کەسم نییە، باوەڕبکەن)) بۆ ئەوەی کەس نەرەنجینم، تاکۆتایی شەو بێ دەنگ بووم، تانەکانیانم بەگریان کڕی.

## بەشی حەوتەم

ڕۆژانی جومعە هەمیشە بۆ من وەڕس هێنە، بە تایبەتی عەسرانە کە هەست دەکەی دنیا خەم دایگرتووە، ئەو ڕۆژە جومعە، بۆ ڕاکردن لەدەست خەم و تەنیایی بە ریتا و خوشکەکانم پێشنیارم کرد کە مناڵەکان ببەین بۆ پارکی نزیك ماڵمان، ناو پارکەکە قەرەباڵغ بوو بە زەحمەت جێگەیەکمان بۆ دانیشتن پەیداکرد، مناڵەکان لەسەر چیمەنەکە یارییان دەکرد، دوو قازی جوان لەسەر ئاوی ناو حەوزەکە مەلەیان دەکرد، مناڵەکان دەوری حەوزەکەیان گرتبوو و پیرەمێردەکانیش لەسەر کورسی دەوری حەوزەکە دانیشتبوون، بە سیمام وت: «سەیرکە پیرەمێردەکان، هەموویان کۆبوونەتەوە» وتی: «لەوانەیە بەیادی مناڵیان لە بینینی قازەکان کەیفسازن، چەندە جیاوازی هەیە لە نێوان مناڵەکان و ئەمان، یەکێ لە سەرەتای ڕێی ژیان و ئەوی تر لەکۆتایی ڕێگە، بەدەستی مناڵەکانەوە کۆلارە و بەدەستی پیرەمێردەکانیش گۆپاڵ، ئاه ... لە کۆتایی ڕێگە بوون زۆر ناخۆشە، بەتایبەتی مرۆڤ کە تەنیا و بێ کەس بێت» سارا وتی: «تەنانەت ئەگەر کەسێکیش هەبێت، فەرق ناکات، ئەگەر بەچاوی بەزەییەوە سەیری ئینسان کەن، هەر ئەوە باشتر کە کەسێکی نەبێت، بەلای کەمەوە غرووری لەناو نەچووە، بە خۆشحاڵییەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا ئینسانی بەساڵاچوو ڕێزێکی تایبەتی هەیەو نەسڵی گەنج سوود لە ئەزموون و ڕایان وەردەگرن» مناڵێك بەڕاکە ڕاك خۆی گەیاندە پیرەمێردێك و لە باوەشیدا جێی گرت، پاشان لە گوێیدا شتێکی وت کە پیرەمێردەکەی لەجێ هەڵساند، بەچاو کەوتە شوێنیان، پیرەمێردەکە لە دووکانێك دۆڵدرمەیەکی بۆ کڕی و بۆ دەست خۆشی کردن دەمووچاوی بابە گەورەی ماچ کرد، سارا قسەکەی بۆ تەلەفۆن کێشا و پرسی: «تۆ هێشتا ئەو کەسەی کە گوڵەکانت بۆ دەنێرێ نەناسیوە؟ تۆ دەڵێیت دەنگی بۆت ئاشنایە، چۆن ئەو



نایەتەوە یادت؟» وتم: «نازانم ، سەیر ئەوەیە کە ئەو دەڵێت چەن ساڵ لەگەڵ مندا بووە، بەڵام هەرچەندە بیر دەکەمەوە نایەتەوە یادم» ریتا وتی: «لەوانەیە لەگەڵ ئەودا پێوەندی تەلەفۆنیت هەبووبێ؟ دەبێت بیرت لەسەر ڕابردوو کۆبکەیتەوە و ئەو لە ڕابردوو دا پەیدا بکەیت؟»: «بیرم لە ڕابردووی خۆم کردەوە شتێك وەك بریسکەیەك لەیادم تێپەڕبوو، لەناکاو دا هاوارم کرد، ئاه، ئێستا هاتەوە یادم، هەڵسام، وەستام، سیما دەستمی گرت، بە خۆشحاڵییەوە کورسییەکەی نزیك ئێمە کەسی لەسەر نەمابووو، سارا وتی: «دانیشە و بڵێ ئەو کەسە کێیە» وتم: «ئێوە نایناسن، لە ئەڵمان یەکمان ناسی» ریتا پرسی: «ژنی هەیە؟»: «ئەو کاتە ژنی نەبوو، من و ئەو لە پارکێکدا یەکمان ناسی، لە ڕادەبەدەر باش و میهرەبان و شەرمن بوو، نازانی چەندە یارمەتی منی دا، هەمیشە هەوڵی دەدا ڕابەرم بێت، من لە خەتەرەکان دوورکاتەوە، لە کۆتایی مانەوەم لە ئەڵمان بۆ بەردەوام بوونی ژیانی من و پەرویز هەوڵی زۆری دا، پێدرامیش دەیناسێت، بەڵام نازانم بۆچی دەیەوێت بەنهێنی بمێنێتەوە، ئەگەر لە من ڕەنجابێت، حەقێتی، نەدەبوایە ئەوم لەیادبکردایە، لەمەودوا گوڵەکانی فڕێ نادەم» سیما وتی: «خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا هاتەوە یادت، بەڵام کێشە هەروا بەردەوامە، بزانم ئێستا دەتەوێ بیبینیت؟»: «بەڵێ، هەڵبەت کە دەمەوێت»: «کێشە لێرایە، تۆ هەرگیز نابیت ئەو ببینیت، ئەو کاتێ بۆ تۆ هاوڕێ بوو کەسێکت نەبووە، ئایا ئێستاش، بە بوونی دکتۆر، هەست بە تەنیایی ئەکەیت؟ ئەو وادەزانێت هێشتا شووت نەکردووە بە پێچەوانەی ئەوەوە گوڵی بۆت نە دەنارد، ئەو یەکەم هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی سەرنجت ڕاکێشێت، سەعیدە تۆ دەبێت ئاگات لە خۆت بێت، کێ دەڵێت هێشتا سادە و بێ ڕیایە؟ باوەڕم وایە دووبارە تاقی ئەکرێیتەوە هەندێ بیربکەوە ڕۆژانی سەختی تۆ کۆتایی پێ هاتووە، ئێمە لەوە دەترسین کە تووشی هەڵەیەکی تر بیت» بەدوای قسەکەی سیما، سارا و ریتاش دەستیان کرد بە ئامۆژگاری کردن، بەڵام بێ ئەوەی بمەوێت بیرم لە تورەج دەکردەوە، ئەو شەوە، پاش ئەوەی تەواوی ئەندامانی خێزان ئامۆژگاری خۆیان کرد، چوومە جێگە، بەڵام تا

بەیانی چاوم نەنوقاند، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، کەمێ زووتر لەماڵ چوومە دەرەوە، سەیری دەوروبەرم دەکرد بەڵکو لە سوچێکدا بیبینم، بەڵام بێ ئاکام بوو، عەسر دکتۆر هات بەدوامدا و لەگەڵ یەکدا بەرەو ماڵ بەرێ کەوتین سەیری شەقام و دەوروبەریم دەکرد، بەهرام پرسی: ((بەدوای شتێك یان کەسێك ئەگەڕێیت؟: ((بە پێکەنینەوە وتم: ((ئاخری نێنەری گوڵەکانم ناسی)) وتی: ((بەڕاستتە؟ باشە، کێیە)): ((لە ئەڵمان ناسیم)) سەیری کردم و وتی: ((بێگومان لەهاوڕێکانی میوانییە)) قسەکەی خنجێری دا لە دڵم، بەرقەوە وتم: ((نەخێر، بەعەکسەوە زۆریش جدی و دەرس خوێن بوو، هەرگیز نەئەهاتە ئەو جۆرە شوێنانە، لەزۆر لایەنەوە لە تۆ دەکات؟)): ((مەبەستی لەم ئیشە منداڵانە چییە؟)): ((هێشتا نازانم، چونکە نەمدیوە)): ((چۆن زانیت کە ئەوە گوڵەکانت بۆ دەنێرێ؟)): ((بەقسەیەك لەلایەن ریتاوە گەڕاینەوە بۆ رابردوو، بووە هۆی ئەوەی بێتەوە یادم، تەواوی نیشانەکان لەگەڵ ئەودا دەگونجێت،: ((لە خەیاڵتایە کە بیبینیت)) ئەم رستەیەی بە تووڕەییەوە بەیان کرد، بە شێوەیەك کە ترسام، وەکو ئەو منداڵانەی کە تووشی خەتایەك بووبن، سەرم شۆڕکرد، بێ دەنگیمی کردە هۆی رازیبوونم و پرسی: ((بۆ وەڵام نادەیتەوە بۆچی ئەم ئاغای گوڵی رۆز یان ئۆرکیدە نایەت بۆ بینینت؟ دیداری هاوڕێی کردن خۆ عەیبی نییە، موزاحیمەتێك دروست ناکات)) بە ئاشکرا گاڵتەی پێ دەکردم، وتم: ((تکایە بیبڕەوە، ناوی ئەو (تورەج)ە و کەس حەقی نییە بەم شێوەیە سەبارەت بەو قەزاوەت بکات)) پێکەنینێکی تووڕەی کرد و وتی: ((بەڵێ، حەق بەتۆیە، هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە، بەڵام حەز دەکەم بزانم سەرەی کاکی گوڵ مێخەك کەی دێت؟)): ((مێخەك؟)): ((بەڵێ، بۆچی پێت سەیرە؟ لەوانەیە بەم زووانە یەکێکی تر لە هاوڕێکانت بەگوڵی مێخەکەوە بگات، ئەوسا ئەتوانیت گوڵفرۆشییەك بکەیتەوە)) ئیتر تانەکانی جێی هەڵگرتن نەبوو، بە تووڕەییەوە وتم: ((تۆ بەهەڵە لە من تێدەگەی تکایە بوەستە، ئەمەوێت دابەزم)) گوێی پێ نەدام، جارێکی تر دووبارەم کردەوە و وتم: ((ئەگەر نەوەستیت دەرگاکە دەکەمەوە و خۆم فڕێ ئەدەمە خوارەوە)) هەڕەشەکەم کاری لێ نەکرد، نەوەستا، بەڵام خێرایی ماشینەکەی کەم



کردەوە و وتی: ((خۆکوشتن ئاخرین چارەیە، تازە لەسەرتای ئیشەکەدای، هەر کاتێ لە هەموو هاوڕێکانت ماندووبوویت، خۆت بکوژە، لەباری وێستادا، خوازیارت هەیە، مەگەر رۆژێك ئارەزووت نەبوو بتدزم، ئەمڕۆ دەتگەیێنمە ئارەزووەکەت)): ((من ئارەزووی وام نەبووە، ئەگەر بووبێتیشم، ئێستا نیمە)): ((منیش پەرویز نیم بیەڵێم یاری بە ژیانم بکەیت، راکردن لەمانەوەت پێ باشتربێت)): ((بەڵێ، جیاوازی تۆ و پەرویز زۆرە، بەپیچەوانەی تۆوە، زۆر تێگەیشتوو بە ئەدەب بوو)). سەرنجە تورەکانی ئەو بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانم کۆتایی بە قسەکانم بێنم: ((ئەی بۆچی پیاوێك، هەم تێگەیشتوو و باش و هەم بەئەدەب بوو جێت هێشت؟ دەوڵەمەندیت ئەویست هەیبوو، حەزت لە ئازادی دەکرد، پێی دای، پیاوێکی تێگەیشتووت ئەویست، کەبوو، ئیتر چیت ئەویست ها ... تێگەیشتم، لەوانەیە گوڵی بۆت نەکڕیبێت، بۆچوونەکەم راستە؟ بەڵام گیانم، ئەویش گرنگ نەبوو، چونکە هاوڕێکانت جەوری ئەویان دەکێشا، دڵم پڕ بوو بوو، نەمدەتوانی قسەبکەم، لەنکاودا ئیستۆپی گرت، ماشینەکە بە دەنگێکی ترسناکەوە وەستا، دەرگاکەی کردەوە و بەهەمان تووڕەییەوە وتی: ((پیاسە دەکەین)) باڵمی گرت و دایبەزاندم، ئەترسام، ئەگەر دەمقڕەکەمان گەورەتر دەبووەوە، ئەگەر لەو شەوە تاریکەدا منی دەکوشت، کەس نەیدەزانی بەترسەوە لە پاڵیدا هەنگاوم ئەنا سەرمام بوو، بۆ ئەوەی گاڵتەم پێ بکات وتی: ((ئەم هەوایە؟)) جگەرەیەکی داگیرساند و من لە بڵێسەی چەخماخەکە دەمووچاوی تووڕەیم بینی، لە دەنگی لەرزینی ددانەکانم وەستا، دەستمی گرت و وتی: ((خانم گیان، بەڕاستی لەرزت لێ هاتووە)) زۆر لە سەیارەکە دوور نەکەوتبووینەوە بەپەلە گەڕایەوە و چاکەتەکەی هاورد و خستییە سەر شانم، پاڵم دا بە دارێکەوە و لەبەرامبەرم وەستاو وتی: ((بۆچی وای لێ دێت؟ وابزانم من و تۆ هەرگیز ناگونجێین، کاتێ دوورم لێت بەرگەی دووریت ناگرم، کاتێك ئەتبینم لێت دوور دەکەومەوە)) ساتێك بێ دەنگ بوو و پاشان درێژەی دا: ((نەدەبوایە بەڵێنەکەم بشکاندایە، لەوحاڵەتەدا هەم تۆ دەحەوایتەوە هەم من، بەڵام ئێستاش دەرەنگ نییە، من لە خەیاڵمدا، لەگەڵ یادی تۆدا بەختەوەرم، جارێك پێم وتی کە ئەو

سەعیدەی خەیاڵم نیت، ئێستا زۆرتر بڕوام بە قسەکەم هێنا ، تۆ بیروباوەڕی منت بەدڵ نییە، تەنانەت شێوەی بەیانکردنی هەستم لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازە، وشە و زاراوەیەك بەکاردێنم، کە تێگەیشتنی بۆتۆ قورسە بەقسەی تۆ من فەنانێکم، بەهەرحاڵ ئیتر بەسە، راستگۆیانە و برایانە پێت ئەلیم: ((ئەگر ئەو پیاوەت خۆش دەوێت یاری بەهەستی مەکە لەگەڵیدا بژی، لەبیری خۆتی بەرەوە ،کە رۆژێك، خوێندکارێك لە ماڵتان دڵی پێت دۆڕاندووە هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم)) پێکەوە بۆ لای ماشینەکە بە رێکەوتین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: ((رۆژێك وتت هەرکەسێك سەر بە جێگەیەکە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، من قسەکەت قەبوڵ دەکەم و بۆ جێگەی خۆم ئەگەڕێمەوە لە کوردستان ئیشی زۆرم هەیە کە دەبێت تەواوی بکەم)) کاتێ لە ماشینەکە دابەزیم، لە یادم چوو چاکەتەکەی بدەمەوە، بەوتنی: ((بۆ هەمیشە خواحافیز بە جێی هێشتم بە چاکەتێك بەسەر شانەوە، لە بەرامبەر چاوەکانی دایکم چوومە ژوورەوە، بەخۆمم وت ئەمەی دیاری پێ داوم، دایکم بە نیگەرانییەوە پرسی: ((ئەمە چ شان و شەوکەتێکە؟ بۆچی چاکەتت خستۆتە سەر شانت؟ ئەی دکتۆر کوا؟)): ((لەرزم گرتبوو، ئەمەش چاکەتی دکتۆرە، خۆیشی رۆیشت و ئیتر نایبینمەوە)) بەسەرسوڕماوی و بێ باوەڕییەوە پرسی: ((دیسان دەمەقرەتان بوو؟)): ((نا، بەڵکو هەردووکمان گەیشتینە ئەم ئاکامە کە بۆ یەکتر دروست نەکراوین، و جوتێکی گونجاو نین، بەهرام منی ناوێت، ئەو بەدوای سەعیدەی رابردوو ئەگەڕێت ، ئەو سەعیدەی کە جلی سادەی لەبەر دەکرد، و خۆی نە ئەڕازاندەوە ئەو کچەی کە بەهرام خۆشی ئەویست ساحیبی شەرم و حەیای کچانە بوو، من ئەوەم نییە، ئێستا چیتر، تکا دەکەم، ئیتر پرسیار مەکە، هەموو شتێك کۆتایی پێ هات، بەم ئاسانیە)) پاشان ژوورەکەم بەجێ هێشت و تازە توانیم ئەو بوغزەی کە لە قورگمدا بوو، بە فرمێسك رشتن بیرێژم)) کەوتەوە یادم کە وتی: ((ئاخرین چارە خۆکوژییە!)) ئایا من نەگەیشتبوومە کۆتایی خەت؟ سەیری شووشەی حەبەکەم کرد کە لەسەر مێزی لای قەرەوێلەکەم بوو، کاتێ هیوایەك بۆ ژیان نییە، ژیان بەسەربردن



چییە؟ شووشەی حەبەکەم لە نێوان پەنجەکانمدا کوشی و خۆمم رازی کرد کە بەخواردنی ئەوانە دەچمە خەویکەوە کە هەرگیز هەڵسانی نییە، بەڵام ویژدانم منی لەم ئیشە راگرت و پیێ وتم کە خۆکوشتن گوناهی گەورەیە، لەگەڵ خۆمدا شەڕم دەکرد کە سەعید هاتە ژوورەوە و شووشەی حەبەکەی لە دەستمدا بینی هاواری: ((چی دەکەی؟ مەگەر شێت بوویت؟)) حەبەکانی لەدەستم وەرگرت و وتی: ((هیچ شتێك و هیچ کەسێك ئەوەندە بەهای نییە کە بەخاتری خۆت بکوژی خۆ مناڵ نیت، دەبێت بزانی هەر کیشەیەك چارە و رێگە حەلێکی هەیە، ئەگەر بڕیار بوایە ئینسان لە بەرامبەری ناخۆشییەکان، نەیتوانیایە دەوام بێنێت و خۆی بکوژێت، دنیا بەهای نەبوو کەسێك کە تۆی رەنجاندووە، پیاوێکە فیداکار کە ساڵەها بە خاتری تۆ چاوی لە خۆشییەکان بەستووە، چاوەڕێی تۆ دانیشتووە، ئەو چاکتر لە هەمووومان تۆی ناسی، ئەیزانی کە پەرویز ناتوانیت تۆ بەختەوەر بکات، لە ماوەی دەزگیرانیت چند جار بە منی وت هەڵسوکەوتی پەرویز، جێی گومانە، سەعیدەش لێی ئەترسێ، بەڵام ئێمە، هیچ کاممان هەستمان بە ترسی تۆ نەکرد و وتمان ئەوە ترسی پێش شووکردنە، ئەگەر ئو رۆژانە بە ئێمەت بوتایە کە پەرویز چۆن بیر دەکاتەوە، لە ژیانیدا بەداوی چ ئامانجێکە، بەدڵنیاییەوە شووکردنت رووی نەدەدا، بەڵام بەهرام ئیمانی بە قسەکەی بوو و ئارامی گرت، دەیزانی کە دەگەڕێیتەوە، رۆژی کە پێم وت سەعیدە ئەگەڕێتەوە، تەنیا وتی: ((دەمزانی)) پرسیارێکی تری نەکرد، خوشکم ، تێگەیشتن لە خەڵکی و رێزگرتن لە باوەڕیان، جۆریك لە پەرستنە، سووربوون لەسەر درێژەدانی هەڵەیەك نیشانەی لاوازی و بێ بڕواییە، ئەگەر بزانی ئەو ئیشەی کە ئەیکەیت هەڵەیە، لەسەر ئەنجامدانی سووربیت، خۆتت فریوداوە، دەتەوێ چی بسەلمێنیت؟ ئایا قسەت یەك قسەیە و هیچ کەس جگە لەتۆ باشتر لەمەسەلەکە تێ ناگات؟ من نازانم هۆی نەگونجانتان چییە؟ ئەگەر حەز دەکەیت بیلێیت، من ئامادەی بیستنم)) دانیشتم و هەموو ئەو شتانەی کە رووی دابوو گێڕامەوە، لە تەواوی ئەو کاتەدا کە دەمگێرایەوە بێ دەنگ بوو و گوێی دەگرت کاتێ قسەکانم تەواو بوو، هەڵستایەوە و لە حاڵێکدا کە هەنگاوی دەنا

بیری دەکردەوە، پاشان بە پێکەنینەوە گەڕاوە لام و وتی: ((سەعیدە من جگە لەوەی براتم، هاوڕێشتم، دەمەوێت وەك هاوڕێیەك بابەتێکت پێ بڵێم، ئەگەر لە یادت بێت لە یەکێ لە نامەکانمدا ناوی کچێکم هێنابوو کە خزمی دکتۆرە، خێزانەکەی حەز دەکەن بەهرام ئەو کچە بخوازێت، کاتێ لە کوردستان بووین، چەند جار ئەم مەسەلەیە وترا، بەڵام بەهرام هەمیشە لە بەرامبەر ئیسراری ئەوان ئەیوت، من کاتێ ژن دەهێنم کە بزانم هاوسەرکەم خۆشمی دەوێت، بەم شێوەی کە هەم، تەنیا بەخاتری خۆم، نە بۆ ئەوەی کە دکتۆرم، ئەمەوێت هاوسەرکەم منی بۆ بیر و باوەڕم خۆش بوێت، حازر بێت لەگەڵ مندا بۆ هەرکوێیەك کە دەچم، تەنانەت بۆ دوورترین گوندەکانی ئێران بێت، من دەبێت ئەو کەسە بدۆزمەوە، نە لێرە، بەڵکو لە تاران، دڵنیا بن کە ئەو کاتە زۆر دوورنییە، کاتێ بەهرام قسەی دەکرد من لە قووڵایی چاوەکانیدا دەمخوێندەوە کە مەبەستی لەو کچە تۆیت، بەڵێ سەعیدە، ئەمە راستییەکەیە، تۆ ئەم ئیعترافەت لە زمانی هاوڕێیەك بیست، نە برایەك کە دەیەوێت بۆ خوشکەکەی هاوسەرێك بدۆزێتەوە، ئەوە جگە لە دکتۆری، دووساڵ سەبارەت بە ئەوەی کە چ ئەنگێزەیەك دەبێتە هۆی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات توێژینەوە و خوێندنەوەی کردووە و چەند جار لەنێوان قسەکانیدا لە منی پرسیوە چ ئەنگێزەیەك وای لە سەعیدە کرد کە لە ئێران دەربچێت، من وەڵامێکم نەبوو کە بیدەمێ، لە ئەمریکا لەگەڵ خوێندکارەکان قسەی دەکرد و رازییانی دەکرد بگەڕێنەوە، کاتێ تەنیا ئەبووین دەیوت: ((خۆزگە ئەم قسانەم پێش رۆیشتنی سەعیدە، بەویش بوتایە، دەزانم کە سەعیدە هیچ شتێك لە خێزانەکەی ناشارێتەوە بەڵام بەدڵنیاییەوە، قسەی بۆ وتن هەبوو کە نەیدەتوانی بە ئێوە بڵێت، ئێستاش ئەو شتانەی کە سەعیدە بە ئێوەی وتووە ، ئەو شتانە نین کە بەمن دەڵێت)) ئێستا ئێوە، هەردووکتان لێرەن و بەلای کەمەوە هەموو رۆژێك یەکتری دەبینن، بەهرام ئەیەوێت هەموو گۆشەکانی رۆحی تۆ بناسیت ئەو سوورە لەسەر ئەوەی کە ژیانێکی پاك و دوور لە چاو جەلال بۆ تۆ ئامادەکات، کچ یا ژنێك لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی رۆژئاوایی خۆش ناوێت، ئەگەر تۆ دەڕەنجێنێت، نیەت و بیرێکی



خراپی نییە، مۆڵەتی بدەرێ، تا بەتەوای تۆ بناسێت، سەیرم لەوەدێت، کە تۆ چەند جار، رەخنەت لەشێوەی جل و بەرگ پۆشینی ئەوروپاییەکان گرتووە، بەڵام خۆت دەخەیە شوێن پێی ئەوان، ئەم هەڵسوکەوتەت نەگونجانیی قسەو رەفتارت دەردەخەن و دکتۆری سەرگەردان کردووە، ئەگەر بەوەی کە دەیڵێت باوەڕی تەواوت هەیە، کاری پێ بکە، ئەگەر من لەجێی تۆ بووومایە، نەدەمناڵاند، نە دەگریام، بەڵکو هەوڵم دەدا عەیبەکانی خۆم بناسم و بۆ چارەسەرکردنیان هەوڵ بدەم، هەوڵم دەدا کە هەنگاوەکانم لەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشم دەوێت بکەمە یەك. وابزانم زۆر قسەم کرد، ئێستا حەبێکت ئەدەمێ هەوڵ بدە بخەوی)) پەرداخێ ئاو و حەبێکی دامێ و شووشەی حەبەکانی خستە گیرفانی چووە دەرەوە، تا ماوەیەك هەوڵم دا بخەوم، بەڵام نەمتوانی لە رادەبەدەر حەزم لە جگەرەکێشان بوو، لە گەڕان بەدوای جگەرەدا جەستم کردە گیرفانی، چاکەتەکەی دۆکتۆر، جگە لە جگەرە، دەفتەرێکی بیرنامەی بچووکیشم پەیدا کرد، کە لە لێوارەکەیدا نووسرابوو،: ((ئەمڕۆ لە گەیشتن دڵنیابووم)) لە لێوارەکەی تریدا ئەم رستەم کەوتە بەرچاو: ((هەرگیز پێوەندی پێوەناکەم)) و ژمارەیەکی تەلەفۆنی رەش کردبۆوە، بیرم کردەوە کە ئەم ژمارە ژمارەی چ داماوێکە، کە دەبێت چاوەڕێ بێت تا پێوەندی پێوەکەن، دەفتەرەکەم داخست و بەبیری جۆراوجۆرەوە خەوم لێ کەوت، رۆژی دوایی دیسان تام هاتێ بە شێوەیەك کە نەمدەتوانی رێ بکەم، سەعید دوو جار تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردبوو و حاڵمی پرسیبوو، بەڵام لەلایەن ئەو هیچ، ئایا بەڕاستی لە ژیانم چووبوویە دەرەوە؟ ئایا منی لەیاد کردبوو.

## بەشی هەشتەم

لە نزیکی تاقیگەکە، زۆر چاوەڕوانم نەکرد، تورەجم بینی، ئەوم لەبیر چووبوویەوە، چاوەڕێمی دەکرد، بەچڵێ گوڵی ڕۆزەوە، کاتێ لە بەرامبەری وەستام، لە خۆشیا قیژاندم ، دەستییەکترمان بەگەرمی گوشی، حاڵمی پرسی و وتی بۆچی ڕۆژی پێشتر غایب بووم و نەچوومە بۆ تاقیگە، وتم کەمێك ناساخ بووم، پرسی: ((ئایا من بوومەتە هۆی نارەحەتیت؟)): ((تۆش بێ خەتا نەبوویت، بەڵام ئیتر تەواو بوو، دەبینیت کە ئێستا ساخ و سەلامەت لەبەردەمتا وەستاوم)): ((سەعیدە، تۆ هیچ نەگۆراویت، جوان بوویت و جوانتر بووی)): ((سوپاس، بەڵام بەو شێوەی کە تۆ دەڵێیت نییە، چونکە تەبیعەتەن پیر بوومە)) دەستمی گوشی و وتی: ((نا، نا، ئەم قسە دووبارە مەکەوە)): ((تۆ کەی گەڕایتەوە)): ((نزیکەی مانگێ لەمەو پێش)): ((ئەی بۆچی زووتر بۆ بینینم نەهاتی و بۆچی خۆت بەو شێوە ناساند؟)): ((بۆخۆم سەیر بوو، ویستم بزانم خانمێك، کە ئەوەندە بۆ من جێی ڕێز نەوازیشە، زەحمەتە کە منی لەبیر نەچووبێتەوە)): ((خۆ دەزانی کە من لە چ بارودۆخێکی ڕۆحیدا ئەڵمانم بەجێ هێشت، من دەبوایە ڕابردووم لەیادبکردایە)) قسەکەمی بڕی و وتی: ((دەبوایە هاوڕێکانیشت لەیاد بکرادیە؟)): ((من جگە لە تۆ هاوڕێییەکی ترم نەبوو، هەموو هاوڕێی ئەو بوون، من دەشزانم کە پەرویز ژنی هێناوە، ئایا بەختەوەر و ڕازییە؟)): ((پاش ڕۆیشتنی تۆ ماڵم بۆ جێیەکی تر گواستەوە، بەڵام وابزانم بەختەوەرە، چونکە هاوسەرەکەی وەك خۆیەتی لە بەڕێوەبردنی کلۆپەکە، یارمەتی پەرویز دەدات)) دڵم تەنگ بوو، ئاواتم دەخواست بڵێت ئەو نارەحەتەو زەجر ئەکێشێت، تورەج پرسی: ((حەز دەکەی شتێ بخۆین؟)) سەیری سەعاتەکەم کردو وتم: ((لەگەڵ ئەوەدا کە ئەکەومە درەنگ ، بەڵام حازرم)) سواری ماشینەکەی بووین و ڕێگەی: ((تەجریش)) مان گرتە بەر((سەعیدە



باسی خۆت بکە، لەوکاتەوە کە گەڕاوێتەوە چیت کردووە؟)): ((هیچ تەنیا وەك ڕابردوو دەوام دەکەم)): ((بۆچی شووت نەکردووە؟)) لەشووی یەکەم عیبرەتم وەرگرت)) تورەج پێکەنی و وتی: ((کەواتە بە تەمانیت دووبارە شوو بکەیتەوە؟ ئاوا زوو دەستت لە شەڕ هەڵگرت؟)): ((تکایە تۆ ئامۆژگاریم مەکە، بەڕادەی پێوست نەسیحەت کەر لە دەوروبەرمدا هەیە، کە هەر کاتژمێرێك و چرکەیەك نەسیحەتم دەکەن)) بە سەرسوڕماوییەوە وتی: ((بەڵام من نەمویست نەسیحەتت بکەم، بۆچی تووڕە بویت، وابزانم زۆر گۆڕاویت)) وتم: ((تۆ تەنیا کەسێك نیت کە زانیوتە من گۆڕاوم، چەندەها جار ئەم ڕستەیەم بیستووە، من تووڕەم و ماندوو لە بیستنی قسە، لە نەسیحەت، لەوەی کە بیانەوێت بەهەر شێوەیەك کەبووە لە من شتێکی تر دروست بکەن، یەکێ لەمندا بەدوای سەعیدەیەك ئەگەڕێ کە هێشتا شووی نەکردووە، لە ئێران نەڕۆیشتووە، تۆ بەدوای سەعیدەیەك ئەگەڕێی کە لە ئەڵمانیا دەتناسی، من ئێستا چیم؟ دەبێت بزانن ئەو میرە ئیتر نییە، ئایا دیسان حازریت لەگەڵ مندا قسە بکەیت؟)): ((بۆ پێشوازی کردن لە هاوڕێیەك ڕێگەیەکی باشت هەڵنەبژاردووە، بەهەر شێوەیەك نە تەنیا حازرم لەگەڵ تۆدا ببمە هاوکەلام، بەڵکو زۆریش حەز دەکەم کە لەگەڵ تۆدا ببمە هاوهەنگاو)) چووین بۆ کافتریایەك، داوای دۆڵدرمەی کرد، بێ دەنگ بوو، ڕێك وەك جاران کە بێ دەنگ دادەنیشت و ئیجازەی دەدا تا من داخەکانم بڕێژم هەستێکی سەیرم بەرامبەری هەبوو، لە توندی خۆم شەرمەزار بووم، وتم: ((ببوورە بدەست خۆم نییە، من گۆڕاوم، بەڵام تۆ وەك خۆت ماوی ، بزانم ژنت هێناوە؟)): ((نا، هاتووم ژن بێنم)): ((خۆزگە بەخۆت هەمیشە لە ژیانتا ئامانجێکت بووە، بە بەرنامە بەرە و پێش ئەچیت، باشە، ئەو کچە بەختەوەرە کێیە؟ لە خزمانە؟)) زەردە خەنەیەکی کرد و وتی: ((هێشتا کەسم هەڵنەبژاردووە، دەمەوێت ژن بێنم، بەڵام هێشتا هەنگاوم نەناوە)): ((هیوادارم هاوسەرێکی باش هەڵبژێریت، پێم خۆشە بزانم، حەز دەکەی چۆن هاوسەرێك هەڵبژێری؟ هەڵبەت ئەگەر...)): ((نا، وامەڵێ خۆشحاڵم من و ژیانم بۆت گرنگە، دەبێت بڵێم بەدوای کچێکدا ئەگەڕێم کە بتوانێت دایکێکی

نموونەیی و هاوسەرێکی تەواو بێت، من لە خێزانێکی تا رادەیەك مەزهەبی گەورە بوومە، حەز دەکەم هاوسەرەکەم بەدین و خواناس بێت، لە کەسێك کە نان بە نرخی رۆژ دەخوات بێزارم، هاوسەرەکەم دەبێت بابەتی ماڵ و منداڵ بێت، ئەگەر بە قسەکەم پێ ناکەنیت، دەبێت زیادی کەم، بە هیچ شێوەیەك بە هاوسەرەکەم مۆڵەت نادەم لە دەرەوەی ماڵەوە ئیش بکات»: «بۆچی، بیر دەکەیتەوە هاوسەرکەت بێ رەوشت دەبێت؟»: «نا، نا، بەهیچ شێوەیەك ژن دەبێت داوێنپاکی خۆی لە هەر جێگەیەکدا کە هەیە بپارێزێت، چ لە ماڵەوە، چ لە دەرەوەی ماڵەوە، ئامانجی من ئەمەیە کە تەواوی کاتێ بۆ من و منداڵەکانم بیت، حەز ناکەم کاتێ ماندوو لە ئیشی رۆژانە ئەگەڕێمەوە، جێگەی بەچۆڵی ببینم، هەرکەسێك باوەڕیکی هەیە، باوەڕی منیش باش یا خراپ ئەمەیە» لە کافتریا هاتینە دەرەوە، پیاسەمان کرد، ئەمجارەیان من بێ دەنگ بووم و ئەو قسەی دەکرد، پرسی: «تۆ وتت هەموو رۆژێك نەسیحەت دەکەن، نەسیحەتەکانیان کارت تی دەکەن؟ ئەگەر بۆ چارکردنی ەنیایی، پێشنیازیان کردووە کە شوو بکەیت، بۆچی قەبووڵی ناکەیت، بەبوونی هاوسەر بۆشایی ژیانت پڕ دەبێتەوە، تۆ ژنێکی تەواو باشیتن دەتوانیت هەر پیاوێك لەم نیعمەتە بێ بەشکەیت؟ ئەگەر کەسێکت خۆشە دەوێت و ئەویش تۆی خۆش دەوێت، خۆت دوامەخە، زوو دەست بەکاربە مەبەستم لە بینینت هەر دەمەبوو کە دەمویست بزانم ژنێك کە حەزی دەکرد بە پاکی بمینیتەوە و بەخاتری ئەوە دەستی لە هەموو خۆشییەك کێشاو گەڕایەوە، چۆنە و چۆن دەژی، هیوادار بووم ککای کە دەتبینم، منداڵێك لەباوەشتدا بیت» وتم: «لەبیرت چووە ئێرە ئێرانەو ئەو رووپانییە، ئەگەر مێردم بوایە هەرگیز نەمدەتوانی بتبینم، تەنانەت ئێستاش، بۆ ئەم یەکتر بینینە، دەبێت باری تانە بەگیان بکێشم» کەمیك بێ دەنگ بوو وتی: «تووشی هەڵەیەکی گەورە بووم، ئەبوایە کاتێ ئاماژەت بە نەخۆشییەکەت کرد تێگەیشتمایە، سەعیدە بەداخەوە لێبوردنێکی قەرزاری ماڵەوەتانم، ئەگەر ئێستاش شایەنی هاوڕێیەتم ئەم ژمارە تەلەفۆنە بگرە و هەر کاتێك پێویستت بە یارمەتی بوو، تەلەفۆن بکە، و دڵنیابە، کە زوو خۆم



دەگەیەنم» وتم: «دڵنیام کە دەتوانم پشت بە هاوڕێیەتیت ببەستم، چونکە ئەمەت سەلماندووە» وی: «لەوانەیە ئەمە دوایەمین جاربیت کە یەکتر ئەبینین، بەڵام حەز دەکەم کاتێ شوت کرد منیش بانگهێشت بکەین هەڵبەت بە ئیزنی مێردەکەت» ئەم رستەی بە پیکەنینەوە وت ، وتم: «دەبێت بگەرێینەوە» بەرە و لای ماشینەکە بەری کەوتین کاتێ گەیشتمە تاقیگە کۆتایی دەوام بوو، ریتا بەسەر سوڕماوییەوە پرسی: «ئێستا دییت؟»: «بۆ ئیش نەهاتووم، هاتم پیت بلیم ئەوم بینی» لە لامەوە دانیشت و چاوەریی کۆتایی قسەکەم بوو، هەموو رووداوەکانم بۆ گێرایەوە پاشان ئەو هەناسەیەکی قوولی هەلکیشاو وتی: «الحمدلله، بە خێر کۆتایی پێ هات» وتم: «بینیت، هەمووتان هەڵەتان دەکردووە سەبارەت بەو قەزاوەتیکی راستتان نەکرد» ریتا نزیکی مێزەکەی بوو، لەحالێکدا فایلەکانی سەر مێزەکەی ریك دەکرد وتی: «لەوانەیە ئەو یەکی لە کەمترین ئینسانەکان بیت، کە تەنیا مەبەستی هاوکاریکردنی خەڵکییە، بەڵام هەمیشە وانییە و ئینسان دەبێت ئاگای لە خۆی بیت» کاتێ بینی بەتەنیا دەچمەوە بۆ ماڵ پرس: «بەتەنیا دەرۆیت؟»: «بەڵێ»: «مەگەر دکتۆر نایەت، بەدواتا؟»: «نا لەگەڵ ئەودا قەسم نییە» لە جێگەی خۆیدا وەستاو وتی: «قسەت نییە، بۆچی؟»: «گرنگ نییە، هەردووکمان گەیشتینە ئەم ئەنجامە کە چاکتر وایە یەکتر لەیاد بکەین» هەوڵم دا ئەو گریانەی کە قورگمی گرتبوو، بشارمەوە، هەوڵم رێ لە هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانم بگرم، پاشان وتم،: «هەموو شتێك تەواو بوو، ئیتر بۆ ئەو من مردوویەکم» دەستی خستە سەر شانم و وتی: «من دڵنیام پاش چەن رۆژی تر ئاشتان دەبێتەوە، حەز دەکەی ئەمشەو بێی بۆ ماڵ ئێمە؟»: «نا، سوپاس، دەرۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان» خواحافیزیمان لەیەکتر کرد و جیابووینەوە،

## بەشی نۆیەم

ژیان مەتەلێکی ئالۆزە کە حەلکردنی پێویستی بەکاتە، کاتێك هەست دەکەی لەگەڵ بەختەوەریدا زۆر بەینت نییە، سێبەری گومان و دوودڵی لسەر هەستت، دەنیشیت و دەریای هێمنی رۆحت تووشی تۆفان دەکات، بۆ من و بەهرام، بەیەك گەیشت کۆتایی بەختەوەری بوو، بەڵام کای لای یەکین، دیوی گومان لە دڵماندا دروست دەبێت، بەهرام بە گومانەوە سەیری ئەو شتە دەکات، کە بەسەرمدا هاتووە، من بە دوودڵی لە پوچی عەشقی ئەو نسبەت بەخۆم، هەردووکمان لە هەوڵێکی باشداین بۆ لە ناوبردنی تەواوی عەشقمان بۆ یەکتر، ئەنجامی بۆ دکتۆر، کێشە لە تەبا و تەنیا بۆ من پەریشانی، خۆمم وەك گەلایەکی پاییزی دابوو بەدەسی تۆفانەوە، نەمدەتوانی بڕیار بدەم، دەمویست دکتۆر لەیاد بکەم، بەڵام بێ سوود بوو، دەمویست بیر لە رابردوو نەکەمەوە، بەڵام هەمیشە لە بیریدا بووم، هەوڵم دەدا بەسەر پەریشانیمدا زاڵ بم و ئاگر لە ناخما بکوژێنمەوە، بەڵام بڵێسەی ئاگرەکەم زیار هەڵایساند، مێشکم زۆر مادنوو بوو بوو، هەر ساتێك چاوەڕێی رووداوێکم دەکرد، ئەوانی دیکە لەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ مندا ئیحتیاتیان دەکرد، کاتێ کار لە ئیحتیات کردن تێپەڕی کرد، کەوتنە گەڕان بەدوای ریگە چارەیەك و دەسیان کرد بە پرس و راکردن ، ئەو شەوەی جومعە لەگەڵ شەوانی تر دا جیاواز بوو، لە ژوورەکەم دانیشتبووم و بە زاهیر کتێبم ئەخوێندەوە، بەڵام کتێب بیانویەك زیاتر نەبوو، لە نیگای نیگەرانی ئەوانی تر خۆم دەشاردەوە، تەنیاییم وەك فریشتەیەك لە باوەش دەگرت دەنگی منالانەی (سەحەر) کە دەیپرسی: ((پورە منت خۆش ناویت؟)) منی لە دنیای خۆم هاوردە دەرەوە، لە وەڵامیدا وتم: ((بۆچی هەست دەکەی خۆشم ناوییت؟ وەرە باوەشم تۆ خۆشەویستی منی)) دەست بچووکی هێنا بە قژماو وتی: ((بابە دەڵێ



پورە تاقەتی منالی نییە)): ((نا، ئازیزەکەم، بابە هەڵی کردووە من هەمیشە تاقەتی منالم هەیە ئێستا حەز دەکەی چی بکەم)): ((حەز دەکەم بیی بۆ لای هەموومان، من دەمەوێت لەگەڵ تۆدا شیو بخۆم)) دەستی بچووکی خستە ناو دەستم و لەگەڵ یەکدا بەروو ژوورەکەی تر بەرێ کەوتین، بە چوونەژوورەوەی ئێمە لەناکا هەموو بێ دەنگ بوون، بە بیینی بەهرام کە لە بەینی سەعید و مەسعود دانیشتبوو، مووچرکە بەگیانما هات، مەگەر نەیوتبوو هەرگیز نایەت بۆ ماڵمانن ئەی بۆچی ئێستا لیرەیە؟ ناکرێ بوتری قسەی پیاو یەك کەلامە. چونکە پێچەوانەی سەڵمێنرا، ئەگەر بەتەنیا بوایە پێم دەوت، بەڵام چ سوود بێگومان دەیوت بەخاتری من نەهاتووە، راستیشی دەوت، مەگەرنا ئەوەی کە کاتێ من لیرە نەبووم، هاتووچۆی ئەم ماڵەی دەکرد، کەواتە قسەکەم بێ سود بوو، تەنانەت حاڵیشی نەپرسیم، تەنیا سەلامی کرد و ئیتر هیچ، بینیم چاکتر وایە لای سیما دانیشم، تا لە نیگای ئەو لە دەماندابم، نازانم بۆچی تا چوومە ژوورەوە هەموو بێ دەنگ بوون، ئایا ریم لە قسەیان گرتبوو؟ ئەگەر بۆ خۆشحالی سەحەر نەبوایە، نەدەهاتم، بەهرام شەوی لە ژوورەکەی سەعید بەسەر برد، گلۆپی ژوورەکەیان تا نیوەی شەو داگیرسابوو، بەیانی بەدەنگی سەحەر چاوم کردەوە، ئەوم لە هەوڵ دان بۆ هاتنە سەر قەرەوێلەکە بینی، بەو بووکە شووشەی کە لە باوەشیدا بوو، هەوڵەکەی بێ سوود بوو، بەرزم کردەوەو لەلای خۆمدا خەواندم بووکەکەم لە بەینی خۆم و ئەودا دانا و لەگەڵ یەکدا یاریمان دەکرد، ریتا هاتە ژوورەوە، بە بینینی ئێمە لەو حاڵەتەدا پێکەنی و وتی: ((سەحەر تۆی زۆر خۆش دەوێت)): ((منیش سەحەرم خۆش دەوێت)) سەحەر دەستی کردە ملم و پرسی: ((بووکەکەیشمت خۆش دەویێ؟)): ((بەڵێ، هەردووکتانم خۆش دەوێت)) ریتا سەحەری بەرزکردەوە و وتی: ((بێ برۆین تا پوورە خۆی بگۆریت، و بێت بۆ لای ئێمە)) پێش لەوەی کە لەدەرگاکە بچیتە دەرەوە پرسیم: ((سەعات چەنە؟)): ((نزیکی ١٠ چاکتر وایە هەڵسی)) لە دەرگاکە چووە دەرەوەو کاتێ چوومە ژوورەوە، مەسعود وتی: ((بەه، بەه، چ عەجەب، سەعیدە خان لەخەو هەڵسا!)) وتم: ((رۆژی جومعە دەبێت

ئیسراحەت بکرێت، جگە لەوە ئەگەر من لە ناوتاندا نەبم، هەمووتان ئاسوودەن)) بێ ئەوەی خۆم بمەوێت سەیری بەهرامم کرد، ئەویش بۆ کاتێکی کەم سەیری کردم، دایکم پرسی: ((سەعیدە، قاوەتوون دەخۆی؟)): ((نا، دایکە، برسیم، نییە، تا نیوەڕوانە، سەبر دەکەم)) لای پەنجەرەکەدا وەستام، هەستم کرد پێویستم بەهەوای تازەیە، گوڵەکانی باخچەکە بە هۆی کاریگەری هەتاوە وە بێ قەرار بوون، تەنانەت سیبەری دارەکانیش نەیدەتوانی بۆیان ببێتە کەپرێك، منالێم هاتەوەیاد، ئەوەی کە باوکم هەر لەم حەوشەدا، بە داکوتینی بزمارێك لەسەر دیوارەکە بۆ من و سارا جوولانیی دروست دەکرد، سەیری دیوارەکەم کرد، بەو هیوایەی کە بزمارەکە ببینمەوە، بەڵام ئەم یادگاریی دەورانی منالی لە دیوارەکە هێنابووە بۆیە دەرەوە، چەدە باش دەبوو ئەگەر هەموو رووداوەکانی رابردووم بنووسیاسییە، ئێستا بە خوێندنەوەیان بیرەوەریەکانم ئەهاتە پێش چاو ئەگەر لە ئەورۆوە دەست دەکەم بە نووسین لەوانیە لە پیریدا بە خوێندنەوەیان سەرگەرم بم، هەڵبەت ئەگەر عەمەن ری بدات، دەبێت بزانم، دەتوانم دەفەترێك بدۆزمەوە کە شیاو بیت، خۆمم گەیاندە ژوورکەم و لە نێوان دەفتەرەکانم، دەفەترێکم دۆزییەوە کە شیاو بوو، بە بیستنی ئەو تەقەی کە لەدەرگا درا، رووم کردە دەرگاکە و بەهرامم بینی، هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست، لەمەی کە لەبەرچاوی ئەوانی دیکە بەتەنیا هاتە ژوورەکەم، سەرم سورما، جگەرەیەکی داگیرساند، لەسەر لیواری پەنجەرەکە دانیشت و وتی: ((هاتووم لەگەڵت قەسە بکەم)): ((بەڵام باوکم و دایکم ..)) قەسکەی برین بەوانم وتووە، دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بە تایبەتی قسە بکەم، بڵێ بزانم من هۆی ناڕەحەتی تۆم؟)): ((نا، بۆچی وابیر دەکەیتەوە؟ نە تۆو نە ئەوانی تر، هیچکامتان نەبوونەتە هۆی ناڕەحەتیم، جگە لەوە، کی وتویەتی من ناڕەحەتم؟)): ((کێ وتویەتی؟ جیی پێکەنینە، سەیری خۆت بکە، پێویست بە وتن ناکات، هەر کەسێك بتبینی، تی دەگا کە خەمبار و نەخۆشیت، ئەگەر ناتوانیت بە ئەوانی تر بڵێیت راستگۆیانە بەهرامە من بڵێ من وەك دکتۆریك، بەڵێن ئەدەم، کە قسەکانت تەنیا لای خۆم بمێنێتەوە، ئایا مەسەلەیەك، کە تائەم رادە رۆح و لاشەی تۆ



ئازار دەدات، پێوەندی بە کاك ... نازانم ناوی چییە، ئایا پێوەندی بە ئەوەوە هەیە؟)): ((نا، من خەریکم تاوانی هەڵەکانم ئەدەمەوە، پێوەندی بە هیچ کەسەوە نییە، دڵنیابە)): ((کەسێك تاوان دەداتەوە کە کارێکی خراپی کردبیت، جگە لەمە، بۆ گەورەترین گوناح حەدێکیان دیاری کردوە، تۆ ریگەی خۆ ئازاردانت گرتۆتە بەر، بەهەرحاڵ، هەست ناکەی ئیتر بەس بێت و بەقسەی خۆت، باجی هەموو تاوانەکەت دابیتەوە؟ سەعیدە، بیەلە جارێکی تر لیێت بپرسم، ئایا پیی پیاوێك لە مەسەلەکەدایە؟)) سەیرم کرد، نەمتوانی چی بلیم؟ ئایا بەڕاستی باوەڕی کردبوو، کە لەیادم کردوە؟ بۆچی گوناحی خۆی دەخاتە مل خەڵکی؟ ئەگەر ئیعترافی منی دەوێت، دەبێت بزانیت کە من هەرگیز بە دەربڕینی عەشق، غروروم ناشکێنم بیەلە، باوا بسیرکاتەوە کە پیاوێکی تر لە ئارادایە، بێ دەنگیم بووە هۆی ئەوەی کە دڵنیابیت نهێنییەکم هەیە، جگەرەیەکی تری داگیرساند، هەڵساو بەتووڕەییەوە وتی: ((بۆچی قسە ناکەیت؟ چی روویداوە کەوات لێ هاتووە؟؟ ئەگەر ناترسی قسەبکە، وە ئەگەر لاوازیت و زات ناکەی بیەلە بەرێگەی هیپنۆتیزم رەگەی ناڕەحەتیت بدۆزمەوە، رەفتاری منالانەت بۆتە هۆی ئەوە کە هەموو نیگەرانت بن، تۆ ژیانت لە هەمووان تال کردووە، ئەگەر حەز دەکەی دەوروبەرەکانت رەحمت پیێ بکەن، درێژە بەم رەفتارەت بدە، بەڵام بزانە ئەمە کۆتایی خۆ خوازییە، کە ئینسان بۆ رازی کردنی خۆی، دەوروبەرەکەی ناڕەحەت دەکات، ئەگەر دوینێکە دڵسۆزیان بۆت هەبوو، بە دنیاییەوە لە بەیانییەوە رەحمت پیێ دەکەن)) بەنەدەی بەرز قسەی دەکرد، بە شێوەیەك کە لە پەنجەرەی بەرامبەرمان سەیریان دەکردین، وتم: ((سەیرمان دەکەنن بەهەمان تووڕییەو وتی: ((بیلە سەیر بکەن، مەگەر ناتتەویت زۆر تر گرنگیت پیێ بدەن؟ ئێستا وەستاون سەیرت دەکەن، لەدڵەوە بەحاڵت داخ دەخۆن، باوەڕم وایە کە تەنانەت شیاوی دڵسۆزیش نیت)) دەستی بردە نیو قژی و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، چەن خولەك تێپەڕبوو، من گیژو سەر لێ شێواو دانیشتم مەسعود و بیرم لە قسەکانی ئەو دەکردەوە، سیما و ریتا هاتنە ژوورەوە، ریتا بەڵامەوە دانیتشو نیگاری میهرەبانی

بڕییه دەمووچاوم ، ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: ((من هەست دەکەم، کە تۆ بەسەر دووریانێکدا گیرت خواردووە، نازانی کام ریگە راست و کام ریگە چەوریژە، ئیجازە بدە یارمەتیت بدەین، ئێمە هەمووومان تۆمان خۆش دەوێت، وتم: ((تا ئێرەش بۆ هەمووتانم نارەحەتیم دروست کردوە، کیشەی من پێوەندی بە خۆمەوە هەیە و دەبێت خۆم چارەی بکەم)) سیما وتی: ((کێشەی هەریەك لە ئێمە پێوەندی بەوانی دیکەشەوە هەیە، ئێمە هەمووومان یەکێکین کاتێ تۆ خۆشحاڵ بیت، منیش خۆشحاڵم، ریتا و ئەوانی دیکەش هەروەها، خۆت لە ئێمە جیامەکەرەوە، دڵنیابە رۆژی کە تۆ لە چنگی بێ هیوایی رزگارت بیت، رۆژێکە کە خۆشی و بەختەوەری رووی کرد بیتە هەمووومان، جوان سەیری دەوربەرت کە، هەست دەکەم ئەو نزیکییەی کە لە نیوان ئێمەدا هەیە، لەکەمتر لە خێزانیك پەیدا دەبێت، قەدری ئەم خۆشەویستیە بزانە و لەگەڵ ئێمەدا ڕەحەت قسەبکە)) وتم: ((من هیچ ناشارمەوە، هەرشتێك کە دەبێت بیلیم هەمووتان ئەیزانن، بە دکتۆریشم وت کە خەریکم باجی هەڵەی رابردوو ئەدەمەوە، لەو رۆژەوە کە گەڕامەتەوەن ئەویك خەوی ئارامم نەبوو، بەردەوام توشی عەزابێ ویژدان بوومە، ئایا گوناح لە منبوو کە نەمتوانی ژیانی هاوسەریم بەسەربەرزی بەرمە ریوە یان هەڵەی پەرویز بوو؟ ئایا گوناحی من بوو کە نەمزانی کە بەهرام منی خۆش دەوێت))، من ئەتوانم لەمماڵەدا بەختەوەری بەدەست بێنم، یا خەتای ئەو بوو کە ئاشکرای نەکرد؟ ئایا بەدەست هێنانی ئەزموونێك بەم تاڵاو نۆشینە، بەناوی تاوان بەس نییە، ئایا دەبێت باجێکی قورستر بدەمەوە؟ چەندە گران؟ دەبێت چی بسەلمێنم و بەکێ؟ ئێوە ئەڵێن دەردی من، دەردی هەمووتانە، هەڵە دەکەن هیچ کامتان هەست بە دەردی من ناکەن، کام یەك لە ئێوە بەتەواوی ئەزانیت بۆچی تەلاقم سەند؟ رابردووی من ئەوەندە بەلاتانەوە عەیب بوو کە تەنانەت شەرمتان دەکرد ناوی بێنن، لەگەڵ مندا وەك منالێك هەڵسوکەوت دەکەن، تەنیا بۆ نەسیحەت کردن ئازان، بلێ بزانم سیما، ئایا بەڕاستی تۆ ئەزانیت من لەوێ چۆن ئەژیام؟ بێ گومان نازانیت، تەنیا شتێك کە ئەیزانی ئەمەیە کە پەرویز پیاوی ژن و و ژیان نەبوو،



تەنیا ئەمە، ئایا نەفەریك لە ئێوە ئەوەندە زەحمەتی بەخۆی دا تا شەویك لام دانیشێت و و سەبارەت بەڕابردوو پرسیارم لێ بکات؟ نا، ئەمە مۆری بێ دەنگییمە کە یەکە بە یەکەتان داوتانە لە لێوتان، ئەم بێدەنگییە، ئەم نیگا پڕ پرسیارانەتان، هەموویان ئازارم ئەدەن، باسی تورەج دەکەن، پێش داوەری دەکەن و لەو دێوێك دروست دەکەن، لە حالێکدا کە نازانن تەنیا کەسێك کە لە ئەڵمان دەستمی گرت و یارمەتی دام، هەر ئەم مرۆڤە بوو، لەناو کۆمەڵ بوون و تەنیابوون زۆر ناخۆشە، بیەڵن لەگەڵ خۆمدا بم و لەگەڵ تەنیاییمدا بسازێم، هەمووتانم خۆش دەوێت، هەمووتانم هەیە، بەڵام لەکۆدا تەنیام، ئێستا بەهەر شێوەیەك کە حەز دەکەن، لە بارەی منەوە قەزاوەت بکەن، ئازادن بەشێتم بزانن، یان من شیاوی بەزەیی بزانن، دکتۆری ئێوە وا دەزانێ من فێرە پێش خواردنەوە بوومە، لەوانەیە حەق بە ئەو بێت، ئەگەر بزانم ئەوانی دیکە ناتوانن بوونم تەحەمول بکەن، دەڕۆم بۆ جێگەیەك کە مەجبوور نەبن خەفەتم لێ بخۆن)) دڵ پڕێکەم بە فرمێسکێکی سوێر کە ئەچووە دەممەوە، خالێ دەکرد سیماش دەستی کرد بەگریان وتی: ((کێ وتوویەتی تەحەمولی تۆمان نییە؟ دەبێت چەن جار بڵێم کە ئێمە هەمووومان تۆمان خۆش دەوێت، ئەگەر سەبارەت بە رابردووت پرسیارمان لێ نەکردوویت، بەو هۆیە نییە کە ژیانی تۆ بۆ ئێمە گرنگ نەبوو‌بیت، بەڵکو بەخاتر ئەوە بووە کە نەماندەویست رۆحی ناسکت بڕەنجێنین، لێوەکانمان بەست تا تۆ بیرەوەرییە تاڵەکانت لە یاد بکەی)) پاش وتووێژەکەی ئەو رۆژە رەفتاری ماڵەوە گۆڕا، شەوێك کاتێ کە دەمویست بچەمەوە ژوورەکەم و ئیسراحەت بکەم، باوکم دەسی نایە سەر شانم و وتی: ((دانیشە کەمێك لەگەڵ یەکدا قسە بکەین)) مەسعودیش لەوێ بوو، ریتا لەگەڵ سەحەر چووبۆیەوە بۆماڵی دایکی، وتم: ((سەبارەت بەچی؟)) باوکم وتی: ((باسی تورەجمان بۆ بکە)): ((ئەتانەویت، سەبارەت بە ئەو چی بزانن؟)): ((هەموو شتێك، ئەمەی لەکوێ و چۆن ئەوت ناسی، ئەو چی لە تۆ ئەوێ)): ((ئەو لە ئەڵمان خوێندکار بوو، ئێمە لە پارکێکدا یەکمان ناسی، من تەنیا بووم، ئەویش تەنیا بوو، بوونی ئیرانییەك لە شوێنێکی نائاشناو بێگانە، نیعمەتێکی گەورەیە، بۆلای یەکتر چووین،

هەردووكمان سەبارەت بە خۆمان قسەمان كرد، بەوم وت كە شووم كردووە، مێردەكەم ساحیبی كلۆپی شەوانەیە، بە بیستنی پیشەی پەرویز، سەری سوڕما و بە ناباوەڕی پرسی: ((كە ئایا پێش ئەوەی شووی پێ بكەم ، دەمزانی پیشەی ئەو چییە، كاتی بێ ئاگایی خۆمم پێ وت و زیادم كرد كە ماڵەوەشمانی فریو داوە، خۆی لەبەرامبەری ژیانم هەستی بە بەرپرسیاری كرد، خۆی لە من و پەرویز نزیك و نزیكتر كردەوە، بە شێوەیەك كە ماڵی گواستەوە بۆ شوقەیەك بەرامبەر ماڵی ئێمە، لە نزیكەوە شێوەی ژیانمی بینی، ئەو یارو یاوەرم بوو، كاتێ میوانەكانی پەرویز دەگەیشتنە ئەو پەڕی بێ شەرمی، دەستمی دەگرت و لەماڵ دەیبردمە دەرەوە، لەگەڵ یەكدا پیاسەمان دەكرد، ئەو بەمنی ئەوت كە چۆن لەبەرامبەر پەرویز و داوا نارەواكانی بوەستم، كاتێ دەگەڕامەوە بۆ ماڵ كە میوانەكان بە هۆی زیادەڕەوییەوە هەركام لە سوچێكدا خەویان لێكەوتبوو، نازانم ئەگەر تورەج نەبوایە چ چارەنووسێك چاوەڕێی دەكردم ئێستاش كە گەڕاوەتەوە، حەز دەكات بزانێت ژنێك كە سەرچاوەی خۆ راگری و نەترسییەكەی ئەو بوو، چۆن ئەژێ، ژیانی من تاڕادەیەك ئاكامی هەوڵەكانی ئەوە، چاوەڕێی نەدەكرد كە ببینێت من هێشتا بە تەنیا دەژیم، باوكە حەز دەكەم ئێوەش ئەو ببینن و باوەڕ بە قسەكانم بكەن، ئێوە دەبێت ئەو ببینن تا پێتان بڵێت كە من تەنانەت هەنگاوێكیشم بەرەو كەوتن و ریسوابوون نەناوە..)) مەسعود سەرمی كردە باوەشی و وتی: ((ئێمە بڕوامان بە تۆو قسەكانت هەیە، پێوستمان بە شایەت نییە، بەڵام لێرەدا خاڵێك هەیە، هەردووكتان ئێرانین و هەردووكتان دەبێت بزانن كە پێوەندی كۆمەڵایەتی ئێمە لەگەڵ ئەڵماندا جیاوازە تورەج لە ئەڵمان بۆ تۆ رزگاركەرێك بوو، بەڵام لێرە فەرق دەكات، چونكە بتەوێ و نەتەوێت، ناوی هاوڕێی كوڕ گرفتە بۆ خۆی، ئەم مەسەلە بەلای خێزانە ئێرانییەكان شیاوی قەبووڵ كردن نییە، بەخاتری ئەو چاكەی كە لەبەرامبەر تۆ كردوویەتی، تا ئەو رۆژەی كە دەمرین خۆمان بە قەرزداری ئەو دەزانین و سوپاسگوزاری ئەوین، بەڵام دەبێت، ئەم پەیوەندییە نەمێنێت، ئێمە سەبارەت بەدانی ژوور بە بەهرام هەڵەمان كرد، بەبوونی كچێكی گەنج لەماڵەوە، نەدەبوایە ئەومان



بهێنایە بۆ لای خۆمان، چونكە ئیمكانی روودانی هەموو جۆرە پێشهاتێك هەبوو، بەڵام بە خۆشییەوە، لەگەڵ ئەوەدا كە بەهرام تۆی خۆش ئەویست، لێوەكانی بەست و هیچی نەوت، كاتێ دێتەوە یادمان كە سێ ساڵی تەواو نارەحەتی كێشاوە، شەرمەزار دەبین، ئێمە لەبەرامبەر چاوەكانی ئەو، تۆمان مارەبڕی و ئەو تەحەمولی كرد، بەڵام ئێستا ئیجازە بەتۆ نادەین كە یاری بەهەستی پاكی ئەو بكەیت، ئەو تۆی خۆش دەوێت، بە ژیانی تۆ ئارەزوومەندە، نابێت پیاوێكی تر بێتە ئەم ماڵەوە)) وتم: ((من دەكەنە قوربانی ئەو؟)): ((نا، هەڵە تێ مەگە، تۆ ناكەینە قوربانی كەس، چونكە ئەزانین تۆش دكتۆرت خۆش دەوێت، نابێت لەڕووی حەقناسی لەبەرامبەر (تورەج)دا دیسان یاری بە چارەنووسی دكتۆر بكەیت، ئێستا بۆ ئەوەی بەتەوای دڵنیابین لە خۆت دەپرسین و دەمانەوێت بێ هیچ پەردەپۆشییەك وەڵام بدەیتەوە، ئایا بەڕاستی بەهرامت خۆش دەوێت؟)) سەرم شۆڕكردەوەو بێ دەنگ بووم: ((بیرم كردەوە كاتێ كە ئەو منی ناوێت، عەشقی من چ بەهایەكی هەیە)) مەسعود وتی: ((شەرم مەكە و بێ پەردە بە ئێمە بڵێ، خۆشت دەوێت؟)): ((بەڵێ)): ((باشە لە كەیەوە و چ كاتێك؟)): ((بەتەواوی نازانم، بەڵام لەوكاتەوە كە تەسجیلەكەی داپێم، زانیم بە خاتری من لە تەنیا سەرگەرمی چاوپۆشی كردووە، ئیتر بۆم گرنگ بوو، هەستم كرد كە ئەگەر رۆژێك نەیبینم، دڵم بۆی تەنگ دەبێت، ئەوكاتە ناوی ئەو هەستەی كە بۆ ئەوم بووم نەزانی، بەڵام كاتێ لە فڕۆكەخانە فرمێسكم لە چاوەكانیدا بینی، منیش گریام و زانیم كە خۆشم دەوێت، بەڵام هەستەكەم لە خۆمدا سەركوت كرد، چونكە هاوسەرم بوو و دەبوایە لەگەڵ ئەودا بژیامایە، لەوانەیە باوەڕنەكەن، ئەگەر نیگای بەهرام لەو دوو رۆژەی ئاخردا و قسەكان و نەسیحەتەكانی تورەج نەبوایە، نازانم چۆن ژنێك بووم، نیگاری ئەو هەمیشە وەك سێبەریك بەدوامەو بوو و ئاگای لێم بوو، بەهەرحاڵ وتنی ئەم قسانە بێ سوودە، چونكە ئێمە گەیشتووینە ئەم ئەنجامە كە گونجان لە نێوانماندا نییە و ناتوانین لەگەڵ یەكدا بژین، هەوڵ دەدەم لەیادی بكەم، ئیجازە بدەن سەبارەت بەو قسە نەكەین)) باوكم تا ئەو كاتە بێ دەنگ بوو پرسی: ((كەواتە هۆی بێ دەنگی و

پەشێوی تۆ ئەمەیە؟)) فرمێسکی کە لەسەر گۆنام دەهاتە خوار سڕیمەوە وتم: ((خەتای ئەو نییە، بەو شێوەی کە خۆتان وتتان ئەو چەند ساڵ ئازاری چێشتووە، ئێستا حەقێتی کە ژیانێکی نوێ هەڵبژێرێ، من ئیتر بۆ ئەو سەعیدەکەی پێشوونیم، وە ئەویش ئیتر ئەو پیاوە نییە کە رۆژێك خۆشم دەویست، ئێمە هەردووکمان دەمانەوێت سەر لەنوێ دەست پێ بکەینەوە، هەڵبەت بۆ ئەو ئاسانترە، چونکە لێرە ناژیی و دەڕوات بۆ کوردستان، بەڵام من لە هەر سوچێکی ئەم ماڵە ئەو دەبینم، ئەگەر ئیجازەتان بدایە من لەم ماڵە ئەڕۆیشتم)) باوکم پرسی: ((کەی بەتۆی وت دەیەوێت بڕوات بۆ کوردستان؟)): ((ئەو شەوەی کە بەچاکەتەکەی ئەو هاتمەوە بۆ ماڵ)) کەمێ لە جێی خۆی جوولا و وتی: ((باوەڕ ناکەم بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر دەیویست تا ئێستا چووبوو و ئیتر نەدەهاتەوە بۆ لامان تەنانەت ئەم بەیانییە سەبارەت بەحاڵی تۆ لەگەڵ مندا قسەی کرد، دەیوت کە سەفەرێك بۆ تۆ پێویستە، بەڕاستی ئەو نیگەرانی تۆیە، ئەگەر بۆ ئەو گرنگ نەبوویتایە دڵسۆزی بۆت نەدەکرد لەگەڵ هەموو ئەم قسانەدا، من لەگەڵ تۆدام و باوەڕم وایە کە دکتۆر دەبێت خۆی رێگەی ژیانی هەڵبژێرێت، ئێمە حەقمان نییە سەبارەت بە ژیانی بڕیار بدەین ئەگەر ئەم ماڵە نارەحەتت دەکات ئەتوانی بۆ ماوەیەك بچیت بۆ ماڵی مەسعود ، تا من بیفرۆشم بەڵام بیری ئەوەی کەخۆت بە تەنیا بژیت لەسەرت دەرکە)) پاییز بەتەواى جوانی و گەورەییەوە گەیشت، گوڵەکانی ناو باخچە ئێستا لە گوڵدانان، نیشانەیەك لەگەڵای سەوزی سەردارەکان نەماوە، دوو مانگ دەبێت کە ئەوم نەبینیوە، بەڵام بێ قەرارترم لەوکاتەی کە سێ ساڵ دووریم تەحەمول کردبوو، دەزانم لە تارانەو هەموو رۆژێك دەڕوات بۆ عەیادەکەی، بەڵام نە دێت و نە تەلەفۆن دەکات، تەنیا ( سەعید )ە کە سەلامی دەگەیەنێتە دایکم و باوکم، دیداری بۆ من وەك ئارەزووی لێ هاتووە، هەوا بۆنی باران دەدا، دڵم لە ئاسمانی هەوریی پاییز تەنگ بوو بوو، بە دایکم وت بۆ پیاسەکردن دەچمە دەرەوە و لە دەرگاکە چوومە دەرەوە. بێ ئامانج سەرم دەکرد بە دوکانەکاندا و سەیری شتەکانم دەکرد، چەند جار ویستم تەلەفۆن بکەم بۆ تورەج و داوای لێ بکەم لە



شوێنێك یەکتر ببینین، حەزم دەکرد لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەین، بەڵام پەشیمان بوومەوە، لەسەر چوار رایەك رەت ئەبووم کە چاوم کەوت بە کیوسکێکی تەلەفۆن، لە جانتاکەمدا بەداوی پارەی وردە دا گەڕامو پاشان ژمارەکەم گرت، دەنگی مەسعودم بیست وتم: ((منم سەعیدە)) بە خۆشحاڵییەوە پرسی: ((چۆنی؟ چۆن بوو کە تەلەفۆنت کرد؟ لەماڵەوە تەلەفۆن دەکەی؟)): ((حاڵم باشە، نا لە دەرەوە تەلەفۆن دەکەم، بۆ پیاسە هاتوومەتە دەرەوە، حەزم کرد تەلەفۆنت بۆ بکەم)): ((کارێکی باشت کرد، بێ بۆ عەیادە، تا تۆ بگەیت، ئیشی منیش تەواو دەبێت، لەگەڵ یەکدا ئەڕۆینە دەرەوە شیو دەخۆین)): ((نا، سوپاس، پرسیارێکم هەیە؟)) باشە، بپرسە: ((هێشتا دکتۆر لە عەیادەیە)): ((بەڵێ، بۆچی، دەتتەویت لەگەڵیدا قسە بکەیت؟)) نا، دەمویست ناونیشانی ماڵەکەی لە تۆ بسەنم)) بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((کەواتە یەکەم هەنگاو تۆ نات)) وتم: ((ئایا هەڵە دەکەم)): ((نا، بەهیچ شێوەیەك، جارێك ئەو هاتە پێش و ئێستا نۆبەتی تۆیە، من ناونیشانی ماڵەکەیت دەدەمی وابزانم تا سەعاتێکی تر لەماڵ بێت، هەڵبەت ئەگەر مەوعیدی نەبێت)): ((بەهەر حاڵ من ئەڕۆم، بەڵام تۆ هیچ بە دکتۆر مەڵێ، نامەوێت بزانیت)) دیسان پێکەنی و وتی: ((باشە، لەلایەن منەوە بێ خەم بە، بەڵام وریا بە)) وتم تۆش تەلەفۆن بکە بۆ دایکم با نیگەران نەبێت)): ((زۆر باشە، ئێستا بنووسە!)) پاشان ناونیشانی سەر تەلەفۆنەکەم رەش کردەوە، تا ماڵەکەی ریگەیەکی زۆر بوو، بەڵام فورسەتی پێویستم هەبوو، کەمێکی تر پیاسەم کرد، سەرمای پاییز تا مۆخی ئیسقانی دەتەزان، پاش هەندێ پیاسەکردن، بە تەکسیەك خۆم گەیاندە نزیکی ماڵیان، دوو دڵ بووم، کەمێك وەستام و بیرم کردەوە، چۆن بیری دەکردەوە؟ چۆن لە ئیشەکەی من تێئەگەیشت؟ دوکانەکان دانە دانە داخران، دەبوایە بڕیارم بدایە، باران، نم نم، دەباری لە رۆژنامە فرۆشییەك، رۆژنامەیەکم سەند ، بەراوردم کرد کە دەبێت هاتبێتەوە کاتێ لەبەردەمی شوقەکەی وەستام گلۆپێك داگیرسابوو کە رۆشناییەکەی دەهاتە دەرەوە، دەستم بردە نزیك زەنگەکە، بەڵام دیسان دوودڵ بووم، ئەگەر میوانی هەبێت، چ بیانوویەك بێنمەوە؟

چۆن شەرحی کەم؟ دەمویست پەشیمان ببمەوە و بگەڕێمەوە، بەڵام بارانەکە زۆر بوو، بەناچار زەنگم لێدا، چەن خۆلەکێك تێپەڕبوو، تا دەرگاکە کرایەوە خۆی بوو، هێشتا چاکەت و پانتۆڵەکە لەبەریدابوو، بە بینینم سەری سوڕما، نیگامان تیکەڵی یەك بوو، سەلامم کرد و ئەو هەر لەو حاڵەدا کە تووشی گێژیو سەرسوڕماوی بوو بوو، وەڵامی سەلامەکەی داوە، پاشان دەرگاکەی بەتەواوی کردەوە و من چوومە ژوورەوە، بەدەست فەرمووی لیّ کردم، دانیشتم جانتاکەم خستە سەرپام، بە پێوە سەیری دەکردم، هەوڵمدا پێبکەنم، بەڵام لە ژێر نیگای ئەو توانایی پێکەنینم نەبوو، پرسی: «حاڵت باشە؟» سەرم بەرزکردەوە و وتم: «باشم»: «لەکویّ بوویت؟»: «لەشەقام»: «چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟»: «قورس نەبوو، بەداوای دڵدا بەڕی کەوتم و گەیشتمە ئێرە» پێکەنی و وتی: «دڵنیایت راست هاتوویت»: «بەڵیّ، راست هاتووم» لە دەرگایەکەوە چووە دەرەوەوە و پاشان بە هەندێ میوەجاتەوە گەڕایەوە، لەبەرامبەرم دانیشت، شوقەیەکی جوانی هەبوو، پرسیم،: «تازە هاتوویتەوە؟»: «بەڵیّ، چەن خولەك پێش ئەوەی کە تۆ لە زەنگ بدەیت» نەمدەتوانی لە نیگای بخوێنمەوە، کە بە بینینم خۆشحاڵە یان نا، پرسی: «بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟»: «نازانم»: «هاتووی بزانی ژنێك لەم ماڵەدا هەیە؟»: «نا هەروا هاتم»: «بیّ ئامانج هاتی؟»: «نەخۆشی تازەت ناوێت؟» هەڵساو لەبەرامبەرم وەستاو ئارام وتی: «بەڵام ئێرە عیادە نییە؟»: «دکتۆرەکان نەخۆشی تایبەت لەماڵەوە ئەبینن»، بەڵام ویزیتی من بۆ تۆ بە گران تەواو دەبێت»: «ئایا شکاندنی غورووری ژنێك بەناوی ویزیت قەبوڵ ناکەیت؟»: «نا، ئێمە شکاوەکان لەپاڵ یەك دا دەنێین و دەیانکەینە ئەسل، «داوام لیّ مەکە کە شکاوەکان قەبووڵ بکەم»: «بەڵام چاوەڕێی رۆژێکی وات دەکرد، خۆت وتت لەبیرت چووەو ئێستا من لێرەم»: «لەبەرامبەری، چیت دەوێت؟»: «هیچ»: «هیچ بۆچی؟ بەلای کەمەوە ناڵێیت رەچەتەیەك»: «چونکە ئەوەم ناوێت»: «ئەگەر ناتتەوێت بۆچی هاتی؟ بۆچی ئەم ویزیتە گرانە دادەنێی؟»: «قەیناکە، بۆ کەسێك کە هەموو شتی خۆی داوە، یەکێك زیاتر، فەرق ناکات، هاتم تا بتبینم»: «دەتەویّ چی ببینی؟ ئەگەر



هاتووی من ببینی، دەبێت بڵێم کە زیندووم و هەناسە دەدەم، بەڵام ئەگەر هاتوویە سەیری مەرگی ئارەزووەکانم بکەیت، دەبێت بڵێم کە سەرکەوتیت، ئەو رۆژە، تۆ و ئەوم پێکەوە بینی، چەندە لە یەك دێن، بە چ چیژێکەوە دۆلدرمەتان نۆش دەکرد، پاشان پیاسەی سەر پردەکە، چ ماشینێکی جوانیشی هەیە، یەکەم جار کە هاتی هەستم کرد کارتی دەعوەتت بۆ هێناوم، کە بیّم بۆ ئاهەنگەکەت، بۆچی دەوت نەهێناوە؟ بێگومان بیرت دەکردەوە کە تەعاروفی شارستانیەك لەپەلی تۆدا نییە، بۆچی ئەو رۆژە هاتمە ژوورەکەت سەبارەت بەو قسەت بۆ نەکردم؟ تۆ چەندە خۆڕاگری؟ تازە بەو پەڕی نەترسییەوە وتت کە قسەیەکت بۆ وتن نییە، ئێستا هاتوویت و دەڵێیت کە نەخۆشی، باوەڕ بەکام قسەت بکەم؟ ئەوەیان یان ئەویان؟ نەکا لەوێش ماندوو بوویت و وازت لیّ هێناوە؟ بۆچی ئەوەندە زوو بەلای کەمەوە سی ساڵ سەبرت دەکرد» ئارام دانیشتبووم و سەیریم دەکرد، بیّ دەنگیم بۆ ئەو جێی تەحەمول نەبوو، بەدەنگی بەرز وتی: «ئەی بۆچی قسە ناکەیت؟» بۆچی مەزلومانە لەسەر خۆت ناکەیتەوە، لەوانەشە لەرزت کردبێت؟» وتم: «دەڵێیت، ئێمە شوێنەکەمان گۆڕیوەتەوە، تۆ نەخۆشیت و منیش دکتۆر، دەبێت ئارام بم تا نەخۆشەکەم وەزعی خۆی باس بکات، و من رەچەتەی بۆ بنووسم» قژی سەر ناوچاوانی بردە دواوە و وتی: «بەڵێ، حەق بەتۆیە» دانیشت و چاوی تێبڕیم، پاشان سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: «بەڵێ من لە بیرم چووە کە کامان نەخۆشین، تۆ بۆ دەرمان هاتی، خۆ من نەهاتووم بۆ ماڵی تۆ؟» وتم: «هەمیشە یەك لایەنە دەڕۆیت بۆ لای قازی و رازیش دەگەڕێیتەوە» لەلای پەنجەرەکە وەستام و پەردەکەم لادا، چاوم بڕییە بارینی بارانەکە، هاتە لام و ئەویش سەیری بارانەکەی دەکرد، وتم: «حەز دەکەم پیاسە بکەم»: «لەژێر ئەم بارانە؟»: «بەڵێ» پاشان بیّ ئەوەی چاوەڕێی ئەو بکەم لەدەرگاکە چوومە دەرەوە، بەدواما هات و لەپاڵ یەکدا بەڕێ کەوتین باران هەموو جلەکانمانی تەڕکرد سەرم بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و چاوم نوقاند دڵۆپەکانی باران دەمووچاومی دەشوشت، وتی: «سەرمات دەبیّ»: «تۆ هەیت»: «بەڵام من بەدەردی

تۆ ناخۆم)) دەستی کردە قۆڵماو تا کۆتایی شەقامەکە چووین، ڕێگەکەمی گۆڕی و وتی: ((ئەگەر کەسێك ئێمە لەم حاڵەدا ببینێ هەست دەکات شێت بووینە، بێ بگەڕێینەوە)) بەتەوای تەڕ بوو بووم چاکەتەکەی داکەند و خستییە سەرشانم و وتی: ((ئەگەر نەخۆش کەوتیت چ وەڵامێك بە ماڵەوەتان بدەمەوە؟)) وتم: ((بهێڵە بارانەکە ڕۆحم بشۆرێت، بیەڵە ماندوویی ژیان لە لەشم دەربکات)) وتی: ((تۆ هێشتا منداڵی)) دەنگی هەنگاوەکانی لەگەڵ دەنگی باراندا تیکەڵ دەبوو، کاتێ گەڕاینەوە بۆ شووقەکە وتی: ((تۆ سبەی نەخۆش دەکەویت و من مەجبوورم ڕەچەتەت بۆ بنووسم)) پاشان خاولییەکی بۆ هێنام و وتی: ((قژت وشك بکەوە)) چوو بۆ چێشتخانە، خاولییەکەم نایە سەر دەمووچاوم و چاوم نوقاند، من لە ماڵی ئەودا لەلای ئەودا بووم، پاش ماوەیەك خاولییەکەی لەسەر دەمووچاوم لاداو وتی: ((هەندێ ئاوی گەرم بخۆ، ئێمە ئیشێکی مناڵانەمان کرد)) پەنجەم خستە سەرلێوی و وتم: ((هیچ مەڵێ، تەنیا گوێ لە دەنگی باران بگرە)) قومێك ئاوی گەرمم خوارد و جگەرەیەکم داگیرساند، پرسی: ((دەست کردەوە بە جگەرکێشان؟)) ویستم بڵێم هۆی ئەوە تۆیت، بەڵام بێ دەنگ بووم، چووە ژوورەکەی و بلوسێکی بۆ هێنام و وتی: ((بڕۆ جلەکەت بگۆڕە)) پام خستە ژووری نووستنی، بلوسەکەم داکەند و هەڵم خست، تاوشك بێتەوە، بلوسەکەی ئەو بۆ من هەم گەورەبوو، هەم درێژ کاتێ منی بینی پێکەنی و وتی: ((ڕێك وەك ...)) قسەکەیم بڕی و وتم: ((وەك داخۆلی سەر بێستانم؟)) دووبارە سەیری ئاوێنەکەم کرد، لە ڕاستیدا بلوسەکەی ئەو بۆ من، تەنوورەیەکی کول بوو، دەستم لە قۆڵەکانیدا ون بوو بوو، وتی: ((ئەمشەو لەیاد ناکەم)): ((بۆچی؟ لەبەر ئەوەی شێوەم پێکەنینییە؟)): ((نا، لەبەرئەوەی یەکەم نەخۆشیت کە بۆ ئەوەی بگەیتە دەرمان، دکتۆرەکەتت کردە هاوهەنگاوی خۆت، دەبوایە تۆ گوێت لە قسەی من بگرتایە، نەك من گوێم لەقسەی تۆ بگرتایە)) وتم: ((ئێمە هەردووکمان نەخۆشین و دەبێت بچین بۆلای دکتۆرێکی تر)): ((ئەویش وەك خۆمان شێت کەین؟ نا، ئەوەندەی کە منت شێت کردووە بەسە، ئێستا تا ئاوەکە سارد نەبۆتەوە بیخۆ)): ((حەزم لێ نییە، شیرین نییە)): ((ببوورە، لەبیرم



چووە شەکری تێکەم)) ڕۆیشت تا شەکر بێنێت، منیش فرسەتێك دەسکەوت، تا جارێکی تر سەیری دەورووبەرم کەم، چەن تابلۆیەك لە دیمەنی ڕۆژئاوای کوێستان دیوارەکانی ڕازاندبۆوە، هەموو جێگەیەك ڕێك و پێك بوو، چاکەتەکەی لای بلوسەکم ئاویزان کرد، هات و لەلاما دانیشت پەرداخەکەی پڕ کرد لە شەکر، وتم: ((ئەوەندە شەکری تێ مەکە، قەڵەو دەبم)): ((شەکر بۆ تۆ زەرەری نییە، ئەگەر کەمێکیش قەڵەو بیت، جسمت جوانییەکەی هەر ئەمێنێت)) پەرداخەکەی دایە دەستم، وتم: ((ئەو شەوە مەجبووربووم دەست کە مە گیرفانتا)): ((کام شەو؟)): ((ئەوشەوەی کە لەرز و تام گرت)): ((لە گیرفانی مندا بەدوای دەرمان ئەگڕایت؟)): ((نا، جگەرەم ئەویست)): ((دۆزیتەوە؟)): ((بەڵێ، تەنیا دوو دانەی تێدابوو، شتێکی تریشم دۆزییەوە)): ((بە دڵنیاییەوە پارە نەبووە)): ((نا، پارە نەبوو، دەفتەرێکی بیرنامە بوو)): ((چاکەتەکەت نەگڕاندەوە، بەلای کەمەوە دەفتەرەکەت، بهاوردایەوە)) نەمدەتوانی، چونکە بۆ من دوو مەتەڵی تیابوو)) پێکەنی و وتی: ((کەواتە دەفتەری مەتەڵ بووە و من ئاگام لێ نەبوو، باشە ئەو دوو مەتەڵە چییە؟)): ((یەکەم ئەوەی کە لەبەردەم ژمارە تەلەفۆنی ئێمەدا نووسیوتە..)) قسەکەمی بڕی و وتی: ((تۆ نازانی؟)): ((بۆچی، دەزانم، مێژووی گەڕانەوەی منت نووسیووە، بەڵام نازانم بۆچی نووسیوتە، ئاسوودە بووم)): ((دەبێت ئەمەش بزانیت، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، نەدەبوایە بمنووسیایە ئاسوودەبووم؟ مەتەڵی دووەم کامەیە؟)): ((لەبەردەم ژمارە تەلەفۆنێکی تر دا نووسیوتە، هەرگیز پێوەندی پێوە ناکەم، ئێرە کوێیەو و ئەو کەسە کێیە؟)) زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ((بۆچی، هەست دەکەی ئەوە ژمارەی کەسێکی تایبەتە، لەوانەیە ژمارەی کۆمپانیایەك، یان...)) وتم: ((بێگومان ژمارەی کەسێکی تایبەتە، چونکە ئەگەر غەیری ئەمە بوایە پێویستی بە نووسین نەدەکرد)) وتی: ((دەکرێ باسی بابەتێکی تر بکەیت؟)) پرسیم،: ((ناڕەحەت بووی؟)) هەندێ بێ دەنگ بوو، پاشان لە جێی خۆی هەڵساو چووە ژوورەکەی، کاتێ گەڕایەوە جلەکانی گۆڕیبوو قژی شانە کردبوو، زانیم نایەوێت لەو بارەوە قسەبکات، پرسیم: ((سەعات چەندە؟)): ((دەتەوێ بڕۆی؟)):

((بەڵێ)): ((چاوەڕێ بکە بارانەکە بوەستێتەوە)): ((ئەکەومە درەنگ)): ((تائێستاش درەنگ بووە، چەن خولەك درەنگتر بڕۆیت فەرق ناکات، لەوانەیە چاوەڕێی تەلەفۆنی کەسێکی ..)) وتم: ((چاوەڕێی تەلەفۆن نیم)) هەر لەو کاتەدا دەنگی زەنگی تەلەفۆن هات، و ئەو نیگایەکی ماناداری کردم، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، وتم: ((دیسان جێگەی ئێمە لەگەڵ یەکدا گۆڕا، تۆ چاوەڕێی تەلەفۆنی کەسێك بوویت، نە من)) وەڵامی دایەوە و سەلام و ئەحواڵپرسی کرد، زانیم لەگەڵ دایکمدا قسە دەکات، بەهرام وتی: ((لەبەر ئەوەی باران دەبارێت، چاوەڕێ بووین بارانەکە بوەستێتەوە)) کەمێکی تر لەگەڵ یەك قسەیان کرد، رۆژنامەکەی کە کڕیبووم، کردمەوە و لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە، لەلاپەڕی ناوەڕاستیدا، وێنەیەکی زۆر جوان لە پاییز چاپ کرابوو، پاش تەواوبوونی پێوەندییەکە، پرسی: ((بۆ شیو دەمێنیتەوە؟)) وتم: ((نا، دەچمەوە بۆ ماڵ)) ئیشارەتی کرد بەجلەکانم و وتی: ((بەم قەیافەوە؟)) پاشان بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بێت، چووە چێشتخانە. وەکو ئەو کاتەی لەماڵی ئێمە ئەژیا، پاکەتێکی ساردکەرەوەی دەرهاورد و خەریکی حازرکردنی شیو بوو، هەر بەو شێوەی کە خەریك بوو، وتی: ((باشە غوربەت لە ماوەیەکدا وا لە ئینسان دەکات پشت بەخۆی ببەستێت)) لەلای دەرگای چێشتخانەکە وەستابووم، و سەیری ئەوم دەکرد،: ((هیچ بیرم لەوە نەکردبۆیەوە کە مەجبووربم رۆژێ چێشتی دەستی تۆ بخۆم)) بەزەردەخەنەوە وتی ئێستاش مەجبوور نیت، وتم: ((سوپاس بۆ خولق کردنت)) ئەو بێ هیچ قسەیەك درێژەی بە ئیشی خۆیدا، وتم: ((بیەڵە یارمەتیت بدەم)) رووی کردە من و وتی: ((بیردەکەیتەوە ئەوکاتە من چێشتی دەستی تۆ دەخۆم؟)) وتم: ((مەجبوور نیت)) بەپەلە وتی: ((تەنیا شتێك کە لەتۆدا نەگۆڕاوە حازر وەڵامدانەوەتە)) وتم: ((لەم بارەیەوە لێك چوونمان هەیە، ئێستا بێ حسابین)): ((خۆزگە وابوایە)): ((من وەکو تۆ نیم، کاتێ ئەڵێم بێ حساب یەعنی بەڕاستی تەواو بوو، بەڵام تۆ بە پێچەوانەی منەوە لەهەر فرسەتێك بۆ هاوردنە پێشی رابردوو کەڵك وەردەگری)) دەنگی ئەو گۆشتەی کە لەتاوەکەدا سوور کرابۆوە، لەگەڵ دەنگی ئەو تێکەڵ بوو، بەهێواشی شتێکی وت کە



نەمبیست، وتم: ((بەدەنگی بەرز قسە بکە، دەنگت نابیستم)) گازەکەی کزکردوو وتی: ((تۆ هیچ کات دەنگی منت نەبیستووە)): ((تۆچی، دەبیستیت؟)) وەڵامی نەدایەوە، سەری کرد بۆیە ناو ساردکەرەوەکە و بەداوی شتێکدا ئەگەڕا، وتی: ((ئەگەر دەتەوێ یارمەتیم بدەیت، مێزەکە حازرکە، قابەکان لە ناو کەوانتەری بەرامبەر دایە)) بۆ هاوردنی قابەکان چوومە ناو چێشتخانەکە، وتی: ((زۆر حەز دەکەم شەوێك هەمووتان دەعوەت بکەم)) بەگاڵتەوە وتم: ((بێ گومان چێشتکەر خۆتی)) وتی: ((کچێ، تۆ هێشتا چێشتی دەستی منت نەخواردووە، بۆچی ئەوەندە رەخنە ئەگری؟)) پرسیم،: ((باشە، دەتەوێ کەی ئەم ئیشە بکەیت؟)): ((فەرق ناکات، تەنیا دەبێت سەبارەت بە ئامادەکردنی خواردنەکان بیرکەمەوە)): ((لەوانەیە من و دایکم یارمەتیت بدەین)): ((نا، دایکت نا، چونکە حەز دەکەم کاتێ دێت بۆ ئێرە، هەموو شتێك رێك و حازر بێت)) بەگاڵتەوە وتم: ((خۆ ناتهەوێ هەموو ئەرکەکان بدەیتە سەر من؟)): ((مەگەر حازری یارمەتیم بدەیت؟)): ((ئەگەر دەعوەتم کەیت، بەڵێ)) بەسەرسامی وتی: ((کەواتە یەکەم میوان تۆیت)) کاتی شەو لەسەر جۆری خواردنەکەن رێککەوتین، هەستێکی باشم هەبوو، لەگەڵ ئەودا بووم، بێ هیچ دڵ ئێشانێك قسەمان دەکرد، کاتێ خۆمم بۆجێ هیشتنی شوقەکە حازر دەکرد، کلیلێکی پێ دام و وتی: ((پێوستت بەمە دەبێت، بەڵام هەرکاتێك ویستت بێیتەن ژوورەوە، جەرەسیك لێ بدەو کەمێ سەبرکە)) هەردووکمان پێکەنین، و وتم: ((بەم شێوەیە، بۆ دیداری دکتۆر پێویستی بە کاتێ پێشوو نییە)) لەحاڵێکدا کە دەرگاکەی بۆم دەکردەوە بەشەیتانیەوە وتی: ((نەکا دیداری ئەمشەوی ئێمە لەوە پێش دیاری کراوبوو)) هەردووکمان سوار بووین، پرسیم: ((لە بارەی منەوە چۆن بیر دەکەیتەوە؟)): ((لە چ لایەنێکەوە؟)): ((بۆ ئەوەی کە هاتم بۆ ئێرە)): ((مەگەر نەخۆش نەبوویت؟ هاتنی نەخۆش بۆ لای دکتۆر چ هۆیەکی هەیە، جگە لە نەخۆشی؟)) وتم: ((هەست دەکەم حاڵم باشە)) کەواتە زۆرتر بۆ بینینم بێ تاحاڵت تەواو باش بێتەوە)): ((دەترسم بەهاتنم بێزارت کەم)) سەیرێکی کردم و وتی: ((نیگەرانی من مەبە)) قسەکەی گۆڕی و پرسی: ((کەی ناوی خۆراکەکانم بۆ دێنی؟))

وتم: ((تۆ تەنیا پارەکەی بدە، باقی ئیشەکان لە ئەستۆی من)): ((پارەی حازرت دەوێت یان چەك بنووسم؟)): ((حازربێت باشتر خەرجی دەکەم)) لە لایەن منەوە هەموویان دەعوەت دەکەیت؟)): ((بەڵێ)): ((وابزانم هەموو شتێك رێك و پێکە لە ئێستاوە بۆ پێنج شەممە، رۆژ دەژمێرم، بەیانی پێوەندیت پێوە دەکەم)) نزیکی دەرگای ماڵەوە سەیارەکەی وەستاند و وتی: ((لەبەر ئەوەی درەنگە سەرتان قاڵ ناکەم)) شەوشادی وت و رۆیشت، لەتەوای درێژی حەوتەدا چاوڕێی رۆژی میوانی بووم، لەگەڵ دایکمدا هەموو شتەکانم حازرکرد،، لەهەر پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا دڵنیام دەکردەوە کە هەموو شتێك رێکە، خۆرئاوای چوار شەممە، هەندێ لەو شتانەی کە حازرم کردبوون بردم بۆ ماڵیان، کاتێ چوومە ژوورەوە، هەموو جێگەیەك رێك و پێك بوو، لەسەر وەرەقەیەك بیرنامەیەکم، بۆ نووسی: ((تکایە دەس درێژی نەکەیتە سەرخۆراکی ساردکەرەوەکە)) وە چەسپاندمە سەلاجەکەوە و چوومە دەرەوە، رۆژی پێنج شەممە لە چێشتخانەکە و لە ژێر بیرنامەکەی مندا نووسیبوی،: ((دەست درێژیم نەکرد، تەنیا تۆزێکم لێ خوارد)) خەریکی چێشت لێنان بووم، کاتێ ئیشم تەواوبوو، بانگی نیوەڕۆبوو، دەمزانی نیوەڕوانە لە دەرەوە دەخوات، چووم بۆ گەرماو و خۆم شت، خەریکی خۆگۆڕین بووم کە دەنگی جەڕەسی دەرگا هات، بەهرام بوو، بە پەلە خۆم گۆڕی و هاتمە دەرەوە کاتێ منی لەبەردمی خۆیدا بینی ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: ((چەنێ چاوەڕێی ئەم ساتە بووم)) وتم: ((چاوەڕێم نەدەکرد بۆ نیوەرۆ بێیتەوە بۆ ماڵ)) دانیشت و چاوی بڕییە گوڵی فەرشەکە، پاشان لە حاڵێکدا کە هەوڵی دەدا لەرزی دەنگی نەیەلێت، وتی: ((هاتم بزانم پێویستت بە هیچ نییە)): ((نا، هەموو شتێك هەیە، لە کوێوە زانیت کە من لێرەم؟)) ئەمجارە هەڵسا و لەبەرامبەرما وەستا، وتی: ((تەلەفۆنم کرد بۆ دایکت، وتی نەچۆتە کۆمپانیا و لێرەیت، لەمەی کە بوومە هۆی زەحمەتت داوای لێبووردن دەکەم)) ، وتم: ((بۆ من موزاحمەتێکی نەبوو)) پرسی ((هیچت خواردووە؟)): ((نا، ئیشم لێرە تەواوبووە، ئەچمەوە بۆ ماڵ)): ((بۆنی چێشتت ئەم ناوەی پڕکردووە، ئەوسا تۆ دەتەوێ بچیتەوە بۆ ماڵ؟)): ((بەڵام ئەم چێشتانە بۆ



شەوە)) پێکەنی و لەحاڵێکدا کە بەرەو چێشتخانە دەچوو، وتی: ((من باوەڕ ناکەم ئەگەر هەندێکی لێ کەم بێتەوە، قەیدی بکات)) چووم بۆ چێشتخانەکە و وتم: ((نا، وامەکە)): ((بۆچی، دەمەوێت یەکەم کەس بم، لە چێشتەکەت بخۆم، دەبێت بزانم کە من باشتر چێشت لێ دەنێم، یا تۆ)) کەواتە چاکتر وایە تا شەو ئارام بگری)) دەستمی گرت و، لە گازەکەی دوور کردەوە: ((تاشەو زۆری ماوە و منیش زۆرم برسییە)) سەری قابڵەمەکانی لاداو سەیری ناویانی کرد، پاشان بێ ئەوەی دەستیان لێ بدات، سەریانی نایەوە پرسیم: ((بۆچی نەتخوارد؟ حەزت لێ نەبوو؟)) رووی کردە لای من و لە بەردما وەستا و بەدەنگێکی بەرز وتی: ((لە چێشتخانە برۆ دەرەوە)) داچڵەکیم و پرسیم: ((بۆچی؟)) ئەو کاغەزەی کە چەسپاندبوومە دەرگای سەلاجەکەوە، لێی کردەووە و خستییە ناو سەتڵی زبڵەکەوە و وتی: ((تۆ من وەسوەسە دەکەیت نامەوێ تووشی هەڵەبم)) یەکسەرە لە چێشتخانەکە چووە دەرەوەو لەسەر قەنەفەیەك دانیشت سەری لە نێوان دەستەکانیدا گرت و چاوی نوقاند، پاڵمدا بۆیە چوارچێوەی دەرگای چێشتانەکە وتم: ((باشتر وایە من بچمەوە)) سەری بەرزکردەوەو وتی: ((نا، من دەرۆم لە دەرەوە خواردن دەهێنم)) لە دەرگاکە چووە دەرەوە، خۆشم بۆ ساتێك لە یادم کردبوو کە لە ماڵی ئەودام و ئەوێ ماڵی من نییە، لەوێ و لەو شوقە بچووکەدا هەستم بەسەربەخۆیی و خاوەن ماڵیی دەکرد، ئەوێم خۆش دەویست و خۆمم بە هۆی نزیك بوون لەوەوە، بە بەختەوەر دەزانی لە پشتی پەنجەرکە وەستام و سەیری هەتاوم دەکرد کە سەری شۆستەکەی داپۆشیبوو، بەخۆمم وت: ((مەگەر تۆ ونبووی ئەو نیت؟ ئێستاکە گەڕاویتەوە نابێت هەست بکات کە تۆ ئەو ونبووە نیت، بەخۆمم وت، ئێمە یەکمان خۆشە دەوێت و نابێت هیچ شتێك ببێتە بەربەستی عەشقی ئێمە، دەبێت دڵنیابین کە ژیان بێ من بۆ ئەو بێ مانایە، پاشان پێکانیم  و وتی: ((چی دەکەی سەعیدە؟ خۆت دەسەپێنیت بەسەریا، لە زەرفەکەی دەرکرد و خستییە سەر مێزەکە ویستم یارەمەتی بدەم، بەڵام ترسام دووبارە لە چێشتخانە بمکاتە دەرەوە، خۆی هەموو شتێکی حازر کرد و منی بۆ خواردن دەعوەت کرد، کاتی خواردن وتم: ((سوپاس و

چاکەتەکەتم هاوردەوە)): ((بەتەمای گەڕانەوەیان نەبوویت؟)): ((هەست دەکەم یادگارییەك بەسە، بۆچی ئەو شتوومەکانەی کە بۆم ناردبوویت بەکارت نەهێناوە.؟)) وتی: ((یادگاری دەبێت هەڵبگیرێت))، بەڵام من تەسجیلەکەی تۆم بەکارهێنا)): ((ئەو دیارییەی کە من دام بە تۆ فەرق دەکات)) ناو چاوی سوور بووبویەوە و بە نەبرەیەکەی تووڕەییەوە درێژەی بە قسەکانیدا، هەرچەندە دیارییەکی بە بەهانەبوو، بەڵام عەشق و سۆزی تێدابوو، شتێك کە دیارییەکانی تۆ تێیدا نەبوو)): ((بەچیدا دەزانیت خاڵی لە سۆزبوو)): ((ئەگەر سۆزێکت بۆ من هەبوایە بەجێت نەدەهێشتم)) وتم: ((سەرەتای دەمقڕە دەستیپێکرد)): ((نا، ئەسڵەن بەتەمای دەمقڕەنیم، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە بۆ هاتنی زۆر چاوەڕێی بووم، بۆ کۆکردنەوەی قابەکان هەڵسا، منیش یارمەتیم دا، وتم: ((چای حازرە، حەزت لێیەتی؟)): ((ئەگەر بۆ شەو نییە، بەڵێ)): ((ناڕەحەت بووی کە نەمهێشت دەست بدەی لە چێشتەکان؟)) زۆر بە خوێنساردییەوە وتی: ((نا، ناڕەحەت نەبووم، هەست دەکەیت کە هێزت زۆرتر لە من بوو کە دەڵێیت نەمهێشت؟)) پێکەنیم و وتم: ((بەڵێ، چونکە بەهەرحاڵ بینینت سەرنەکەوتیت)) دەستێکی خستە سەر ناوقەدی و بە دەستەکەی تری پیاڵەی خاڵی سەرکەوانتەرەکەی هەڵگرت و بە شێوەیەك خۆی نیشاندا کە ئەیەوێت پیاڵەکە بەزەبری پەنجەکانی بشکێنێت، و وتی: ((ئێستا چی؟)) قیژاندم وتم: ((باش نییە پشتت بەرگەی ناگرێ ، زۆر باشە، تۆ بە هێزتری، ئێستا سەنگەکە دانێ)) قەبووڵی کرد، چونکە قارەمانی سەرکەوتوو پیاڵەکەی لەسەر مێزەکەدانا هەردوو دەستی خستە دوای پیاڵەکە، لە حاڵێکدا سەیری چاوەکانمی دەکرد وتی: ((کەی ئەم مۆتەکەیە کۆتایی پێ دێت؟)) (( هەر کاتێ تۆ بتەوێت)): ((تۆ لە وەڵام دانەوەدا دەست بەدەست دەکەیت)) ((نا، دەست بەدەست ناکەم، ئەمەوێت خۆت، من بناسی، بەو شێوە کە هەم و بەو شێوەی کە دەمبینی ))، بەڵام دڵی من لەگەڵ ئەوەدا کە ئەیبینم یەکێك نییە)): ((کەواتە یەکێکیان هەڵبژێرە، هەرکامیان کە لەڕاستی نزیکترە)) وتی: ((هەر کاتێ لێت دوورم، نیگەرانتم، بەڵام کاتێ دەتبینم، رابردوو، وەك مۆتەکەیەکی ترسناك دێتە بەرچاوم، تەنانەت لەیادم



دەچێت ئەحواڵت بپرسم، سەعیدە، تۆ نازانیت چیت بەسەر رۆح و جەستەما هێناوە، مردوویەکت لە من دروست کردووە کە دەجووڵێتەوە، قسە دەکەم، ئیش دەکەم، بەڕرواڵەت پێدەکەنم ، بەڵام خوا دەزانێت لە ناخەوە دەگریم، تۆ بکوژی منیت و من بکوژی خۆمم خۆش.)) قسەکەی تەواو نەکرد وتم: ((بەهرام بۆچی قسەکەت تەواو ناکەیت؟)): ((چ سوودێکی هەیە، من هێشتا بەدوای تۆدا دەگەڕێم)): ((بەڵام من لەلای تۆدا وەستاوم، من نابینی ؟)): ((بۆنا، تۆ ئەواتە بینی کە هاتمە ژوورەوە، تاوێك لەمەوپێش تۆم بینی، بەڵام زۆر زوو ئەو سەعیدە لە پێش چاوم نەما، ئێستا تۆ ئەبینم، سەعیدە یەك کە.)) پیاڵەکەی لەدەستم گرت و چای تێ کرد وتم: ((ئەمڕۆ بە جۆرێکی تر قسە ئەکەیت، بۆچی قسەکەت تەواو ناکەیت)): ((چونکە نامەوێت ئەم رۆژە خۆشە خراپ بکەم)): ((ئێستا رۆژی منت بە قسەکانت خراپ کردووە، منیش ئەمرۆ بەیانی، کاتێ هاتم بۆ ئێرە، بیرم دەکردەوە کە ڕۆژێکی خۆشم دەبێت، بەڵام بەداخەوە، ئەگەر بە بینینی من رابردووت بۆ زیندوو دەبێتەوە، بۆچی چارم ناکەیت؟ منیش کاتێ لەگەڵ تۆدام ڕابردوو دێتەوە یادم، بەڵام بە پێچەوانەی تۆوە، (تا)م لەبیر دەچێتەوە، بەڵام لە تەنیایی..)) قسەکەمی بڕی وتی: ((کەواتە زۆرتر بۆ بینینم بێ)): ((نا، من خۆپەرست نیم کە بۆ ئارامی خۆم یەکیکی تر ئازاردەم)) پیاڵەی داوە دەستم و وتی: ((بۆ من نیگەران مەبە، من هەموو شتێك باش تەحەمول دەکەم، لەوانەیە ئەگەر زۆرتر یەك ببینین، هەردوکمان تیمار بین، کاتێ مۆتەکە تەواو دەبێت کە دڵنیابم، تۆ لەمن راناکەیت،)) ئەوسا سەیری سەعاتەی کرد، بەپەلە چایەکەی خوارد و پرسی: ((دڵنیایی هیچت پێویست نییە؟)): ((بەڵێ، تەنیا شیرینیم نەکردبوو، کە ئەویش دەکرم)) نا، تۆ زەحمەت مەکێشە، خۆم دەیکرم، بەڕای من باشتروایە لیرە بحەوێیتەوە نەچیتەوە بۆماڵ، دڵنیابە کەس وەرست ناکات)) کاتێ لە دەرگاکە چووە دەرەوە وتی: ((خوا ئێمە لە یاد ناکات)) بیرم کردەوە ئیتر چی لە من دەوێت؟ دەبێت چی بکەم تا باوەڕم پێ بکات، ئیوارە میوانەکان هاتن، میوانداریم گرتبویە ئەستۆوە، ریتا سەری هێنایە لای گوێم و وتی: ((نەموت زوو ئاشت دەبنەوە.؟)) وتم: ((دوو

مانگ کەمە؟)): ((بەهەرحاڵ تەواو بوو، هیوادارم هەمیشە لە ئاشتی و خۆشیدا بن)) زۆر هیوادار مەبە)) سەعید و بەهرام دەرەنگتر هاتن، بەهرام پاکەتی کێك و چەپکەیە گوڵی رۆزی بەدەستەوە بوو، بە بینینی هەمووان لەو جێگەیەدا، خۆشحاڵ بوو کە لە دوایی یەك دووبارەی دەکردەوە، بە خێربێن، بەخێر بێن، چەند جار دەمووچاوی باوکمی ماچ کرد، و سوپاسی دایکمی کرد بەخاتری ئەو زەحمەتانەی کە کێشاویەتی لە نێوان گوڵەکاندا چەند چڵێکی جیاکردەوەو بە هەرکام لە خانمەکان چڵێکی پێشکەش کردن ئەوانی تری روو لەمن گرتوو وتی: ((بۆ تۆ)) هەموویان پێکەنین و سیما ناوچاوی دا بەیەکدا کام وتی: ((ئەمە راست نییە. بەهەرکام لە ئێمە گوڵێکت داو بە سەعیدە چەن گوڵ؟)) بۆ ئەوەی گوڵەکان بکەمە ناو گوڵدانەکەوە چووم بۆ چێشتخانە بە دواما هاتەژوورەوە، پرسیم: ((گوڵدانەکە لە کوێیە؟)) بەدەست ئیشارەتی کرد بۆ تاکێك و ئارام پرسی: ((ئیسراحەتت کرد؟)): ((بەو قسانەی کەکردت، مەگەر دەتوانم ئیسراحەت کەم؟)): ((مەبەستێکم نەبوو، بیٚ لە یادی کە، تاهەست کەم ئەمشەو یەکێکە لە خۆشترین شەوەکانی ژیانم، بەڵێن دەدەی؟)) وتم: ((بەڵیٚ، ئێستا تا مەجبور نەبوومە بتکەمە دەرەوە، خۆت برۆ)) وتی: ((بەسەر چاو، فەرمانی ئێوە بەجێییە)) چووە دەرەوە، خانمەکان بۆ یارمەتی هاتن و من فرسەتێکم دەست کەوت تا لەگەڵ سارا قسەبکەم، وتم: ((تۆ هێشتا دوو دڵی؟)) وتی: ((نازانم)) ریتا وتی: ((تۆ باشترین ڕۆژەکانی لاویت لە دەست دەدەی کاتیٚ هەموو شتێك بەسوودی تۆیە، ئتیر گومان مانایەکی نییە، مەیلی خۆتە، تۆ دەبێت بڕیار بدەی)) سەیری میوانەکانم کرد، حەمید، پەیمانی لای پەنجەرەکە بەرز کردبوویەوە تا بتوانێت سەیری شۆستەکان بکات، چووم بۆ لای و بەگاڵتەوە پرسیم: ((ئێوە کەی دەتانەوێت شاییەك بکەین؟)) لە قسەکەی من سووربوویەوە وتی: ((من حازرم، بەڵام خۆ،..)) قسەکەیم بڕی و وتم: ((ئەویش حازرە، بەڵام دەترسێت)): ((لەچی؟)): ((هەست دەکات ئەگەر شووبکات، رای ماڵەوەتان سەبارەت بەو دەگۆڕێت)): ((بەڵام ماڵەوەمان داوایان لیٚ کردوو، رازی بێت بە پێشنیارەکەم، هەموویان رازین و پێویستی بە نیگەرانی نییە)) وتم: ((ترسی



دووەمی ئەو پێوەندی بە تۆوە هەیە؟)) پرسی: ((پێوەندی بە منەوە هەیە)): ((بەڵیٚ ئەو وا بیر دەکاتەوە ئەگەر ببێتە هاوسەرت، هەڵسوکەوتت لەگەڵ پەیمان دەگۆڕیت)) بە ناباوەڕییەوە سەیری کردم و وتی: ((بۆچی دەبێت وابیر بکاتەوە، من ئەوەندە پەیمانم خۆش دەوێت کە هەرگیز باوەڕ ناکەم، ئەگەر ڕۆژێك ببمە ساحێبی منداڵێك بەقەد پەیمان خۆشم بوێت، ئێمە هەموومان پەیمان و سارامان خۆش دەوێت، وابزانم هەمووتان ئەمە دەزانن)) وتم (( ئێمەش دەزانین، بەڵام تۆ حازریت بەڵێن بدەی بەسارا کە ئەگەر لە ئەو بویتە ساحیب منداڵێك، سۆز و خۆشەویستیت بۆ پەیمان کەم نەکات.؟)) فرمێسکێك لە چاویدا درەوشایەوە، بۆ ئەوەی لەمنی بشارێتەوە سەیری خوارەوەی کرد، وتم: ((لەگەڵ سارا قسە بکە و لەدوو دڵی دەریبهێنە)) وتی: ((ناتوانم، تۆ ئەم ئەرکە دەگریتە ئەستۆو پێی بڵیٚ حازرم بۆ ئیسپاتی قسەکەم، هەر چۆرە زەمانەتێکی بوێت، دەیدەم، پەیمانم لە باوەشی داگرت و وتم: ((بۆچی ئەمشەو ئەم مەسەلە تەواو ناکەیت؟)) پاشان بیٚ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێك لەلای ئەوەوە بم، رووم کردە ئەوانی دیکەو وتم: ((تکایە چەن خولەك )) هەموویان چاویان بڕییە ئێمەم، حەمید لە تەنیشت مەسعود دانیشت و وتی: ((لەوانەیە ئەمشەو ئێرە بۆ وتنی ئەو بابەتەی کە دەمەوێت بیلێم، کاتێکی باش نەبێت، بەڵام سەعیدە خان هەندیٚ شتی وت کە پێموایە، مەسەلەکە بە ئیجازەی دکتۆر، لێرە بەیان کەم)) بە فەرمووویەك کە بەهرام وتی، حەمید جارێکی تر رەنگی سوور بووە وە و سەیری منی کردو وتی: ((ئێوە ماڵەوەمان بەباشی دەناسن وە لەڕادەی سۆزی ئێمە بەرامبەر پەیمان و سارا ئاگادارن، پەیمان نیوەی بوونی منە، ئەو یادگاری کەسێکە، کە ئیتر لە نێو ئێمەدا نییە، مەجید لە ئاخرین ساتەکانی ژبانیدا، هاوسەرو منداڵەکەی بە من سپارد، وتی سارا رازی کە، کە ببێتە هاوسەرت من لەگەڵ ئەودا بەختەوەر بووم و دەزانم کە بۆ تۆش هاوسەرێکی باش دەبێت، منداڵەکەی منیش بە منداڵی خۆت بزانە، لە حەقیا باوکایەتی بکە، ئێستا من نەتەنیا بە خاتری داوای براکەم ، بەڵکو بەخاتری ئەوەی خۆشم هەموو سیفەتە باشەکانی هاوسەرێتی لە سارا دا دەبینم، بۆ قەبووڵی داواکەم،

پێ دائەگرم و من لەبەرامبەر هەمووتان بەڵێن ئەدەم کە ئەگەر داواکەم قەبووڵ کات، هاوسەرێکی باش بم، لەلایەن ماڵەوەش حازر بە قەبووڵی هەر جۆرە بەڵێنێکم، ئەگەر بەڵێنی زمانی ئێمەتان قەبووڵ نییە، من حازرم بەڵێنی نووسراو بدەم» باوکم وتی: «ئێمە باوەڕمان بە تۆو ماوەڵەوەتان هەیە، بەڵێنی زمانی تۆ لەهەر نوسراوێك گرنگترە بەڵام دەبێت سارا بڕیار بدات، ها! سارا رازیت؟» ئێمە بێ دەنگی و زەردەخەنەی سەر لێومان بەنیشانەی رازی بوون دانا، هەموومان چەپڵەمان لێدا و پیرۆزباییمان لێیان کرد، باوکم رووی کردە بەهرام و وتی: «دکتۆر گیان قسمەت وابوو کە ئەمشەو لە ماڵی تۆدا، هەواڵی بەشودانی سارا ببیستین، هیوادارم تۆش بە ئاواتت بگەیت، ئێستا مناڵەکان کێك بینن، دەممان شیرین بکەن» هەڵسام و سارام ماچ کرد، و پیرۆزباییم لێ کرد ئەوانی دیکەش ئەم ئیشەیان کرد، کێکەکەمان بەناوی دەزگیرانی ئەوانەوە بڕی و خوارد، قسەکان رەنگێکی تری گرتە خۆ، ژیان دەمووچاوی جوانی خۆی نیشان دەدا، هێمینییەك کە لە دەمووچاوی سارا دەرکەوتبوو، خۆشحاڵی حەمید، کاری لە هەمووان کردبوو، چەن جوانە سەرەتای عەشقێکی پاك میوانییەکی باش بوو، بەهرام لای دەرگاکە وەستابوو میوانەکانی بەڕێ دەکرد، هەستم کرد کە ماندووە لەوانەیە ماندوو بووبێت کاتێ خوا حافیزی دووبارە پیرۆز باییم لە سارا کردو و هیوای بەختەوەریم بۆ خواست، دەمزانی کە بەختەوەر دەبن، کۆتایی حەوتەی دوایی سەعید ئاگاداری کردینەوە کە بەهرام لە کوردستانەوە، میوانی بۆ هاتووە، باوك و دایکیشی هاتبوون، بۆیە رۆژی پێنج شەممە نەمانتوانی ببینین، رۆژی هەینی دایك و باوکی حەمید بۆ بینینی باوك و دایکم هاتن، قەراری مارە بڕینمان بۆیەکێ لە جەژنە ئایینییەکاندا شەوی شەممە کاتێ ماندوو لە دەوام هاتمەوە بۆماڵ، لە پشتی دەرگاکە دەنگی وتووێژی سەعید و دایکم بیست بۆچی ئەوەندە زوو گەڕابوویەوە؟ گوێم گرت، ئەو دەیوت، زۆر خراپ دەورەیان داوە، دەڵێن تاوەڵامی یەکسەری لێ نەبیستن ناگەڕێنەوە بۆ کوردستان» مات بوونم هەستم کرد خەرێکم دەبووریمەوە، پاڵم دا بە دیوارەکەوە، دەنگی دایکم بیست کە دەیپرسی:



«کێیان بۆی هەڵبژاردووە؟» سەعید وتی: «دڵنیانیم، بەڵام هەست دەکەم (ستارە) یان هەڵبژاردبێت، ئەو لە ئەمەریکا دەرسی خوێندووە و کچی یەکی لە گەورەکانی کوردستانە، لەگەڵ بەهرامیشدا خزمن» دایکم پرسی: «ڕای دکتۆر، خۆی چییە؟» سەعید وەڵامی دایەوە،: «بەهرام وەڵامێکی تەواوی نەداوەتەوە، من نیگەرانی سەعیدەم، ئەگەر ئەم جارەش بدۆڕێ، نازانم چ چارەنووسێك چاوەڕێی دەکات» دایکم وتی: «دەبێت بزانین بەهرام کامیان هەڵئەبژێرێت، بەس ئەوەندە ئەزانین کە ئێمە ناتوانین هیچ بڵێین» بەفرسەتم زانی، بە کۆخەیەك هاتنەوەی خۆمم راگەیاند، کاتێ چوومە ژوورەوە ئەوان قسەکەیان بڕی، نەیاندەویست من لە بابەتەکە ئاگادربم، منیش بەڕووی خۆمم نەهێنا، بەڵام ئەو شەوە تا بەیانی بیرم دەکردەوە نەمدەزانی دکتۆر کامان هەڵدەبژێرێت، من یا ئەو، کاتێ کە خۆر ئاسمانی روون دەکردەوە، گەیشتمە ئەم ئەنجامەی کە شانسی بردنەوەم نییەو دەبێت لە گەمەکە بێمە دەرەوە، چاوەکانم لە بێ خەویدا دەکزایەوە و سەرم ئێشی دەکرد، کاتێ لەسەر مێزی نان خواردن حازربووم، سەعید بە حاڵمی زانی و پرسی: «حاڵت باشە» وتم نا، سەرم ئێش دەکات»: «چاکتر وایە لەماڵەوە ئیسراحەت بکەیت»: «ناکرێ چونکە ئەمڕۆ ئێشم زۆرە، شتێکی گرنگ نییە، چاك دەبێت» ئەمزانی بەداوی سەر ئێشە، تاش دێت، بۆچی تەلەفۆن ناکات بۆچی بەوان ناڵێت کە هاوسەری داهاتووی خۆی هەڵبژاردوە؟ ئایا شەرم دەکات بڵێت هاوسەری داهاتووی بێوەژنێکە؟ بۆچی دوودڵە؟ بۆچی بریار نادات؟ ئایا دەیەویت هەڵەکانی من دووبارە کاتەوە؟ دەبێ بەهەستی خۆی چی دەکات چەن جار دەستم بۆلای تەلەفۆنەکە چوو، دەمویست لە گەڵیا قسە بکەم، بەڵام نابێت  خۆم بەسەر یا بسەپێنیم دەبێت ئازادانە بڕیار بدات، چەن حەوتەیەك بەسەرما تێپەڕ بوو! هەموو ساتێك چاوەڕێی تەلەفۆن یان پەیامێك لەلایەن ئەوەوە بووم، بەڵام نەتەلەفۆنێك و نەپەیامێك، بە هۆی نەخۆشی و بێ خەبەری، لە تێپەڕبوونی کات غافڵ بووم، بەڵام کاتێ بەڵاو موسیبەت، هەر ساتێك بەلاوەیە، وەکو ساڵێك وایە، من لە درێژایی ئەویەك حەوتە، تێپەڕبوونی ساڵەکانم بینی رۆژە کاتێ حەوتە بۆ من، جادەیەك بوو بێ

کۆتایی، منیش هەر ڕۆژە بەمەبەستی گەیشتن بە کۆتایی ڕێ، لەو ڕێگەدا ئەڕۆیشتم، بۆچی لە نێوان هەموو خەڵکدا، کۆڵە باری من خاڵییە لە ڕۆشنایی ژیان؟ ئەوە چ تەمەنێکە، کە جگە لە حەسرەت و پەشیمانی، هیچ دەست هاتێکم نەبووە؟ من چیم؟ ڕێگا بەڵەدێك، بێ چرا و بێ ئامانج، ئایا کەسێك دەنگی هەنگاوە ماندووەکانم ئەبیستێت؟ گەیشتمە کۆتایی، بەڵام لە کۆتایی سەرگەردانیم، گەیشتمە ئەو ماڵەی کە تێیدا لەدایك بووم، لەوێدا ئازادیم گۆڕییەوە، بەدیلی، ڕام کرد و ئێستا بەدوای ئازادی خۆم، هەر شەوەی بە گۆشەکانیدا دەچمەوەو هیچ نادۆزمەوە، کاتێ چوومە ژوورەوە، ژمارەیە پیڵاوی نائاشناو دەنگی بێگانە سەرنجی ڕاکێشام، ترسام ئارام لە دەرگای دەرەوە هاتمەوە لە دەرگایەکی تر کە بۆحەوش دەکرایەوە، چوومە ژوورەوە، بێ دەنگ چوومە ژوورەکەی خۆم، کاتێ گلۆپکەم داگیرساند، بەهرام و مەسعودم لە پشت پەنجەرەی بەرامبەرەوە بینی بەسەر سەلامم کرد، ئەویش بە جووڵانەوەی سەر وەڵامی دامەوە، بەو زەردەخەنەی کە لەسەر لێوی بوو، هیوادار بووم، ئایا بەهرام ، ئەو کەسەیە کە ڕێگە بە من نیشان دەدات؟ خۆمم گۆڕی و لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆمم کرد، بە خۆمم وت،: ((تۆ ئەمشەو خێزانی ئەو دەبینیت، هەوڵێ بدە بە سەر خۆتدا زاڵ بیت، نابێت ئەوان نیگەرانی لە دەمووچاوتدا بخوێننەوە، هەر جۆرە قسەیەك کرا، تۆ دەبێت لەسەر خۆبیت، چوومە ژوورەوە، گومانەکەم ڕاست بوو، لە نێوانیاندا خوشکەکەیم زووتر ناسییەوە، بەهرام منی پێیان ناساند و دایك و خوشکەکەیم ماچ کردو لەسەر قەنەفەیەك دانیشتم و جارێکی تر سەیری ئەندامانی خێزانەکەیم کرد، دایکی سیمایەکی جوانی بوو، بە چاوو برۆیەکی ڕەش و دەمووچاوێکی کاڵ، دکتۆر زۆرتر لە دایکی دەچوو، تا باوکی، بەپێچەوانەی دایکی کە باڵا بەرزبوو، باوکی باڵای کورت بوو، خوشکەکەی بە شێوەیەك قسەی لەگەڵ مندا دەکرد، دەتوت چەن ساڵە من دەناسێت، هەر کاتێك نیگام لەگەڵ نیگای دکتۆر یەکیان دەگرت پێکەنینێکی پڕ مانا لەسەر لێوەکانی دەنیشت، قسەکردنەکەیان کە بە هۆی هاتنی من پچڕابوو، دووبارە دەستپێکردەوە، زانیم قسەکان لە بارەی ژن هێنان و دروست کردنی خێزان



بووە، دایکی بەهرام فارسی و کوردی بە شێوەیەکی شیرین تێکەڵ کردبوو قسەی پێ دەکرد، تەواو سەرسامی قسەکردنی بووم، خۆشبەختانە رووی قسەیان لە دایك و باوکم بوون، خوشکەکەی دکتۆر هیچ نەگۆڕابوو، ڕێك وەك چەن ساڵ پێش، گەنج و گاڵتە چی، هاوسەرکەی بەگرانی تەواوی وتەی ئەوانی دیکەی دووپات دەکردەوە، داوایان لەباوکم دەکرد، کە لەگەڵ دکتۆردا قسە بکات و داوای لێ بکات وەڵامێکی باش بداتەوە. سەیری بەهرامی کردو وتی: ((ڕاستە من بەهرام و مەسعودم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام مەسەلەی ژن هێنان بابەتێك نییە کە زوو لەبارەیەوە بڕیار بدرێت، دکتۆر پیاوێکی خوێندەوار و بە تەجرەبەیە، باشتر لەمن ئەزانێت کە دەبێت خێزان پێك بێنێت، ئەزانێت هەر شتێك کاتێکی دیاری کراوی هەیە، کە ئەگەر لە کاتی خۆی تێپەرکات، ئەساڵەتی خۆی لە دەست دەدات، لاوەکان دەبێت زوو ژن بێنن و شووبکەن، تا لەواتای ژیان بگەن)) پاشان لەحاڵێکدا کە سەری خۆی دەجوڵاند وتی: ((بەداخەوە کە گەنجی زوو تەواو دەبێت)) بەهرام کە تا ئەو کاتە بێ دەنگ بوو وتی: ((من دژی ژن هێنان نیم، بەڵام بۆ چەند هۆیەك هەست دەکەم کە لەحاڵی حازردا ئامادەیی پێویستم بۆ ژن هێنان نییە، دەبێت فرسەتی پێویستم بۆ بیرکردنەوە هەبێت)) باوکی پرسی: ((ئەم هەموو ساڵە بەس نەبوو کە دیسان داوای فرسەت دەکەی؟ ئێمە سەبرمان تەواو بوو، دەمانەوێت تا لە تارانین ئیبشەکە یەکسەربکەین و بە خەیاڵی ڕەحەت بگەڕێینەوە، خۆشکەکەشت ناتوانێت زۆر لێرە بمێنییێ، باوەڕمان وایە تۆ بەڕادەی پێویست فرسەتت هەبووە، بڵێ بزانم تۆ چ عەیبێك لە ستارە دا دەبینیت؟)) پاشان رووی کردە دایکم و وتی: ((تۆ لێی بپرسە، خوێنەوارنییە، کە هەیە، جوان نییە، کە هەیە، من کە هیچ عەیبێکی تێدا نابینم)) بەهرام وتی: ((بەندەکانی خوا هەموویان بێ عەیبن، ستارەش بێ عەیبە، ئەو هەموو ئەو باشانەی کە وتت هەیەتی، ئەسڵەن بابەت لەسەر جوانی و ناشیرینی نییە، تەنیا من ..)) ئەمجارەیان دایکی وتی: ((بۆ! بێ گومان دەتەوێت بڵێی کە دەتەوی بیرکەیتەوەو و ئێمەش دیسان دەبێت سەبرکەین نا، ئیتر نا، من تەنیا تۆم هەیە و نامەوێت

حەسرەتی شاییەکەت لە خۆمدا بۆ گۆڕبەرم)) بەهرام کە تووڕە بوو، وتی: ((دایە بەسە خوا تەمەنی درێژ بدات بە هەمووتان، ئیتر ئەم قسەیە دووبارە مەکەوە، ئەی بێ ئەوەی خۆم حەزکەم و تەنیا بە خاتر دڵی ئێوە ژن بهێنم، ئەگەر ئەوەتان دەوێت، من قسەیەکم نییە، بڕۆن و هەر کەسێکتان پێ خۆشە هەڵبژێرن و ڕۆژەکەی دیاری بکەن دڵنیابن دەیهێنم، بەڵام لە بیرتان نەچێت کە لەوێوە، ئێوە هاتوون بۆ میوانی یا ئەوەی کە..)) زاواکەیان هاتە وەڵام و وتی: ((ئێمە میوان نین و وابزانم ئاغای تارانی برای ئێمەیە و ئێمە بۆ ماڵی برای خۆمان هاتووین)) باوکم جەختی لەسەر قسەکانیان کردەوە و وتی: ((وایە)) بەهرام وتی: ((تکا دەکەم باسی شتێکی تر بکەن، دڵنیابن هەر ژن دێنم)) سەعید بۆ سازکردنی خواردن چوو بۆیە دەرەوە، کاتێ گەڕایەوە ئارام لە گوێما وتی: ((یارمەتی دایکم بدە تا شیوەکە لێ بنێ)) هەڵسام و خەریکی ڕازانەوەی مێزەکە بووم، دکتۆریش بۆ یارمەتیم هات،ـ وتی: ((کەوتنە زەحمەتەوە)) وتم: ((نا، وامەڵێ خۆشحاڵم لەگەڵ خێزانەکەت ئاشنا بووم)) ئارام پرسی: ((نیگەران نیت)): ((نا، بۆچی دەبێت نیگەران بم؟)): ((هیچ تەنیا پرسیارم کرد)): ((لەلایەت منەوە خەیاڵت ڕەحەت بێت، تۆ دەبێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت)): ((سەیرکە ژیان چۆن یاریمان پێ دەکات، وەکوو ئەوەی کە هەموو شتێك گەڕابێتەوە بۆ دواوە)): ((هەڵبەت بەو جیاوازییەی کە ئەمجارە دەبێت تۆ هەڵبژێریت ئەم جارە ژیان تۆ تاقی دەکاتەوە، نەك من)) پێکەنی و وتی: ((لەوانەیە کاتی بێ حساب بوون گەیشتبێت)) بەجارێ دڵم رووخا، بەهرام درێژەی دا،: ((بەڵێن ئەدەی ئەگەر بێ حساب بووین رقم لێ نەگری؟)) هەوڵم دا زەردەخەنەیەك بکەم، بەڵام نەمتوانی، وتم: ((من بوغزو کینە لە دڵ ناگرم، جارێکیتریش وتوومە)) وتی: ((دەزانم، دەمویست دڵنیابم ئەگەر دەعوەتت کەم، دێیت)): ((نازانم)): ((بەڵام من بۆ شاییەکەی تۆ هاتم، ئەگەر بەڕاستی کینەی من لەدڵتانیە، دەبێت کاتێ دەعەوەتم کردی بێیت)) وتم: ((کەواتە بڕیارت داوە، بۆچی بە ئەوانی دیکە ناڵێیت؟)): ((ویستم تۆ یەکەم کەس بێت کە لە بڕیارەکەی من ئاگادار بیتەوە)) پاشان هەموویانی دەعوەت کرد بۆ سەر مێزەکە، خوشکەکەی سەیری ئێمەی



دەکرد، کاتێ لەسەر مێزەکە لە تەنیشتییەوە دانیشتم، پرسی: ((دەزانیت بەهرام حەزی لە کێیە؟)) سەری بە تەواوی لە دەمووچاوم نزیك کردبوویەوە، هەستم بە هەناسەی گەرمی لەسەر دەموچاوم دەکرد، وتم: ((نا، بەداخەوە نازانم)) ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: ((زۆر خراپ بوو، سەفەرەکەی بەهرام بێ ئاکام بوو، ئێمە دەگەرێیینەوە بێ ئەوەی ئیشێکمان کردبێت)) وتم: ((بێ هیوا نەبن، هەر ژن دێنێت)): ((دەزانم، بەڵام ئێمە حەز ناکەین کەسێك هەڵبژێرێت کە نەیناسین، حەز دەکەین هاوسەرەکەی لە خزمان بێت، خۆت باشتر شارەزای ڕەوشتی کچی ئەم دەورووبەرو زەمانەیت، هەر ڕۆژو بە شێوەیەکن و ڕۆژی شتێك دەڵێن)) وتم: ((واتە کچەکانمان بە عەلەشیش دەزانیت؟)) زەردەخەنەیەکی هاتە سەر لێوی و وتی: ((هەڵبەت مەبەستم هەموویان نییە، مەبەستم ئەو کچانەیە کە نازانن چیان لە ژیان دەوێت، تەنیا بیر لە ئێستا دەکەنەوە داهاتوو بەلایانەوە گرنگ نییە)) وتم: ((هیوادارم ئەو کچەی کە دکتۆر هەلیدەبژێرێت، بەدڵی ئێوە بێت)) خۆم بە خواردنەوە خەریك کرد، چۆن ئیجازەی بە خۆی دەدا بەم شێوە قسە بکات؟ چۆن ئیجازەی بەخۆی دەدا کە بەکچ بڵێت عەلەشیش سیفەت؟ هەرچەندە بە (تۆ)ی نەوتبوو بەڵام لە ئاوازی دەنگیدا دیار بوو کە تەنیا بە خاتری ئیحترام بەتاك وتبووی، پاش خواردنی شیو چاییم بۆیان برد، دایکی پیاڵەکەی لە دەستم گرت و وتی: ((سپی بەخت بیت کچم)) دڵم تەنگ بوو، دەزانم، مەبەستێکی خراپی نەبوو، بەڵام ئایا من دەمتوانی سپی بەخت بم؟ بەهرام بەزمانی بێ زمانی بەمنی وتبوو کاتی تۆڵە سەندنەوەیە، واتە ئەو هاوسەرێکی تر هەڵدەبژێرێت، تا لەگەڵ مندا بێ حساب بێت، کەواتە بەختێ نامێنێتەوە کە سپی بێت، کاتی خوا حافیزی، دایکی بەهرام وتی: ((تاسێ ڕۆژی تر لە تارانین)) تکای کرد، دیسان لەگەڵ بەهرام قسە بکەین و داوای لێ بکەین کە وەڵامێکی سەرەکی بداتەوە، دەیوت ئەگەر هۆیەکی قانع کەری هەبێت، حازرن تا هەرکاتێك ئەو بیەوێت سەبرکەن، ئەگەر بزانن، چاوەڕێی کچێکە، وازی لێ دینن، دایکم بەڵێنی دا کە لەگەڵ دکتۆردا قسە بکات و ئەوان ڕۆیشتن، بەیانی هێشتا لەماڵ نەچووبوومە دەرەوە کە تەلەفۆن

جەڕەسی لیّ دا، دایکم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، لە وتوویێژەکەی زانیم کە خوشکەکەی بەهرامە، بە رووالّەت بەخاتری دەس خۆشی لە میوانییەکەی دوێشەو تەلەفۆنی کرد بوو، دەمویست جانتاکەم هەڵگرم و بچمە دەرەوە کە دایکم بە خۆشییەوە وتی: ((ڕاست دەڵێیی؟ باشە پیرۆزە)) لە جێگەی خۆمدا داکوترام، سەرم بردە ناو جانتاکەم وانیشانمدا کە بەدوای شتێکدا ئەگەڕێم دایکم پرسی: ((کەی بە ئێوەی وت؟)) نازانم چ وەڵامێکی بیست کە درێژەی دا: ((خۆشحاڵم کە توانیتان رازی کەن، خەیاڵی ئێمەش ڕەحەت بوو، چونکە بەڕاستی نەماندەزانی چۆن رازی بکەین، لەلایەن ئێمەوە پیرۆزبایی لەهەمووان بکە)) پاشان خواحافیزی کرد، پرسیم: ((چی بووە؟)) وتی: ((هێشتا نەچوویت؟)): ((ئێستا ئەڕۆم، نەتوت چی روویداوە؟)): ((وابزانم دکتۆر رازی بووە، کچەکە بخوازێت، خوشکەکەی وتی دوێشەو، پاش ئەوەی لە ماڵ ئێمە چوونەوە، دکتۆر لەگەڵیاندا قسەی کردووە و ئاخری قەبووڵی کردەوە، کچەکە بخوازێت)) وتم: ((پیرۆزە)) لە دەرگاکە هاتمە دەرەوە، کاتیّ گەیشتمە شەقامەکە، رامکرد، لەچی رامدەکرد نازانم، تەنیا رامدەکرد، ڕێبوارەکان بەسەر سوڕماوییەوە سەیریان دەکردم، خۆم خستە ناو شەقامێکی چۆڵەوە و دەستم دایە پڕمەی گریان، ئێستا لەگەڵ یەکدا پاك لە پاك بوو بووین، نەچووم بۆ کۆمپانیا، لە شەقامەکان دەڕۆیشتم و بیرم دەکردەوە، ئێستا دەبوایە چیم بکردایە؟ ئەگەر بۆ شاییەکەی دەعوەتم بکات چی بکەم؟ چۆن توانی بە تەواوی پێوەندی بە من، کەسێکی تر هەڵبژێرێت؟ ئایا ئەو لەم هەموو کاتەدا تەمسیلی دەکرد ئایا دەیویست من بۆ داوی عەشقی خۆی راکێشێت و کاتیّ دڵنیابوو کە باڵەکانم بەستراوە و لەداوی عەشقی ئەو ئەسیرم، بەمن و بە عەشقی من پێبکەنێت و تۆڵە بسەنێتەوە؟ ئایا تا ئەم رادە بوغز لەسك و تۆڵە سێنە؟ کەواتە لێبووردن بۆ ئەو مانایەکی نییە؟ نازانم چەن سەعات لە شەقامەکان رێم کرد، بەڵام کاتیّ بە هۆی ماندووییەوە خۆم خستە سەر کورسییەکی ناو پارکێك، دەنگی بانگ هات، کانی فرمێسك وشك بوو بوو، توانای فرمێسك رژاندم نەبوو، چەندە بیّ عەقل و خۆش باوەڕبووم من، چۆن خۆمم رازی کردبوو کە خۆشمی دەوێت و من تەنیا



هیوای ژیانی ئەوم، بەڵام مەگەر ئەو رۆژە کاتیّ لە حەمامی ماڵەکەی هاتمە دەرەوە بەمنی نەوت کە دەمێکە چاوەڕێی بینینی دیمەنێکی وابووە؟ مەگەر ئەو نەبوو کەدەستی خستە سەر شانم و وتی کەی ئەم مۆتەکەیە تەواو دەبێت؟ ئایا ئەو هەموو نیگا پڕ لەسۆز و خۆشەویستیە فریوبوو، ئەگەر پەرویز منی بەپارە فریودا، بەهرام بە نیگای گەرم و میهرەبانی دڵمی بە دیل گرت و یاری بەژیانم کرد، گوناحی ئەو زۆر گەورەترە لە گوناحی پەرویز  من لە هەردووکیان گوناحبارتر، کە رێم بە ئەم و ئەودا یاری بە ژیانم بکەن، هەڵسام و لە پارك چوومە دەرەوە، تەکسیم گرت و چووم بۆ ماڵی سارا، هیچ هیوام نەبوو کە ئەو ببینم، بەڵام ئەو لە ماڵەوە بوو، بە بینینم سەری سوڕما و پرسی: ((چی رووی داوە سەعیدە؟ بۆچی رەنگت پەڕیوە؟)): ((گرنگ نییە)) لەوکاتەدا پەیمان هاتە پێش و خۆی فڕێدایە باوەشمەوە وتی: ((پورە سەعیدە، من باوکم هەیە، مامە حەمید باوکی منە، زۆر باشە پورە، مەگەر نا؟)) وتم: ((بەڵیّ، ئازیزم، زۆر باشە)) سارا ئەوی لە باوەشم داگرت و وتی: ((پەیمان، پورە سەعیدە ماندووە، تۆ بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت دیاری بکە تا بانگت دەکەم)) وتی: ((من ئەڕۆم بۆ لای باوە گەورە)) و لە قاڵدرمەکان چووە سەرەوە، لە بەینی رێدا دووبارە وەستاو بەدەنگی بەرز پرسی: ((پورە سەعیدە، نیوەڕوانە لای ئێمە ئەمێنیتەوە؟)) وتم: ((بەڵیّ، ئەگەر تۆ بتەویّ ئەمێنمەوە)): ((من حەز دەکەم)): ((کەواتە بەخاتری تۆ ئەمێنمەوە)) پەیمان رۆیشت و سارا لە بەرامبەرم دانیشت و وتی: ((سەعیدە، پێم بڵیّ من، تۆ لە خۆم چاکتر دەناسم، دەبێت شتیّ رووی دابێت کە بەم شێوە رەنگت پەڕیوە)) وتم: ((تەواوبوو، بەڕاستی تەواوبوو)): ((چی تەواوبوو، دیسان لەگەڵ دکتۆر بووە دەمقڕەتان؟)): ((نا، ئەمجارە لەیەك جیابووینەوە هەردووکمان زۆریش باش بووین)) پاشان تەواوی رووداوەکانی ئەو شەوەم گێڕایەوە، کاتیّ بیّ دەنگ بووم، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: ((نازانم چی بڵێم، مەحاڵە دکتۆر وابکات، تۆ هەڵە ناکەیت؟)): ((نا، ئەمجارە ئیتر هەڵە ناکەم، ئاه سارا، من زۆر چارە رەشم)) سەرمی گرتە باوەشی وتی: ((وامەڵیّ، تەنیا شەیتان چارە رەشە، کە خوا لە خۆی دوورکردەووە، تۆ هێشتا خوات

هەیە، منیش لە دوای مەجید هەستم دەکرد، کە خوا چارە رەشتری لە من خەلق نەکردوە، ژنێك کە پاش حەوتەی هاوسەرەکەی، منالّەکەی لە دایك دەبێت، نازانی من چیم کێشا، بەلاّم خوا بە تەنیا جێی نەهێشتم و یارمەتی دام  تا بە زیندوویی بمێنم و بژیم، خۆشەویستی پەیمانی بە شێوەیەك خستە دلّیانەوە کە حازر نەدەبوون ساتێك جێی بهێلّن، دلّت بە نوری خوا روون کەرەوە و بە بەرژەوەندی ئەو رازی بە)) بە قسەکانی سارا مشهەد هاتەوە یادم بۆچی کاتی ڕوودانی بەخت ڕەشی، مشهەد دەهاتەوە یادم؟ پاش خواردنی نیوەڕوانە کە هەردووکمان تەنیا یاریمان پێ کردبوو، سارا تەلەفۆنی کرد بۆ دایکم، دەیویست مەسەلەکە لە زمانی دایکم ببیستێت و بیشیلّێت کە من لای ئەوم، کاتێ پێوەندییەکە تەواو بوو، بەخەمەوە وتی: ((حەق بەتۆیە، ئێستا دەتەوێ چی بکەیت؟)) وتم: ((ناتوانم هیچ کارێ بکەم، ئەو بڕیاری خۆی داوە و دەیەوێت لەگەلّ کچێکدا کە شایەنێتی بژی، مەگەر من ئەو ئیشەم کرد کە دلّم ویستی نابێت عەیب لەو بگرم، خەتاکار منم کە دەمویست لە ژیانیا ڕۆلّێکم بێت)): ((حەز دەکەیت چەن ڕۆژێك بچین بۆسەفەر؟ تەنیا من و تۆ و پەیمان)): ((نا هیچ کوێم خۆش ناوێت، نامەوێت بیر کاتەوە کە ڕام کردووە، ئەچم بۆ شاییەکەی و پاشان سەفەر دەکەم، بەلاّم لەحالّی حازردا بۆ هیچ جێگەیەك ناچم، ئەگەر مەسیحی بوومایە  دنیام تەرك دەکرد و کەنارم دەگرت، بەلاّم لە دینی ئێمەدا جایز نییە، کەواتە مەجبوورم دیسان لە نێو خەلّکدا بژیم وەك ئەو کاتانەی کە لە ئەلّمانیا گەڕامەوە، بەلاّم ئەمجارە بێ خۆشویستنی دکتۆر)) سارا وتی: ((دەبێت سەبر بکەیت، لەوانەیە کاغەز بە سوودی تۆ هەلّدرێتەوە، لە قوماری ژیاندا هەمیشە دۆڕاندن نییە، کاغەزی سەرکەو تووش هەیە)) خێزانی حەمید بۆ بینینم، بۆ قاتی خوارەوە هاتن، لەلای ئەوان و بەسۆزی ئەوان سەعاتەکانم فەرامۆش کرد، کاتی خەو لەگەلّ سارا لەسەر جێگەیەك نووستین و بەیادی دەورانی خۆشی رابردوو تا نیوەکانی شەو قسەمان کردو پاشان خەومان لێ کەوت، بەیانی سەعات نۆ لە خەو هەلّسام و وتم: ((کەوتمە درەنگ)) سارا پێکەنی و وتی: ((نیگەران مەبە،



مەسعود ئیجازەی بۆ وەرگرتووی، دەمەوێت تا تەواوبوونی مەسەلەکەی بەهرام تۆ لای خۆم بێلّمەوە)) پرسیم: ((ئەی ئیشەکەم دەبێتە چی؟)) دەستی خستە سەر شانم و وتی: ((وتم نیگەران مەبە، مەسعود کارەکانی ڕێك کردووە، بۆ تاقیگەش ریتا بیرێکی لێ دەکاتەوە)) پرسیم: ((تەلەفۆنت بۆ ئەوان کردووە؟)): ((من نا، مەسعود تەلەفۆنی کرد، چونکە نیگەرانی حالّی تۆ بوو و وتی پێت بلّێم، هیچ خەمی ئیشەکانت نەبێت، ئێستا خوشکی بچووك نیگەرانی، چەن ڕۆژێك میوانی من بە، هەرچەندە حەزم دەکرد، بە شێوەیەکی تر ببوویتایە میوانم، بەلاّم قەیناکە، ئەوەندەی کە لێرەیت خوا شوکر دەکەم)): ((تۆ زۆر میهرەبانیت و من هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم)): ((ئێستا قاوەتوون دەخۆیت؟)) وتم: ((بەرنامەی تۆشم تێك دا، مەگەر ناچی بۆ دائیرە؟)) کەمێ سوور هەلّگەڕاو وتی: (( حەمید تکای کردووە کە ئیتر نەچم بۆ دائیرە، ئەو حەزناکات لە دەرەوەی مالّ ئیش کەم)): ((ئیشێکی باش دەکەیت، بەبوونی حەمید ئیتر پێویستت بە ئیش کردن نییە)): ((زۆرتر حەز دەکات من لەلای پەیمان بـمو بە تەنیا جێی نەیەلّم، لەگەلّ ئەوەدا کە زۆربەی کات لە قاتی سەرەوەیە، بەلاّم حەمید دەیەوێت من پەروەردەی بگرمە ئەستۆ)): ((منیش رای حەمیدم بەدلّە، منالّ پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی دایك هەیە، تۆ باشترین ئیشت کردووە)): ((من هەموو شتێك قەرزاری تۆم، ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئێستاش لە شك و گوماندا بووم، خۆزگا بمتوانیایە ئیشیکم بۆ بکردیتایە)) وتم: ((خۆشحالّم کە بوومە هۆی ئەوەی کە دوو ئینسانی باش بەیەك بگەن، بەلاّم بۆ من کەس ناتوانێت کارێ بکات، مەسەلەی من و بەهرام ئیتر تەواو بووە، ئێمە لەگەلّ خۆتان بەراورد مەکە)) وتی لەگەلّ مندا دێیت تا کەمێ شتی پێویست بکڕم)) وەلاّمی بەلّێم داوە، پاش سەعاتێك، هەرسێکمان لەمالّ چووینە دەرەوە و لە سۆپەر مارکێتێکی نزیك مالّیان پێداویستییەکانمان کڕی، کاتێ گەڕاینەوە سارا یەکڕاست چوو بۆ چێشتخانەکە، وتم: ((ئێستاش باوەڕم وایە کە ژنی ئێرانی نیوەی تەمەنی لە چێشتخانە بەسەر دەبات)) سارا زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ((من باوەڕم وایە بۆ

ژنێك هیچ خۆشیەك بەرزتر نییە لەوەی كە خواردنێ دروست بكات كە هاوسەرەكەی حەزی لێیەتی، خوا عەفوی كات، مەجید، كاتێ چێشتی دەخوارد و وەسفی دەكرد، هەموو ماندوویێتی ئەو رۆژەم لەیاد دەچوو)) بە یادهێنانەوەی رابردوو وەسفی دەمووچاوی دا بەیەكدا، وتم: ((ئێستا دەبێت بۆ پیاوێكی تر خواردن دروست بكەیت، پیاوێك كە وەك مەجید نییە و لەویش كەمتر نییە)) زەردەخەنەیەكی تاڵی كرد و تی: ((بەڵێ، حەق بەتۆیە)) پرسیم: ((بۆ زستان، هیچ بۆ پەیمان ناچێنیت؟)) ئیشارەی كردە كەوانتەرەكە و وتی: ((با، بلوسێكی ناتەواوم هەیە، بەڵام كاتم نییە تەواوی بكەم)) دەرگای كەوانتەرەكەم كردەوە و چنینەكەم هاوردە دەرەوە، پرسیم: ((ئەگەر من بیچێنم خراپ نابێت؟)): ((نا، چونكە تازە دەستم كردووە بە چنینی قۆڵەكەی)) خۆمم بە چنینەوە خەریك كرد، بەڵام تەواوی بیرم لای بەهرام و ئەو كچەی كە خۆشی دەویست، بێگومان ئەمڕۆ داوای دەكات، بەڵام نا، چەن بێ عەقڵم ئەو لە تاران نییە، لەوانەیە بۆ ئەو شت بكرێت و بەناوی دیاری بیبات، بێگومان ئاڵتونیشی بۆ دەكرێت، چەندە حەز دەكەم بزانم دكتۆر چ ئەڵقەیەكی بۆ هەڵئەبژێرێت، سارا لام دانیشت و پرسی: ((بیر لەچی دەكەیتەوە؟)): ((حەز دەكەم بزانم دكتۆر چ ئەڵقەیەك هەڵدەبژێرێت)) دەمی داپچڕاند و وتی: ((مەگەر بەڵێنت نەدا كە لە یادی بكەیت؟)): ((بەڕای تۆ دەتوانم ؟)) سەری شۆڕكردوو و بێ دەنگ بوو، عەسر دایكم تەلەفۆنی كردو لە حاڵمی پرسی، وتی باوكم دەڵێت ئایا حەز دەكەم بۆ سەفەرێكی كورت بڕۆم یانا؟ ساراش پێشنیاری كرد، بەڵام قەبووڵم نەكرد، شتێ رووی نەداوە كە بمەوێت لە تاران راكەم)) دایكم بە میلۆدییەكی بێ باوەڕییەوە وتی راست دەڵێیی باوەڕبكەم نارەحەت نیت؟)): ((بەڵێ، بۆچی نا؟ من لەیادی دەكەم، ئێوەش لەیادی كەن)) هەر بەو ئاوازە بێ باوەڕییەوە وتی: ((هیوادارم بەو قسەی كە ئەیلێیت كار بكەیت)) شەو خێزانەكەی حەمید منیان بۆ شیو دەعوەت كرد، حەمید هەوڵی دەدا بە باشترین شێوە میوانداری بكات، كاتێ میوەی بۆ دانام، ئارام وتم: ((تا ئەو رۆژە ئەوەندەی نەماوە)) سوور هەڵگەڕاو وتی: ((دەزێتم



دایت)) پاشان پێكەنی و پەیمانی خستە سەر ئەژنۆی، تانیوەی شەو پێكەوەبووین، ئەوان هیچ پرسیارێكیان سەبارەت بەوەی كە بۆچی لە ماڵی ئەوان مابوومەوە نەكرد، كاتی خەو سارا وتی: ((ئێستەش ناتوانم باوەڕكەم كە بەهرام عەشق و سۆزی بۆ تۆ لە دەست دابێت چۆن دەبێت؟ ئەو حەوتەیەكی رێك لە وەڵام دانەوە، بە خێزانەكەی، خۆی گێل دەكرد، بەڵام پاش رۆیشتن لەماڵی ئێمە یەكسەر رای بگۆڕێت، تۆ هیچت پێ نەوتووە؟ قسەیەك كە بووبێتە هۆی بێ هیوای ئەو؟ جوان بیركەرەوە، بزانە شتێكت نەكردەوە كە لە تۆبێ هیوا بووبێت؟)): ((نا، دڵنیام، چونكە بەباشی دەزانێت، خۆشم دەوێت ئەو شەوە بارانییە، كاتێ چووم بۆ ماڵی، پێم وت غوروورم، كە تەنیا سەرمایەی ژیانمە لە بەرپێیدا وردوخاشم كرد، دەزانێت كە درۆم نەوتووە، سارا، ئەوەی بەسەر هێنام كەمن بەسەر ئەوم هێنا، چەن ساڵ سەبری كرد بۆ تۆڵە سەندنەوە و ئاخریش گەیشتە ئامانجی خۆی، خۆی بەمنی وت كاتی تۆڵە سەندنەوەیە، نامەوێت هیواداربم، كە دەگەڕێتەوە، دەبێت لە یادی كەم، بەڵام ئێوە نایەڵن)) لە زۆری گریاندا سەرم تونكرد لە پشتێنەكەم، سارا وتی: ((داوای لێبووردن دەكەم، نەمویست نارەحەتت كەم، بەڵێن دەدەم دووبارەی نەكەمەوە)) بەیانی بە ماچەكانی پەیمان چاوم كردەوە، بیرم كردەوە چاكتر وایە بچمە بۆماڵ، جلم كردە بەرم و ئامادەی چوونە دەرەوە بووم كە سارا لە پلیكانەكان هاتە خوارەوە و پرسی،: ((بۆ كوێ دەچیت؟)) وتم: ((میوانی ئیتر بەسە، دەڕۆمەوە بۆ ماڵ)) خۆی گەیاندە من و لەحاڵێكدا كە دڵی پڕ بوو بوو وتی: ((دەزانم بۆچی دەتەوێت بڕۆی، دوێنێ شەو نارەحەتم كردی)) هەرچی بیانووم هێنایەوە قبوڵی نەكرد و وتی كە نایەڵێت بڕۆم، جانتاو پێڵاوەكەمی هەڵگرت و خستییە ناو تاكەكەوە و دەرگاكەی قوفڵ كرد، وتی: ((تا مەسەلەكەی دكتۆر تەواو نەبێت نایەڵم بڕۆیت، ئێستا بڕۆ جلەكانت بگۆڕە)) خۆی خەریكی ئیش بوو، عەسر سارا بۆ ئیشێك چوو بویە قاتی سەرەوە، خەریكی چنین بووم، دەنگی زەنگی دەرگا هات، دەرگاكەم كردەوە و لە بینینی كەسێ كە لە پشتی دەرگاكە بوو، مات بووم، دكتۆر لە

بەردەمی مندا وەستابوو، زمانم وەستابوو، تەنیا سەیریم دەکرد، پرسی: ((ئیجازە هەیە بێمە ژوورەوە؟)) خۆم لادا و ئەو هاتە ژوورەوە، سەیری دەوروبەری کرد و پرسی: ((تەنیایت؟)) بەسەختی توانیم بڵێم: ((نا)) پرسی: ((ئەی سارا لە کوێیە؟)): ((چۆتە سەرەوە)) بێ ئەوەی ئیجازە بگرێت دانیشت و پرسی: ((بۆچی ناچیت دەوام بکەیت؟)): ((چەن رۆژ ئیجازەم کردووە)): ((نەخۆشیت؟)): ((نا، حاڵم باشە، تەنیا دەمویست ئیسراحەت بکەم، تۆ بۆ لێرەی؟ وام ئەزانی ئێستا لە کوردستانی)): ((هێشتا نەچوومە)): ((هاتوویت خواحافیزی بکەیت؟)): ((نا، هاتووم بۆ لای نەخۆش هەندێ جار دکتۆرەکان، نەخۆشە تایبەتەکان لەماڵەوە ئەبینن)): ((بەڵام لێرە کەسێك نەخۆش نییە)): ((بەڕاست؟ هەستم دەکرد تۆ نەخۆشی)) سارا و پەیمان لە پلەکان هاتنەخوارەوە، بە بینینی دکتۆر پێکەنین لەسەر لێویان نیشت، سارا وتی: ((دکتۆر بە خێر بێیت، کەی هاتیت کەمن نەمزانی؟)) زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ((ئێستا گەیشتم، سەعیدە خان دەرگاکەی کردەوە، پیاوێکی بەختەوەرم چونکە هەمیشە زەحمەتی کردنەوەی دەرگا سەعیدە خان دەیکێشێت)) سارا چوو بوو بۆ چێشتخانە و قسەکانی ئاخری دکتۆری نەبیست، وتم: ((شانسی باش بۆ تۆ، بێ شانسی بۆ منە)): ((بۆچی؟ پێت ناخۆش بوو دەرگاکەت کردەووە؟)): ((نا، بەڵام دەترسم مەجبوور بم شەڕحی کەم کە بۆچی دەرگاکەم کردەوە)) پێکەنی و پەیمانی کردە باوەش، پەیمان وتی: ((مامە دکتۆر، بیرم دەکردی)) پەیمانی ماچ کرد و وتی: ((منیش دڵم بۆ تۆ و نەفەرێکی تر تەنگ بوو بوو ئێستا بڵێ بزانم، پورە سەعیدە، دوێنێ شەو ددانی ئێشی دەکرد؟ زۆر گریا!)) قیژاندم و وتم: ((پەیمان! من کەی گریاوم)) پەیمان خۆی لە باوەشی دکتۆردا شاردەوە و وتم: ((ئیشێکی باش نییە کە لە مناڵ دەپرسی)) وتی: ((حەق بەتۆیە، بەڵام هەندێ جار نەخۆش ناتوانێت هۆی نەخۆشی خۆی بڵێت ئێمە لە هاوڕێکەی دەپرسین)) سارا هاتە ژوورەوە و چای دانا، پاشان پرسی: ((چۆن بوو کە هاتی بۆ ئێرە؟)): ((وتیان دوو رۆژە سەعیدە ناچێت بۆ دەوام، وتم لەوانەیە نەخۆش بێت)) وتم: ((حاڵی تۆ باشترە لە من)) نیگایەکی قورسی



کردم، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، سارا وتی: ((ویستی ئەمڕۆ بڕواتەوە، بەڵام من نەمهێشت)) چنینکەم هەڵگرت و خەریك بووم، سارا وتی: ((بەڕاست لە یادم چوو بڵێم، ئینشائەڵڵا پیرۆزبێت)): ((چ سوود؟)) سارا پرسی: ((مانای چی؟)) پیرۆزبایی لە من دەکەیت، بێ ئەوەی کە بووك ئاگای لێ بێت ئەوم بە هاوسەری هەڵبژاردووە)): ((بەهەر حاڵ درەنگ یا زوو دەزانێت، فەرموو تا چایەکە سارد نەبۆتەوە)): ((دەمویست لەگەڵ سەعیدە قسە بکەم، بەڵام وابزانم لە کاتێکی باش دا نەهاتووم، چونکە خەریکی چنینە)) سارا چنینەکەی لەدەستم سەندو وتی: ((خەتای منە، من کاتی پێویستم بۆ تەواوکردنی بلوسەکەی پەیمان نییە، ئێستا سەعیدە دەیەوێت ئەو چاکەیە بکات و تەواوی کات)) وتی: ((بۆیە دەڵێم موزاحیم بوومە)): ((نا، ئەم قسەیە مەکە، تۆ هەمیشە بۆ ئێمە ئازیز بوویت و هەیت، دیداری ئازیز هەرسات و هەر سەعاتێك بێت، نە تەنیا موزاحمەت نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی خۆشحاڵی)): ((ئەمە قسەی تۆیە، بەڕای تۆ سەعیدە خانمیش ئەم باوەڕی هەیە؟)) وتم: ((تۆ نەهاتوویتە ماڵی من کە رای من دەپرسی)) لە سارای پرسی: ((ئایا سەعیدە ددان ئێشەی هەیە؟)) سارا سەری سوڕما، سەیری منی کرد و چونکە لە نیگام شتێکی دەست نەکەوت وتی: ((نازانم، بۆچی؟)): ((پەیمان دەڵێت کە پووری دان ئیشەی هەیە و ئەگری، ئەمەوێت بزانم هۆی گریانی سەعیدە بەڕاستی ددان ئێشەیە یان کێشەیەکی ترە؟)) بەئاشکرا دەمبینی کە سارا لەسەر دووڕیانی گیری خواردووە وتم: ((من ددان ئیشەم بوو، مەگەر تۆ پزیشکی ددانی؟)) سارا هەناسەیەکی هەڵکێشا، پیاڵەخاڵییەکەی هەڵگرت و چوو بۆ چێشتخانە، وتم: ((باش لێکۆڵینەوە دەکەیت، نۆبەتی من کەی دێت؟)) وتی: ((دەبێت سەرەتاکەی بگریت تا بگەیتە ئەنجام)): ((دەتەوێت بگەیتە کام ئەنجام؟ لەخۆم بپرسە تاوەڵام بدەمەوە، بەڵام لەئەوانی دیکە مەپرسە)): ((بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟)): ((مەگەر بۆ میوانی چوون هۆی دەوێت؟)) درۆزنێکی باش نیت، چونکە من هەموو شتێك لە نیگات دەخوێنمەوە، ئێستاش خەریکی درۆ دەکەی)): ((من درۆم نەوت، چونکە هۆیەکی نییە درۆ بڵێم)):

((هەمیشە هۆ هەیە، وەکو ئەو رۆژەی کە هاتمە ژوورەکەت بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵ بکەم و تۆش مەسەلەی بینینی تورەجت لەمن شاردەوە، لە بیرتە چەن جار لێم پرسیت، کە ئایا مەسەلەیەك هەیە کە نەتوتبێت و پرسیم ئایا شتێك لە من ناشاریتەوە، تۆش وتت قسەیەکت بۆ وتن نییە، مەگەر ئەو رۆژە تۆ درۆت بەمن نەوت؟)) وتم: ((من مەسەلەکەی تورەجم بەماڵەوە وتبوو و پێویست نەبوو بەتۆش بڵێم، بەڵام ئەگەر بتپرسیایە بۆ تۆشم دەوت، هیچ نهێنیێەکم نییە کە بمەوێت لەکەسی بشارمەوە)) پرسی: ((ئێستا بۆچی لێرەیت؟)): ((ناتوانم ئەمەت پێ بڵێم، ئیسراریش مەکە چونکە وەڵامێکی قانع کەرت پێ نادەم)) جگەرەیەکی داگیرساند و وتی: ((خۆ حازر کە من ئەتبەمەوە)): ((نامەوێ لێرە بڕۆم)) بە تووڕەییەوە وتی: ((کارێ مەکە بەم جلانەوە بتبەم)) وتم: ((بەویستی خۆم هاتووم و بەویستی خۆشم ئەڕۆمەوە، بیرمەکەوە ئیختیاری خۆم دەدەمە دەستەوە)) هەڵساو وتی: ((ئەمەوێت بتبەم بۆ لای پزیشکی ددان)): ((پێویست ناکات، چونکە ئیتر نائێشێت)): ((نەموت درۆ دەکەی؟ کەی ئەتوانم ئەم عادەتە ناشیرینەت لێ دورکەمەوە؟)) سارا وەستابوو گوێی لە قسەکانی ئێمە دەگرت، ئەمجارەیان ئەو بۆ یارمەتیم هات و وتی: ((دکتۆر، ئارام بە، من لەجێی سەعیدە وەڵام ئەدەمەوە، ئەو هات بۆ ئێرە تا بتوانێت بیرکاتەوە و بڕیار بدات، ئێوە دوانن یارییەکتان دەس پێ کردووە کە کۆتاییەکی خۆشی نییە، بۆچی بوونەتە سووانی رۆحی یەکتر؟ ئەگەر تۆ دەتەوێت کچێکی تر مارەکەیت، چیت لە سەعیدە دەوێت؟ ئایا چاوەڕێیت بڵێت و پێکەنێت؟ تۆ بەجێت هێشتووەو ئەتەوێ ژن بێنیت، بهێڵە ئەویش تۆ فەرامۆش بکات و بۆ داهاتووی بەرنامە دارێژێت)) بەهرام وتی: ((یەك پرسیار لە سەعیدە دەکەم، پاشان دەڕۆم)) رووی کردە من و پرسی: ((تۆ دەتوانیت من لە یاد کەیت؟ ئەمەوێت بەخەیاڵی ئاسوودە لە تۆ جیا ببمەوە، ئایا ئازارت نادەم؟ )) وتم: ((کەواتە عەزابی ویژادن تۆی هاوردوە بۆ ئێرە؟ دڵنیابە ئازار نابینم، ئێستا بەخەیاڵی رەحەت بڕۆ ژن بێنە، بەقسەی خۆت ئێمە پاك لەپاك بووین، ئێستا بڕۆ، ئیتر نامەوێت بتبینم، ژوورەکەم



جێ هێشت، کە دەنگی دەرگاکە هات دڵنیابووم کە رۆیشتووە لە جیاتی من سارا دەگریا، وتی: ((سەعیدە دکتۆر دەگریا)) وتم: ((بۆ خۆی دەگریا، نە بۆ من، لەسەر دووڕیانێك وەستابوو، نە ئەیتوانی داوای خێزانەکەی رەفز بکاتەوە، نە دەیتوانی بەوان بڵێت بێوەژنێکی خۆش دەوێت، باش دەیناسم، ئەبوایە بەو شێوە لەگەڵیا قسەم بکردایە تا دڵنیابێت لە یادی دەکەم، ئێستا دەتوانێت ئاسان بگەڕێتەوە بۆ سنە، بە تێپەڕبوونی کات لە من و عەشقی من جگە لە بیرەوەرییەکی ونبوو، شتێکی لەیاد نامێنێت))

## بەشی دەیەم

هەوا زۆر گەرمە، باوکم دەیەوێت من و دایکم بەرێت بۆ لەیلاخ، دەمێکە، دەوام ناکەم و خانەنشین بوومە، سارا و حەمید شاییان کردووە، سەعیدیش ژنی هێناوە، هاوسەرەکەی کچێکی باشە، ئەو پزیشکی منالّانە، من و سەعید وەك جاران بەینمان خۆشە، دەزانم کە بەهرام بۆ هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە سنە عەیادەیەکی کردۆتەوە، لە نەخۆشخانەش سەرۆکی بەشی جەراحییە، ئیتر زانیاری تری دەربارەی نازانم، چونکە بۆ ژن هێنانەکەی کەسی دەعوەت نەکرد، تەنانەت سەعیدیش، خۆیشی نەهات بۆ ئاهەنگەکەی سەعید، لەگەڵ ئەوەدا کە سەعید دەعوەتی کردبوو، ئەوان تەنیا جارجارێك بە تەلەفۆن پێوەندیان هەبوو، جانتای سەفەرمان بەستبوو چاوەڕێ بووین تا سەعید بێت و ئێمە بگەیەنێتە نەقلیات، دایکم کەمێ نیگەران دیاربوو، پرسیم: «دایە بۆچی نیگەرانی؟» وتی: «دەترسم، سەعید کەوتە درەنگ»: «ترسی تۆ بەخاتری سەفەرە، نیگەران مەبە، ئێستا دێت» واش بوو، پاشا ساتێك گەیشت، داوای لێبووردنی کرد و وتی: «داوای لێبووردن دەکەم کە کەوتمە درەنگ، هێشتا کاتمان بەدەستەوەیە، سەعیدە، دەتوانی پەرداخێ ئاوم بۆ بێنی؟» بۆ هاوردنی ئاو هاتمە دەرەوە، بینیم کە سەعید دایکمی بردە سوچێکەوە و ئارام لەگەڵێدا قسەی دەکرد، دایکم خۆی خستە سەر قەنەفەیەك وبە ناڵەیەك لە سنگیوە پرسی: «مەحاڵە، کێ ئەوەی بە تۆ وتووە؟» ترسام بە پەرداخی ئاوەوە هاتمە ژوورەوە و پرسیم: «چی رووی داوە؟» سەعید خۆی لەوەڵام دانەوە دوورخستەوە و وتی: «هیچ نییە، چاکتر وایە تا نەکەوتووینەتە درەنگ، بکەوینە رێ» دایکم نەیئەتوانی بجوڵێتەوە، وتی: «من ناتوانم برۆم ئەگەر دەکرێ بلیتەکان بدەرەوە» وتم: «بۆچی ناڵێن چی روویداوە؟» سەعید لە تەنیشت دایکم دانیشت و وتی: «بەهرام چەن رۆژە بزر بووە و کەس



خەبەری لێ نییە، نەچووە بۆ نەخۆشخانە، نە چووە بۆ عەیادە، ئەمرۆ باوکی پێوەندی پێوەکردم، دەیویست بزانێت ئایا من خەبەرێکم لێی هەیە یان نا» وتم: «لەوانەیە لەگەڵ هاوسەرکەی چووبێت بۆ سەفەر» سەعید وتی: «منیش ئەوەم وت بەڵام باوکی بە سەرسوڕماوییەوە وتی بەهرام هێشتا ژنی نەهێناوە، باسی کام هاوسەر دەکەیت» وتم: «مەگەر ئەو نەگەڕایەوە بۆ سنە، کە ژن بێنێت؟» تەنانەت بە خاتری ژن هێنان عەیادەکەی لە تاران داخست» پیرەمێرد بەخەمەوە وتی: «ئێمە دەمانویست ئەو لەلامان بێت ، ئەومان هێنا تا بتوانین رازی کەین ژن بێنێت، نەمان دەزانی کە دڵی بەکسێکی تر بەستووە، کاتێ زانیمان کە ئەو وتی بەخاتری ئێمە هەموو شتێکی خۆی لەدەست داوە، بەڵام رازی بەژن هێنان نابێت، هەستمان دەکرد پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا لەسەر قسەی خۆی وەستاوە، لە سەرەتای هاوینەوە تووڕەو بیانووگربوو، ناتوانم لە پشت تەلەفۆنەوە لەگەڵتا قسە بکەم، بەڵام تکات لێ دەکەم ئەگەر زانیارییەکتان لە بارەیەوە بەدەس هێنا، پێمان بڵێن، پاش تەلەفۆنەکەی بۆ هەر جێگەیەك رێی تێ بچێ نیشانەیەك لەو بدۆزمەوە سەرمدا، بەڵام هیچم دەست نەکەوت، دواکەوتنیش بەو هۆیەوە بوو» وتم: «لەوانەیە لە سنە بێت؟»: «نا، باوەڕناکەم چونکە ئەوان هەموو جێگەیەك گەڕاون» پرسیم: «سەرت لەماڵەکەشیدا ؟»: «بەهرام ئەو شوقەی بەکرێ گرتبوو، باوەڕناکەم ئێستەش بەدەس ئەوەوە بێت»: «لەوانەیە ئێستاش کرێچی ئەو ماڵە بێت» واتە لەو کاتەوە،: «ساحیب ماڵ کرێی خۆی دەوێت و بەلایەوە گرنگ نییە، کە ماڵەکە چۆڵ بێت چاکتر وایە کە سەرێکیش لەوێ بدەی؟» دایکم وتی: «بەڕای من باشتر وایە تەلەفۆن کەیت و بزانی کەس جواب دەداتەوە؟» سەعید قەبووڵی کرد و ژمارەی ماڵی ئەوی لێ دا، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، یا کەس لەماڵەوە نەبوو یا شووقەکە چۆڵ بوو، وتم: «ئەگەر لەتاران بێت بۆ بینینت دێت» سەعید وتی: «ئەو ئەزانێ من ژنم هێناوە و ئیتر لێرە ناژیم» دایکم وتی: «تەلەفۆنیشی بۆ مەسعود نەکردووە، ئەگینا ئەو پێی ئەوتین» سەعید وتی: «نیگەرانم ، دەترسم بەڵایەکی بەسەر خۆیدا هێنابێت، دایکە بەڕاست ناچن بۆ

سەفەر؟)): ((نا، چۆن ئەتوانم بێ ئەوەی خەبەرێکم لە بەهرام بێت بڕۆم، ئەوم وەك منالّی خۆم خۆش دەوێت و دەزانم ئێستا دایکی چ حالّێکی هەیە، سەعید، دیسان بگەڕێ، لەوانەیە بیدۆزیتەوە، ئەگەر پێوەندی بە ئێمەوە کرد یا هات بۆ ئێرە ئاگادارت دەکەینەوە، تۆش مەهێڵە ئێمە بێ خەبەر بین)) سەعید رۆیشت و منیش هەلّسام تا جانتاکان بکەمەوە، دایکم وتی: ((دەستکاری جانتاکان مەکە، لەوانەیە تا بەیانی هەوالّێکمان لە دکتۆر دەست بکەویت و ئێمەش بڕۆین)) قسەکانی سەعید ئاگری لە گیانم بەردا، خەیالّم دەکرد ژنی هێناوە و بەختەوەرە، بۆچی هاتووچۆی ئێمەی نەدەکرد؟)) بۆچی بۆ شاییەکەی سەعید کە ئەوەندە بۆی ئازیزبوو، نەهات؟ ئێستا لە کوێیە و چی دەکات؟ ئەگەر لە تارانە، لەوانەیە بۆ کوێ چووبێت؟ جارێکی تر ژمارەکەم گرت، بەلّام کەس وەلّامی نەدایەوە، ئەگریام نەمدەتوانی هیچ بکەم، دایکم وتی: ((نیگەران مەبە، سەعید ئەیدۆزێتەوە، بەهرام ئەوەندە سادە نییە ئیشی بێ عەقلّانە بکات، بێگومان لە جێیەکە کە تەلەفۆنی لێ نییە، دایك و باوکی وا دەزانن بزر بووە، بەلّام منالّ نییە، دلّنیا بە هیچ رووی نەداوە، من دلّم رووناکە، مەگری ئەتەوێ نەخۆش کەویت؟ تازە خەریك بووی لەیادت دەکرد، دیسان دەستی پێ کردەوە)) وتم: ((هەرگیز ئەوم لە یاد نەکردووە ئاخ دایە، یارمەتیم دە دەبێت بیدۆزمەوە)) وتی: ((بەلّام کاتێ نازانم لەکوێیە، چۆن یارمەتیت بدەم؟)) وتم: ((منیش دەگەڕێم، لەوانەیە، بیدۆزمەوە)) سەری بە خەمەوە جوولّاندەوە و هیچی نەوت، خۆم گۆڕی و جانتاکەم هەلّگرت و لە مالّ چوومەدەرەوە، دەبوایە بۆ کوێ بڕۆیشتمایە؟ تەکسیم گرت و ناو نیشانی مالّی ئەوم پێ دا، کاتێ چوومە بەردەم مالّەکەی وەستام و سەیرم کرد، لەو شەوە بارانێدا رووناکی گلّۆپێك هیواداری کردم، بەلّام ئێستا هەموو شوێنێنك تاریك بوو، دام لە زەنگەکەو وەستام، چاوەڕێ بووم دەرگاکەم بۆ بکاتەوە، دیسان چاوەڕێ بووم ، بەلّام بێ فایدە بوو، بێ هیوا بووم، ویستم بگەڕێمەوە، کە هاتە مێشکما پرسیارێ لە هاوسێکان بکەم، بەلّام لە کامیان؟ بەباشم زانی لە خزمەتکارەکە بپرسم، خزمەتکارەکە خەریکی گولّ ئاودان بوو بەوتنی داوای



لێبووردن دەکەم مامە، پرسیارێکم هەیە، سەیری کردم و وتی: ((فەرموو)): ((دەمەوێت لە بارەی ئەو پیاوەی کە لەم شوقەدا ئەژی پرسیار بکەم)) بە پێکەنینەوە وتی: ((مەبەستت ئاقای دکتۆرە؟)) بە خۆشحالّییەوە وتم: ((بەلّێ، مەبەستم ئەوە، ئەزانی لە کوێیە؟)): ((خانم گیان، دکتۆر چووبوو بۆ سەفەر، لە زووەوە نەم دیوە، بەلّام چەن رۆژ لەمەو پێش بینیم، لەگەلّ یەکدا قسەمان کرد، خوا تەمەن درێژی کات، ئەگەر ئەو ئەوشەوە فریامان نەکەوتایە، کوڕەکەم لەدەست دابوو)) دەستی کرد بە تاریفکردنی ئەوەی کە چۆن لە ناکاو حالّی کوڕەکەی تێکچووە و ئەوان داوای یارمەتیان لە بەهرام کردەوە، ئەمزانی کە ئەگەر قسەکەی نەبڕم تابەیانی باسی نەخۆشی منالّەکە دەکات، پرسیم: ((ئەمڕۆ نەتبینی؟)) وتی: ((ئەمڕۆ نا، دەزانی خانم گیان دکتۆرەکان بۆ خۆیان نین، بۆ خەلّکن، هەر جێیەك نەخۆشی لێ بێت ئەوانیش لەوێن)): ((بەلّێ حەق بەتۆیە)) سوپاسم وت و جارێکی تر چووم بۆ لای شوقەکە، ئەم جارە لە جەڕەسم نەدا ، بەو کلیلەی کەلام بوو دەرگاکەم کردەوەو گلّۆپەکەم داگیرساند، بەکەمێ نیگەرانییەوە پام خستە ژوورەوە جانتای جلەکەی و جانتاکەی دەستیم بینی، مالّەکە تۆز داپیۆشی بوو، هەوا زۆر قورس بوو، بێ دەنگ چوومە نزیك ژووری نووستنی، ترس هەموو گیانمی گرتبوو، چاوم نوقاندو دەرگای ژوورەکەم کردەوە، بەئارامی چاوم کردەوە، نا، هیچ جەنازەیەك لەسەر قەرەوێلەکە نەبوو، جاریکی تر جوان سەیرم کردو دلّنیابووم، سەیری حەمامەکەیشم کردو پاشان سەرم دا لە چێشتخانەکە، هیچ خەبەری نەبوو، هەموو پەنجەرەکانم کردەوە تا هەوایە بێتە ژوورەوە، رەنگی خەم بەدەرگاو دیواری مالّەکەوە دیار بوو، رۆژێك ئێرە چەن پاك بوو، بەلّام ئێستا، تەنانەت نەدەتوانی هەناسە بدەیت، چووم بۆ لای تەلەفۆنەکە و پێوەندیم کرد بەمالّەوە، هەموو قسەکانی خزمەتکارەکەم وتەوە پاشان زیادم کرد تا هاتنەوەی بەهرام لێرە دەمێنمەوە، تەپلّەکەکە ژمارەیەکی زۆر بنە جگەرەی تێدا بوو، خالّیم کرد و چاوەڕێ، دانیشتم، ئایا دێتەوە بۆ مالّ؟ کەی دێتەوە؟ ئەگەر درەنگ بێتەوە چی؟ ئێستە لە کوێیە؟ سەیری سەعاتەکەم کرد، دەی دەویست بۆ هەشت، هەلّسام و

ژوورەکەم ڕێك دەکرد، دەتوت سەیری مۆزخانە دەکەم، لەبەرامبەری تابلۆی کوێستاندا وەستام، بیرم کردەوە، کاتێ لە تاران بوو بەیادی کوردستان بوو، کاتێ چوو بۆ کوردستان، بەیادی تاران لە کوێ ئارام دەگرێ؟ بەپەنجە تۆزی سەر شووشەی قاپەکەم سڕییەوە، وتم ئێستا کە چاوەڕێم، چاکتر وایە ئیشی بکەم، پارچەیەکم دۆزییەوە و خەریکی سڕینەوە بووم، کاتێ ئیشم تەواو بوو، ڕێك سەعات نۆ بوو، تەلەفۆن جەڕەسی لێدا دایکم بوو، پرسی: ((نەهات؟)): ((نا)): ((تۆ بگەڕێوە، لەوانەیە ئەمشەو نەیەتەوە، بەتەنیا چی دەکەیت و چۆن دەگەڕێیتەوە؟)): ((نا، سەعاتێکی تر ئەمێنمەوە، ئەگەر نەهات ئەگەڕێمەوە، تەلەفۆنت بۆ سەعید کردووە؟)): ((بەڵێ دەزانێت تۆ لەوێیت، قەرار وابوو، کە ئەگەر بەهرام هاتەوە تۆ تەلەفۆن بۆ ئێمە بکەیت و منیش بەو رابگەیێنم)) وتم: ((جانتای جلەکانی لێرەیە، لەهەر کوێ بێت دەگەڕێتەوە)): ((بەهەرحاڵ، سەعات لەیاد نەکەیت، ئاگات لە خۆشت بێت و زووتر بگەڕێوە)) خواحافیزی کرد، بە شەکەتی لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، بایەکی فێنك دەهاتە ژوورەوە، جانتاکەی لای دەستم بوو، تووشی دڵە راوکێ بووم کە بیکەمەوە، بەڵام خۆم گرت، ئەگەر ئەو شەوە بۆ جگەرە دەستم کردە گیرفانی چاکەتەکەی، ئێستا چی؟ ئەم ئیشە بێ مانایی پشکنینە و من مۆڵەتی کاری وام نییە، بێ تاقەت بوو بووم سەعاتێکی تریش تێپەڕبوو، هەواڵێکی نەبوو، دەبوایە بگەڕامایەتەوەو بەیانی زوو پێش ئەوەی لە ماڵ بچێتە دەرەوە بهاتمایەتەوە، هەڵسام و جانتاکەم هەڵگرت، گڵۆپەکانم کووژاندەوە، لە دەرگای شوقەکە هاتمە دەرەوە، ویستم دەرگاکە قوفڵ کەم، کە دەنگی ئەو منی لە جێی خۆم داکوتی گەڕامەوە ئەوم لە پشت سەری خۆمەوە بینی، سەلامم کرد ئارام وەڵامی دامەوە وتی: ((لێرە چی دەکەیت؟)) دەرگای شوقەکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە و ئەویش بەدواما هات گڵۆپەکەم داگیرساند، خوایە گیان چەندە لاواز بوو بوو! جارێکی تر پرسیارەکەی خۆی دووبارەکردەوە: ((لێرە چی دەکەیت؟)) وتم: ((هاتم بیرەوەرییەکان نوێ کەمەوە، تۆ لێرە چی دەکەیت؟)): ((ئێرە ماڵی منە)): ((بەڵام جێت هێشتبوو)): ((مەجبوور بووم)) لەسەر قەنەفەیەك دانیشت،



هەرگیز ئەوم بەو حاڵەتەوە نەدیبوو، ریشی هاتبوو و جلەکانی ناڕێك بوو، جگەرەیەکی داگیرساند سەری خۆی بردە دواوە، چاوی نوقاند و پرسی: ((تۆ کەی هاتی؟)): ((دەمێکە)): ((بۆ نوێکردنەوەی بیرەوەی هاتی؟)): ((نا، بۆ دوزینەوەی تۆ هاتم)): ((بۆ دۆزینەوەی من، کەس نازانێت من لێرەم)): ((بەڵام من دەمزانی بۆچی بە خێزانەکەتت نەوت کە دەگەڕێیتەوە بۆ تاران ئەوان بەخاتری تۆ هەموو جێیەکیان خستۆتە ژێر پا؟)): ((ئیتر شتێك لە من نەماوە کە بیانەوێت، هەموو بوونم دا بەوان، بەڵام نەیانتوانی رۆحم داگیر کەن)) ئەوان تۆیان خۆش دەوێت، تۆ کوڕی ئەوانی، بۆ تۆ زەحمەتیان کێشاوە، ئێستا حەقیانە لە بەرهەمی زەحمەتەکانیان کەڵك وەرگرن)): ((لەم ماوەیەدا کە لە یەك دوور بووین تۆ بۆ خولی رەوشتبازی دەڕۆیشتی)) وتم: ((ماندوویتو دەبێت شتێك بخۆی، من ئەڕۆم لەوانەیە شتێکم دەست کەوێت)): ((نا، درەنگە، سەعید چۆنە؟)): ((باشە، ئەویش بەدوای تۆدا دەگەڕێت، چاکتر وایە تەلەفۆن بکەم و هەموویان لە نیگەرانی دەرکەم)): ((لە تەنیشی دانیشتم و هاتم ژمارەی ماڵەوە بگرم، نەیهێشت و وتی: ((ئێستا نا، داینێ بۆ دوایی )): ((بۆچی نایەڵیت تەلەفۆن کەم)): (( کاتێ تەلەفۆن کەیت هەموویان دێن، من شەرمییان لێ دەکەم)): ((تۆ ئیشێکت نەکردووە کە شەرمەزار بیت، ئێمە ئێستا تۆمان خۆش دەوێت، و ڕێزت لێ دەگرین، لەگەڵ ئەوەدا کە گویت بە بانگهێشتنەکەی سەعید نەداوە، ئەو لە تۆ ناڕەحەت نییە و ئێستاش تۆ بە باشترین هاوڕێی خۆی ئەزانێت)): ((دەزانم ئەو میهرەبانە، بەڵام من هاوڕێیەکی باش نەبووم، دەبێت خۆم لە گەڵێدا قسە بکەم و ئەم ئیشەش دەکەم، تەنیا مۆلەت بدە کەمێ ئیسراحەت بکەم)): ((هەر جۆری حەز دەکەیت)) سوپاسی کردو جگەرەیەکی داگیرساند و وتم: ((حەز دەکەی قسە بکەیت؟)): ((نازانم)): ((دەرکردنی دەردو خەفەت لە باری خەم کەم دەکاتەوە، بۆچی ژنت نەهێنا؟ تۆ بەمەبەستی ژن هێنان رۆیشتی و ئێمە هەموومان..)): ((دەزانم کەواتان زانیوە ژنم هێناوە، بەڵام لەخۆتان نەپرسی کە بۆچی دەعوەتتانم نەکردوە؟)): ((وامانزانی بەخاتری من، ئەوانی تریشت دەعوەت نەکردووە؟)): ((بەڵێنت دامێ کە بێی بۆ شاییەکەم)): ((وتم ئەگەر

دەعوەتم کەیت، دێم، هەر چەن زۆر قورس بوو، بەڵام ئەهاتم چۆن بوو کەژنت نەهێنا؟)) زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ((چاوەکانی تۆ نەیهێشت)): ((چاوەکانی من؟)) ئارام وتی: ((من بەخاتری تۆ لەگەڵ خیزانەکەم کردمە دەمقڕە، بەڵام گرنگ نییە، هەموو شتێك تەواو بوو)): ((تۆ چیت بەوان وت؟)): ((وتم، هەموو شتێکم وت و ئەوان..)): ((ئەوان نارازی بوون، وانییە؟)) وتی: ((ئەوان دژی تۆ نین، ئەوەی کەوەك ئێمە نیت و وەك ئێمە ناژیت نیگەرانن لە تۆ دەترسن، واتە لە تەواوی کچە شارییەکان ئەترسن)) وتم: ((خۆم دەزانم، چونکە ئەو شەوە تا رادەیەك خێزانەکەم ناسی، باشە، پاشان چیت کرد؟)): ((چیم کرد؟ هیچ پێیانم وت، ئەگەر منیان دەوێت، دەبێت تۆیشیان بوێت، کەوتوومەتە ناو تەڵەوە، دەبێت لەنێوان تۆ و خێزانەکەم یەکێکیان هەڵبژێرم و هەڵمبژارد و لێرەم، تۆ حەز دەکەی. ئەگەر بزانم بەڕاستی تۆ پێت خۆشە، بۆم گرنگ نییە کە خێزانەکەم حاشام لێ بکەن، وابیرمەکەوە کە من ئەم بڕیارەم بە پەلە داوە، چەن مانگە بیر دەکەمەوە سەبرم زۆر بوو، بەڵام ئیتر تەواوبووە، ئەو رۆژە لەماڵی سارا زانیم ئیتر تاقەتم نییە، ئەو رۆژە کاتێ پەیمان وتی کە تۆ بە بیانووی ددان ئیشەوە گریاوی، بینیم کە ئیتر ناتوانم تەحەمول کەم، دەمویست دەستت بگرم و هاوارکەم کە، من هاوسەرەکەم دۆزیوەتەوە، بەڵام تۆ چیت بەمن کرد؟ من بێ هیوا گەڕامەوە بۆ ماڵ، وتم کە دەرۆمەوە بۆ کوردستان و لەوێ لە فرسەتدا رازییان دەکەم، دەترسام شەڕی ئێمە لێرە نیگەرانت بکات، هەموویانم برد، بەڵام نەگەیشتمە ئەنجام، وایانەزانی تۆ لەیاد دەکەم، بزانە چییان لە من دروست کردەوە)) وتم: ((من شایانی ئەوە نیم کە تۆ بەخاترم لە خیزانەکەت چاو بپۆشی، چاکتر وابوو لەوێ بمایتایەتەوە، لەگەڵ ئەو کچەی کە بۆتیان هەڵبژاردووە، ژیانت ببردایەتە سەر، من لە خۆم نابوورم، بوونی من بۆتە هۆی تێکچوونی پێوەندیتان، ئاە، بەهرام تۆ منت تووشی ئازاری ویژدان کردووە، ئەگەر لەگەڵ تۆدا بم ئازار ئەچێژم، ئەگەر دوور لە تۆ بم هەر ئازار دەچێژم، لەهەر حاڵێکدا بەختەوەر نابم، حەز ناکەم پاکەمە ماڵێکەوە، کە ئەوانی دیکە



هەست کەن، داگیرم کردووە من جارێکی تر لە کەنداڵ پەڕیمەوە، داوام لێ مەکە جارێکی تر بەخاتری تۆ خۆم خەمە ناو چاڵەوە، لەوانەیە چارەنووسی ئێمە وایە کە لەیەك دوور بین، هەر چەند کە دڵی ئێمە لای یەکن، بەڵام رێمان لە یەك جیایە، تۆ لە ژیانتا بەداوی ئامانجێکی پیرۆزەوە ملت نا، مەهێڵە عەشقی من ببێتە رێگرێك لە رێی ئامانجەکەت، لەگەڵ ئەواندا بژی تۆ لە تاران و لەلای من بەختەوەر نیت تۆ ئەناسم تۆ منالی ئەوێیت، لە یادتە کە جارێ بەمنت وت فەرامۆش بکەم کە رۆژێ کوڕێکی شارستانی عاشقم بوو؟ ئێستا من ئەم قسەیە بە تۆ ئەڵێم ، بگەڕێوە و لە یادی کە، کە رۆژێك کچێکی شاری لە تاران عاشقت بووە، تەلەفۆن دەکەم بۆ خیزانەکەت و دەڵێم تۆ دەگەڕێیتەوە ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێت، دەبێت بگەڕێیتەوە، من خۆشم ویستیت و خۆشم دەوێیت، بەڵام من و عەشقی من لەیادکە، دەزانم گرانە، بەڵام تۆ پیاوی، بەهێزی دەتوانی هەموو شتێك سەر لە نوێ دەست پێ بکەیت، بەڵێنم بدەرێ کە خۆڕاگر بیت، من ئەم قەیافەی تۆم خۆش ناوێت، ئەو بەهرامەی کەمن ئەمناسی وەك شاخ خۆڕاگر و وەك سەهۆڵ سارد بوو، ئەم شەوق و سۆزەی تۆم خۆش ناوێت، حەز دەکەم هەر کاتێ کە ناوی تۆ دێتە پێش، فرمێسکی گەرم بەدەمووچاوما بێتە خوار، دەستمی گرت و خستییە سەر دەم و چاوی، وتی: ((تۆش حاشام لێ دەکەیت؟ قەیناکە، دەگەڕێمەوە، نە بەخاتری ئەوان و نە بۆلای ئەوان، دەگەڕێمەوە چونکە تۆ داوام لێ دەکەیت)) هەڵسام و بێ قسەیەکی تر لەوێ هاتمە دەر، کاتێ گەیشتمە ماڵ لەگەڵ دایکمدا قسەم کرد، فرمێسکەکانی ئەویش نەیتوانی دڵم ئارام کات، بەیانی زۆر زوو تەلەفۆنم کرد بۆ سەعید مەسەلەکەم پێ وت، وتی: ((بۆ بینیی بەهرام دەچێت و پاشان تەلەفۆنم بۆ دەکات، لە ژیانمدا لەتەواوی ئەو شتانەی کە هەمبوو، تەنیا ئەوم هەڵبژاردبوو، ئێستا بەخاتری من هەرچی کەس و کارێتی لەدەستی دەدا، ئەو خاکی خۆی خۆش ئەویست، نیوەی بوونی ئەو لە من دابوو نیوەکەی تریشی لە ئەوێ لە نێوان خەڵکەکەی، پیاوێك دەبێت کامڵ بێت تا زیندوو بێت و بژی، من ئەوم بە نیوەی

بوونیەوە ڕەوانە کردبوو، کاتێ باوکی تەلەفۆنی کرد وتم: ((بەهرامم ڕازی کردووە بگەڕێتەوە)) نەمتوانی خۆم بگرم و لە حاڵێکدا کە دەگریام وتم: ((ئاگات لێی بێت و هاوسەرێکی بۆ هەڵبژێرن کە ئەوی لە دڵەوە خۆش بوێت)) دەڵێن خوا هەر موسیبەتێ دروست دەکات تاقەتی تەحەمولیشی دەداتێ بەندەی خۆی، من خۆم گەیشتبوومە ئەم حەقیقەتە، چەن جار هەستم کردبوو، کە ئیتر ناتوانم بژیم، بەڵام ژیام ئەمشەو دیسان لەگەڵ خێزانەکەمم، ئەگەر ئەم خێزانە میهرەبانەم نەبوایە چیم بکردایە؟ هەرکام لەوان درەگایەك لە نوور و هیوا بەڕووم دەکەنەوە و ئاسمانی تاریکی ژیانم بە ئەستێرە سۆزی خۆیان ڕوون دەکەنەوە، لە نێو دەستە گەرم و میهرەبانەکەیان شتێك هەیە، کە سەهۆلی بوونم دەتاوێنێتەوە، دەبێت خۆم بە بەختەوەر بزانم، کە دەزانم دەبێت ڕۆژانە ئەم وشانە بەخۆم بڵێم،: ((من بەختەوەرم)) پزیشکی دەروونناس باوەڕی وایە، کە دەبێت هەر ڕۆژ بەیانی لەبەردەم ئاوێنەدا بوەستم و بەخۆم بڵێم،: ((من ژیانم خۆش دەوێت، ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشە)) کاتێ لەسەر قەرەوێلەکەم ڕادەکشێم، ئەو بەو سەدرییە سپیەوە بەلامەوە دادەنیشێت و دەپرسێ: ((ئەمڕۆ حاڵت چۆنە؟ منیش ئەڵێم وەکو ڕابردوو، کەمێ ناوچەوانی گرژ دەکا و ئەڵێ: ((نا، تۆ ئەمڕۆ باشتری، جاری پێشوو شەوقی نیگات خەمبار بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە چاوەکانتدا ڕووناکیو خۆشی دەبینم، ئێستا لەگەڵ من دووبارەی بکەرەوە و بڵێ، ئەمڕۆ ڕۆژێکی جوانە، من لە هەر ڕۆژێك زیاتر خۆشحاڵم، هیچ خەفەتێ لەدڵما نییە)) من لەگەڵ ئەودا دەیڵێمەوە، هەنگاوەکانم لەسەر سەنگفەرشی شەقامەکە دەژمێرم، یەك، دوو، سێ، ... ، یەك، دوو، سێ و هەروا ژماردن بەردەوام دەبێت تا ئاخر، ئێستا بەباشی دەزانم بە هەنگاوی دووەم ئەگەمە بەردەم ماڵەکەی، پێنج پلە و پاشان چوونە ژوورەوە پاشان لە ژوورەکەدا لەسەر قادرمەی دووەم دەوەستم، دیسان پێڵاوی نا ئاشنا، دیسان گەڕانەوە بۆ کۆڵان و چوونە ناو حەوش بێ هیچ دەنگە دەنگێك، ئەم جارە کێ دەبینم؟ گلۆپەکەم داگیرساند، بەڵام کەس لەپشت پەنجەرەی بەرامبەرەوە نەبوو، چەندە خۆشە خەیاڵم کە هەست دەکەم



ئەو دەبینم، توانای چوونە ژوورەوە و بینینی میوانەکانم نەبوو، سەبر دەکەم تا بڕۆن، دەنگێکی ژنانە وتی: ((ئیجازە هەیە؟ سەیرم کرد، لەچوار چێوەی دەرگاکە خوشکەکەی دکتۆرم بینی، هاتە ژوورەوە و بەسەلامێکی گەرم منی کردە باوەش، سەری خستە سەر شانم و گریا، بەگریانەوە دەیوت: ((سەعیدە، دەبێت تۆو بەهرام ئێمە ببوورن ، ئێمە هەڵە بووین، ئاه سەعیدە، بە موقەدەسات سوێندت دەدەم کە ئێمە نەمانئەزانی کە ئێوە تا ئەم ڕادەیە یەکتریتان خۆش دەوێت)) سەری لەسەر شانم لابرد و چاوی تێبڕیم و پرسی: ((تۆ ئەمانبووری)) وتم: ((ئەو ئیشەی ئێوە کردتان، بۆمن جێی تێگەیشتن بوو، هیچ کینەیەك لە ئێوە لە دڵمدا نییە)) ماچی کردم و وتی: ((ئەو ڕۆژەی کە تۆ بەباوکمت وت بەهرام ئەسپێرمە ئێوە، ئاگاتان لێی بێت، هاوسەرێکی باشی بۆ هەڵبژێرن، ئێمەت لەخەو هەڵساند، با ڕاستییەکت پێ بڵێم، دایکم حەوت کوڕی بوو کە هەموویان مردن، بەهرامیان بە نەزر و نیاز لەخوا سەند و گەورەیان کرد، هەستمان دەکرد، ئەگەر کچێکی شاری بخوازێت، نایەڵێت بەهرام بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی و ئێمە لە دەستی ئەدەدەین، بەڵام قسەکەی تۆو و ئەو ئیشەی کە بۆ گەڕانەوەی ئەو کردت، ئێمەی لە خەو هەڵساند، لێبووردەیی و فیداکاری تۆ، بووە هۆی سەر شۆڕی ئێمە، هەمووومان هاتووین تا لە زمانی خۆت بیبیستین کە ئێمەت بەخشیوە)) پرسیم: ((ئێستا ئەو لە کوێیە؟ حاڵی باشە؟)) زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی نیشت و وتی: ((ئەویش لەگەڵ ئێمەدا هاتووە)): ((بەڵێ حاڵی باشە، ئەگەر تۆ ببینێت باشتریش دەبێت، لەگەڵ مندا بێ و بە هەمووان بڵێ ئێمەت بەخشیوە)) لەگەڵ ئەودا چوومە ژوورەوە دایکی منی کردە باوەش و لە حاڵێکدا کە دەستی بەسەرما ئەهێنا، وتی: ((تۆ بووکی جوانی منیت، بەڵێن دەدەم قەدرت بزانم)) دەموو چاووی هەموویان لە فرمێسك تەڕ بوو بوو، لەڕووی سوپاسەوە سەیرێکی باوکیم کرد، شاڵێکی ڕەنگینی خستە سەر شانم و وتی: ((تۆ بووکی من و کچی منی)) بەهاتنە ژوورەوەی ئەندامانی تری خێزان، کەش و هەوایەکی پڕ لە شادی و بەختەوەریان دروست کرد، زاواکەیان وتی:

((ئەگەر ئیجازە بدەن شایی ئەم دوو گەنجە هەر چی زوو رێك بخەین، لە راستیدا ئێمە بەخاتری دکتۆر سەرگەردان بووینە، ئەگەر دەکرێت تا ئێمە نەگەڕاوینەتەوە ئاهەنگی مارە بڕینیان بۆ ساز بکەین و بۆ شاییەکەش هەر کاتێ کە خۆتان دیاریتان کرد، هەموویان رازی بوونی خۆیان راگەیاند، سارا سەری خۆی نزیك کردەوە و پرسی: ((چ هەستێکت هەیە؟)) وتم: ((هەست دەکەم خەو دەبینم)) دەستمی گرت و وتی: ((نا، خەو نابینی، حەقیقەتە)) قسەی دکتۆرەکەم هاتەوە یاد، کە دەیوت بەخۆت بڵێ بەختەوەری، بەڵام من ئەمشەو بەڕاستی بەختەوەرم، حەفلەی مارەبڕین ئەوەندە بەپەلە سازکرا کە دەتوت، دەترسان شتێکی ناخۆش رووبدات، کاتێ دەفتەرەکەمان ئیمزا کرد هەموویان هەناسەیەکی ڕەحەتیان هەڵکێشا، بەهرام لە گوێما وتی: ((دەبێت دووبارە بەجێت بێڵم)) پرسیم: ((بۆ؟)): ((چونکە دەمەوێت عەیادەکەم نەقڵ بکەم بۆ تاران)): ((تۆ نایەیت بۆ تاران، بەڵکو من دێم بۆ سنە، دەمەوێت لە حاڵێکدا کە هاوسەرەکەم ژیاوە، بژیم، ئێمە لەوێ بەختەوەرترین، بەڵام بەڵێنم بدەرێ کە لە شوقە بچووکەکەی تۆدا شاییەکەمان سازکەین)) سەرمی خستە سەرشانی و وتی: ((بەڵێن ئەدەم، تۆ ژیانت بۆ من کامڵ کرد)) ئێمە لە پاییزی ئەو ساڵە، لە شوقە بچووکەکە شاییەکەمان کرد و پاشان چووین بۆ کوردستان، من لێرە هەموو شتێکم هەیە، لە سۆزی خێزانەکەی بەهرام بەهرەمەندم کاتێ ئەو لە نەخۆشخانە جەراحی دەکات، من لە ماڵەوە چاوەڕێیم، بەڵام پاش نیوەڕوان لە عەیادەکەی لەگەڵ ئەودام، چونکە جگە لەوەی کە هاوسەریم سکرتێریشیم، دەنگی دەگاتە گوێم،: ((نەخۆشی دووایی)) چوومە ژوورەوە وتم: ((دکتۆر نەخۆشێکی تر جگە لە من نییە، ئایا نەخۆشی تایبەتیش قەبووڵ دەکەیت؟)) بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی: ((تۆ تەنیا نەخۆشێکی کە حەز دەکەم هەمیشە بیبینم، چونکە تۆ ژیان دەبەخشیتە دکتۆرەکەت، دەزانی ئەمڕۆ چیم کرد؟)) هەڵساو لەبەرامبەرم وەستاو وتی: ((تەلەفۆنم بۆ سەعید کرد وتم شوقە بچووکەکەمان بۆ بکرێت)): ((ئێمە بەکاری نایەنین)): ((بۆ، بەکاری دێنین، کاتێ بۆ سەفەر دەچین بۆ تاران لەماڵی



خۆمان ئەژین، باشە خانم دکتۆر حازری لێرە بڕۆین یا مەجبورم ئەکەیت دەرت کەم؟)): ((پێم ناخۆش نییە دەرم بکەیت، بەڵام دەبێت بزانی کە خەبەرێك لە شێو نییە)) گلۆپەکانی کوژاندەوە و ژێر باڵمی گرت و ئارام چپانی بە گوێما و وتی: ((لەبیرت چووە کە دەزانم چێشت لێ نێم؟)) وتم: ((کەواتە دەبێت پەلەکەم، ئەگینا مەجبوور دەبم چێشتی دەستی تۆ بخۆم)) عەیادەکەمان داخست و بەرەو ماڵ کەوتینە رێ.

## بۆچوونێك سەبارەت بەم رۆمانە و وەرگێڕانەکەی

لەو باوەڕەدام لە جیهانی رۆماننووسیدا هەر لە دوای (جیمس جۆیس)وە تەوژمێ پەیدابوون تا فوویەکی توند لە چەمکی ریالیستی بکەن، لەوەدەچێ (گەڕانەوە بەرەو بەختەوەری) ئەو پووشکەیە نەبێ کە بەفووی رێبازە ئەدەبییەکانی پاش ریالیستی، لەمەداری خۆویندنەوە دەرپەڕێنرێت.

لەناو خوێنەرانی کورد زماندا: ((ئەوانەی لێ دەربچێت کە سیحری ئەنتەرنیت و تەلفاز و ڤیدیۆ و سەتەلایت بە شێواوی چێژی خوێندنەوەی لێ وەرگرتوونەتەوە، ئەوە کەسانێکی زۆر هەن تا ئەمڕۆش بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەم جۆرە رۆمانانە تامەزرۆن،

ئێوە بیخەنە پێش چاوتان، هەر باڵندە و جوانییەکی خۆی هەیە، پەڕی تاووس لە هەموو سەردەمەکاندا قەشەنگە، رۆمانێکیش کە خاتوو فەهیمە دەینووسێ و رەنگدانەوەی سەردەمێکی ژیانی مرۆڤایەتییە، خوێنەری خۆی هەر دەمێنێ و لەوەش ناپرسن ئەم بابەتە سەر بە چ رێبازێکی ئەدەبییە، بەڵکو دەپرسن، ئایا ئەم دەقە توانیویەتی چینێکی بە هێز لە نێوان ئاست و بەشە جیاوازەکانی کارەکتەرەکانی تێیدا خولڤاون دروست بکات..؟

فەزای کۆمەڵایەتی و دەروونی کارەکتەرەکانی بەرجەستە کردوون...؟ فەهیمە خانم لەم رۆمانەیدا چ رەهەندێکی فەلسەفی بۆ خۆشەویستی و بوون و مرۆڤ دادەڕێژێ..؟ بەم تەکنیکە سادەیەی گێڕانەو تا چەند بابەتی گێڕانەوەکەی لۆژیکانە خستۆتە روو.. ؟

لەوەڵامی ئەو پرسیارانە دا هێڵی جیاوازی نێوان رۆمانی دوێنێ و ئەمڕۆ خۆ بەدیار دەخەن، ئەوەتا رۆمانی تازە زیاتر لە چنینی دیمەنەکاندایە، یان لەوەدایە گێڕەوە و بە زمانی مەنەلۆژ یان بکەری نادیار دەئاخڤێ گێڕانەوەکانیش ئاستێکی



رێژەیی وەردەگرن، روونتر ئەمڕۆ رۆمان هاوشانە بە فەرمانێکی بزۆز و جیوەیی و کۆتایی تێدا نییە و نایەت، زیاتر خۆ دواندنێکە، چەن جووڵەرێکی سایکۆلۆژیانەی پڕ لە مەنەلۆژە و لە پشت دەمامکە میتۆلۆژی و رەمزە جۆر بەجۆرەکانەوە دەجووڵێتەوە، کەچی دەقی: ((گەڕانەوە بەرە و بەختەوەری)) یاداشتێکە بە دەمامکی رۆمانەوە، ئەم حوکمە نادەم تا بەو جۆرە خوێنەران لێکی بدەنەوە گوایە پێکهاتەی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە سەد دەر سەد ئینتمایان بۆ واقیعی رۆژانە کردبێت، بەڵکو واقیع تەنیا مافێکە کە بووندا رۆمانووس بە کەسێتییەکانی بەخشیوە، ئەمە تا رۆماننووس کیژێ بەناوی سەعیدە خانم بە پەیژەیەکەوە دادەگرێتە ناو رۆمانەکە و بەشێکی زاتی خۆی لەگەڵیدا بۆ لای ئینجانە و گوڵاڵەی رۆحی دەقەکە دادەبەزێنێ، تا لەگەڵ خوێنەراندا لە دیمەنی گوڵە ژاکاوەکانی رووداوێکی رابردوو بڕوانن،

هەندێ لە واژەکانی ناو گێڕانەوەکان پێوەندییان بە پەروەردە و مەرجەعییەتی خودی ژیانی رۆماننووسەوەیە، کاتێ رووبەڕووی خوێندنەوەی رۆمانێکی کۆمەڵایەتی نیمچە رەخنەئامێز دەبینەوە ئەوەمان وەبەر چاو دەکەوێت کە بونیاتی واقیعی نووسین تێیدا زاڵە بەسەر نووسینی واقیعی بێ رتووشدا..

((فەهمە رەحیمی)) لەم رۆمانەشیدا هەروەك دوو رۆمانی: ((پەنجەرە)) و: ((تاوانی عەشق)) بەکامێرای زەینی خۆی قووڵایی ناخی کارەکتەرەکانی بە چەند گرتەیەکی فۆتۆگرافی بۆ سەر ئاستی زەینی خوێنەر دەگوازێتەوە، بەڵام جل و بەرگی مەئلوفیەتی شتەکان لە خوومدا هەڵدەکێشێت، دڵنیام ئەم فانتازیا سادەیەی ژیانی ناو رۆمانەکەیە بەشیك لە پاڵەوانەکانی ناو رۆمان کە کوردن، خاتوو: ((پەریناز محەمەد)) هاندابێ بۆ زمانی کوردی وەریبگێڕێت، گەرچی رۆمانەکە کاریگەری ئەدەب و کولتووری ئیسلامی و فارسی پێوە دیارە، بەڵام وەك وتم هەندێ لە کارەکتەر و کەش و هەوا و دیمەنەکان بۆن و بەرامی کولتوورو ژیانی کوردەواری خالیس دەدەن))